# ڕامان

١٨١

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی شازدە/ حوزەیرانی ٢٠١٢



- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 4494662 - 003248

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی رامان


**● دەق**

- میراتی مانەوە/ محەمەد ئەحمەدی (سامال)/ 3
- وێنەی شەپۆل بە چاوی با/ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ 4
- ئەسپێکی کێوی و جلەوێکی ڕەها/ موحسین ئاوارە/ 7
- ڕێکا بێ داوی/ نزار یووسف/ 10
- گۆرانییەک/ لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر/ 11
- چیرۆکەکە دەست پێدەکاتەوە/ غەمگین بۆڵی/ 13
- چوار پۆستەرە چیرۆکی بێ ناوونیشان/ بورهان ئەحمەد/ 16
- سەمای ماسییەکان/ قادر عەلیخا/ 18
- درەو و ڕاستی/ نارین عومەر/ 21
- (کان)ـە خوێ/ لە سوێدییەوە: حەکیم کاکەوەیس/ 23
- لە ئاییندەدا/ ئومێدی شانۆ/ 31

**● هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (مام هەژار)ی وەرگێڕ و شاعیری کورد/ لە فارسییەوە: د. ئامر طاهر/ 33
- دیانەیەک لەگەڵ (فورات جەوەری)ی ئەدیب و ڕۆژنامەنووس/ ئا: رامان/ 44

**● مێزگرد**

- گفتوگۆیەکا ڤەکری دەربارەی جیاوازی دناڤبەرا چیرۆکا کلاسیکی و چیرۆکا هونەری دا/ ئا: کیڤی عارف/ 52

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- شیعری جیاوازی کوردی بۆ خوێنەرێکی ئەوتۆی نییە؟/ ئەحمەد چاک/ 56
- ئەنتۆلۆژی لە شیعری نوێی کوردیدا/ عومەر محەمەدی/ 63
- پراکتیکی بنیادی ڕووداو لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت) و (قبل أن یحلق الباشق)دا/ ئاری عوسمان خەیات/ 72

**● هزر و فەلسەفە**

- مۆریتس شلیک و تیوری زانینی ڕیالیزمیانە/ د. حەمید عەزیز/ 83
- ژن لە فەلسەفە و عیرفاندا/ فەلەکەدین کاکەیی/ 91

**● وتار**

- ڕەسەنایەتیی دەق لە چیرۆکدا/ عەبدولخالق یەعقووبی/ 102
- پێناسەکانی ئەدەب/ د. عادل گەرمیانی/ 106
- وەرزە هارمۆنییە ئەفسووناوییەکان/ د. ئەکرەم خامۆش/ 110
- وێنەیێن شعری د هەلبەستا بێدەنگیا هەوارییان دا/ عەبدولڕەحمان بامەڕنی/ 115
- گۆڕانی کۆمەڵگا و گۆڕانی فۆرمە سەرەتاییەکان/ یوونس ڕەزایی/ 118
- پێوەندی نێوان فەلسەفە و ئەدەب/ لە فارسییەوە: موسعەب ئەدهەم/ 121

**● بەسەرکردنەوە**

- چرایەکی ڕووناکبیری لە موکریان کوژایەوە/ محەمەد بەهرەوەر/ 124

**● یادەوەری**

- یادەوەرییەکان..!/ لە فەرەنسییەوە: حسێن ئەحمەد/134

**● زمانزانی**

- زمان/ هێمن حەسەن زادە/ 138

**● هونەر**

- دەسەڵاتی فۆرم لە پرۆسێسی ئەبستراکتیدا/ وەهبی ڕەسووڵ/ 140
- یەکەم کچ لە کۆیە شان بە شانی پیاو چووەتە سەر تەختی شانۆ/ جەواد حەمەدبەگ ساڵح/ 143

**● خوێندنەوەی کتێب**

- کەشتیی مەرگ.. ئەنتۆلۆژیای شیعری نوێی ژاپۆنی/ هاشم سەڕاج/ 147
- (کەری بۆربدان) ئەزموونێکی نوێیە/ مەسعوود پەرێشان/ 150

**● نامە**

- چل نامە بۆ هاوسەرەکەم/ لە فارسییەوە: سەلاح نیساری/ 156

**● نرخاندن**

- هونەری ڕوانینی ڕۆژنامەنووسی و جاڕدانی هزری نوێخوازی/ فەرید زامدار/ 159

**● سووکە لەنگەر**

- ئەدەب گرفتە، یان چارەسەر؟/ تەڵعەت تاهیر/ 160

# میراتی مانەوە

محەمەد ئەحمەدی (ساماڵ)
(بۆکان)



دەنگم منی لێ ون
ناوێک ئەزی لێ ئاشنا نەکردی
❊ ❊ ❊
بە تەمەن پەیامبەرێکم
٣٥ ساڵی مەیيو
بە لەنجەتدا نازڵ
نەبوو
خاچێک
مرازی یەهوەی باڵات هەڵمکێشێ
❊ ❊ ❊
قامیشەڵانێکە باگر
سمێڵی من
دەلرفێ بە پەنجەرەدا
– وڕ
ماچم نەکەی!
من
٣٥ ساڵی تریش هەر نەبووم

کە گوزەشت و
هیچ نەبوو
منی پێت بوێ
❊ ❊ ❊
لە پەراوێزی حاڵی مندا
تۆ
پشکی یەکەمی هەبوون
من ٣٥ ساڵی نهێن
گومڕایی شینی بەرزت... پاڕامەوە
من ٣٥ ساڵی ون
با – بردمی
تا
شوێنی شێتی دنیا
❊ ❊ ❊
دەنگم منی لێ ون
لە دەنگەکانی تری دنیادا
من سەرم دێشێ
لە هەرچی دەنگەوە پەتێک
هێڵی یادی ڕێ
بە گەرووی چاری ناچارمدا
قەف بە قەف
دەقەفێ
ئەی دژی ئاسایشی دەنگان!
کە منم
٣٥ ساڵی تریش هەر نەبووی
کە لاڕێ بۆ هەنگاوت نەرمان
دەنا دەقی ڕێگات لێ گومڕا
تا هەمیشە
پەراوێزی ڕێ
بە میراتی مانەوەدا
بمری
❊ ❊ ❊
دەنگم منی لێ ون
دەنگۆ لە گەرووی تردا
من
٣٥ ساڵی نەبزێو
هەر تێپەڕینی کات بووم
تا تۆ
بگوزەرێنی
بەوێدا
کە خۆتی
لێ نی

# وێنەی شەپۆل
# بە چاوی با

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

(١)

دڵم زۆر شێواوە
نازانم چی بکەم
کەمێ وشـە دەخـەمـە بەر با.

(٢)

با شـەڕ بە دنیا دەفرۆشێت
مـن دڵم بۆ سـۆزی باران دەکەمـەوە
حەزم نەکرد ئەو پڕشـنگە بکەوێتە نێو دەریاوە
لـەبەر دۆزینـەوەی ژیان.

(٣)

ئەوەی دەکەوێ
با نییـە
مـرۆڤـە.

(٤)

حـەزم دەکرد ئاو بام لـە پشـت سـکێچـەکانی «قـەرەنی جـەمیل»
پەنجەم بە سـێبـەری ڕیشـۆڵـەکاندا هێنابا
حـەزم دەکرد با بام
بۆ کۆکردنەوەی هێڵە شـکسـتـەکان نا
بۆ دەنگدانەوەی ئازادی.

(٥)

بە قسـەی پشـیلـە
باران ناباری.

(٦)

ناتوانی لـە شـەقام بپەڕیتەوە
لـەبەر بازاڕی باران.

(٧)

بە مـنداڵی کە ئاسـمان هـەور با
دڵم بە توندی
لـە پەنجەرەی تەنیاییەوە خواحافیزی
لـە مـن دەکرد.



(٨)
چاوی کراوەی دەریا
هاوەردی لە تێگەیشتنی چاوی من
ناکا
مرۆڤ بە دەستکارییەوە
دەگەڕێتەوە نێو سروشت
دەڵێی ئاگات لێ نییە
خەریکە پیر دەبم.

(٩)
کەس ئاگای لە با نییە
گەمە بە دنیا دەکا.

(١٠)
هاوڕێکانم دەچنە سەیران
من بیر لە تەنیایی دەکەمەوە

(١١)
با دێ و دەچێ
شەپۆلەکانی ئاو
ئەزبەر دەکا.

(١٢)
چیا هەرچەندە باڵا بێ
باران تەڕی دەکا
مرۆڤ هەرچەندە مەزن بێ
تەنیایە.

(١٣)
ئێواران لە ئاپۆرەی ئەم و ئەو ون دەبم
وەک دڵۆپێ باران لە دەریا
ژیان شیرینە
بەڵام دەریایەک دەیبا
پێی دەڵێن مردن.

(١٤)
ئەمرۆ دەشتودەر ڕووناکە
خۆزگە دڵم تاریکی جێ دەهێشت
لە نەخۆشخانە.

(١٥)
ئەو ڕۆژانە زۆر دەبارێ
ڕۆژانێک
تریەی باران
دەنووکی لە جەستەم دەدا.

(١٦)
کاتێ منداڵەکەم گڕوگاڵ دەکا
من خەو دەمباتەوە
سەیری ئەو وێنەیە
ئاو خۆی بە گوێسوەبانەوە
هەڵواسیوە.

(١٧)
پەلە مەکە
ئەوەی با بردی
لەگەڵ باران دەگەڕێتەوە دەریا.

(١٨)
منداڵەکانم هەریەک قسەیەک دەکا
ژیان بە لقی دارێکەوە
کێ دەیچنێ

(١٩)
هیچ ئامۆژگارییەک سوودی نییە
ئەو قسە جوانانە بخە زبڵدان
هەرکەس بۆ خۆی دەژی.

(٢٠)
نامەوێ ژیان هەر ژمارە بێ
لە باخی تەنیاییدا
وەرزش دەکەم.

(٢١)
ئەوەی دڵم تەنگ دەکا
ئاسمان نییە
زەوی نییە
زەمەنی لە دەستچووە.

(٢٢)
چەشنی باران
دایکم بە سروشتەوە لکاوە
من بە نەفرەت

(٢٣)
ژیان وەکو ڕێبوارێکی با بردەڵە
هەموو بۆشاییەکانی خۆی
بە ژاوە ژاو پڕ دەکاتەوە
من بە حەبی سەرئێشان

(٢٤)
لە دوورەوە دێمە

بەر باران
لە دوورەوە شـەپۆل دەکا
با.

(٢٥)

هێندە دوای نیشـتمان کەوتم
بیرم چوو
بگەڕێمەوە ژیان

(٢٦)

بەیانیان ئەوەندە دەڵێن
هەڵسە لە خەو
خەونەکانم بوونە هەڵم.

(٢٧)

با یاری بە مرۆڤ دەکا
مرۆڤ یاری بە باران
مەترسی لەوەدا نییە
چونکە ئازادین.

(٢٨)

ئەگەر ئەمڕۆ نەبا
دوێنێ لە گۆڕستان نەدەگەڕایەوە
ئەگەر ئەمڕۆ بەیانی باش لە یەک نەکەین
سبەی نایە.

(٢٩)

ئەمڕۆ دەچمە سەر گۆڕی ئاو
لەبری هەتاو
گوڵێک لە یەخەی با دەدەم.

(٣٠)

دڵم ئەوەندە توندە
پزیشکەکان وەک بەسەرهات
دەیگێڕنەوە.

(٣١)

هەتا ئێستا
چۆلەکەکان لەژێر سێبەری سێدارە
دەجریوێنن.

**ئاداری ٢٠١٢**

# ئەسپێکی کێوی و جڵەوێکی ڕەها

موحسین ئاوارە

(هەراش)م و فام دەکەم
ڕۆژ و شەوەکان
بەسەر ئەتڵەسێکی بێ ئەدرەس ئاودیو دەکەم
بە ئاوی ئاشی گەردوونێکدا دەسووڕێم
بە مەیل و میلی چەرخی زەمەنێکدا دەگەڕێم
لە دایەنگەی (نوور)ی بێ دایک و باوکان
بە گومانەوە دەڕوانمە چاوەکان
دەڕوانمە دەوروبەر و مامۆستاو ڕابەران
دەڕوانمە منداڵانی نامۆی وەک خۆم
بە هەست و هەڵوەستەوە هەنگاو دەنێم
دەپرسم ئاخۆ من کێم؟!
باوکم کێ و دایکم کێیە
بۆ لێرەم لەو جێیە؟
– مامۆستا.. من کوڕی کێ بووم
من حەلاڵم، یان حەرام
من فڕێدراوی هەڵگیراوەم
بۆ ئێوە کەسی منن؟!
من وەک تەڵە گیایەک
ڕۆژانە نەسیمی سبەینان و زەردەپەڕی ئێواران و
ورتە ورتەکانی دەوروبەرم دەمهەژێنن
سەرم مزراحی سەر ئەو ساکە زەوییەیە
تەڵە داوە باریکەکانی تەژی پرسیارگەلێکن
وەک قەفەزێکی تەسکو ترووسک
سەرم پڕە.. پڕ لە ڕیشۆڵەی پرسیاری قەتیس ماو
دەبێ من کوڕی چ باوکێک بم
بە قۆنداخی، یان بە ڕووتی دانراوم
دەستە و دەستم کردووە
یان لە تەک زبڵدانێکدا فڕێدراوم؟
دەزانم دەمم بە مەمکی چ داکێک نەپژاوە
جگە لە مەمکۆڵەی لاستیک
– ئێستا بەناوێکەوە بانگ دەکرێم
کێ ئەو ناوەی لێ ناوم؟
هاوڕێکانم لەو دایەنگەدا
باوکەکانیان... دایکەکانیان... یان و یان
سەردانیان دەکەن و دەیانبەنەوە



بۆ گەڕەک و ماڵەکانیان
بۆ پڕ کردنەوەی سینەیان
بۆ سۆز و باوەشی گەرمی دایکەکانیان
بۆ دیداری باوک و خوشک و برا
هەتا ئەو کۆترەی
لە دەرەوەی سنووری نیشتمانەکەی بەرەڵلاکرا
تا دوو باڵی سەرخۆشی شەکەت بوو
پێکی دادەدا
درەخت... درەخت.. گۆپکە گۆپکە
شار.. شار ڕۆیشت
تا بەنیشتمان و شار و (لیس)ەکەی گەیشت
بۆ من کەس نامبات و بمهێنێتەوە؟
هاوڕێکانی دەوروبەرم
باس لە ئاهەنگی خنجیلانەی ساڵڕۆژی
لە دایک بوونیان دەکەن
من فوو لە مۆمی چ ساڵ و ساڵڕۆژێک بکەم
کێ بۆمی ساز کات؟
لەو دایەنگەیەدا.. بێ دایک و باوک
وەک زەرفێکی شەمێ کراو ناکرێمەوە
لەگەڵ ئەو دڵە نارەحەتەی خۆم
هەمیشە لە گفتوگۆدام
لە ناخەوە لەگەڵ خۆمدا شەڕ دەکەم و ئاشت دەبمەوە
بە توندی لە ڕابردووم دەئاڵێم و خاو نابمەوە
وەک مێروولە لەنێو خەیاڵاتی بەدبەختیدا دەجووڵێمەوە
ڕۆژ بە ڕۆژ باڵام هەڵدەچێ
شەپۆلەکانی ژیان دەمهێننە کەنار و دەمبەنەوە
دەچمەوە لای مامۆستاو ڕابەران
– لە کەیەکەوە لێرە دانراوم؟
– مامۆستای بەر لەمن دەزانێ
ئەویش کۆچی کردووە
– گیانم ئەشکەوتێکە بە بریتی تەڕ شێدارە
پڕ لە گرێ و هەڵوەستە و پرسیارە
گەر بۆ قووڵایی و ڕۆژانی بخزییت
ڕەگ و دەماری خۆی لە تاریکی وەردایە
ئەوە نییە لە هەر دەنگ هەڵبڕینێکمدا
سەدا.. سەدای بەدوایە؟
– لە ناسنامەکەمدا چی بنووسم
ناوی باوکم... باوکم ناوی چییە و کێیە؟
دایکم ناوی چییە و کێیە؟
ڕۆژی لە دایکبوونم چ سات و ڕۆژێکە
– هاوڕێیەکم پێم دەڵێ
شەوان داپیرەم حەکایەتی بۆ دەگێڕامەوە
دێو و درنجی لەگەڵمدا دەخەواند
گیرفانەکانی پڕ دەکردم لە ترس و مێوژ و
گوێز و بادەم
لە ئەشکەوتی پڕ لە تەلیسم و تۆقاندندا
دەری دەهێنام
لەسەر دەستی ڕۆستەمێکی زاڵ دایدەنام
ڕۆستەمی زاڵ دێو و درنجەکانی لە خۆڵ دەگەوزاند
لەو ساتەوە گیانی پڕ دەکردم لە جەنگ
گیانی پڕ دەکردم لە دیلی و ئازادبوون
گاهێ بەرگی دۆڕاندنم لەبەر دەکرد
گاهێ بەرگی بردنەوە
گاهێ کۆیلەیی.. گاهێ ئازادبوون
گاهێ شەڕانگێزی.. گاهێ ئاشتی
ئێستا من بەتاڵم لە ڕابردوو
لە هەراشیش هەراشترم وەک گوڵپەڕ
هەستیار و هەستیارتر
حەز دەکەم بە ڕۆمانێک
سەربردەی خۆم دەربڕم
ژیانی پڕ لە پشکۆ و مێژووی نادیارم
بەڵام دەزانم.. ناتوانم ڕۆمانەکەم تەواوکەم
بەخۆداچوونەوەم و خۆ جووینەوەم دەمکوژێ
ڕۆمانەکەم کورت دەهێنێ!
– کچە جوان
چۆن دێیتە نێو ژیانم
بڵێم من کێم
کە دێمەوە سەرەخۆم
وەک پیرە کیسەڵێکی ماندوو
بۆ لای تۆ هەنگاو دەنێم
جوانی تۆ دەتکێتە ڕوحمەوە
دەخزێتە تامەزرۆیی ئارەزوومەوە
ساتەخەیاڵ جوانتری دەکات
وەک باڵەخانەیەک هەڵدەچێ
ئەفسووس کە ئاوڕ لە دوێنێم دەدەمەوە
بیر لە نادیاری گرێی پەنهانی خۆم دەکەمەوە
باڵەخانە جوانییەکەی تۆم بەسەردا دەڕمێ
ئەو جەنگەی لەناوەوەم دایە... بێ کۆتایە
هێرشبەرانی لەبن نایەن
کچە جوان.. دەمەوێ وەک هەڵۆیەک بەهێز بم
لەسەرەوەی ڕووپێوی دەمە تیژەکان
بڕوانمە ژیان
بەڵام نازانم تا چەند
دوورتر و بڵندتر هەڵفڕم
لە تۆم نزیک دەکاتەوە و
بە ئێمرۆم دەسپێرێ

دوێنێم لەبیر باتەوە
کچە جوان
کە لە تاریکی دادەبڕێم
تاڵە تیشکەکانی بەیانییان ژێرم دەکەنەوە
لە ئاوێنە ڕادەمێنم و خۆم دەبینمەوە
حەز دەکەم بە درێژایی ئەو ڕۆژە
خۆم خۆم بم
بە تەنیشت خەم و بەنێو ژیانەوە تێپەڕم
بەپێوە بم
کەچی سەیر دەکەم بەسەرخۆمدا کەوتووم
مردوویێکی نەمردووم
چ نهێنییەکی نادیارە لەو دڵەی من دەرناچێ
چ ئاهێکی گەرمە
لەو دەم و زارەی من دەردەچێ
پیرشالیار.. پیر شالیار
کەی هێزێک بەو دەستانەم دەبەخشی
ئەو نەهەنگە زلە بخنکێنم کە ناوی ڕابردووە
سواری پشتی ئەو ژیانە ئاژەڵییە بم
لێی خوڕم
نەک خۆم ئاژەڵێکی لێخوڕدراوی قەدەر بم
کچە جوان
کێ ئاهەنگی من و تۆ بگێڕێ
کێ لەو کەسوکارە نادیارانەی من
دەسرۆکی گۆڤەند بە دەستەوە بگرێ
ئەمیان بە ئەوەی تریان بسپێرێ
کچە جوان.. تۆش دوورکەوە لێم
با چیتر بە ئاگری من و
منیش بە ئاگری عیشقی تۆوە نەسووتێم
– خۆزیا کە بە ڕووتی یان قۆنداخەیی فڕێدرابووم
بێ هۆش و نەفام بووم
ئەوکات بمردمایە
ئەگەر ئێستا بەو تەمەنە بمرم
بڵێم لە کام گۆڕستاندا بمشارنەوە
لە تەک کام گۆڕی نادیار
گۆڕی دایکم... باوکم... برام.. خوشکم
خۆ پادشایەکیش بم
من هەر دیلی ناخی خۆمم
لەنێو چوار دیواری کۆشکم
– لێم گەڕێن با ئەم شەو لەو مەیخانەیەدا
تەواو مەست و سەرخۆش بم
ببمەوە منداڵ و فڕێم دەن و هەڵمگرنەوە
وەک ئێستاش کە پیاوێکم بکەوم و هەڵستمەوە!

# رێكا بێ داوی

**نزار یووسف**
**(ئەڵمانیا)**



ل سەر رێكا تاڤێ دشۆپینم
رێنجبەرتیا ل ڤاتا مەلو یێن
ل ژۆر گرێداین
و نێچیرا نێر كوو ڤیان
لنگ چارۆخان راناگرن
كۆلان... كۆلان
ل هیڤیێن رۆژێ دگەڕم
ناڤا وارێن وێرانكری
نەپەرووشكێن لەپێن هۆڤان
دپرسم؟
ژ پارییێ دەستێن سێویان
هزرەتكێشێن ماچێ لێڤێن بابان
نیڤاش دكم
كەڤر و دارێن چیان
د هەمبێزا خوە دە
لاشێن بێ كفن ڤەشارتنە
سالۆخڤانان دگەڕم
بێ چارە،،،
ب چاڤێن سست و مەست
ل بسكێن گیاییێ خوەڕستی
ژ دیوارێ كەلهان
ل هیمێن وە دپرسم
تیپێن سۆر كۆلایی ل سەر دخوینم
دەنگێن ستەمباران!
هوون ئاگرێ دلێ دایكانن
كەرب و كینا جەگەرێن هۆگرانن
مەرەڤێ سمێلزەرێن
ژ ڤەلوونێ ب سەر لێڤان دە شكەستینە
ڤەرمووشكێن ئەنییێن خوەدانگرتی
ب سەرمەستی بەندەوارن
گازندێ جڤاتێن
تەشیرێس و تەڤێكرێن چاڤشان برانۆ.س
كەڤۆكێن دەشتا بۆتانێ
را و شاخێن وە
ژ ڤەڤدا شوور و زانستیا
بەدرخانان تێنەدەر
د ناڤا رەفێن
جانگۆریان دە
شاهدێن ستەمكاری
و تاریبوونا رۆژێ نە
شەهیدێن بێ ناڤن.

ئەڤ هەلبەستە ژ سایتی ئەلكترۆنی (وەلاتێ مە) هاتیە وەرگرتن، و ژ ڕێنڤیسا لاتینی هاتیە ڤەگواستن بۆ ڕێنڤیسا نها ل هەرێما كوردستانێ بكاردهێتن.
«ڕامان»

# گۆرانییەک

**ئالەن گینزبێرگ**
**لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر**
**(کەرکووک)**

قورسایی دنیا
خۆشەویستییە.
لەژێر باری
تەنیاییدا
لەژێر باری
بێزاریدا
قورساییەکە
ئەو قورساییەی هەڵی دەگرین
خۆشەویستییە.
کێ دەتوانێ حاشای لێ بکات؟
لە خەونەکان
تەماس لەگەڵ
جەستە دەکات،
لە تێهزرین
بنیادی
مۆجیزە دەنێت،
لە ئەندێشە
دووچاری ئەشکەنجە دەبێت
هەتاکو لە دایک دەبێت
لەناو مرۆڤ –
لە ناواخنی دڵەوە سەرنج دەدات
لە پاکیزەییدا دەدرەوشێتەوە –
چونکە باری زیندەگی
خۆشەویستییە،
بەڵام ئێمە تاقەت پرووکاوانە
ئەو قورساییە هەڵدەگرین
جا بۆیە پێویستە
سەرەنجام
لە ئامێزی خۆشەویستی
وچان بگرین،
دەبێ لە باوەشی ئەوین
وچان بگرین.
وچان نییە
بەبێ ئەوین،
خەوتن نییە



بێ خەونەکان
دەربارەی خۆشەویستی
تووڕە بی یانێخۆ هێدی
فریشتەکان خولیات بن
یان ئامێرەکان،
دوا ئاوات
خۆشەویستییە
– هەرگیز تاڵ و ناخۆش نابێ،
هەرگیز نکوڵی لێ ناکرێ،
هەرگیز بەری لێ ناگیرێت
ئەگەر نکوڵی لێ کرا:
ئەوە قورساییەکە زۆر سەنگینترە
– دەبێ خووی پێوە بگیرێت
بەبێ پاداشت
هەروەکو چۆن بیرکردنەوە
لە تەنیاییدا
لە هەر هەموو فەزیلەتەکانی
زیادەڕۆییەکەیدا
خووی پێوە دەگیرێت.
جەستە گەرموگوڕەکان
لە تاریکیدا
پێکەوە دەدرەوشێنەوە
دەست بەرەو
سێنتەری لەش دەجووڵێت
لە خۆشییاندا
پێست مووچڕکەی پێدا دێت و
ڕوحیش خۆشحاڵ
دێتە بەرچاو –
بەڵێ، بەڵێ،
ئا ئەمەیە
ئا ئەوەی کە من ویستوومە،
من هەموو دەمێک ویستوومە،
من هەموو دەمێک ویستوومە،
بگەڕێمەوە
جەستەی خۆم
کە تێیدا لە دایک بوومە.

**گۆرانی خەمۆکی سەعات چواری بەرەبەیان**

ئاه کەی بە تەمایت
لە تەنیشتم ڕابکشێی
ئەو دەمەی کە ئەلکهول کارت تێ دەکات
تکایە لە تەنیشتم ڕابکشێ
سێ شەوە تۆ نەگەڕاویتەوە ماڵێ
منیش هەر تەنیا خۆم خەوتووم و ئاهی ساردم
هەڵکێشاوە
ئاه کەی بە تەمایت
بنۆڕیتە نێو چاوانم
ئەو دەمەی کە ئەلکهول کارت تێ دەکات
بنۆڕە نێو چاوەکانم
ئاه گیانەکەم وەرە لە ئامێزم بگرە
با سەرسام بم
با سەرسام بم
بگەڕێوە، لە تەنیشتم ڕابکشێ
تۆ سێ دانە ڕۆژە دووریت
من جار نەجارێک گریاوم
دڵم لەسەر گازەرای پشت
بە تاق و تەنیا ئالێرە ڕاکشاوم
شەوێکی تریش بەسەرچوو
دەستم لەسەر دڵمدایە چاوم نووقاو
تۆ لەناو باوەشی خۆتدا منت ناوێ
تۆ ناتەوێ گوێت لە ئاهی ساردی من بێت
ئیتر ئاواهییە کە من تاق و تەنیام
ئیتر بە تەمام ئە ئاواهی من بمرم.

ئالەن گینزبێرگ لە نیوئارک، نیووجێرسی، لە ساڵی ١٩٢٦ لە دایک بووە. کە لە ساڵانی چلەکاندا لە (کۆلۆمبیا کۆلیژ) قوتابی بووە، دوایی هاوڕێیەتییەکی پتەوی لەگەڵ «ویلیەم.س بیووڕۆس» و «جاک کیرواک»دا کرۆکی «بیت جەنەرەیشن»ی دامەزراندووە. کە لە ناوەندی پەنجاکانیش لە کالیفۆرنیادا ژیانی بەسەر بردووە، لەگەڵ «گاری سنایدەر» و «مایکل ماک کلۆر»ی شاعیرانی ڕێنیسانسی سان فرانسیسکۆدا بووەتە هاوڕێ و هەر لە هەمان شاریشدا بووە کە یەکەمین کۆشیعری خۆی بەناوی «لوورە و چەکامەکانی تریش»ی بڵاوکردۆتەوە و بووە بە یەکێک لە پڕ خوێندنەوەترین کۆمەڵە شیعری سەدەی بیستەم، بێجگە لەمە گینزبێرگ خاوەنی ئەم کۆشیعرانەشە: «کفنی سپی ١٩٨٠-١٩٨٥»، «سڵاوە کۆزمۆپۆلیتانییەکان»، «ژۆرناڵەکانی ناوەندی پەنجاکان ١٩٥٤-١٩٥٨»، «کۆهەڵبژادەی شیعرەکان ١٩٤٧-١٩٨٥» و «هەڵبژاردەیەکی شیعری ١٩٤٧-١٩٩٥» و گەلێکی دیش. گینزبێرگ کە بەشێکی ژیانی خۆی لە شاری نیویۆرکدا بەسەربرد، لە ٥ی نیسانی ١٩٩٧ هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد.

**سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:**

Allen Ginsberg
Selected Pomes 1947- 1995.
Penguin Books, LONDON 2001.



# چیرۆکەکە دەست پێدەکاتەوە

**غەمگین بۆڵی**

(تا کارەبا نەکوژایەوە قەدری ڕووناکیم نەزانی)

ئەمە قسەی پیاوە ڕۆژنامەنووسەکە بوو، کە لە تاریکیدا بیر لە ڕووناکی دەکاتەوە، لە شەودا بیر لە ڕۆژکردنەوە بەلایەوە فرە خۆشبوو، هەرچەندە تاریکی باڵی بەسەر ژووری ڕۆژنامەنووسەکەدا گرتبوو، وەلێ ئەو هەر هەوڵی دەدا ڕووناکییەک بدۆزێتەوە، پەردەی پەنجەرەکەی لادا، دنیا و شەقام و ماڵەکان وەک ژوورەکەی تاریکن، دەنگە دەنگی ژنەکەی لە ژوورەکەی بەرانبەری دێت، پیاوەکە وەک ئەوەی نەیەوێت گوێی لە دەنگی ژنەکەی بێت، یان گەرەکی نەبێت لە قسەکانی تێبگات، لەبەر خۆیەوە دەیگوت "خۆ تاریکی ناتوانێت خەیاڵم داگیربکات". چەند مەترێک بەلای ڕاستی وەرسووڕا و دانیشت، کەوتە بیرکردنەوە.

تەقە تەقی پێڵاوی نەفەرێک دێت، بە شەقامە چۆڵ و تاریکەکەدا بەرانبەر پەنجەرەی ژوورەکە، پیاسەی تەنیایی بوونی دەکات، ژنەکەی بەتاریکی ناوێرێت!، هەر بۆیە لەژوورەکەدا پەکی کەوتووە، ڕەنگە بیریش نەکاتەوە، ئەو هەوڵی ڕووناکی نادات، تەنیا چاوەڕێی ڕووناکی دەکات، ئەمەش ڕۆژنامەنووسەکە تا ئەندازەیەک قەڵس دەکات. شەو درەنگە و درەنگتر دەبێت، ڕۆژنامەنووسەکە کۆلارەی خەیاڵی فڕاندووە و هەروا داوی دەداتێ. تەقە تەقی پێڵاوەکەش چەشنی تاریکییەکە بەردەوامە، دەنگی جاڕسکەری سەگوەڕ تەواوی شاری گرتۆتەوە، هەرچەندە شار لەنێو باوەشی تاریکیدا خەوی لێکەوتووە، جادە شل و کوتەکان خەوتوون، ئوتومبێلەکان لە حەوشە و بەردەرگا و گەراجەکان خەوتوون، مرۆڤەکان خەوتوون، تەنانەت ژنی ڕۆژنامەنووسەکەش خەوت، ئەمشەو ڕۆژنامەنووسەکە، وەک ئێشکگر ناخەوێت، شەو بەرەو بەیانی غلۆر دەبێتەوە، هەموو شتەکانیش وەک خۆیان دەمێننەوە، شەو بۆ ڕۆژنامەنووسەکە هەرچەند درێژ بێت، لای ژنەکەی بی سوودە، پیاوەکە ناچێتە کن ژنەکەی (چەکی ڕۆژنامەنووسەکە بی فیشەکە)، شەو هەروا درەنگتر دەبێت، کەسێک نییە باسی کارەبا بکات، کارەبا نییە، کارەبا!، تەنیا ڕۆژنامەنووسەکە ماوە، دەبێت بیر لە کارەبا بکاتەوە، هەر بۆیە دوا زنجیری بیرکردنەوەی پێی دەبەستێتەوە، لە

خەیاڵی خۆیدا ئەڵقە ئەڵقە دەخاتە سەر زنجیری بیرکردنەوەی، تا درەنگانی شەو ئنجا خەوی لێ کەوت.

بەیانی زوو لەبەر هۆڕنی ئوتومبێلەکان و کردنەوەی دەرابی دوکانداران و لەخەو هەستانی تەواوی شار، ڕۆژنامەنووسەکەش بە خەبەر هات، هەر زوو خەیاڵە پەرتەوازەکانی شەوی خڕکردەوە، لەبارەی کارەباوە وتارێکی جوانی ڕەخنەئامێزی نووسی، بەم وتارەوە ئەمە پێنجەمین وتاریەتی کە لەم مانگەدا دەینووسێت، هەرکە لە نووسینەکەی دەبێتەوە، دەست بە بەزم و گۆرانی دەکات، چونکە بڕیارە ئەمڕۆ سەردانی ڕۆژنامەی (ئاڵای ڕاستی) بکات، کە چوار وتاری تێدا بڵاو کردووەتەوە، بەرلەوەی بڕوات وتارەکەی پاکنووس کرد و جارێکی تر نووسییەوە، ژنەکەی لەبەر هەیوانەکەدا بەخۆی و لیستێک لە پێداویستییەکانی ماڵ چاوەڕێی بوو، تاکو بیداتێ و لەگەڵ خۆی بیبات و پێداویستییەکان بکڕێت، لیستەکە لە دووبەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەم بەپێنووسێکی سوور نووسرابوو، بەشەکەی تر، کە بەشی دووەم بوو بەپێنووسێکی شین نووسرابوو، ئەمە لەلای هەردووکیان وەک نهێنییەک بوو، دەشێت واتاکەی وەها بێت (ئەگەر پاداشتی نووسینەکان کەم بوون، تەنیا پێداویستییەکانی بەشی یەکەم بکڕە، ئەگەریش زۆر بوو، هەردووک بەش بکڕە)، بەرلەوەی دەرگای دەرەوە بکاتەوە، دەنگی هەمان تەقە تەقی پێڵاوی بیستەوە، کاتێک دەرگەکە دەکاتەوە و سەیر دەکات، دەبینێت (کامۆ شێت)ـە، ئەو شێتەی کە شەو و ڕۆژ بە بەردەمی ماڵی باوکی عاشقەکەیدا پیاسە دەکات، هەمیشە وا دەزانێت عاشقەکەی مەوعیدی داوەتێ، هەموو خەڵکی شار دەزانن کە کامۆ ژیرترین و قۆزترین لاو بوو، وەلێ کە هەواڵی خۆسووتاندنی (شەنگە)ی خۆشەویستی بیستبوو، بە ڕاکردن خۆی دەکات بەو قەرەباڵغییەیەی کە لە بەردەمی ماڵی شەنگەدایە، کە دەبینێت: شەنگەی شۆخ و نازدار بۆتە ڕەژوو، ڕوحیشی وەک کۆترێکی سپی بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵی داوە، ئەقڵی لە دەست دەدات و تاو دەداتە باوکی شەنگە، یەخەی دەگرێت بەدەم گریانێکی ڕوحییانەوە هاوار دەکات: (بۆ شەنگەکەی منت بە زۆری لەو مەسئوولە مارە کرد، ئەو جاشەی دوێنێ و مەسئوولە گەندەڵەی ئەمڕۆ پێ لەمن پیاوتر بوو).

لەبەر ئەوەی سەری مانگە و گیرفانی ڕۆژنامەنووسەکە لای لایە دەڵێت، بە سواری دوو پاس دەچێت، تا دەگاتە بارەگای ڕۆژنامەی ئاڵای ڕاستی، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر لە پرسگەدا، پرسیارکردن لە بارەی ناو و بۆچی هاتووی؟ چ کارێکت هەیە؟ گەورەمان کۆبوونەوەی هەیە، دەتوانیت ڕۆژێکی تر بێیتەوە؟ خەڵکی کوێی؟ هیچ جارێکی تر هاتوویت؟ دواجار دەگاتە لای خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، دوای کەمتر لە دەقەیەک، هەمان پرسیارەکانی پرسگە دووبارە دەکاتەوە .

* فەرموو چ کارێکت هەبوو؟

– وتارێکی ترم بۆتان هێناوە، دەمەوێت پاداشتی وتارە بڵاوکراوەکانیشم وەرگرم.

* ئەها، ڕۆژنامەنووسیت! ناوت بەخێر؟

– هیوا خەیاڵی .

* چیت هێناوە و لە چ بەشێکی ڕۆژنامەکەمان وتارەکانت بڵاوکردووەتەوە؟

– بەشی بیروڕاو ڕەخنە، دیارە وتارەکانی منتان نەخوێندۆتەوە، ئەگەرنا چۆن نەتاندەزانی لەکام بەشدا وتارەکانم بڵاو بوونەتەوە.

بەتووڕە بوونەوە (جەمال سیاسی) خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر، کە دەیویست تووڕەبوونەکەی بشارێتەوە، وەلێ سیمای نەیدەتوانی بە سەر تووڕە بوونەکەیدا زاڵ بێت، .

* من سەرقاڵم دەزانیت، هەمیشە سەرقاڵی کۆبوونەوەی حزبم، زۆر کاتم نییە، دەتوانیت زوو قسەکانی خۆت تەواو بکەیت؟

دوای هەڵوەستەیەک، وەک ئەوەی کەسێک خەوتبێت و سەتڵێک ئاوی پێدا بکرێت، وەها لەنێو قسەکەیدا ڕاپەڕی، ئاخر ئەوە لە لایەک مانای ئەوەی دەگەیاند، کە ڕۆژنامەکە بێ سەروبەرە وەک حزبەکەیان، لەلایەکی تریشەوە ئەو مانایەی دەدا کە جەمال سیاسی، تەنانەت ڕۆژنامەکەی خۆشی ناخوێنێتەوە، ئەوە نموونەیەکە بۆ ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی، ڕۆژنامەنووس دەبێت بەرلەوەی کەسێکی ڕۆشنبیر بێت، دەبێت سیاسی بێت، بەرلەوەی کەسێکی پڕ مەعریفە بێت و شارەزایی لە بوارگەلێکدا هەبێت، دەبێت کەسێک بێت کۆپی کراوی حزب بێت، هەر بۆیە هیوا خەیاڵیش کەمێک تووڕە دەبێت.

* ببوورن، ئەی سەبارەت بە پاداشتەکانم؟

– پاداشتی چی؟ دەتوانی پاداشتەکانت لە بەرپرسی بەشەکان وەرگریت، سیستمی ئێمە وەهایە، کە بۆ هەر ژمارەیەک بەرپرسی لاپەڕەکان، سەد هەزار دینار وەردەگرن، ئیتر نازانم.. تێگەیشتی؟ دەتوانیت تەلەفۆن بۆ (فەرید ئیزعاج) بکەیت، ئەگەر کارێکی

ترتان نەماوە، خوات لەگەڵ!.

بەرلەوەی وتارەکەی بخوێنێتەوە، وتارەکەی ڕەفز بووەوە، دوای تەلەفۆن کردن بۆ فەرەید ئیزعاج و هێنان و بردن و شەڕە قسە و هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆر، تەنیا پاداشتی وتارێکیان بۆ سەرف کرد، پارەکانی وەک پشکۆ خستە دەستەوە، لەبەر گیرفان بەتاڵی و برسییەتی ژن و منداڵەکەی نەبایە، پارەکانی جڕ بە جڕ دەکرد و بە دەموچاویدا دەدایەوە، ئاخر پیاو دەتوانێت چۆک بۆ برسییەتی خۆی دانەدات، وەلێ ناتوانێت لەبەردەم برسییەتی ژن و منداڵەکانیدا لەسەر چۆک خۆی ڕابگرێت، برسییەتی کارەساتە، برسییەتی دەرئەنجامی گەندەڵییە، گەورەترین مەترسیش بێکارییە. لە هەر کۆمەڵگەیەک ڕێژەی بێکاری بەرز بووەوە، ڕەوشەکان بەرەوخراپی دەڕۆن.

هیوا خەیاڵی ڕۆژنامەنووس بەدەم ڕێگەکەوە ئەم قسانەی دەگوتەوە، وەلێ هەرکە گەیشتە ناو بازاڕ، لەبەر هەرا و هاوارکردنی عارەبانچییە فرۆشیارەکان نەیتوانی درێژە بە گرێی ناخی بدات، لیستی پێداویستییەکانی دەرهێنا، لەبەر کەمی پارەی پاداشتەکەی تەنیا توانی نیوەی داواکارییەکانی بەشی یەکەم بکڕێت، عەلاگەکانی دەستی چەشنی مێشکی گەمەیان دەکرد، عەلاگەکان پڕبوون لە پێداویستییەکانی ماڵ، مێشکی هیوا خەیاڵیش پڕبوو لە ئاڵۆزبوونی ژیان، بەرلەوەی بگاتە ماڵەوە، دەیزانی ژنەکەی هەستەکانی بریندارتر دەکات، چون تەنیا توانیبووی نیوەی بەشی یەکەمی پێداویستییەکان بکڕێت، هەرواش دەرچوو، ناچار بە خۆی و کوپێک قاوەوە هاتە ژوورەوە، دەستی بە نووسین کرد، وەلێ ئەم جارە نووسینەکەی جوایەز بوو، چیرۆکێکی نووسی، کە یەکەم جاری بوو چیرۆک بنووسێت، زۆر بەگەرمی چێژی لەنووسینی چیرۆکەکە دەکرد، هەر کە لە نووسینی چیرۆکەکە بووەوە و چیرۆکەکەی پاکنووس کرد، چەشنی قاوەکەی بەردەمی، لەنووسینی چیرۆکەکەی ساردبووەوە، بۆیە چیرۆکەکەی خستە ناو دۆڵابەکەیەوە، کە هەندێک کتێبی قەدەغەکراوی تێدابوو، ئەوەی سەیربێت، کەس نەیدەزانی بۆچی لە چیرۆکەکەی ساردبۆتەوە؟ مۆبایلەکەی داخست و خستییە دەرەوەی بازنە، دەرگا و پەنجەرەی ژوورەکەشی بە ڕووی دنیادا داخست، تەنیا ئەوەندەی درکاند، کە هەموو شتێکی لە سەردێری چیرۆکەکە درکاندووە.

**٢٠١٠/١١/٧ هەولێر**



# چوار پۆستەرە چیرۆکی بێ ناوونیشان

**بورهان ئەحمەد**
**(کەرکووک)**

(١)

مێژووی لە دایکبوونی خۆی نازانێت، ئەو بەروارەی لە ناسنامەکەیدا نووسراوە ژمارەیەکە سەر بە ماتماتیکی درۆ، زۆربەمان ڕۆژ و ساڵەکانی لە دایکبوونمان بە ڕووداوەکانی ڕۆژ و کارەساتەکانی ساڵ دەناسینەوە، هەر بۆ نموونە باوکی من کاتێک باسی ڕۆژی لە دایکبوونی خۆی دەکرد، ساڵی (گرانییە گەورەکەی) دەکردە شایەتحاڵی خۆی، دایکم بە ڕۆژی ڕووخانی گوندەکەیانەوەی گرێ دەدا، ساڵی لە دایکبوونی خۆیشم بە ساڵی کوودەتاوە پەیوەستە، هی خێزانەکەم بە ساڵی (ڕێکەوتن)، ڕێکەوتنی نێوان سێ سەرۆک بۆ خستنە کاسەی خوێنی میللەتێک و دانانی لەسەر مێزێکی هاوبەش و هەڵدانی، ئێستاکە لە نیگای پاک و بێگەردی کچ و کوڕەکەم دەڕوانم، کە هێشتاکە نووستوون و خەو ئەوەندەی تر پاکیزەیی و بێ وەیی پێ بەخشیون، ناسنامەی کوڕەکەم ئاشنایەتی لەگەڵ ساڵی ئەنفالدا هەیە، ئەوەی کچەکەم لەگەڵ کۆڕەودا دۆستە، لە تەماشاکردنیان قووڵ دەبمەوە، ڕۆدەچمە نێو نیگایانەوە، لە خۆم دەپرسم:

(تۆ بڵێی مێژووی لە دایکبوونی منداڵەکانی ئەمان، مێژوویەک بێ لە مێژووی لە دایکبوونی ئەوان و ئێمە و ئەمان جیاواز).

(٢)

لە باخچە گەورەکەی زانکۆدا پیاسەیان دەکرد، وەکو دوو منداڵ دەستی یەکیان گرتبوو، بۆنی میهرەبانی لە هەناسەکانیانەوە دەهات، نیگایان گەڵاکانی هەر وشەیەک کە لە دەمیانەوە هەڵدەوەری، دەبووە تۆوێکی تری ئەڤین،

نەمامێکی دیکەی خۆشەویستی شین دەکرد، ئەم لێی پرسی:
له ژیانی مرۆڤدا کامیان گرنگتره، باڵاتره، مەزنتره، بەهێزتره، یەکەم خۆشەویستی، یان دوایین خۆشەویستی؟
ئەو وا وەڵامی دایەوه:
دوا خۆشەویستی.
ئەم وتی:
دوایین موسافیری خۆشەویستی، کەی دەبێته میوانی دوایەمین ژووری ئوتێلی دڵ؟

(٣)

سنگی خۆی وەکو ئەو تەختە ڕەشەی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی دەهاتە پێش چاو، کە هەر قوتابییەک هەڵسێت و هێڵێک، نیگارێک، ناوێک، نووسراوێکی لەسەری بنووسێت. ئێستاکە تەختەی سنگی پڕە له ناوونیگار و هێڵی خواروخێچ، بەڵام کە ئەوهات، هەرچی نووسراو هەبوو هەمووی سڕییەوە، بە هێڵێکی شینی گەورەش، کە جێگای بۆ هیچ نووسراوێکی تر نەهێشتەوە نووسی: (خۆشم ئەوێی).
ئەمیش بڕیاری دا، ئەم نووسراوە بۆ هەتاهەتایە لەسەر تەختە سپییەکەی سنگیدا بیهێڵێت و نەیسڕێتەوە.

(٤)

لە دوای نانی شێوان و کەمێک پشوو، خێزانەکەی ئەم پرسیارەی ئاراستە کرد:
چییە ئەوەی خۆشەویستی دەکوژێ..؟
ئەم وەڵامی دایەوە:
هەژاری و دەستکورتی، نەمانی ڕێز.
خێزانەکەی وتی:
چی تر..؟
ئەم وتی:
ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی خۆشەویستی بمرێ.



# سەمای ماسییەکان

**قادر عەلیخا**
**(بۆکان)**

ئەو هەر وا بە ئاسانی و بێ ئارەقە ئەو هێز و توانایییەی وەدەست نەکەوتبوو. چەرمەسەرییەکی زۆری بۆ کێشابوو، ماندووبوونێکی زۆری چەشتبوو، بە سەدان کەڕەت بە دزی خەڵکی ئاوەدانی و بەدوور لە چاوی ئەوان بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاوی خوڕێنی چۆمەکە مەلەی کردبوو، توانایی و تاقەتی خۆی تاقی کردبۆوە، ئیتر بە تەواوی دڵنیا بوو کە دەتوانێ هەتا سەرچاوەی ئاوەکە باڵ لێ بدا و هیچ گرفتێکی بۆ نەیەتە پێشێ، هەر بۆیە بڕیاری دابوو، ئەگەر بە قیمەتی گیانیشی تەواو بێت، دەبێ هەر سەر لە لێڵی سەرچاوەی ئەو ئاوە دەرهێنێ. ئەو پێی وا بوو سەرێک لە ڕێی ویست و داخوازییەکانی مرۆڤدا فیدا بکرێت بەفیڕۆ نەدراوە.

ئاوەکە لە چیایەکی گەردن کەشی هەزار بە هەزارەوە بەرەو سەرسنگی نەرمی پێدەشتەکە خلۆر دەبۆوە خوارێ. زۆرجار لە پیرەپیاوانی ئاوەدانی بیستبوو، ئەوانیش لە قەولی پێشینانی خۆیانەوە گێڕابوویانەوە کە دەڵێن: سەرچاوەی ئەو ئاوە لە ئەشکەوتێکی زۆر سامناکەوە دەست پێدەکات، کە هەتا ئێستا هیچ کەسێک نەیتوانیوە بگاتە سەرچاوەکەی، ئەوەی چووبێ تێدا چووە. بە بیرەوەری ئەوانیش کەس بڕیاری وای نەدابوو، هەرکەسیش چووبێت تەنانەت تەرمەکەشی بە دەم ڕەوتی ئاوەکەدا نەهاتۆتەوە.

دیسان ئەوان گوتبوویان: ئاخر ڕۆڵە گیان دەڵێی ئەو ئاوە لێڵە؟ لێڵی ئەو ئاوە لە کوێ دایە و ئێمە نایبینین؟ ئاو دەڵێی چاوی قرژاڵە کوڕم! ئێمە ئەوە تەمەنێکە هەر لەو ئاوە دەخۆینەوە، بەو ئاوە خۆمان دەشۆین، کشتوکاڵیش هەر بەو ئاوە بەرهەم دێنین، کوڕی چاک بە و فیل سواری مەکە و لە کەری شەیتان وەرە خوارێ، سەری خۆت بە فەتەرات مەدە، ئێمە دڵنیاین ئەوە چاوی تۆیە هەڵە دەکا و لێڵ دەبینێ، دەنا چۆن ئەم هەموو خەڵکە درۆ دەکەن و هەر تۆ ڕاست دەکەی؟

بەڵام ئەو لە چاوی خۆی دڵنیا بوو، دەیزانی ئەو ئاوە لێڵە، زۆر جار جامێکی لە ئاوی چۆمەکە پڕ کردبوو لە شوێنێکی تەریک دایبابوو، پاش ماوەیەک دیتبووی کە قوڕ و لمێکی زۆر بنی کاسەکەی داپۆشیوە، ئاخر خۆ ئەو منداڵ نەبوو کارێکی ئاوا پڕ مەترسی بەبێ لێ وردبوونەوە و هەڵسەنگاندن دەست پێ بکات، دەشیزانی مەلەکردن بە پێچەوانەی ڕەوتی ئەو ئاوە خوڕێنە، کارێکی هەروا سووک و هاسان نییە، هێز و توانایییەکی لە ڕادە بەدەری دەوێت، بەڵام ئەو بەو حاڵەشەوە هەر لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور بوو، پاشگەز نەدەبۆوە، خۆی بۆ تەیار و ئامادە دەکرد. قسەکانی دایکیشی شوێنی لەسەر دانەنابوو، ئەو کاتەی دەستی نابووە سەر شانی و چاوە فرمێسکاوییەکانی تێ بڕیبوو و گوتبووی:

– کوڕم، مەلەکردن بە پێچەوانەی ڕەوتی ئەو ئاوە خوڕێنە کارێکی ئاسان نییە، لە توانایی هەموو کەسدا نییە ڕۆڵە، ئاخر ئەو ئاوە کەڵ دەتلێنێ، مەگەر نەتبیستووە دەمەو بەهاران کە بەفری سەر چیاکان دەبنە ئاو، ئەو هەموو گابەردە زلە لەگەڵ خۆی دێنێتە خوارێ و هیچی خۆی لەبەردا ناگرن، ئیتر هەر لە تۆ و هەر لەو گابەردانە! بیکە بە خاتری خودا و ئەو سەرە سپییەم، ئەو بیرە پڕوپووچانە لە سەرت دەرکە. جەرگم مەدە بە تەندوورەوە کوڕم! تۆش وەک ئەو خەڵکە سەری خۆت داخە و بژی، هەر وای دانێین تۆ ڕاست دەکەی ئەو ئاوە لێڵە، ئەسڵەن هەر قوڕاوە و دێتە خوارێ، تۆش وەک ئەو خەڵکە، چیت لەوان زیاترە؟ ئەوان مردن ئێمە بۆ بمێنین؟ ئەو ڕێگایەی تۆ دەیگریتە بەر بە بەر زارکی ئایشێ کەڕدا تێدەپەڕێت، ئەو ئەشکەوتە بەسامە، لە دایکم –خودا بە ڕەحمەتی کا– بیستووە کە زوو حەمەساڵە ناوێک کە هەر خەڵکی ئەم گوندەی خۆشمان بووە، جارێکیان درەنگانێکی شەو بە تەنیشت ئەشکەوتی ئایشێ کەڕدا دەڕوا کە لە پڕ دەنگێک بە ناو بانگی لێ دەکات، ئەویش ترس دایدەگرێ و دەنگی ئەسپەکەی دەدا، بەڵام گێڕابوویەوە کە ئایشێ کەڕ هەر لەوێوە دەست درێژ دەکا و دەیباتە نێو ئەشکەوتەکەوە، پاشان بە حەمەساڵەی گوتبوو مەگەر نازانی دەستی من ئەوەندە درێژە کە بە تەواوی ئەم هەرێمەدا ڕادەگا؟ دەیانگوت گێڕاویانەتەوە کە حەوت سەری هەبووە کە تەنیا سەرێکیان وەک سەری مرۆڤ چووە، ئەو سەرانەی دیکەی هەر یەکەو وەک سەری ئاژەڵێکی دڕندە وا بووە، ئیتر زەندەقی دەچێ و لەسەرخۆ دەچێ، ئەگەر چاو هەڵدێنێ، ئەوە ڕۆژ بۆتەوە و کەسی بەلاوە نییە، ئیتر ترس دەڕژێتە گیانی و ماوەی ساڵێک لە جێدا دەکەوێ، هەر ئەو ترسەش کوشتی و بە جوانەمەرگی مرد. کوڕی دایکی، بێ تۆش ئێمە دم لە قووت دەبین و لە برسان دەمرین، خۆت دەزانی هەر تۆمان کەسی کاسبی هەیە، چاوی دایە، کەم گوێ لینج و یەک دەندە بە، بە خودا لاگری هیچی لێ هەڵناوەرێ.

بەڵام ئەو لە وەڵامی دایکیدا گوتبووی:

– دایە گیان ئەمن دڵنیام و لە خۆشم ڕادەبینم بە پێچەوانەی ڕەوتی ئەو ئاوە مەلە بکەم، با ئەو ڕووبارە سەد ئەوەندەی تریش خوڕ بێ، ئەو چیایە لەوەش هەڵدێرتر بێ! من هەر سەر سەر دەکەوم و سەر لە لێڵیی ئەو ئاوە دەردێنم، ڕازی ئەو ئاوە لە دڵی ئەو چیایەدایە و دەبێ من بیزانم.

لە بەرەبەیانێکی زووی وەرزی هاویندا، بەر لەوەی زەردەپەڕ داکەوێ، مل لە ملی ڕووبارەکە دەنێ و بەرەو لووتکەی چیا و سەرچاوەی ئاوەکە ڕێ دەکەوێ. هەتاو ئارام ئارام ئاسۆی بەجێ دەهێشت، تیرێژی بەسەر سنگ و بەرۆی خاکدا دەپرژاند. بە ئەسپایی سەری دەکێشا هەمموو کەلێن و قوژبنێکی زەوی و ڕووناکی پێ دەبەخشی. ڕاسان لە پێدەشت تێپەڕیوە و سنگی ناوە بە سنگی چیاوە، ویستی سەرکەوتن، ورە و وزەی دەداتێ، چێژی گەیشتن بە مەبەست هانی دەدا، تاڤگە و هەڵدێرەکان ناتوانن ببنە کۆسپ و لەمپەری سەرکەوتنی. ئاوڕێک لە دواوە دەداتەوە، ڕێگایەکی زۆری بڕیوە، ئەو هەمموو خوڕێن و سەغڵەتییەی بەجێ هێشتووە، هەر دەیانگوت ناتوانێ! جا وەرە لەنێو ئەو هەمموو خەڵکەدا هاندەرێکت نەبێ، کەس نەبێتە هاودەنگت، وەڵڵا مردن خۆشترە لە ژیانی نێو ئەو خەڵکە، جا ئەوە ژیانە؟ سەیر ئەوەیە باوەڕ بە چاوی خۆشیان ناکەن! بەخوا ئەوانیش وەک من دەیانزانی ئەو ئاوە لێڵە، هەر نەیاندەوێرا بیڵێن، ئەوانە مامۆستای خۆفریودانن، ئەگەر ئاوا نەبایەن، ئاوایان بەسەر نەدەهات، ئەوە ژیانە ئەوان هەیانە؟ هەی سەگی تێ ڕی. هەر کردەی ئەوانە و بردەی خەڵکی، چەندە ڕازی و دڵ خۆشیشن، بەسەر ئەو هەمموو چەرمەسەرییەدا دەڵێی هەر مێشێکیش نەیگەزتوون، هی وا هەیە دەڵێ نەزانین عەجەب نیعمەتێکە، بەڵام من پێم وایە بەڵایەکی گەورەیە کە بەسەر مرۆڤ دێ.

ڕۆژ لەنێوەڕاستی ئاسمانەوە بە سەر زەویدا نخوون بۆتەوە، دەڵێی لە کولاوکەی ئاسمانەوە چاو لەنێو ماڵێک دەکا، ڕاسان گەیوەتە بەردرگای ئەشکەوتەکە، ماندوو و

شەکەت لەسەر گابەردێک دادەنیشێ، پڕ بە زاری ئەشکەوتەکە ئاوێکی لێڵ دەڕژێتە دەرێ، قوڕاو بە لالغاوەی ئەشکەوتەکەدا دێتە دەرێ و بەرەو داوێنی چیاکە شۆڕ دەبێتەوە. پاش ماوەیەک حەسانەوە و ڕامان و بیرکردنەوە وەک نەهەنگێک خۆی لە زارکی ئەشکەوتەکە ڕۆ دەکا و بەرەو هەناوی باڵ لێ دەدا. تاو لە ئاسمانەوە بەرەو داوێن شۆڕ دەبێتەوە، ئەو تاڵە تیرێژانەی بەیانی چاندبوونی دانەدانە هەڵیان دەگرێتەوە و وەک مەلێکی ماندوو بەرەو نشێو خۆی لوول دەکا، لارە سێبەر دادێ، تاریکی دەزێتە قەدپاڵی کێوەکان و لەوێوە هێور هێور بەرەو پێدەشتەکان شۆڕ دەبێتەوە. ڕاسان بە هەناوی ڕەش و لێڵی ئەشکەوتەکەدا تێپەڕیوە و گەیوەتە سەرچاوەی ئاوەکە.

ئاوێکی پاک و خاوێن، ڕوون وەک ئەسرینی چاو، پڕ لە ماسی جوان و ڕەنگاوڕەنگ، زەرد و سوور و شین و سەوز، زەماوەندی ڕەنگەکانە، دەڵێی سەدان پەلکەزێڕینەت لەو ئاوە کوشیوە. خۆی لە ئاوەکە هەڵدەکێشێت، لێلاییەکی تۆخ لە گیانی ئەمەوە دەڕژێتە گەرووی ئاوەکەوە، دەڵێی پەڵە هەورێکی ڕەش و چڵکنە بە ڕوخساری ئاسمانێکی ساماڵەوە، زولاڵی و مەندی ئاوەکە دەشێوێنێ، ڕەوەی ماسییەکان لێی دەسڵەمێنەوە و لۆچ دەکەوێتە نێوچاوانی ئاوەکەوە، بەڵام زۆر زوو تۆخی لێلاییەکە کاڵ دەبێتەوە و ئاوەکە دێتەوە سەر دۆخەکەی جارانی. ڕاسان خۆی و جلوبەرگەکانی دەشواتەوە و لەسەر تاتەبەردێک لە لێواری ئاوەکە ڕادەکشێ، شادی و خۆشی سەرکەوتن و گوشاری ماندووبوون لەشیان ئاخنیوە، جارێک وردە بزەیەک لە شادی دەزێتە سەرلێوی و تاوێک تۆفانێک لە ڕق مێشکی ڕێک دەکوشێ و سەدان شەپۆلی نەفرەت دەبێتە گنجی نێوچاوانی.

– جا وەرە توخودا بە زمانی خۆیان پێیان بڵێ ئەو ئاوە لێڵە دەبێ هۆیەکی هەبێ، خۆ سروشت ڕقی لە کەس نییە، ئەو دایکی هەموو گیانلەبەر و ڕووەکێکە، ئەوەی لەسەر عەرزی دەژی لە مەمکی ئەو بژێو دەگرێ، کەس باوەڕت پێ نەکا و تەنانەت بە کەم فام و گێلیشت بزانن، قسەکانی دایکی وەبیر دێتەوە: ڕۆڵە گیان، ئێمەش وەک ئەو خەڵکە، ئەگەر ئەوان مردن خۆ ئێمەش لەوان زیاتر نین، بەڵام ئەم لە وەڵامدا کوتبووی ئاخر دایە چۆن من وەک ئەو خەڵکە دەژیم کە باوەڕیان بە چاوی خۆشیان نییە، ئەوان دەزانن و خۆیان فریو دەدەن، خۆیان بە شێت دەزانن، من نازانم وەک ئەوان بم، چ بکەم! بەڕاستی سەیر بوو بەو ئاوە لێڵەیان دەگوت ڕوونە! ناهەقیشیان نەبوو، خۆ ئەوان قەت قەت چۆرە ئاوێکی ڕوونیان بە چاوی خۆیان نەدیوە، ئەگەر ڕۆژێک بێن ئەم ئاوە ڕوونە ببینن، دەزانن جیاوازی نێوان ڕوون و لێڵ کامەیە، بەداخەوە مەحاڵە ئەوان بتوانن ئەو زەحمەتە بە خۆیان بدەن و ئەو هەموو ڕێگا سەخت و دژوارە ببڕن و بێنە ئێرە و سەر لەو ڕازە دەرهێنن، جا بۆ ئێستا من بچم و بڵێم ئەو ئاوە سەرچاوەکەی ڕوونە وەک فرمێسکی چاو و پڕە لە ماسی ڕەنگاوڕەنگی جوان، هەر ناشمکەن بە کێوا؟ بەخوا بە حەلەلەلەی سەگان وەدەرم دەنێن، دەڵێن شێت بووە، خەرەفاوە، لە تافی لاویدا لەونی لێ گۆڕاوە، نا وەڵڵا ئەوان قەت خۆیان لە گەرووی ئەو ئەشکەوتە ڕۆ ناکەن، دەتگوت شەوەزەنگە، چەندە سامناک و ترسێنەر بوو، ئەو هەموو کوند و شەمشەمەکوێرەی تێدابوو، بڵێی هۆی لێڵ بوونی ئەو ئاوە ئەوان نەبن؟ دەنا ئەوەتا ئاو دەڵێی چاوی قرژاڵە، خڵتەی تێدا نییە.

وردە وردە ماندوویەتی فلی دەکات، گیانی بە مێروولە دەکەوێ، پەنجەی خەوێکی خۆش دەنیشێتە سەر چاوە ماندووەکانی. دەستی شنەیەکی نەرم و فێنک سەرپۆشی خەوی بە سەردا دەکێشێت، دەستەملانی خەوێکی گەرم و شیرین دەبێ. بە هەزاران ماسی ڕەنگاوڕەنگ لە لێواری ئاوەکە کۆ دەبنەوە، هەزاران ڕەنگ تێکدەهاڵێن و سەمای لە بەردەمدا دەکەن، سەمایەکی بێ وێنە و تایبەت، بە کۆرس ئاهەنگێکی خۆش و سیحراوی دەڵێنەوە، دوو ماسی سووری بالابەرز وێنەیەکی بالانوێنی ڕوونیان بەرەوڕووی ڕاگرتووە، کە لە پەنجەی پێیەوە هەتا تەوقی سەری تێدا دیارە، بۆتە ماسییەکی بێ وێنە و هاوتا، لە ڕەنگی هیچ کام لە ماسییەکانی دیکە ناچێ. هەر پووڵەکەی لە ڕەنگێک دەنوێنێ، لەشی بۆتە پیشانگای ڕەنگەکان، خەرامان خەرامان بەرەو شوێنی ماسییەکان هەنگاو دەنێت. لەگەڵ هەر هەنگاوێکی ئەمدا، ماسییەکانیش پاشەوپاش دەکشێنەوە، هەتا دەگەنە نێرینەی ئاوەکە، وڵاتێکی ساماڵ و جوان، دنیایەکی ڕوون و زولاڵ، هەموو شتێک وەک هەیە واش دەنوێنێ، بێ پەچە و ڕووبەند و دەمامک. دوو ماسی سەوزی خرپنە دێن و لە ئامێزی دەگرن، بەدەم باران و شەپۆلی بزە و ماچەوە تێکەڵ بە سەمای گەرمی ماسییەکانی دیکەی دەکەن.

**١٣٨٤/١١/٥**



# دەرەو و ڕاستی

نارین عومەر
(دێرک)

د ڕۆژەکە ناسین و نە ناس دە، نە عەور بوو، و نە ساهی بوو، نە سار بوو، نە گەرم بوو. عەور و ستێرک ب هەڤدوو مژوول بوون، زەمین و ئاسیمان ب هەڤ ره دئاخڤین، و دەمسالان هەیڤ و مەه ل هەڤ بەلاڤ دکرن دەرەو و ڕاستی پێشبەر هەڤدوو ڕوونشتن، و ب هەڤ ره دانوستاندن هەر یەک ژ وان ب پەسنێ خوە کر.

دەرەوێ گۆت ئە راستییێ:

لەشکەرێن من ژ یێن تە پرترن، خوەدییێن من ل هاویر دۆرەبێن دنێ بەلاڤبوونە، ب سەرێ من سووند دخون، ب چاڤێن من مەیزە دکن.

راستییێ ب خەید گۆتییێ:

دەرەوا رەبەن، هەما بەسە ناڤێ تە دەرەوە، چڤاس ئەڤ ناڤ ل بەژنا تە تێ.

بێ خوەدیکێ، وارێ کوو ئەز تێدە ئامادە دبم، جهێ تە لێ نینە، چکۆ ئەز تاجا سەرێ جڤاتا مە، ئەز سووندا جڤاکا مە، هێلینا مشەخت و پەنابەرا مە، لێ تو لەیلانی و هەمی جانیوەران دخاپینی.

درەو کەنی و بەرسڤ دا:

ما تە مەتەلۆکا مرۆڤان نە بهیستیە:

«هەتا ڕاستی گەڕا ڤرێ جهێ خوە گرت» و «گوتنا خوەش خوەش نە هەتا کوو ڤر ژی یە».

راستییێ برهێن خوە قورمچاندن و درانێن خوە ل ڤرێ تووژ کرن و گۆتییێ:

دبێــژن: «ڕاســتی تاله، لێ دیسـا دمــینه ڕاســتی» و دبێژن:

«وەریسێ ڤرا کنه» و «وارێ ڤرا شین نادە».

دەرەوێ دیسا ب کەن بەرسڤ دا:

هەمــا وەرە ئەز و تـو ئەمێ ئەزمــوونەکێ ژ مــرۆڤـان رە چێکن دا ئەم بزانن کێ ژ مە زەنگینە و کێ هەژارە؟

ڕاستی ب لەز چوو و چەند نـووچەیێن ڕاست و دروست بەلاڤ کـرن، لێ ژ بلێ چەند کەسـان لێ نەبوون خـوەدی. دەما دەرەوێ نووچەیێن خـوە وەشـاندن، دناڤبەرا شەڤ و ڕۆژەکێ دە بەلاڤ بـوون، گـــەلەک کـــەس ژ وان رە بـوون خـــوەدی و مـــرۆڤ، ب دەهـان گـــۆتـگـۆتۆک و چیـــرۆک ئافـراندن و پێــشــەڕۆژێ دە بەلکی ئەو بێن داســـتـــان و ئەفسانە.

دەرەو ل راستیێ نەڕی و بەرۆ وێ هات، ب خەمگینی دەستێ خوە ب سەرە وێدە ئانی و وسا ئاخڤی:

ژ من نە خەیدە، هەتا کـوو ئەز نە باما ژی وێ مرۆڤـان واتەیەک دی ل هەمبەر تە ئەفراندبانا، ژبەر کوو ئەو وسا تێگەهتنە ڕەنگ و تاما ژیانێ.

پەیڤ ب واتەیێن خوە ڤە د قڕکا راستیێ دە سەکنین و ئەو بێ دەنگ کـرن، لەورا ڕاهێــژتە پێنووســا خـــوە و نڤیساند:

راســـتـــیێ ڕۆژەکێ کـراسێ نەناســیێ ل خـــوە کـــر، د کـــوورانیـــا مـــاوەیان دە نۆق بوو، خـــوەست ل وارێ خـــوە ڤەگەڕە، مخابن وێ ب دەهێن کراسا دیتن کوو وان دناڤ هناڤێن خوە دە ڕاستیەک نەناس ڤەشارتیە.

پاشرە نڤیساند:

ناسنامـەیا مـن! ئەز ژ تە خـەیدی مـە چمکی تـە ئەز د ناڤ گۆلا دەرەوان دە ئافراندم.

ناڤێ من دەرەوە، دیرۆکا من دەرەوە، هەر وها ڕاسـتـیا من ژی دەرەوە.

گەلۆ ڕاستیا من کانی و کووڤە چوویە؟؟؟



# (کان)ـە خوێ

**مەکسیم گۆرکی**
**لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس**
**(کەرکووک)**

-١-

بچۆرە حەوزە خوێیەکان! لەوێ، هەمیشە کار هەیە.. چونکە کارێکی زەحمەت و تورەهاتە. پیاو زۆر لەوێ نامێنێتەوە. خەڵک لەوێ هەڵدێن.. بەرگە ناگرن! تۆ وەرە ڕۆژ هەتا ئێوارە خوێ بکێشیتەوە! هەر عارەبانە و حەوت کوپێکی دەدەنێ.. بەڵام ئەوەش بۆ ڕۆژێک خراپ نییە، بەسە.

ئەو ماسیگرەی ئەو تەگبیرەی بۆ کردم، لابەلا تفێکی ڕۆ کرد و تەماشایەکی دەریا شینەکەی کرد و بە بڵمەبڵم ئاوازێکی سەیری لەبەر خۆیەوە گوت. پێکەوە لەبەر سێبەری کەپرەکەی دانیشتبووین. ئەو خەریکی پینەکردنی پانتۆڵێک بوو. باوێشکێکی دا و ئەوجا ددانی بە چیرەوە بردن و بە پەژارەوە یەک دوو ڕستەی نارەزایی گوت کە کار بۆ دانیشتوانی گۆی زەوی کەمە و بۆ ئەوەی کارێکت دەست بکەوێ، دەبێ دەستبەرداری چەندین کاری تر بیت.

– ئەگەر نەتتوانی.. وەرە ئێرە و پشوو بدە.. زۆر لێرەوە دوور نییە. هەروا پێنج شەش کیلۆمەترێک دەبێ، بەڵێ، پێم وایە دەتوانی بە پێیان بچیت!

ماڵاوایی لێی کرد. بۆ ئاگادارییەکانی سوپاسم کرد و بە دەم دەریاکەدا، بەرەو (کان)ـە خوێیەکان بەرێ کەوتم. بەیانییەکی گەرمی ئاب بوو، ئاسمان ساف و ساماڵ بوو. زەریا ئارام و چۆڵ بوو و شەپۆلە ئاماڵسەوزەکان، بە خەمبارییەوە یەک بەدوای یەکدا کلۆر دەبوونەوە و خۆیان بە لێوارە لمەکەدا دەدا. لەسەر ئەو کەنارە زەردەی بەرانبەرمدا، لە دوورەوە یەک دوو پەڵەی سپی لەناو هەڵاوی خۆرەکەدا دیار بوون- ئۆتیاکۆڤ بوو. کەپرەکە، لە دوامەوە، لە پەنای گردە لمەکاندا کە بە تیژی تیشکی خۆریان دەدایەوە، بزر بوو.

لەو کەپرەدا، کە شەوم لێی بەسەر برد، زۆر باسوخواس و ڕاوبۆچوونی هەم قووڵ و هەم سوعبەتم بیست کە هەموویان ساکار بوون. دەنگی شەپۆلەکانی زەریا بارودۆخە دەروونییەکەی منیان بەهێز دەکرد و پێکەوە هارمۆنیایەکیان پێکدەهێنا.

زوو، ئەو جێیانەی کە خوێیان لێ بەرهەم دەهێنا، بە بەرینی لەبەر چاوم دەرکەوتن. سێ دانە چوارگۆشە بوون و هەر یەکەیان چەند سەد باڵێک دەبوو و تەپۆڵکەی نزم و جۆگەی تەسک و بچووکیان بەلاوە بوون. لە یەکەمیاندا، کە پڕ بوو لە ئاوی زەریا، خوێیەکە خەریک بوو بە ڕەنگێکی بۆری و ڕووناک کە بەلای پەمەییدا دەشکایەوە و تیشکی خۆری دەدایەوە، دەمەیی. لە دووەمیاندا خڕ دەکرایەوە. لەمەیاندا ژنان کاریان دەکرد و بەخاکەنازی دەستیانەوە وەستابوون و تا چۆکیان بەو شتە لیقە ڕەشە درەوشەدارەدا ڕۆچووبوو و بەشێوەیەک لە شێوەکان، بەبێ دەنگی و بێ قسەکردن مردبوون و هەیکەلی پیس و ماندوویان لەسەر ڕووی ئەو درەوشەدارە لیقە ڕەشەدا دەبزوان. خوێ و دەڵەمەکەی، «ڕاپە»یان پێ دەگوت. خوێیەکە، لە چاڵی سێیەمەوە دەگوازرایەوە. کرێکارەکان، خۆبەخۆ بەپێشدا چەمابوون و عارەبانەیان پاڵ پێوە دەنا. تایەی عارەبانەکان جیرەجیریان لێوە دەهات و ئەو دەنگە هەم وەڕسکەر بوو، هەم هاواری ناڕەزایی. خەڵکەکە بە ڕیز دەڕۆیشتن و پشتیان لە ئاسمان کردبوو، بەڵام ئاسمان، گەرمییەکی وای دادەباراند، بەرگەی نەدەگیرا. لێرە و لەوێ، لە قەڵەشی نێوان خوێیەکەوە گیای قاوەیی مەیلە و سوور و کریستاڵی درەوشەداری خوێ زەوییە گەرمەکەیان داپۆشیبوو. دەنگی فۆرمەنەکە، کاتێ کە فەرمانی بە کرێکارەکان دەدا و جنێوی پێ دەدان و ئەوانیش لەبەر پێیدا عارەبانە خوێیان بەتاڵ دەکرد، لە جیرەجیری تایەی عارەبانەکان جیا دەکرایەوە. خوێیەکەی لەسەر هەرەمێکی درێژۆکە کۆمەڵ دەکرد و بۆ پەستانیش، بە پەقرەجێک ئاوی پێدا دەکرد. فۆرمەنەکە، پیاوێکی کەڵەگەتی وەک قیر ڕەش بوو و کراسێکی شینی لەبەر بوو و پانتۆڵێکی سپی دەڵبی لەپێ بوو و لەسەر کۆمەڵە خوێیە گەورەکە وەستابوو و پاچەکەی بە هەوادا ڕادەوەشاند و بە هەموو دەنگی فەرمانی بەوانە دەدا کە عارەبانەکانیان بەسەر لەوحەکاندا دەهێنا:

– لای چەپەوە ڕۆی بکە! چڵکن، پێم گوتیت لای چەپەوە! ئاها! شەرت بێ پشتت بشکێنم! دەی خوا بتباتەوە! ئەوە بۆ کوێ ملت شکاند؟ ها؟! هەی مەلعوون!

ئەوجا، بە پەشۆکاوی دەموچاوە عارەقاوییەکەی بە قۆڵی کراسەکەی سڕی و بە تووڕەیی ئاخێکی هەڵکێشا و بێ ئەوەی لە نەفرەتکردن بوەستێتەوە بەردەوام خوێیەکەی بە خاکەنازێک دەکوتا. کرێکارەکان، خۆبەخۆ عارەبانە خوێیەکانیان سەردەخست و بەپێی فەرمانی «سەروەتر! و لەلای چەپەوە!» هەڵیاندەڕشت و پشتیان ڕاست دەکردەوە و بەهەنگاوی قورس و هەڵخزانەوە بەو دەڵەمە ڕەش و لیقەدا سەرەو خوار دەبوونەوە تا خوێی زیاتر بکێشنەوە و لە گەڕانەوەدا عارەبانەکانیان بەدوای خۆیاندا بەکێش دەکرد و بە دەنگێکی ماندووترەوە ڕایاندەکێشا.

– «مەلعوونینە خێرابن!» بەرپرسی کرێکارەکان، جاروبارێ ئەو هاوارەی دەکرد، بەڵام بە هەمان ماندوویەتی و بێدەنگییەوە دەڕۆیشتن و تەنیا ڕوخسارە ماندوو و بێ تەعبیر و بە عارەقە و چڵک داپۆشراویان و بەڵێوە پێکەوە نووساوەکانیانەوە ڕق و پەژارەیان تێدا بەدی دەکرا. هەندێ جار دەنگی تایە گەورەکان دەهات و دەترازا و لەناو دەڵەمەی خوێدا گیر دەبوو. عارەبانەکانی پێشەوە دەڕۆیشتن، بەڵام ئەوانەی دوای عارەبانە گیربووەکە ڕێیان دەگیرا و ئەو هێزانەی کە پاڵیان دەنا، بەبێ گوێدان تەماشای ئەو هاوڕێیەی خۆیان دەکرد کە هەوڵی دەدا تایە شەست (پود)ییەکە بگێڕێتەوە جێی خۆی.

لە ئاسمانە ساماڵەکەشەوە، کە پڕ بوو لە هەڵاوی گەرمی، خۆر زەوییەکەی گڕباران دەکرد و دەتگوت لەو دەمودەستەدا گەرمایی خۆی بیری زەوی دەخاتەوە. دوای ئەوەی ماوەیەک لەلاوە وەستام و تەماشای هەموو ئەوانەم کرد، بڕیارم دا بەختی خۆم تاقی بکەمەوە و بە ساردییەوە چوومە ئەو شوێنەی کە کرێکارەکان عارەبانە بەتاڵەکانیان بۆ دەبرد.

– ڕۆژ باش، ماندوو نەبن!

لە بری وەڵامدانەوە شتێکی چاوەڕواننەکراوم پێ گەیشت. یەکەم زەلام، کە پیاوێکی سەر ماشوبرنجی تێکسمڕاو بوو و دەرلنگی پانتۆڵی تا چۆکان هەڵکردبوو و قۆڵی کراسەکەشی تا شانی، جەستەی برونزی دیار بوو، هیچی نەژنەوت و بە بێدەنگی و بێ هیچ

کاردانەوەیەک بەرانبەرم، بەلامدا تێپەڕی. دووەم کەس، گەنجێکی قژ زەردی چاوڕەش، بە ڕقەوە تەماشای کردم و جنێوێکی پیسی پێدام. کەسی سێیەمیان، کە پێ دەچوو یۆنانی بێ، بە جەستە ڕەشهەڵگەڕاوەکەی و قژە لوولەکەیەوە گەیشتە ئاستم و گلەیی ئەوەی لە بەختی خۆی کرد کە دەستی گیراون و ناتوانێ لووتم بادات و چاکوچۆنیم لەگەڵ بکات. بەشێوەیەک ئەوەی گوت کە لەگەڵ ئاواتخواستنەکەیدا یەک نەدەهاتەوە. چوارەم کەس بە تووڕەییەوە تا هێزی تێدابوو هاواری کرد: «ڕۆژی تۆش باش هەی ماری چاو بەچاویلکە!» لەگەڵ قسەکەیدا ویستی شەقم تێهەڵدا.

لە کاتی پێشوازی ئاوهادا هەندێ جار بە هاودەمێتی دەگوترێ «نائاسایی» و هەرگیز لە ژیانمدا، بەو شێوە توندە تووشم نەبیوو بە نائاگاییەوە چاویلکەکەم لادا و خستمە گیرفانمەوە و بەرەو لای فۆرمەنەکە چووم تا پرسیاری لێ بکەم ئاخۆ کاریان بۆ من هەیە، یان نییە، بەڵام هێشتا نەگەیشتبوومە لای، هاواری لێ کردم: «ها! چیت دەوێ؟! کارت دەوێ، ها؟!»

بە بەڵێ وەڵامم دایەوە.

«پێشتر عارەبانەت لێخوڕیوە؟»

گوتم کە خۆڵم بە عارەبانە کێشاوەتەوە.

** خۆڵ؟! بە کەڵک نایێ! خۆڵ- ئەوە شتێکی تەواو جیاوازە. لێرە خوێ دەگوازینەوە نەک خۆڵ! هەیتری بە! جنۆکە تۆ گوێ بگرە! لەبەر پێمدا بەتاڵی بکە.

جنۆکەکە، جلشرێکی قژبۆزی هەرقلانەی سمێڵدرێژی لووت سووری شینباوی خاڵخاڵ بوو. بە توندی نەڕاندی و عارەبانەکەی هەڵبڕی و خوێیەکەی هەڵڕشت. جنێوێکی دا و فۆرمەنەکە بۆڵەی بەسەریدا کرد. هەردووکیان بە ڕەزامەندییەوە بزەیان کرد و بۆ سەرنجراکێشانی من تەماشایان کرد.

فۆرمەنەکە لێی پرسیم: ئێ! چیت دەوێ؟

جنۆکەکە، چاوێکی لە فۆرمەنەکە داگرت و بە ئۆکرانی گوتی: ڕەنگە هاتبێتە کانە خوێیەکان تا شیرنایەتی بخۆیت، رووسیی مەلعوون.

هەوڵم دا دڵی فۆرمەنەکە نەرم بکەم و گوتم من لەگەڵ لێخوڕینی عارەبانەدا ڕادێم و لەوانی تریش خراپتر نیم.

- «بەر لەوەی ڕابێی، پشتت دەشکێ، بەڵام قیر بە قەرەج. وەرە دەی! یەکەم ڕۆژ، لە نیو ڕۆبڵ زیاترت نادەمێ. کوڕە هۆ و، عارەبانەیەکی بدەیێ!»

کوڕێک کە یەک کراسی لەبەردا بوو و هەتا چۆکی بە پارچە پەڕۆی پیس پێچابۆوە هات و تەماشایەکی کردم و گوتی: دە وەرە!

لەگەڵیدا چوومە سەر کۆمەڵێ عارەبانە کە بەسەر یەکدا فڕەدرابوون. بەدوای یەکێکی سووکدا کەوتمە گەڕان. کوڕەکە کەوتە هەڵکڕاندنی لاقی و بەبێدەنگی لێی دەڕوانیم. دوایی گوتی:

«ئەوەت بۆچی هەڵبژارد؟! نابینی تایەکەی ترازاوە؟!»

کاتێ ئەوەی گوت من یەکێکیانم بۆ خۆم لادابووە لاوە. ئەوجا بە بێ گوێدان لاکەوتە لاوە و لەسەر زەوییەکە پاڵ کەوت.

دوای ئەوە یەکێکی ترم هەڵبژارد و بۆ خوێ گواستنەوە چوومە ڕیزەوە. دەتگوت هەستێکی نەناسراوی قورس و گوشارم دەخاتە سەر بۆ ئەوەی ڕێی قسەکردنم لەگەڵ هاوکارەکانمدا لێ بگرێ، ئەگەرچی ماندوویەتی سیمای هەمووانی گرتبۆوە، بەڵام بە ڕوونی دیار بوو شتێکی لە ماندوویەتی قورستر کە هێشتا خۆی ئاشکرا نەکردبوو، لە ناخیاندا شاردرابۆوە. لەبەر هەتاوەکە، کە بێ بەزەییانە پێستی دەسووتاندن، هەمووان بەوپەڕی ماندووبوونەوە بەسەر لەوحەکاندا دەڕۆیشتن کە لەژێر قورسایی تایەی عارەبانەکاندا بەناو ئەو دەڵەمە خوێیە خەست و زۆر ناخۆشەدا دەچەمین کە تێکەڵی کریستاڵی خوێ ببوو و ئەو ناوەی گرتبۆوە و پێی دەبڕین و دەیکردنە برینی تەڕ و قەتماغەی برینی بچووکیشی لادەبرد. ئەو نەهامەتییانە لەنیگاکردنی یەکتر و لەو قسە سووکانەدا ئاشکرا دەبوو کە جاروبار بە قوڕگە وشک و تینووەکانیاندا دەردەچوون. کەس گوێی بە من نەدەدا. کاتێ گەیشتمە ناو چوارگۆشەکە، کە لەوێوە هەریەکە و عارەبانەکەی بەرەو کۆمەڵێ خوێ دەبا، هەستم بە شتێ کرد لە دوامەوە، بەر لاقم کەوت. کە ئاوڕم دایەوە، دەنگێکی ڕووبەڕووی شەڕانیم گوێ لێ بوو:

- دەی بجووڵێ شەیتانی درێژ!

عارەبانەکەم ڕاگرت و دەستم دایە خاکەناز و عارەبانەکەم بار کرد.

- «پڕتری کە!». ئەوە فەرمانی پیاوە هەرقلییە ئۆکرانییەکە بوو، کە بەلای منەوە وەستابوو.

ئەوەندەی توانیم عارەبانەکەم پڕ کرد. ئەوجا، ئەوەی

پشتمەوە فەرمانی دا: «یاڵڵا بجووڵێ!» تفیان دەکردە ناو لەپیان و دەستیان بەیەکدا دەخشاند و بەڕێ دەکەوتن. دیسان، بە پشتی نێزیکەی نەوەت پلە چەماوەوە، خۆیان بە پێشدا دەشکاندەوە و ملیان درێژ دەکردەوە و وەک ئەوەی بەشێوەیەکی جادووئامێزانە کارەکە ئاسانتر بکەن، دەگەڕانەوە.

من بە وردی سەرنجی ڕەفتارم دەدان و ئەوەندەی کرا، وەک ئەوان خۆم نووشتاندەوە و خۆم بەرەو پێش شکاندەوە و نەختێ عارەبانەکەم بزواند. تایەکەی کەوتە زیکەزیک و ئێسکی شانم بە ژان هات و باسکم ڕەق هەڵگەڕا و کەوتنە لەرزین. بە دوودڵییەوە چەند هەنگاوێکم نا... بەلای چەپدا لار بوومەوە، ئەوجا بەلای ڕاستدا و جارێکیش بە پێشدا هەڵەنگووتم... تایەی عارەبانەکە لەسەر لەوحەکە لاکەوت و کەوتە ناو خوێئاوکەکەوە. دەسکێکی عارەبانەکە، بە لێدانێکی پڕ لە وانەی فێرکردن، بەر ملم کەوت و لەناو خوێئاوکەکە، کەوتە سەر پشت. دەتگوت ئەو فیکەلێدان و هاتوهاوارە بەرزەی دەوروبەرم، ئەوەندەی تر بەناخی خوێئاوکە لیچ و گەرمەکەدا دەمچەقێنێ. لە کاتێکدا بێهوودە هەوڵی ڕاستکردنەوەی عارەبانەکەم دەدا، هەستم کرد شتێکی سارد و تیژ سینگم دەبڕێ.

ڕووی دەمم لە ئۆکرانییەک کرد، کە لە هەمووان لێمەوە نێزیکتر بوو. گوتم:

– «وەرە یارمەتییەکم بدە!

دەستی کرد بە قاقای پێکەنین و بەدەم پێکەنینەوە، جارێ بە پاشدا دەشکایەوە و جارێ بە پێشدا.

– خوا خۆت و دایکت بەرێتەوە! بچۆرە سەر لەوحەکە! عارەبانەکە بەلای چەپدا هەڵسووڕێنە! خۆزگە هەر لە جێی خۆت خوێئاوکەکە قووتی دەدایت!

دیسان دەستی کردەوە بە پێکەنین و ئاو زایە چاوی. دەستی نابووە کەلەکانی بە پشتدا و بەپێشدا دەشکایەوە.

– «بچۆرە سەر لەوحەکە، مەلعوون!» ئەوە قسەی پرچ بۆزەکە بوو. کە ئەوەی گوت، دەستی بێ دەسەڵاتی بەرەو لای من درێژ کرد. بە دەم تەماشاکردنمەوە عارەبانەکەی بەجیرەجیر دایە پێش.

ئەوانەی پێشەوە بەردەوام بوون و ئەوانەی لە پشتیشمەوە وەستابوون و بەمەیلەو تووڕەییەوە لێیان دەڕوانیم. بەهۆی هەوڵی ڕاستکردنەوەی عارەبانەکەوە عارەقەم دەردابوو و خوێئاوکیش جەستەی داپۆشیبووم و لێم دەچۆڕایەوە. کەس نەیدەویست یارمەتیم بدات. دەنگی فۆرمەنەکەشم لەسەر کۆمەڵە خوێیە بەرزەکەوە بەرگوێ کەوت:

– مەلعوونینە! ئەوە چەقیون؟! سەگبابینە! بەرازگەل! ئەگەر کەستان بە دیارەوە نەبێ کار ناڕوات. دەی بەخۆ کەون!

ئۆکرانییەکە، کە لە پشتمەوە بوو، هاواری کرد:

– لاچۆ لەسەر ڕێیەکە! ئەوەی گوت و عارەبانەکەی خۆی خستە ڕێ و بەسەرمدا خشا. بە تەنیا مامەوە و بە ماندووبوونێکی زۆر عارەبانەکەم ڕاست کردەوە، کە بە هۆی بەتاڵبوونەوەی لە خوێ و داچۆڕانی بەخوێئاوکدا، بە بەتاڵی لە چوارگۆشەکە بردمە دەرێ تا عارەبانەیەکی تر پەیدا بکەم.

– چییە؟ کەوتی؟ هیچ نییە! لە سەرەتاوە، هەموو کەسێک وایە.

تەماشای ئەو لایەم کرد کە دەنگەکەی لێوەهات، کوڕێکی بیست ساڵان لای تەختەکانی پشت کۆمەڵە خوێیەک لەسەر چنچکان دانیشتبوو و ناو لەپێکی خۆی دەمژی. بە بزەیەکی ئارامەوە و لە سەرەوەی دەستییەوە تەماشای کردم و سەرێکی ڕاوەشاند. گوتم:

– هیچ نییە. هەر هێندەیە کە جارێ ڕانەهاتووم. دەستت چییەتی؟

– دەستم بریوە و برینەکەی هەوی کردۆتەوە. ئەگەر مەودای مژینی نەبێ، باشترە گوێی پێ نەدەیت و ئەگەرچی ئازاریشی دەبێ، لەسەر کارەکەت بەردەوام بیت. دەی برۆ، برۆ! ئەگەر فۆرمەنەکە بتبینێ بۆڵەبۆڵت بەسەردا دەکا.

بەردەوام بووم. عارەبانەکەی تر باشتر بوو. سێیەم و چوارەم عارەبانەم گەیاند و ئەوجا دووی تر. کەس گوێی پێ نەدەدام و منیش زۆر ئاسوودە بووم. مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی لە بارودۆخی خەمناکدا دەژین.

یەکێ هاواری کرد:

– ئیتر بەسە! نیوەڕۆژەیە!

هەمووان هەناسەی حەسانەوەیان دا و بۆ نانخواردن ڕۆیشتن؛ بەڵام تەنانەت ئەوکاتەش نە خۆشحاڵی خۆیان بۆ پشوودانەکە دەربڕی، نە تووڕە بوون. دەتگوت هەموو

شتێ بە زۆرەملێ، بەناچاری و ڕقەوە ئەنجام دەدرێت. پێنەدەچوو کەس پشوودانەکە بە حەسانەوەی جومگە بە ئازارە ماندووەکانی و ماسوولەکە ماندووەکانی بەر خۆرەتاو بزانێ. پشت و لاق و شانم ئازاریان هەبوو، بەڵام هەوڵم دەدا ئەوانی تر پێی نەزانن و بە ئارەزووەوە بەرەو خواردنی شۆربا برنجەکە چووم.

– تۆ! نەختێ بوەستە!» پیاوێکی پیری توندی شڕۆڵ کە کراسێکی شینی لەبەردا بوو و دەموچاوێکی مەستی وەک ڕەنگی کراسەکەی هەبوو و دوو برۆی پڕی پێوە بوو، کە دوو چاوی سووری هەوکردووی هەڕەشە ئامێزیان لەژێردابوو، ئەو هاوارەی لێ کردم. نەختێ بوەستە! ناوت چییە؟

ناوی خۆمم گوت.

– ئاوها، ها! باوکت، کە ئەو ناوەی لێ ناوی، پیاوێکی بێ عەقڵ بووە. لای ئێمە، ئەوەی ناوی ماکسیم بێ، لە یەکەم ڕۆژی کارکردنیدا ڕێی پێ نادرێ بچێتە سەر شۆربای برنج. ئەوەی ناوی ماکسیم بێ، دەبێ لە یەکەم ڕۆژی کارکردنیدا، خواردنی خۆی بهێنێ. مەسەلەکە ئاوهایە! ئەگەر ناوت ئیڤان، یان هەر شتێکی تر بووایە، مەسەلەکە بە جۆرێکی تر دەبوو. من ناوم ماتڤەیە و خواردن دەخۆم، بەڵام ئەوەی ناوی ماکسیم بێ، دەبێ بۆ خۆی تەماشا بکات. دەی لە شۆرباکە دوورەوە بە!

بە سەرسوڕمانەوە تەماشام دەکرد. لاکەوتمە لاوە و لەسەر زەوییەکە دانیشتم. ئەو تووشبوونەم، تووشبوونێک بوو کە خۆم دەستم تێیدا نەبوو و تا ئەو کاتەش تاقیکردنەوەم لەگەڵیدا نەبوو، تووشی سەرسوڕمانی کردم. چ پێشتر و چ دواتر، زیاتر لە جارێک، کە چوومەتە سەر کارێکی نوێ، یەکسەر لەگەڵ ئەوانی تردا پێوەندی هاوڕێیانەم دروست کردووە، بەڵام ئەم جارەیان هەموو شتێک، بە شێوەیەک لە شێوەکان، تا ئاستی باوەڕنەکردن جیاوازە. لەگەڵ ناخۆشی بارودۆخەکەشمدا، بۆ زانینی شتەکان حەزی زانین سواری سەرم بوو. بڕیارم دا بۆ هەڵهێنانی ئەو مەتەڵە سەیرە هەوڵ بدەم. لەکاتێکدا بەوپەڕی ئارامییەوە تەماشای ئەوانی ترم دەکرد، چاوەڕوان بووم کارەکەمان دەست پێ بکاتەوە..

دەبێ بزانم، بۆچی ئاوهام لەگەڵدا دەکەن؟

-٢-

دوای ئەوەی نانیان خوارد، بە دەم ئای و ئۆی و جگەرە داگیرسانەوە لە شۆرباکە دوورکەوتنەوە. کابرا هەرقلییە ئۆکرانییەکە و گەنجە لاق پێچراوەکە بەرەو لای من هاتن و لەجێیەک دانیشتن کە ئەو عارەبانانەیان لە چاوم بزر کرد کە لەسەر کارەکە جێ هێڵدرابوون.

– «ها دۆستی ئازیز؟» ئۆکرانییەک ئەوەی پرسی. ئەوجا لەسەری ڕۆیی: «دەتەوێ قەلوون بکێشیت؟»

گوتم: «ئا، نەختێکم بدەیێ»

– خۆت تووتنت پێ نییە؟

– ئەگەر پێم بووایە داوام نەدەکرد.

– ڕاستە. فەرموو.

پاپەکەی دامێ. پرسی: بە تەمای لێرە ڕابکێشیت؟

– بەڵێ بە تەمام. ئەوەندەی بتوانم.

– ئەها! ئەدی خەڵکی کوێیت؟

منیش وەڵامم دایەوە.

– ئەها! لێرەوە دوورە؟

– سێ هەزار ڤێرست.

– ئۆهووو! دوورە، بەڵام بۆچی هاتوویتە ئێرە؟

– بۆ هەمان ئەو شتەی کە تۆ بۆی هاتوویت. وەک یەک لێی بڕوانە.

– ئەها! تۆش لەسەر دزی لە گوندی خۆت دەرکراویت؟

– مەبەستت چییە؟

– ئاخر من بۆیە لێرەم، چونکە لەسەر دزی لە گوندەکەی خۆمان دەرکراوم و تۆش دەڵێی هاتنی من بۆ ئێرە لەبەر هەمان هۆیە...

بۆ داهێنانەکەی خۆی، بەدەنگی بەرز دەستی بە پێکەنین کرد. گوتم:

– دە تۆ بوەستە!

– لێرە کات بۆ وەستان نییە. دەبێ کار بکەین. وەرە با بڕۆین. جێی خۆت لە پشت منەوە بکەوە، من عارەبانەیەکی باشم هەیە. دەی با بڕۆین.

ویستم عارەبانەکەی ئەو بەرم، بەڵام بە پەلە گوتی:

– بوەستە! من خۆم لێی دەخورم. ئەوەی خۆتم بدەیێ، عارەبانەکەی خۆمی لێ بار دەکەم. با نەختێ سوار بێ و پشوو بدات.

ئەو خۆشەویستییە گومانی لەلا دروست کردم و لە

کاتێکدا شان بەشانییەوە دەڕۆیشتم، لە عارەبانەکەی ورد بوومەوە کە تایەکەی لە سەرەوە بوو و لە هەمان کاتدا هەوڵم دەدا باوەڕ بە خۆم بێنم کە ئەوە بۆ من کێشە نییە، هیچ شتێکی تایبەتیم بەدی نەکرد ئەوە نەبێ کە کتوپڕ بوومەتە کەرەسەی جێی سەرنجی هەمووان و بە هەر هۆیەکەوە بووبێ هەوڵی شاردنەوەیان دەدا، بەڵام مەبەستی خراپیان لە دڵدابوو. سەرنجم دا لە هەموو لایەکەوە بە چڕی تەماشا دەکرێم و چپەیان دەکرد. تێگەیشتم کە دەبێ چاوم بکەمەوە و وریا بم، چونکە چاوەڕوانی شتێک بووم کە لە سەرەتاوە زۆر ئاساییە.
کابرای ئۆکرانی گوتی:
- ئەوە گەیشتین!
عارەبانەکەی خۆی داگرت و دایە من گوتی: ئەوجا پڕی بکە!
ئاوڕێکم دایەوە. هەمووان بە گەرمی خەریکی کارکردن بوون و منیش دەستبەکار بووم. چ دەنگێک نەدەهات دەنگی خاکەنازەکان نەبێ کە بەر خوێیەکە دەکەوتن. ئەو بێ دەنگییە لەسەر سینگم بووە قورساییەکی ناخۆش. بیرم لەوە کردەوە ئەو شوێنە جێ بهێڵم.
- دەی کار بکە! چییە خەوتیت؟ ئەوە فەرمانی لووتشینەکە، ماتڤەی بوو.
دەسکی عارەبانەکەم گرت و بەرزم کردەوە و بەرەو پێش پاڵم نا. ئازارێک بە هەردوو ناو لەپم گەیشت وای لێ کردم هاوار بکەم. دەستم لە عارەبانەکە بەردا و گواستمەوە، بەڵام ئەو جارە ئازاری ناو لەپم دوو هێندەی پێشتر بوو. هەردوو ناو لەپم پێستیان لێ داماڵا و بە دەسکی عارەبانەکەوە نووسا. لە کاتێکدا لە تاو ئازار و ڕق ددانم بە چیرەوە بردبوو، تەماشای دەسکی عارەبانەکەم کرد و بۆم دەرکەوت تەورێکیان پێوە بەستووە و دەوریان بە بزمار داکوتاوە و حیسابی ئەوەشیان کردووە کاتێ گوشار دەخەمە سەری، بترازێ و بزمارەکان پێستی دەستم بە دارەکەوە گیر بکات. ئەو حیسابکردنە، ڕاست دەرچوو. سەرم هەڵبڕی و تەماشای دەوروبەری خۆمم کرد.. لە هەموو لایەکەوە هاتوهاوار و پێکەنین و فیکەلێدان بوو. لە هەموو لایەکەوە سیمای بەدکاری خەڵکی سەرکەوتوو دەهاتە بەرچاوم. لەلای خەرمانە خوێیە گەورەکەوە، دەنگی پڕ جنێوی فۆرمەنەکە بەرز بووەوە، بەڵام کەس گوێی پێ نەدەدا- هەمووان سەرقاڵی من بوون. بە خەمساردی و ئاسایی ڕوانیم و هەستم بە ئارەزووی تۆڵە و ڕق کرد بەرانبەر بەو خەڵکە بەدکارە و ڕقەکەم بەردەوام لە ناخمدا دەکوڵا، بەڵام ئەوان ڕەوێ بوون و لە دژی من یەکیان گرتبوو. تا بە وشەی ناحەز و قەشمەری هێرشم بۆ بێنن. بە دەم ئازاری زۆرەوە دەمویست سووکایەتییان پێ بکەم. هاوارم کرد:
- بێ قیمەتینە!
مشتم بەرانبەریان ڕاست کردەوە و لەکاتێکدا بەرەو ڕوویان دەچووم، هەمان ئەو قسە سووکانەم پێ گوتن کە پێیان گوتبووم.
وەک بڵێی بەهۆش هاتبێتنەوە، دەستیان بە کشانەوە کرد. تەنیا ئۆکرانییەکە و لووتشینەکە لە جێی خۆیاندا مانەوە و دەستیان کرد بە هەڵکردنی باسکیان.
- ئێ! دە وەرە، وەرە!.. دەی! ئۆکرانییەکە، بێ ئەوەی چاو لە سەرم هەڵگرێ، ئەوانەی گوت. ئەوجا گوتی:
- ماتڤەی، بە دەمیدا بکێشە و نەجاتی دە!
هاوارم کرد: بۆچی وا ئازارم دەدەن؟ چیم لێ کردوون؟! منیش وەکو ئێوە بەشەر نیم؟!
هەندێ وشەی سووکایەتی و خراپ و بێ واتای تریشم بە زاردا هاتن و لە تووڕەییدا هەموو جەستەشم دەلەرزی و لە هەمان کاتدا چاوم تێ بڕیبوون تا گەمەیەکی ترم پێ نەکەن.
بەڵام سیما گێل و بێ موبالاتەکانیان، وەکو جاران بە چاوی سووکایەتی لێیان نەدەڕوانیم و پێ دەچوو لایەکی هۆشیان هەستی بە ئازاری ویژدان کردبێ، بۆیە ماتڤەی قۆڵی کراسەکەی دادایەوە و ئۆکرانییەکەش دەستی خستە گیرفانییەوە.
- بۆچی واتان کرد؟ من ئەو پرسیارەم لێی کرد.
لاملانە بێدەنگ بوو. ئوکرانییەکە جگەرەیەکی پێچایەوە و تەماشای بەردەمی خۆی دەکرد. ماتڤەی، کتوپڕ گەیشتە پشت ئەوانی تر کە خەریک بوون بەرەو عارەبانەکانیان بچنەوە. لەوێ وەستابوون و بە ڕقەوە خۆیان هەڵدەکراند. فۆرمەنەکەش کە مشتی ڕادەوەشاند و هەڕەشەی دەکرد، بەرەو دەستەکە هات. هەموو ئەوانە ئەوەندە بە خێرایی ڕوویان دا، ئافرەتەکان کە بیست هەنگاو لەولاترەوە بەخاکەناز خوێیان کۆمەڵ دەکرد، ئەوکاتە فریاکەوتن بەدەم هاوارەکانی منەوە بێنە پێشەوە، کە کرێکارەکان گەڕابوونەوە سەر عارەبانەکانیان. من بە

تەنیا لەگەڵ هەستی تاڵی خۆمدا کە بێ هیوایی بوو، مامەوە. ئەوەش ئازار و هەستی سووکایەتی پێکردنی زیاد دەکرد. وەڵامی پرسیارەکانی خۆمم دەویست و دەمویست تۆڵە بکەمەوە. هاوارم لێ کردن:

– بوەستن!

وەستان و بە سەرسوڕمانەوە تەماشایان دەکردم.

– پێم بڵێن! بۆچی ئاوها سووکایەتیتان پێ کردم؟ خۆ هیچ نەبێ دەبێ تۆزێ ویژدانتان هەبێ!

بێ دەنگ مان و دەتگوت ئەو بێ دەنگییە لە بری ئەوان وەڵامم دەداتەوە کە نەختێ ئارام بوومەوە، دەستم بە قسان کرد لەگەڵیاندا. لە سەرەتادا گوتم کە منیش هەر وەک ئەوان مرۆڤم و دەبێ وەک ئەوان خۆراک بخۆم، لەبەر ئەوە، دەبێ وەکو ئەوانیش کار بکەم و بەلای خۆمەوە بۆ لای خەڵکانی وەکو خۆم هاتووم کە نە لە خۆم بە گچکەتریان دەزانم نە گەورەتر.. پێم گوتن:

– هەموومان وەک یەکین و دەبێ لەیەکتر بگەین و ئەوەندەی دەکرێ هاوکاری یەکتر بکەین.

بە دەورمدا گردبوونەوە و بە وریایی گوێیان دەگرت، بەڵام خۆیان لە تەماشاکردنی چاوم دەبوارد. کە تەماشای ئەم لا و ئەولام دەکرد، زیاتر ئەوەم بۆ ڕوون دەبووەوە و ئەوەش دڵی خۆش دەکردم. هەستێکی ڕووناکی و خۆشی دایگرتم و خۆم هاویشتە سەر کۆمەڵە خوێیەک و دەستم بە گریان کرد!..

کە سەرم هەڵبڕی، کەس لەو نزیکانە نەمابوو. کار تەواو ببوو و کرێکارەکان بە دەوری کۆمەڵە خوێیەکاندا کۆمەڵ ببوون و هەر دەستەیەکیان لە پێنج- شەش کەس پێکهاتبوو و دەتگوت پەڵەی پیسی بێ شێوازن بە تەختانە پەمەییە خوێیەکەوە، کە لەبەر تیشکی خۆری دەم کەل دەدرەوشایەوە. دنیا کشومات بوو. بایەکی فێنک لە زەریاوە هەڵیکردبوو. پەڵەهەورێکی سپی بە ئاسماندا دەکشا و خۆی لە تەمی ڕوونی ئاسمان جیا دەکردەوە و دەڕۆیشت. هەستم بە ئارامییەکی خۆش دەکرد.

هەستامە سەر پێ و بەرەو کۆمەڵە خوێیەکە چووم و بڕیاری گردەبڕم دابوو خواحافیزی بکەم و بگەڕێمەوە بۆ کەپری ماسیگرەکە. کە گەیشتمە ئەو دەستەیە، کە لە ئۆکرانییەکە و ماتڤەی و فۆرمەنەکە و دوو سێ شڕپۆشی تریش پێکهاتبوو، هەستانە سەر پێ و بەرلەوەی فریای قسەکردن بکەوم، ماتڤەی بێ ئەوەی تەماشام بکات، دەستی بۆ درێژ کردم.

– هاوڕێم، ئەوەتا دەبینی جێمان دەهێڵی و بەڕێی خۆتدا دەڕۆیت! ئێمەش نەختێ پارەمان بۆت کۆکردۆتەوە تا لە ڕێگا پێت بێ، فەرموو وەریگرە.

هەندێ وردەی بە دەستەوە بوو، کە دەستیشی هێنا، دەلەرزی، سەرم سوڕما و بەبێ ئەوەی هیچ تێبگەم تەماشام کردن. بەبێ دەنگی وەستابوون و سەریان خوار کردبوو. جلە شڕەکانی، بێ ئەوەی پێویست بکا، ڕێک خستنەوە و جێی پێیەکانی گۆڕین و تەماشای ئەم لاو ئەولای کرد و هەموو ئەوانە و هەموو بزاوتنێک ئەوپەڕی شڵەژانی لەگەڵدا بوو، لەگەڵ خۆزگەخواستنی ئەوەی بە زووترین کات لە کۆڵیان ببمەوە.

– وەریان ناگرم! ئەوەم گوت بەلایەکی تردا پاڵم بەدەستی ماتڤەیەوە نا.

– با، وەریگرە و هەستمان بریندار مەکە. ئێمە چیمان کرد؟ ئەگەر پیاو ڕاست بڵێ ئێمە.. دەزانی، ئازارمان پێ گەیاندی، بەڵام باشتر وانییە چارەسەری بکەینەوە؟ ڕاستت گەرەکە، کارێکی باشمان نەکرد. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە، هەر ژیان خۆیەتی. ژیانمان چۆن دەبینی؟ زەحمەتە. عارەبانەکان شازدە پود قورسن و ئەو لیقاوە پێی مرۆ شەقارشەقار دەکات و خۆریش، ڕۆژ هەتا ئێوارە مرۆ هەڵدەقرچێنێ و ڕۆژانەکەش دەبێتە نیو ڕۆبڵ! هەموو ئەوانە بەشی ئەوە ناکەن بەشەر بێزار بێ؟ مرۆ کار دەکات و کار دەکات و بە پارەکەی دەخواتەوە و دیسان کار دەکات! ئەوە هەموو شتێکە! ئەگەر پیاو پێنج ساڵ ئاوها بژی.. ئا.. ئەوجا پیاو سیمای مرۆڤبوونی خۆشی لە دەست دەدا- مرۆ دەبێتە ئاژەڵ و هیچی تر! لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکتریش دەناسین، لەناو خۆماندا لەوە خراپتر بەیەکتر دەکەین کە بە تۆ کرا، بەڵام تۆ نەناسراوێکی. بۆچی دەبێ ئازارت بدەین؟ مەسەلەکە ئاوهایە.. تۆ تازە هەندێ شتت گوت. ئەوجا چییە؟ دیارە هەموو قسەکانت جوان و ڕاست بوون... هەر ئەوەیە کە نەدەبوو هەموو ئەو قسانە بەیەک جار بکرێن. خراپ تێ مەگە... مەسەلەکە سوعبەت بوو. هەرچۆنێ بێ ئێمەش دڵێک لەناو سینگماندا هەیە... بەڵێ دڵمان هەیە! ئێستا بۆ هەر کوێیەکت دەوێ، ڕاستییەکانی خۆت لەگەڵ خۆتدا بەرەو برۆ. ئێمەش بە ڕاستییەکانی خۆمانەوە لێرە

دەبین. ئەو پارەیە وەرگرە و خوات لەگەڵ. نە بۆ ئێمە شتێک هەیە بە هۆیەوە داوای لێبوردن بکەین نە بۆ تۆ. ڕاستە ئازارمان پێ گەیاندی. جا چ قەوما؟ لای ئێمە شتی چاک نییە. تۆ بۆ ئەوە نابیت لێرە بمێنیتەوە. تۆ چۆن لەگەڵ ئێمەدا دەگونجێیت؟ ئێمە وەک دەبینیت پێکەوە جۆش دراوین، بەڵام تۆ لادەویت و هاتوویتە. تۆ بە ڕاگوزاری ڕێت کەوتۆتە ئێرە و هیچت لای ئێمە دەست ناکەوێ.. کەواتە خۆت ڕەها بکە. بە ڕێی خۆتدا بڕۆ و خوات لەگەڵ!

تەماشای ئەوانەی دەوروبەری خۆمم کرد. باوەڕم هێنا کە هەموویان لەگەڵ ماتڤەیدا هاوڕان. خورجینەکەم بە شانمداداو ویستم بڕۆم.

– «بوەستە! دەمەوێ قسەیەکت پێ بڵێم!» ئۆکرانییەکە دەستێکی خستە سەر شانم و ئەوەی گوت. ئەوجا لە سەری ڕۆیی: ئەگەر کەسێکی تر بوایە لە جێی تۆ، بە مشتەکۆڵە بەڕێم دەکرد. تێگەیشتی؟ بەڵام تۆ بە ئارامی بڕۆ، تەنانەت پارەشمان پێ دایت تا لە ڕێگا بە کەڵکت بێ. هەقە بۆ ئەوە سوپاسمان بکەیت!» لابەلا تفێکی ڕۆکرد. بە دەم پێچانەوەی جگەرەوە، وەک ئەوەی بەوانی تر بڵێت: «دەبینن چەند زیرەکم!» تەماشایەکی ئەم لاو ئەولای خۆی کرد.

بە باوەڕهێنانەوە بە هەموو ئەوانە، خواحافیزیم کرد و بە پەلە بەرەو دەم زەریاکە بەڕێ کەوتم تا لەوێوە بەرەو ئەو کەپرە بچم کە شەوم تێدا گوزەراندبوو. ئاسمان ساماڵ و دنیا گەرم بوو. زەریا چۆڵ و سەمناک بوو و شەپۆلەکان، مەستانە دەهاتن و لەبەر پێمدا دەبڕانەوە. شتێک وای لێ کردم بەدکار بم و شەرمیشم بەوە دەهات.

بە کاوەخۆ، بە تێکشکاوی بە لێواری گەرمی زەریاکەدا ڕۆیشتم. زەریا، بە ئارامی تیشکی خۆری دەدایەوە و شەپۆلەکان لە گفتوگۆدا بوون و باسی شتی ناڕوون و نهێنییان دەکرد.

کە گەیشتمە کەپرەکە، ڕاوچییە ئاشناکەم هەستایە سەر پێ و بەدەنگێکی سەرکەوتووانەی کەسێکەوە کە بۆچوونەکانی ڕاست بووبن، گوتی:

– نەمگوت! ئاوها، ها! خراپت بەسەردا هاتووە؟

بەبێ دەنگی تەماشایم کرد.

– «ئا، ئا! نەختێ خراپت لێقەوماوە!» بە باوەڕ و دڵنیابوونەوە ئەوەی گوت و لێم ورد بووەوە. «خۆراکێکی زۆرم لێناوە. نیوەی ماوەتەوە. وەرە تامێکی بکە! شۆربایەکی خۆشە. تەختەماسی و ئێسکەماسی...» (*)

دوای دوو دەقیقە، لە سێبەری کەپرەکە دانیشتبووم. هەموو گیانم پیس بوو و زۆر ماندوو بووم و زۆریش برسیم بوو. بەخەمباری و دڵشکاوییەوە شۆرباکەم خوارد.

**(*) (Fundra و Stor) ناوی ئەو دوو جۆرە ماسییەن و خۆم دامناون. یەکێکیان جەستەی پاتە و دووەمیان ئێسکی زۆرە و کاڤیاری ڕووسی دەدا. بە داخەوە نەمزانی بە کوردی چییان پێ دەڵێن.**

**سەرچاوە:**

**Ryska Klassiker**
**Tidens forlag 1984, 1988**
**Forord Nils Ake Nilsson 1984**
**Omslag: Admanus, Stockholm**

* هەرچەندە ئێمە لە گۆڤاری ڕامان-دا کردوومانە بە نەریت کە لە زمانی یەکەمەوە بەرهەمی نووسەران وەربگرین، بەڵام لەلایەک جوانی وەرگێڕانەکە و لەلایەکیش تەمەڵی کردنی ئەوانەی زمانی ڕووسی دەزانن و ڕاستەوخۆ ئەم کارانە ناکەن، بە پێویستمان زانی ئەو چیرۆکە وەرگێڕاوەی گۆرکی لەجیاتی ڕووسی لە زمانی سویدییەوە قەبووڵ بکەین.

**(ڕامان)**

# له ئاییندەدا

**ئومێدی شانۆ**
**(سلێمانی- پیرەمەگروون)**

کەسایەتییەکان:
ئافرەتی ١
ئافرەتی ٢
ئافرەتی ٣
ئافرەتی ٤
نێرەمووکێک
دەنگی پیاوێک

بەرلەوەی شانۆ ڕووناک بێتەوە، دەنگی تەقە و هاواری پیاوان و شەڕ و گرمەی تۆپ دێت، بۆ ماوەی یەک خولەک، دواتر دەنگی شیوەنی ئافرەتان و لەخۆدانیان دێت، پاشان ئافرەتێک چرایەک کە لە ناوەڕاستی شانۆ هەڵواسراوە، هەڵدەکات و شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، دیکۆر و تەختەی شانۆ سەراپا ڕەشە و لەناوەڕاستی پشتەوەی شانۆ، پەنجەرەیەکی بچووک هەیە، ئافرەتەکانیش جلی ڕەشیان لەبەردایە و بەسەر شانۆکەدا دابەش بوون و دەگرین و لەخۆیان دەدەن، دواتر دەنگی لێدانی دەرگا دێت، هەموویان ڕادەکەنە بەر پەنجەرەکە و سەیری دەرەوە دەکەن و هەناسەیەکی خۆشی هەڵدەکێشن، بەڵام دەنگی فیشەکێک دێت، ئەوانیش هەموو دەتاسێن و نائومێد دەبن و لەسەر شانۆکە بە چۆکدا دێن..

**ئافرەتی ٢:** نەوتی چراکە بەرەو تەواو بوون دەچێت (ئەم چرایە دەبێ نەوتی کەم تێدا بێت و هێدی هێدی بەرەو کوژانەوە بچێت تا کۆتایی شانۆکە بکوژێتەوە)

**ئافرەتی ١:** هێشتا هیوایەک ماوە.

**ئافرەتی ٤:** ئەوان هەموو تێدا چوون، ئیتر خوێنیان نەمامی نوێ ئاو نادات.

**ئافرەتی ٣:** تۆ بڵێی پیاوی هیچمان نەمابن!؟

**ئافرەتی ٤:** پرسیارێکی بێ مانایە، ئیتر هەرگیز نایەنەوە، ئەوانەی نەشکوژرابن، بۆ زیندانەکان براون.

**ئافرەتی ١:** ڕەنگە هەندێک لەسەرتیپەکان لەوێ بکەونە نێربازی، چونکە بێ سێکس ناتوانن بژین.

**ئافرەتی ٤:** سەرتیپەکان نە لە جەنگەکە تێداچوون نەدیلن، بەڵکو بەر لە جەنگەکە ڕۆیشتن!

(چراکە کزتر دەبێ)



**ئافرەتی ٢:** نەوتی چراکە بەرەو تەواو بوون دەچێت.
**ئافرەتی ١:** هێشتا هیوایەک ماوە.
**ئافرەتی ٣:** من هەم خۆم، هەم جەستەم برسیەتی، ئایا کە هیچ پیاوێک نەمابێ، دەتوانین ئاوا بژین؟
**ئافرەتی ٤:** چی بکەین گەر چراکەش بکوژێتەوە، لە تاریکیدا دەتۆقین!
**ئافرەتی ٢:** من دەچمە دەرەوە بەدوای مێردەکەمدا دەگەڕێم، تا کچە بچووکەکانم بێ باوک نەبن.
**ئافرەتی ٤:** بەڵام ئەو نەماوە، لە دەرەوەش لافاوی خوێن هەستاوە، گەر بچییە دەرەوە، ڕەنگە ئەو کچانەی تازە شوویان کردووە و تێر نەبوون لە جێی پیاو پەلاماری تۆ بدەن.
**ئافرەتی ٣:** ڕێژیم نەدەگرت سەرباری ماندوو بوون و هیلاکییەکەی، من منەتم بەسەردا دەکرد دەمگوت من جوانترم لە تۆ، بەڵام گەر ئەم جارە نەمردبێ و بێتەوە دەیپەرستم..!
**ئافرەتی ٢:** ئەگەر کوڕە تلیاکی و ڕیسواکانیش یەکێکیان مابێ، من ئامادەم شووی پێ بکەم، تەنانەت ئەو کوڕەی باوکمی کوشت! ئەگەر بێتەوە شووی پێ دەکەم،
**ئافرەتی ٤:** بەڵام هەموو شت بێ سوودە، چونکە پیاو لەم مەملەکەتەدا نەماوە.
**ئافرەتی ١:** من دەڵێم.. ئێمە.. پێویستە شوو بە یەکتری بکەین و خۆمان لە یەکتری بەتاڵ بکەینەوە.
**ئافرەتی ٣:** بەڵام خۆ کوڕمان نابێت.
**ئافرەتی ٢:** خۆ ئارەزووەکانمان بەتاڵ دەبێتەوە.
**ئافرەتی ٣:** ئاخر دواتر فتوای کوشتنمان بۆ دەردەچێ.
**ئافرەتی (قاقا پێدەکەنێ):** بەڵام خۆ هیچ پیاوێک نەماوە تا بمانکوژێت.
**ئافرەتی ٤:** گەرچی خیانەتیان لێ دەکردین، دەیانکوشتین، بەڵام ئەوەتا ئێستاش بۆیان دەگریەین، ئامەزرۆی بینینەوەی ئەوانین.
(لە دەرگا دەدرێت، هەموویان ڕادەکەنە لای پەنجەرەکە، بە خۆشییەوە بۆ دەرەوە دەڕوانن)
**ئافرەتی ٣:** تۆ بلێی کێ بێت؟ ڕەنگە پیاوێک بێت.
**ئافرەتی ١:** تۆ بچۆ بیکەوە (بۆ ئافرەتی ٢)
**ئافرەتی ٢:** تۆ بچۆ بیکەوە (بۆ ئافرەتی ١)
**ئافرەتی ١:** تۆ بچۆ بیکەوە (بۆ ئافرەتی ٤)
دەنگی ئافرەتێک لەدەرەوە دێت: کێی لێیە؟ ئەرێ پیاوەکەم لەوێیە؟
چوار ئافرەتەکە نائومێد دەبن (چراکە کزتر دەبێت)
**ئافرەتی ٢:** نەوتی چراکە بەرەو تەواو بوون دەچێت.
**ئافرەتی ٤:** هێشتا هیوایەک ماوە. (جەڕەس بۆ تەلەفۆنەکە دێت، هەموویان ڕادەکەنە سەر تەلەفۆنەکە)
**ئافرەتی ١:** (تەلەفۆن هەڵدەگرێ) بەڵێ.. ئەلو..
**دەنگی پیاوێک:** ئەم کاتەت باش، بێ زەحمەت ئێمە پێویستیمان بە چوار ئافرەتە، چونکە لای ئێمە ئافرەت نەماوە، ئێمە چوار پیاوین (هەموو ئافرەتەکان خۆشحاڵن)
**ئافرەتی ١ بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە:** بەڕاست؟ لە کوێن..؟ دێین بۆلاتان.. هەر ئێستا.. (گرمەی تۆپێک و هاواری چوار پیاو لە تەلەفۆنەکەوە دێت) ئەلو.. ئەلو.. وەڵام دەرەوە (ئافرەتەکان نائومێد دەبن و لە تەلەفۆنەکە دوور دەکەونەوە و دەکەون) (چراکە کزتر دەبێت و بەرەو کوژانەوە دەچێت، ئافرەتەکان تەواو شەکەت دەبن و بەپچڕ پچڕی قسە دەکەن).
**ئافرەتی ٢:** چراکە وا کوژایەوە..
**ئافرەتی ١:** هیچ هیوایەک نەما..
**ئافرەتی ٤:** هیچ پیاوێک نەما، منداڵیشمان نابێت! ئیتر سێکس و ڕابواردنیش تەواو، ژن کوشتنیش نەما، بەڵام خۆمان دەمرین.
**ئافرەتی ٣:** من تەنیا چاوەڕێی مردنم، (چراکە کزتر دەبێت، سەر شانۆ بەرەو تاریکی دەچێت، لە دەرگا دەدرێت، بەڵام ژنەکان ناتوانن هەستن و نائومێدن، دواتر پیاوێک دێتە ژوورەوە خوێن بەدەم و چاو و جەستەوەیەتی و جلەکانی دڕاون، ئافرەتەکان هەموو بەتامەزرۆیی دەوری دەدەن).
**ئافرەتی ١:** من شووت پێدەکەم.
**ئافرەتی ٢:** منیش.
ئافرەتی ٣: دەمکەی بە هاوسەری خۆت؟
**ئافرەتی ٤:** منیش دەمەوێ شووت پێ بکەم...
**پیاو:** بەڵام من لە جەنگدا پیاوەتیم لە دەست داوە. (یان دەڵێ) بەڵام من نێرەمووکم. (ئافرەتەکان بە نائومێدی دەکشێنەوە و هەریەک لە لایەک دەکەون).

چراکە دەکوژێتەوە و سەر شانۆ تاریک دەبێت

کۆتایی

**٢٠١٠/١٢/٢٣**



مــاوەیەک بەر لە ئێـســتــا لە کــاتی کارکردن لەسـەر لێکۆڵینەوەکانم، ڕاست تووشی ئەم هەڤپەیڤینە هاتم کە گۆڤاری (کـیـهـان فـرهنگی) ئێرانی لە کۆتایی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ هەژار مـوکـریانی ئەنجامی داوە. پاش بەدواداچوون و ســۆراخ و پرسین، بۆم دەرکەوت تا ئێستا بە کوردی نەکەوتۆتە بەردەستی خوێنەران، لەبەرئەوەی هەژار موکریانی نووسەر و وەرگێڕێکی ناوداری کوردە و لە هەڤپەیڤینەکەدا کورتەی ژیان و ئەزمـوون و بیـروڕاکـانی خـۆی دەخــــاتە ڕوو، پێم باش بوو دەقی گفتوگۆیەکە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی خوێنەرانی کوردیش لێی سوودمەند بن. (وەرگێڕ)

# عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، وەرگێڕ و شاعیری کورد(١)

**لە فارسییەوە: د. ئامر طاهر**
**(ئەنستیتۆی ئێراناسی - ئەکادیمیای علوومی نەمسا)(٢)**

**کـیـهـان فـرهنگی:** مـامـۆسـتـا، بێ گـومـان لەگـەڵ بڵاوکـراوەکـەمـان و ڕێڕەوی کـاریدا ئاشنان. پرسـیـاری یەکـەممان زیاتر پێـوەندی بە کـورتەی ژیننامـە و خوێندەوارییەکانەوە هەیە.

**عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار):** شەرحی حاڵی من ئەوەندە گرنگ و شایانی بیستن نییە. من لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی [١٩٢١ زایینی] لە مەهاباد لە دایک بووم. لە ڕۆژگاری منداڵێتیمدا لە قوتابخانە ئایینی و حەوزە عـیلمـیـیـەکاندا دەرسم خـوێند و تازە پێم نابووە قۆناغی گەنجێتی کە لەگەڵ بنەماڵەکەمدا بەرەو گوندێ بەناوی تەرەغـە لە دەوروبەری بۆکـان ڕۆیشـتین. لەو ڕۆژگـارەدا بەهۆی ئەو دووچاوەکـیـیـە زۆرانەی ڕژێمی دەسەڵاتدار دەینواند، بەرەو پرسە سیاسییەکان ڕاکێشرام و بە ناچار لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا بەرەو عیراق ڕام کرد.

لەوێ نەخۆش کەوتم و گیروگرفت و ئازارگەلێکی زۆرم بەسـەر برد. دواتر چووم بۆ لبنان و نزیکەی دوو سـاڵ لەوێ بووم. سێ سـاڵیش لە سـووریا مـامـەوە. تا ئەو کاتەی عبدولکەریم قاسم لە عیراق کودەتای کرد و من گـەڕامـەوە ئەوێندەر. هەر لەو بەینەدا بوو کـە مـەلا مستەفام بینی و یەکترمان ناسییەوە. کاتێ شەڕ لەگەڵ عـیـراق و ڕژێمی سـەدامـدا ڕوویدا، من لە ڕێگای هاوکاری کردن لەگەڵ ڕادیۆ و چاپەمەنییەکاندا، دژایەتی خـۆم دەردەبڕی تا ئەو کـاتەی ناچار بووم بگەڕێمـەوە ئێـران، بەڵام ڕژێمی شا لێـرە [لە ئێـران] حـوکـمی لە سـێـدارەدانی بەسـەردا سـەپاندبووم، بۆیە برادەران نێوبژیوانییـان کرد و داوای لادانی حوکمەکەیان کرد، بەڵام شا لە وەڵامدا وتبووی: بەخشینێ لە ئارادا نییە، بەڵام دۆسییەکەی مەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

من لە بەغـدا ئەندامی کـۆڕی زانیـاری(٣) بووم و چەندین کـاری وەرگـێـڕانم لەبەردەسـتـدا بوو، بۆیە باری ژیانم باش بوو. کـتـێبـخـانەیەکی چاکیشم هەبوو، بەڵام ئەمانە هەموویان بە فـەرمانی سەدام دەستیـان بەسەردا گیرا. لە ئەنجامدا کاتێ هاتمەوە ئێران، لەوپەڕی هەژاری و تەنگدەستیدا بووم، هەربۆیە لێرە خانوویەکیشیان دامێ.

لە ئێران بۆ گوزەرانی ژیان و بەهەرحاڵ بۆ ئەنجامدانی جۆرێ خزمەتی ڕۆشنبیری بڕیارم دا دەستبەکاربم و چووم بۆ دەزگـای چاپی زانکۆ و هەندێ شـوێنی تر. لەوێ لە توانایی و سـامـانی زانسـتی منیـان پرسی. وتم: «من زمـانی عـەرەبی سەردەمی جاهیلییـەت و عـەرەبی دوای ئیسلام دەزانم و لەگەڵ زمانە خۆماڵییەکانی خەڵکانی عـیـراق و لبنان و سووریا و مـیـسـریش ئاشنایەتیم هەیە، هەروەها تورکی ئەسـتـەنبـوڵی و ئازەریش دەزانم و لەبەر ئەوەی خـۆشم کـوردم، ئاسایییە کـە ئەم زمـانەش بەچاکی دەزانم.» ئاغـای فـرەوەشی پێی وتم: «وەرە کـتـێـبی (قـانوون)ی ئیبنی سینا وەربگێڕە.» منیش هەرچەندە زانیـارییەکی ئەوتۆم لەبارەی ئەم کتێبەوە نەبوو، هەر بەو خەیاڵەی کتێبێکی عەرەبی وەردەگێڕمە سەر فارسی، پێشنیارەکەم پەسەند کرد، بەڵام دواتر کە کتێبەکەم هێنا و هەندێکیم لێ خـوێندەوە، بۆم دەرکـەوت کـە بە هیچ شێوەیەک وا نییە وەکو بەخەیاڵمدا دەهات و کـارێکی یەکـجـار قـورسـە، بۆیە گـەڕامـەوە لایان و وتم: «زانیارییەکانم زیاتر لەبارەی ئەدەبیاتی عەرەب و دیوانی شاعیـرانی وەکو موتەنەبیی، ئەبوونواس و بوحـتەرییە. تەنانەت شارەزای ئەدەبیـاتی قـۆناغی جاهیلیـەتیـشم، بەڵام وەرگـێـڕانی ئەم کـتـێـبە لە ڕادەی تواناییـەکـانم بەدەرە.» ئاغـای دکـتـۆر فرەوەشی وتی: «خـۆت مـاندوو مـەکـە. ئەگـەر مـانگێ لاپەڕەیەکیش وەربگێڕیت، بۆمان بەسـە». دواتر وا بڕیار درا کـە دەست بەکـارێکی تریش بکەم کە هەر ئەم فـەرهەنگە کـوردی- فـارسـیـیـەیە. بۆ ئەنجـامدانی ئەم کـارەش دوو ڕۆژ لە هەفـتـەدا دەچوومـە (پژوهشکدە ایران زمین)(٤) - کە ئێستا بە (مؤسسە مطالعـات و تحقیقـات فرهنگی)(٥)ەوە پەیوەستـە -. دوای شۆڕشی ئیسـلامیش هاتن لێیان پرسیم: «لێرە چ دەکـەی؟» گـوتم: «خـەریکی وەرگـێـڕانی (قـانوون) و کۆکردنەوەی فەرهەنگی کوردی - فارسیم. ئەگەر پێتان باشە، بەردەوام بم.» کە ئەڵبەتە پەسەند کرا. وەرگێڕانی (قـانوون) ئێـسـتـا تەواو بووە، هەرچەندە لە سێ بەرگ زیـاتـری لێ چاپ نـەبـووە و چـوار بـەرگـی تـریـشـی لـە داهاتوودا چاپ دەبن.

**کـیـهان فرهنگی:** بەسـەر شەرحی حاڵی خۆتان خێرا تێپـەڕین. دەمـانەوێت لەبارەی خوێندنەوەکـانتـان و ئەو چالاکییانەی لە بەغدا هەتانبوو، زیاتر بزانین.

**شـەرەفکەندی:** ئەگـەر دەرفـەتم بدەنێ چیـرۆکـێکی گچکەتان بۆ دەگێڕمەوە کە تەواو لەباری ژیانی منە.

ڕۆژێ پیـاوێکی عـەرەب بەناوی «جـەبر» دەچێـتـە

شارێکەوە و بەدەم گەڕان لەناو شارەکەدا، سەرێکیش لە گۆڕستان دەدات. کاتێ تەماشای کێلەکان دەکات و ئەو نووسراوانەی لەسەریاندایە دەخوێنێتەوە، دەبینێت کە تەمەنی هەموو مردووەکان زۆر کەم بووە و بەلانی زۆر گەیشتۆتە یەک ساڵ. سەری سوڕ دەمێنێت. هۆیەکەی لە کەسێ دەپرسێت. ئەو [کەسە] دەڵێت: «لە شارەکەماندا وا باوە ئەو کەسانەی لە سەرەمەرگدان لێیان دەپرسین کە چ ماوەیەک لە ژیاندا بە ڕاستی ژیاویت و بەختیار بوویت؟ دواتر هەمان ماوە لەسەر قەبرەکەی هەڵدەکۆڵین.» «جەبر» بیرێ دەکاتەوە و دەڵێت: «کەواتە توخوا ئەگەر من مردم، لەسەر بەردی گۆڕەکەم بنووسن ئەم کەسە هەر کە لە دایکبوو، مرد.» ژیانی منیش وەکو ژیانی «جەبر» وا بووە، بەڵام لەبارەی چالاکییەکانمەوە لەو ماوەیەی لە بەغدا بووم، دەبێ عەرزتان بکەم کە لە سەرەتادا بە هەندێ کاری سادە و کەمداهاتەوە خەریک بووم، بەڵام دواتر کە لە لبنان گەڕامەوە، توانیم هەندێ کار لە بواری وەرگێڕاندا بدۆزمەوە. لەوانە ئەو کتێبە عەرەبییانەی لە قوتابخانەدا دەخوێنران، وەرم دەگێڕایەوە سەر کوردی و هەندێ وتارم دەنووسی. تا ئەو کاتەی کۆڕی زانیاری دامەزرا، منیشیان وەکو ئەندامی فەرمی بانگهێشت کرد، جگە لەمە ماوەیەکیش خەریکی کاری وێنەگرتن بووم.

**کیهان فرهنگی:** لەبیرتانە لەو ماوەیەدا کام کتێبانەتان وەرگێڕا و چاپ کرد؟

**شەرەفکەندی:** بەڵێ، بەشێ لەم کتێبانە بەرهەمی کاری بەکۆمەڵ بوون. واتە یەک کتێبیان دەدایە چەند کەس کە کاری لەسەر بکەن، جگە لەم جۆرە کتێبانە، شەرەفنامەم وەرگێڕا کە هەر لەوێ چاپ بوو. ڕیسالەیەکیش هەبوو بەناوونیشانی *تاریخ عشیرہء گاوان* بەپێنووسی (مستەفا جەواد) کە پەیوەستە بەسەردەمی (القادر بالله)ی عەبباسی، هەروەها دیوانی شیعرەکانی خۆیشم لەوێ چاپ کرد. ئەڵبەتە ئەم دیوانە دوو جاری تر – جارێک لەئێران بەشێوەی ئۆفسێت و جارێکیش لە ئەورووپا – چاپ بووەوە. چوارینەکانی عومەر خەییامیشم هەر بەو کێشەی خەیام لە فارسیدا بەکاری هێناوە، وەرگێڕاوەتە سەر کوردی. بێ گومان سەرنج دەدەن کە ئەمە کارێکی زۆر قورسە و زەحمەتی زۆری دەوێت. ٢٥٠ چوارینەم وەرگێڕا و لە عیراق چاپم کرد، بەڵام دواتر بینیم هەندێ کەسی تریش بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت ئەوەیان (دووبارە) چاپ کردۆتەوە. بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە بۆچی خۆم ئەو کارەم نەکەم، لەبەر ئەوە نامەیەکم بۆ بەرپرسان نووسی و داواکەم خستەڕوو، بەڵام هیچ وەڵامێکم پێ نەگەیشت. بەم دواییە بینیم ناشرێک پەیدا بووە و چوارینەکانی عومەر خەییامی بە ٣٠ زمان چاپ کردووە، بەڵام نازانم بۆ وەڵامی منیان نەدایەوە.

**کیهان فرهنگی:** لە کاتی ئێستادا زمان و ئەدەبیاتی کوردی چ پێگەیەکی هەیە، بەتایبەتی بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسیدا؟

**شەرەفکەندی:** دەزانن کە پێش شۆڕشی ئیسلامی، نە لە ئێران و نە لە شوێنەکانی تردا هیچ کاتێ دەرفەتی دەرکەوتنیان بە ئێمە و ئەدەبیاتی ئێمە نەداوە. هەمیشە ڕێگامان لێ داخراو بووە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەدەبی کوردی زۆر گەشاوەیە. ئێمە لە غەزەل، قەسیدە، شینامە و هاوتای ئەمانە بەرهەمگەلێکی زۆر پڕ بایەخمان هەیە، تەنانەت لەنێوان ئەدیبەکانماندا کەسانێ هەن وەکو مەولەوی کورد لە هەورامان کە بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم لە ئۆسکار وایڵد و هاوتاکانی زۆر بەرزترە، تەنانەت لەوانەیە بتوانرێ بوترێت کە لە (حافز)یش کەمتر نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسانی غەیرە کورد ئاشنایەتییەکی بەرتێر و گشتگیریان لەمانە نییە، تێگەیاندنی ئەم بابەتە زۆر قورس دەبێت. ئێوە کەسایەتییە فەرهەنگییەکانی کورد ناناسن – بەلانی کەمەوە وەکو ئێمە (نایانناسن)– بەڵام ئێمە کە زۆر چاک دەیانناسین و لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا ئاشناین، زۆر چێژ لە نووسینەکانیان وەردەگرین و حەزیان لێ دەکەین. ئەگەر بەرهەمی ئەم کەسانە چاپ و بڵاوبنەوە، نزیکی و لێکچوونیان لە بەرهەمەکانی ئەدەبی فارسی تەواو دەردەکەوێت.

**مەولەوی کورد لە هەورامان لە ئۆسکار وایڵد و هاوتاکانی زۆر بەرزترە، تەنانەت لەوانەیە بتوانرێ بوترێت لە (حافز)یش کەمتر نەبووە.**

زمانی کوردی زۆر بەرفراوانە. هۆیەکەشی بەرفراوانی جوگرافیایی ناوچەکەیە کە بەشێوەیەکی ئاسایی زاراوەگەلێکی جۆراجۆری خوڵقاندووە. لە هەمان کاتدا بەهۆی کاودانە هەرێمییە تایبەتییەکان لە هەڵمەتی بیانییەکان بە دوور ماوەتەوە، بەڵام زمانی فارسی زۆر

کەوتۆتە ژێر کاریگەری نەتەوە بیانییەکان، بەتایبەتی عەرەب و تورکەکان، لەبەر ئەوەی خۆم لە بواری فەرهەنگی وشەدا کار دەکەم وشەگەلێکی زۆرم لە زمانی فارسیدا دۆزیوەتەوە کە عەرەبی، یان تورکین و هاوتای فارسیشیان نییە، بەڵام لە زمانی کوردیدا بەرانبەر هەر وشەیەک چەندین ناو هەیە کە بەداخەوە هیچ سوودێک لەم بەرفراوانی و بەربڵاوییە نابینرێت. بۆ نموونە من نازانم بۆچی ئێمە ناوی زۆربەی رووەکە دەرمانییەکان بەعەرەبی، یان یۆنانی بەکاردێنین، بەڵام خۆمان لە بەکارهێنانی هاوتا کوردییەکەی دەپارێزین. من جارێک ئەم بابەتەم لە بڵاوکراوەکانی زانکۆدا ورووژاند کە هەرچەندە بووە جێی سەرنج و پەسەندی هەمووان و بڕیاریان دا لیژنەیەک بەمەبەستی کۆکردنەوەی ئەم ناوانە بنێرنە کوردستان، بەڵام هیچ هەنگاوێکیان لەم پێناوەدا نەنا. لەوانەیە خراپ نەبێت ئەم بابەتەشتان بۆ بگێڕمەوە کە پێش ماوەیەک سەدام گەفی لە هەندێ لە نووسەرانی کورد کرد کە ئەگەر وشە هاوبەشەکانی کوردی و فارسی لە نووسینەکانیاندا بەکاربێنن، نووسینیان لێ قەدەغە دەکات.

ئێستا لە ئێران دۆخەکە زۆر باشە. ئەوەندەی دەرفەتیان داوە کە بڵاوکراوەی کوردی وەکو «سروە» دەربچێت خۆی نیشانەی نیازپاکی بەرپرسانە. ئەم بابەتانە لە ڕژێمی پێشوودا نەدەکرا، تەنانەت بیریان لێ بکرێتەوە. لەو کاتەدا ڕۆژنامەیەک لە کوردستان هەبوو، بەڵام لە ئێران چاپ نەدەبوو. من لە بەغدا و مۆسکۆ هەندێ ژمارەم لێ بینیبوو. ئەمڕۆ کتێبگەلێکی کوردی جۆراوجۆر چاپ دەبێت کە دەتوانێت کولتووری کوردی بە هەمووان بناسێنێت. ئەڵبەتە ئومێد دەکەم لە ئاییندەدا باشتر و باشتریش بێت.

**کیهان فرهنگی:** تکایە لە شیعرە کوردییەکانیشتان بۆمان بخوێننەوە، یان لەو شیعرانەی پێتان خۆشە. لەوانەی کە بەڕای ئێوە لە ڕووی ناسکییەوە هاوتای شیعری (حافز)ن.

**شەرەفکەندی:** ئەگەر دەرفەتم بدەنێ سێ چوارینە لە چوارینەکانی خەییام کە بۆ کوردی وەرم گێڕاون، بۆتان دەخوێنمەوە لەگەڵ وەرگێڕانی شیعری عوقاب (هەڵۆ)ی پووشکین کە گوایە بۆ فارسیش وەرگێڕدراوە.

هەروەها من قەت ئەو ئیدیعایەم نەکردووە کە شیعرەکانم دەگەنە ناسکی شیعرەکانی حافز، بەڵکو مەبەستم ئەوەبوو کە لەناو شیعری شاعیرە کوردەکاندا شیعرگەلێکی زۆر ناسک و جوان هەیە کە لە باشترین غەزەلە فارسییەکان کەمترنین و بۆ نموونە دەکرێ ناوی مەولەوی کورد بهێنین.

من ئەوەندە حافزم خۆش دەوێت و شانازی پێوە دەکەم کە شیعرەکەی وەکو نموونەی ئەوپەڕی ناسکی و جوانی بە نموونە دەهێنمەوە. بەڕای من لە هەموو دنیادا لەو شاعیرتر پەیدا نابێت. حافز ئەوەندە گەورەیە، سەرەڕای ئەو هەموو کتێب و وتارەی لەبارەیەوە نووسراوە، دیسان بەشێکی زۆری بیروبۆچوونەکانی بۆمان بە نادیاری ماوەتەوە.

**پاییزە دار و دەوەن ڕەنگ زەردە**
**باتەزو سەردە بەتۆز و گەردە**
**دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ**
**دارەخۆی دەڕنێ خەزەڵ هەڵ دەوەرێ**
**هەورە ڕەشپۆش و بەگریە و ناڵە**
**سەرەتای شیوەنی مەرگیساڵە**
**بەگژەی سەردی هەناسەی کەژوکۆ**
**ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ:**
**داخەکەم بۆ گوڕوتینی جوانیم**
**ئەو دەمەی چۆن و چ بووم بۆ وانیم؟!**
**هێز و سۆمای نییە باڵ و چاوم**
**مامەوە گردەنشین بێ ڕاوم**
**دوورەگوشت پۆڕ و کەوم وەردەکەوم**
**گۆشتەنێچیرێ مەگەر بێتە خەوم**
**پیرییە پاییزی وەرزی ژیانە**
**وردە هەنگاوی بەرەوگۆڕنانە**
**وا هەڵۆی مردنە ڕاوی کردم**
**ڕاو بەتالی منە هاکا مردم!**
**مردنیش هێندە نەسووکە و سانا**
**سەری لێ گێژە هەزاران زانا**
**چم بەسەردێ کە نەمام و مردم**
**پەڕی بەربایەک و خۆڵی وردم**
**گیان بەرەو کوێ دەفرێ روون نییە بۆم**
**تۆ بڵێی بچتەوە لای باوە هەڵۆم؟**
**تۆ بڵێی ڕاوێ هەبێ لەو بەرزە؟**
**پاش هەموو چەرمەسەرەی ئەم عەرزە**

**داخم ئەو ڕازە لەبن سەرپۆشە**
**سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە**
**دڵ و دیدەم کە بە دنیا فێرە**
**چەندی پێم بکرێ دەمێنم لێرە**
**ژین گەلێ شیرنە فیزی ناوێ**
**بۆ مەبەست سەر دەنەوێنم تاوێ**
**چاری ئەم دەردە لەلای قاڵاوە**
**گەرچی زۆر پیرە بەلاوی ماوە**
**دەچمە لای و بەوە چم لێ نایە**
**ڕەشییە و ناوی ژیانی لایە.**

*******

**ڕێم کەوتە گوڵستانەوە لای بلبلی مەست**
**بە چریکەیی پێی گوتم گەلێ ڕاز و مەبەست**
**تا گوڵ نەوەریوە تا لەشت نەبووە بە گڵ**
**وەک گوڵ بەدەمی دەم بەبزە و پیاڵە بەدەست**

**چون بلبل مست راه در بستان یافت**
**روی گل و جام بادە را خندان یافت**
**آمد بزبان حال در گوشم گفت**
**دریاب کە عمر رفتە را نتوان یافت**

*******

**وا بزانە جیهان بە ئارەزووی تۆ دەگەڕێ**
**ئەم چەرخ و خۆلەی هەمووی بە فووی تۆ دەگەڕێ**
**وابزانە کە سەد ساڵیش ژیای پاشان چی؟**
**مەرگێکە لە هەر جێگە لە دووی تۆ دەگەڕێ**

**چون چرخ بەکام یک خردمند نگشت**
**تو خواه فلک هفت شمر خواهی هشت**
**چون باید مرد و آرزوها همە هشت**
**چەمور خورد بەگور و چەگرگ بەدشت**

*******

**لەو کۆشک و سەرایەدا کە جەم جامی گرت**
**ڕیوی تەرەکی و مامز ئارامی گرت**
**بارام کە هەموو ژیانی خۆی گۆڕی دەگرت**
**دیتت بە چ جۆرێ گۆڕ بارامی گرت؟**

**آن قصر کە جمشید در او جام گرفت**
**روبە بچەکرد و آهو آرام گرفت**
**بهرام کە گور می گرفتی همە عمر**
**دیدی کە چگونە گور بهرام گرفت؟**

**کیهان فرهنگی:** جەنابتان لە کوێ فێری زمانی فارسی بوون، ئەویش تا ئەو ڕادەیەی توانیتان (قانون) وەربگێڕن؟

**شەرەفکەندی:** لە منداڵیدا سەرەتا فێری فارسییان دەکردین، بەڵام خۆم لە خۆشەویستییەوە زۆرم خوێند. ئەڵبەتە لە قسەکردندا زۆر ڕەحەت نیم، بەڵام لە خوێندن و نووسیندا زیاتر زاڵم.

**کیهان فرهنگی:** لەنێوان بەرهەمەکانتاندا وەرگێڕانی هەندێ بەرهەمی دکتۆر شەریعەتی هەیە. پاڵدەرێکی تایبەتتان بۆ ئەم کارە هەبووە؟

**شەرەفکەندی:** من چوار بەرهەمم لە خوالێخۆشبوو دکتۆر شەریعەتی وەرگێڕایە سەر کوردی کە بریتین لە: عرفان، برابری، آزادی-یک، جلوش تا بی نهایت صفرها-پدر، مادر ما متهمیم، و آری این چنین بود برادر.

بەڵام لەبارەی ئەوەی کە بۆچی دەستم دایە وەرگێڕانی ئەم کتێبانە، دەبێ بڵێم کە لەمێژەوە یەکێ لە برادەران چەند بەرگێکی لە بەرهەمەکانی خوالێخۆشبوو شەریعەتی بۆ خوێندنەوە پێ دام. زۆر حەزم لێ کردن. ئەوەندە کە بڕیارم دا وەریان بگێڕمەوە، تەنانەت ڕۆژێ کە ئەو برادەرەم دیتەوە، گوتم من ئامادەم لاسایی ئەو [شەریعەتی]یە بکەمەوە. بابەتەکانی بەڕاستی باش و عەقڵانین. ئەوانەش کە ئەم وەرگێڕانانەیان بینیوە، وتوویانە زۆر باش وەرت گێڕاون. بەهەرحاڵ بڕیارەکە [لەبارەی چۆنیەتی وەرگێڕانەکان] لای خەڵکانی ترە. هیوادارم بتوانم لە ئاییندەدا هەندێ کتێبی تر لەو بیرمەندە پڕ بایەخە وەربگێڕمە سەر کوردی.

**کیهان فرهنگی:** ئەو سەفەرەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت کردتان، بۆ چارەسەری نەخۆشی بوو؟

**شەرەفکەندی:** چارەسەری نەخۆشیش بەشێکی ئامانجی ئەم سەفەرە بوو. لە بنەڕەتدا بە داوەتی یەکێتیی نووسەرانی ڕووسیا کە هەندێ لە بەرهەمەکانی منیان وەرگێڕابوو و دەیانویست مافی نووسینیانم پێ ببەخشن، ئەم سەفەرەم کرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دەمزانی کۆمۆنیستەکانی عیراق و سووریا منیان خۆش ناوێت.

نزیکەی ساڵێک لە مۆسکۆ و شارەکانی تری سۆڤیەت گەڕام و باکۆ و ئۆزبەکستان و هەندێ شوێنی ترم لە نزیکەوە بینی. لەوێ ٦٠ هەزار ڕۆبلیان بۆ کتێبەکانم پێ دام و داوایان لێ کردم لەوێ بمێنمەوە، بەڵام وەکو عەرزم کردن خۆم حەزی لەوێ مانەوەم نەبوو. هەرکە کاری چارەسەری نەخۆشی تاڕادەیەک گەیشتە ئەنجام، گەڕامەوە.

**کیهان فرهنگی:** ئەرێ پێڕستێکی بەرهەمەکانتانتان لەبەردەستە بۆ پێشکەشکردنی بەخوێنەران؟

**شەرەفکەندی:** بەڵێ. بەرهەمەکانم بریتین لە:

١- **ئاڵەکۆک** کە لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی [١٩٤٦ی زایینی] لە تەوریز چاپ و بڵاوبۆتەوە.

٢- **بەیتی سەرەمەڕ** کە لە ١٩٥٧ی زایینی لە دیمەشق چاپ بوو.

٣- **مەم و زین** کە ئەسڵی ئەم کتێبە لە شاعیری گەورەی کورد «خانی»یە و بە زاراوەی کرمانجی هۆنراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەم کتێبەم لە کوردی بۆ کوردی «موکری» وەرگێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتری حەزلێکەران بتوانن سوودی لێوەربگرن. لە ساڵی ١٩٦٠ی زایینی لە بەغدا چاپ بووە، هەروەها بۆ جاری دووەمیش لە ساڵی ١٣٥٨[ ١٩٧٩ی زایینی] لە تاران ئۆفسێت کرا.

> **کورد بەداخەوە نووسینی نەبووە و نووسین لەنێو خەڵکدا شوێنی نەکردووەتەوە، بۆیە شیعر بەهۆی پێشڕەوبوونی و هەروەها لەبەر لایەنی عەوام پەسندی شوێنی خۆی کردۆتەوە.**

٤- دیوانی شیعر بەناونیشانی **بۆ کوردستان** کە دووجار چاپ بۆتەوە (١٩٦٦ - ١٩٦٩) و جارێکیش لە ساڵی ١٣٥٨ [١٩٧٩ی زایینی] لە تاران ئۆفسێت کرا.

٥- ئەوی تر وەرگێڕانی **ڕوباعیاتی خەییام** بە کوردییەکە چاپی یەکەمی لەساڵی ١٩٦٨ بووە و دەبێ بڵێم ٣ جاری تریش بەبێ ئاگای من چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٦- وەرگێڕانی **شرەفنامە** (لە فارسییەوە) کە ئەم کتێبە لە بارەی مێژووی کوردەوەیە و نووسەریشی شەرەفخانی بەدلیسییە. ئەم کتێبە یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٣ لە نەجەفی ئەشرەف چاپ بوو و چاپی دووەمیشی لە تاران لە ساڵی ١٩٨١دا بووە.

٧- **هۆزی گاوان - عشیرة جاوان** کە لە عەرەبییەوە وەرمگێڕاوەتەوە سەر کوردی و لە ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا چاپ بووە.

٨- ئەوی تر **تاریخ سلیمانیە**یە کە وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ فارسییە و ئەڵبەتە هێشتا چاپ نەبووە.

٩- **روابط فرهنگی ایران و مصر**(٨) کە لە زمانی عەرەبییەوە کراوە بە فارسی و چاوەڕێی چاپە.

١٠- کتێبی تر **تاریخ اردلان**ە کە لە فارسییەوە کراوەتە کوردی و هێشتا چاپ نەبووە.

١١- **فرهنگ فارسی بەکردی** کە سوودم لە فەرهەنگی عەمید وەرگرتووە و چاوەڕێی چاپە.

١٢- **یەک و سیفر بێ بڕانەوە (یک جلوش تا بی نهایت سفر)** بەرهەمی دکتۆر عەلی شەریعەتی و ئەمەشم لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر کوردی و لەلایەن بنیاد سازندگی(٩) چاپ کراوە.

١٣- **ئەرێ برا وا ڕابرا (آری اینچنین بود برادر)** بەرهەمی دکتۆر شەریعەتی کە ئەمەش لە فارسییەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە و دیسانەوە ئەرکی لە چاپدانی لە ئەستۆی دەزگای ئاوەدانکردنەوەدا بووە.

١٤- **عرفان، برابری، آزادی** لە بەرهەمەکانی دکتۆر شەریعەتیم بۆ کوردی وەرگێڕاوە و لەلایەن دەزگای چاپی سرووش چاپ کراوەتەوە.

١٥- **دایە، باوە، کێ خراوە؟ (پدر، مادر ما متهمیم)** بەرهەمی بەناوبانگی دکتۆر شەریعەتییە کە ئەمەشم وەرگێڕاوەتەوە سەر کوردی و دەزگای سرووشیش چاپی کردووە.

١٦- **شەرحی دیوانی شێخ ئەحمەدی جزیری**- ناودار بە مەلای جزیری- بە زمانی کوردی، چاپی دەزگای سرووش.

١٧- **فەرهەنگی کوردی - فارسی** کە لە دەزگای سرووش چاوەڕێی چاپ و بڵاوبوونەوەیە.

١٨- وەرگێڕانی کتێبی **قانون** ی پزیشکی لە (شیخ الرئیس ئەبوعەلی سینا) لە عەرەبییەوە بۆ فارسی کە پێنج بەرگە لە حەفت بەشدا و تا ئێستا سێ بەشی چاپ بووە و لێماوەکەش لە دەزگای سرووش چاوەڕێی چاپ و بڵاوبوونەوەیە.

١٩- وەرگێڕانی بەشێکی زۆری کتێبی **آثار البلاد و**

**اخبار العباد** له عەرەبییەوە بۆ فارسی کە لە ساڵی ١٣٦٧[١٩٨٧] لە تاران چاپ بووە.

**کیهان فرهنگی:** بەسەرنجدان بەبابەتی کتێبی **قانون** و ئەو ڕێگایەی لە ماوەی کارکردن لەسەر ئەم کتێبەدا بڕیوتانە، تکایە بەراوردێک لەنێوان پزیشکی نەریتی و پزیشکی نوێدا بکەن.

**شەرەفکەندی:** دەزانن کە زانستی پزیشکی لەگەڵ داهێنان و دۆزراوە نوێیەکاندا زۆر پێشکەوتووە و ئێستا تیشکەکان هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام هەرگیز ناکرێ کاریگەریی پزیشکی نەریتی ماندەل بکرێت، بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە هەوێنی زانستی پزیشکی ئەمڕۆ هەمان پزیشکی نەریتییە. نازانم ئەمەم عەرزکردوون، یان نا. لە ڕووسیا پزیشکی نەریتییان ژیاندۆتەوە، بەو شێوەیە کە پزیشکەکانیان لە گوند و ناحیە و قەزاکان کۆکردۆتەوە و بردوویانن بۆ کۆلیژە پزیشکییەکان بۆ ئەوەی وانەی پزیشکی نەریتی بۆ خوێندکارانی قۆناغی نوێ بڵێنەوە و لەگەڵ ئیعجازی دەرمانە خۆماڵییەکان ئاشنایان بکەن.

دێتەوە بیرم لە ڕۆژێکی بارانیدا لە ڕووبارێکی ناو مۆسکۆدا مەلەم دەکرد. لە کاتی هاتنە دەرەوەدا هەستم کرد هەموو لەشم وشک بۆتەوە و توانایی هیچ جووڵانەوەیەکم نییە. دواجار پزیشکیان هێنا کە وەرەقەگەلێکی بەهەموو جەستەکەمەوە نووساند کە ئەڵبەتە سووتانێکی زۆری لەگەڵدا بوو. پاش چارەکە سەعاتێ کە وەرەقەکانی لێ کردمەوە زانیم کە بەخەردەل ئامێتەکرابوون و بەڕاستی کاریگەرییەکی زۆر سەیری هەبوو. لەبەرانبەر سەرسوڕمانمدا پزیشکەکە وتی: «ئێمە ئەمەمان لە زانستی پزیشکی نەریتی وەرگرتووە» و وەکو دەبینن وانەیەکی بەسوودە. پزیشکی نەریتی دەبێ هەبێت بۆ ئەوەی بزانین چ شتێکی نوێ خراوەتە سەری و تا چەند لە ڕەوتی پێشکەوتندا هەنگاوی ناوە.

**کیهان فرهنگی:** بێ گومان ئاگاتان لێیە کە وەرگێڕانێک لە **قانون** لە سەردەمی قاجاریە لەبەردەستە و گوایە لە ڕابردوودا چاپ و بڵاویش بۆتەوە. ئەوە چۆن دەبینن و چ جیاوازییەکی لەگەڵ وەرگێڕانەکەی ئێوەدا هەیە؟

**شەرەفکەندی:** ئەوەی من دەزانم و بینیومەتەوە کتێبێکی بچووک و قەبارە گچکەیە بەناوی **قانونچە** کە پێ دەچێت کورتکراوە و تۆکمەی **قانون** بێت. هەرچەندە بە تەواوی نەمخوێندۆتەوە، بەڵام هەر بە تەماشایەکی خێرا تێگەیشتم کە وەرگێڕەکەی تەنیا ئەو بابەتانەی لێی تێگەیشتووە، یان بە پێویستی زانیون وەرگێڕاوە وەکو ناوی دەرمانەکان و شتی وا.

**کیهان فرهنگی:** ئامانجتان لە وەرگێڕانی **قانون** چی بووە و زانیاریتان لە بواری زانستە پزیشکییەکاندا تا چ ڕادەیە؟

**شەرەفکەندی:** من هیچ زانیارییەکی پزیشکیم نییە. وەرگێڕانی **قانون** بۆ من وەکو دانانی سیناریۆیەکی فیلمی بە زاروەکەرێک وا بوو کە کەمترین زانیاریی لەو ڕۆڵەی بڕیار وایە بنوێنێت نییە. منیش بەبێ هیچ زانیارییەکی پزیشکی دەستم دایە وەرگێڕانی **قانون**. ئاغای دکتۆر فرەوەشی پێداگیرییەکی زۆری کرد کە ئەم کتێبە وەربگێڕمەوە. ئەڵبەتە ئەو پێشتر وەرگێڕانەکانی منی بینیبوو و دەتوانین بڵێین کە بە جۆرێ تاقی کردبوومەوە. وتیشی کە هیچ پەلەیەک لە ئارادا نییە و ئەگەر بتوانیت مانگێ یەک لاپەڕەش وەربگێڕیت، بەسە. ئەوەش بڵێم کە ئەگەر کورد نەبومایە، بێ گومان نەمدەتوانی سەرکەوتوو بم، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو دەربڕینانەی ئیبن سینا بەکاری هێناوە، لە کوردیدا بەکاردێن. ناڵێم ئیبن سینا کورد بووە، بەڵام بەهۆی نیشتەجێ بوون لە هەمەدان و هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردان، جا چ لە ڕێگەی ئاسایی و چ لە ڕێگەی پیشەییەوە، لەگەڵ زمانی کوردیدا ئاشنایەتی هەبووە. گەلێک لەو پەیڤانەی لەم کتێبەدا بەکارهاتوون، قەت لە عەرەبیدا بوونیان نییە. بۆ نموونە وشەی ماست لە عەرەبیدا نییە و لە بنەرەتدا هیچ سیغەیەکمان نییە کە لە «م، س، ت» پێک هاتبێت و لە وشەکانی (مستفاد و مستفید)دا بەشێک نییە لە ڕەچەڵەکی وشەکە و زیادەیە. ابن سینا لە شوێنێکدا وشەی «ماست»ی بەکارهێناوە و دەڵێت: «الا اذا افرط فی الماست» واتا ئەگەر ماستی زۆری خواردبێت، کەچی بۆ ماست لە عەرەبیدا چەند ناو هەیە: مسرییەکان دەڵێن «لبن زبدی»، عیراق: «روبە رائب»، عەرەبستان: «خائر» و لە سوریا و لبنان دەڵێن «یوغورت». ئیبن سینا لەم کتێبەدا وشەی ڕووسی «کیسلی مەلکوی» بە واتای شیری ترش لەجیاتی ماست هێناوە و تا ڕادەیەک دۆخی ڕەمزانەی بەکارهێناوە.

نموونەی تر کە من تووشی هاتم، ڕستەی «قیام

الکبدی» بوو. دەزانن کە لە عەرەبیدا «قیام» بە مانای هەڵسان دێت و هەڵسانی جگەر هیچ مانایەک نابەخشێت. جگەر خۆ هەڵناستێت! نوسخەکەی ترم هێنا و بەراوردم کرد. بینیم کە لە هەردوو نوسخەدا بەیەک شێوە هاتووە. ڕاستییەکەتان بوێت لەسەر ئەم ڕستەیە زۆر بیرم کردەوە تا لە پڕێکدا ئەوەم بەبیر هاتەوە کە زۆرجار لە ژنە کوردەکانەوە دەبیستین کە دەڵێن: «بەردێ، یان دربێ بەملی کوڕەکەمدا کەوتووە کە ئەوەندە هەڵساوە.» (واتا پەنەماوە) و تێگەیشتم کە مەبەست لە هەڵسانی جگەر، پەنەمانی جگەرە و لە عەرەبیدا هەرگیز وشەی هەڵسان بۆ پەنەمان بەکارناهێنن. ئەمە زاراوەیەکی کوردییە. بەهەمان شێوە لە بارەی ڕستەی «علی الرأس»ـەوە کە ئیبن سینا بە مانای «دیسان»، یان «دووبارەکردنەوە» بەکاری هێناوە، کەچی لە عەرەبیدا بەم مانایە ناسراو نییە، بەڵکو تەنیا واتای دانانی شتێک لەسەر سەر دەبەخشێت. لە زانکۆ مامۆستایەک هەبوو بەناوی مامۆستا مصلح کە پسپۆڕیی لە **قانون**یشدا هەبوو. ڕۆژێ پێی وتم: «کەسێ لە زانکۆی «فؤاد»ی میسر هاتبووە ئێرە بۆ ئەوەی وانە بڵێتەوە، بەڵام پیاوێکی خوێڕی بوو.» وتم: «چۆن؟» وتی: «هەرکە دەگەیشتە وشەی «علی الرأس»، کاردانەوەیەکی ناشرینی لەخۆی دەنواند و دەیوت: پێدەچێت ئیبن سینا شتێکی ئەوتۆی نەزانیبێت، چونکە ئێمە لە عەرەبیدا «علی الرأس»مان بەو مانایە نییە.» من لە وەڵامدا وتم: «ئەگەر ئەو کابرایە کورد بوایە، یان کوردی زانیبایە، هەرگیز ئەو قسەیەی نەدەکرد و وا بیری نەدەکردەوە کە ئیبن سینا هەڵەی کردووە.» من لەبەر ئەوەی هەم کوردیم دەزانی و هەم عەرەبی و تارادەیەکیش فارسی، توانیم کلیلەکە بە دەست بێنم و بیر لەوە دەکەمەوە، ئەگەر کەسێ بیەوێت ئەم کتێبە لە عەرەبییەوە بۆ زمانێکی تری وەکو ئینگلیزی، یان فەڕەنسی وەربگێڕێت، ئەوە تووشی چ گرفتگەلێک دەبێتەوە، چونکە تەنیا عەرەبی زانین بەس نییە و بڕوا ناکەم هەموو وەرگێڕێ هەم کوردی هەم فارسی بزانێت.

ئەوەی گومانی تێدا نییە [ئەوەیە کە] ئیبن سینا زۆر بەباشی عەرەبی دەزانی و هۆی ئەم جۆرە بە ڕەمزنووسینەش بەڕای من ئەوەبووە کە لەو سەردەمەدا دزیی ئەدەبی زۆر ڕووی دەدا و بۆ ئەوەی کەسێ، یان کەسانێ داوای خاوەندارێتی ئەم کتێبە نەکەن، نووسەر ئەم شێوازە ڕەمزییەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کەس ورەی دزینی نەبێت و وا دیارە بە ئەنقەست ئەم ڕێکارەی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی هەر خۆی کلیلی ڕەمزەکەی پێ بێت. لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا وشەگەلێکی بەکارهێناوە کە هەم ڕاناوی نێر وەردەگرن، هەم ڕاناوی مێ. ئەڵبەتە زیاتر لەگەڵ ڕاناوی مێدا دێن. بۆ نموونە دەکرێ وشەی کبد هەم بە «ها» و هەم بە «هو» دەرببڕێت کە لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی سەرلێشێوانی وەرگێڕ و کاتێکی زۆری دەوێ پیاو تێبگات کامە مەبەستیەتی. بۆ نموونە لە سەرەتای لاپەڕەیەکدا وشەیەکی هێناوە کە خەبەرەکەی دوو لاپەڕە دوورتر هێناوە. ڕۆژێ مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی هاتبووە لام. پێویستە بڵێم کە جەنابی لە مامۆستا پلە یەکەکانی عەرەبییە و لە ڕاستیدا من قوتابی ئەوم. وەلحاسڵ بابەتێکم لە کتێبەکەوە بۆ خوێندەوە داوام کرد وەریبگێڕێت و بڵێت ئەو ڕاناوەی لەم بابەتە دایە، بۆچی دەگەڕێتەوە. پاش چەندجار خوێندنەوە و وەرگێڕان کێشەکە چارەسەر نەبوو تا ئەو ڕادەیەی مامۆستا ڕۆژبەیانی ماندوو بوو و فڕێی دایە قوژبنێکەوە و وتی: «ئەمە عەرەبی نییە. ئەوە کاری من نییە و کاری هیچ کەسی تریش نییە.» هەر چۆنێ بێت، ئەو ڕۆژە ئەو ڕۆیشت و پاش چەند ڕۆژێکی تر من چوومە لای و وتم: «تکایە ئەم بابەتەم کە وەرگێڕاوە بخوێننەوە بزانن مانایەک دەگەیەنێت، یان نا؟» ئەڵبەتە عەرەبییەکەیشم نووسی بوو. خوێندییەوە و پاشان پرسی: «تۆ لە هەڵهێنانی مەتەڵ پێشینەت هەیە؟» وتم: «بەڵێ، لە ڕۆژانی تەلەبەییدا مەتەڵم هەڵدەهێنا.» وتی: «ئەمە بە عەرەبی وتن نییە، لەگەز و مەتەڵە.»

مەبەستم ئەوەیە کە لەم وەرگێڕانەدا پشوودرێژییەکی زۆرم نواند و بە وردی و حەزەوە کارم دەست پێکرد. ئەڵبەتە لە سەرەتادا هێواش دەچوومە پێش و دەمتوانی هەردوو شەو یەک لاپەڕە وەربگێڕمەوە. دواتر بەهۆی ئەو ئاشنایەتییەی لەگەڵ نووسینی کتێبەکە و زاراوە بەکارهاتووەکاندا بەدەستم هێنا، شەوی دە لاپەڕەم وەردەگێڕایەوە و سوپاسی خوا دەکەم کە گەیشتمە کۆتایی کارەکە.

**کیهان فرهنگی:** مامۆستا، بیستوومانە کە ناوەندێ بەناوی دەزگای بڵاوکردنەوەی (صلاح الدین أیوبی)

دامەزراوە، ئەگەر بکرێت لەبارەی ئەم ناوەندە و چۆنیەتی کارەکەی ڕوونکردنەوەیەک بدەن.

**شـــەرەفکەندی:** بەڵێ. ناوەندێکی وا لە ورمێ دامەزراوە. یەکێ لە هەڤاڵانم بەناوی ئاغای «هێمن» لەم ناوەندەدا چالاکی هەبووە و گۆڤاری «سروە»ی بنیاد نا کە هێشتا پێنج ژمارەی لێ چاپ نەکرابوو کە بەداخەوە کۆچی دوایی کرد. ئێستاش ئاغای ئەحمەدی قازی لەوێیە، بەڵام بە گشتی لەژێر چاودێری قەرارگای ڕەمەزاندایە. بەهەرحاڵ هەنگاوێکی شایان و باشە. دێتەوە بیرم پاش ئەوەی چوارینەکانی خەیامم بۆ کوردی وەرگێڕا، ڕۆژێ بە یەکێ لە دراوسێکانم وت: «ئێوە عومەر خەیام چۆن دەبینن و چ بۆچوونێکتان لەبارەیەوە هەیە؟» گوتی: «عومەر خەیام جێی شانازی ئێمەیە.» پرسیم: «ئەگەر کەسێ بۆ کوردی وەریگێڕابێت و بەدانپێدانانی ئەهلی هونەر وەگێڕانێکی باشیش بێت، دەتوانن چاپی بکەن یان نا؟» وەڵامی دایەوە: «دەزانم باسی مەسەلەی خۆت دەکەیت. من بیستوومەتەوە کە چوارینەکانی خەیامت بۆ کوردی وەرگێڕاوە و کارێکی باشیشە، بەڵام پێویستە بابەتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە. لە بنەڕەتدا سیاسەتی شا ئەوەیە کە تەنانەت یەک وشەی کوردی نابێ چاپ ببێت. دەکرێ کوردی لە ڕادیۆوە بخوێندرێت، بەڵام هەرگیز نابێ چاپ ببێت.» ئێستا دۆخەکە زۆر لەبارە. دەبینم هەندێ دەرفەتیان داوە و گۆڤاری مانگانەی «سروە» پازدە هەزار دانەی لێ چاپ دەبێت کە ئەڵبەتە هەنگاوێکی بە سوودە و کتێبگەلێکیش لەژێر چاودێری ئەم ناوەندەدا چاپ دەبێت. بێجگە لەوە ئەم ناوەندە هەندێ کتێبی کۆنیشی سەرلەنوێ لەچاپ داوە. بەگشتی چالاکی ئەم ناوەندە تەنیا چاپی کتێب و گۆڤار دەگرێتەوە خۆی. ئەڵبەتە کتێبخانەیەکیشی هەیە کە کتێبەکانی تری لێ دەفرۆشێت.

**کیهان فرهنگی:** ئەدەبی کوردی ئەوەندەی ئێمە بینیومانە و بیستوومانە زیاتر لە هۆنینەوەی شیعردا دەرکەوتووە. چۆن ئەم ڕایە هەڵدەسەنگێنن؟

**شەرەفکەندی:** عەرز بێت(١٠) کە کورد بەداخەوە نووسینی نەبووە و (نووسین) لەنێو خەڵکدا شوێنی نەکردۆتەوە، بۆیە شیعر بەهۆی پێشڕەوبوونی و هەروەها لەبەر لایەنی عەوام پەسەندی(١١)، شوێنی خۆی کردۆتەوە. شیعر هەمیشە ئەم تایبەتمەندێتییەی هەبووە کە ئاسان لەبەر دەکرا و لەبیر دەمایەوە، تەنانەت کەسانی دەرس نەخوێندوو و نەخوێندەواریش حەز و ڕەغبەتیان لێیە شیعر ببیستن و لەبەر کەن. لەم ڕووەوە میللەتێ کە ئەدەبیاتی نووسراوی تاڕادەیەک لاواز بووە و بەو جۆرەی دەبوایە و شایانیەتی نووسینی نەبووە، بەردەوام هەستەکانی خۆی بە زمانی شیعر دەربڕیوە، بەڵام ئێستا دەبینین لەو ڕۆژەی لە عیراق دەرفەتیان داوە بەزمانی کوردی شت بنووسن، ژمارەیەکی زۆری نووسەران دەستیان داوەتە کارکردن و بەرهەمگەلێکی پڕبایەخیان پێشکەش بە کۆمەڵی ئەدەبی کورد کردووە، بەڵام لە ئێمەوە تەنیا شیعر بەجێ ماوە، لەبەر ئەوەی لە بیرەکاندا شوێنی هەبووە.

**کیهان فرهنگی:** ئێوە وەکو شاعیر ڕاتان لە بارەی شیعری نوێوە چییە؟

**شەرەفکەندی:** دەزانن چەندین ساڵە لەبارەی شیعری کۆن و نوێ باس کراوە و دەکرێت. من پێم وایە دەبێ لە شیعر داوای مانا بکەین، نەک کێش و سەروا. دەزانن کە هەموو شیعرە کلاسیکەکانمان ناب و پڕ مانا نین. شیعرە نوێیەکانیش هەمان دۆخیان هەیە. واتا ناتوانین بڵێین باشیی شیعر پەیوەستە بە کۆن و نوێ بوونییەوە. لەهەر سەردەمێک و لە هەر کێش و بێ کێشییەکدا شیعری باش هەبووە و هەیە. من ئەمەم بە ڕووانی کوارگ لە وەرزی بەهاردا چواندووە کە لەنێوان هەزاران جۆر کوارگدا تەنیا یەک جۆری دەخورێت. شیعر هەر کاتێ توانی گەیەنەر بێت و کار لە کەس و کۆمەڵگا بکات، شیعرە. ئەوجا چ لە قاڵبی کۆندا، چ لە فۆرمی نوێدا.

ئێستا لەنێو عەرەبەکانیشدا هەندێ شاعیری نوێخواز دەرکەوتوون کە بەڕاستی شیعری باش دەڵێن. بەهەمان شێوە شاعیرە نوێخوازەکانی ئێرانی خۆمان کە کەس ناتوانێت ماندەلی بکات. ئەوەش بڵێم کە ڕووسەکان بە مەکسیم گۆرکی دەڵێن شاعیر، کەچی شیعری نەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە کەلامیدا ناسکی شیعر و مانا و چەمکی بوونی هەیە، بەشاعیری دەزانن.

**کیهان فرهنگی:** جەنابتان لەنێو زاراوە کوردییە جۆراوجۆرەکاندا زیاتر بە کامە زاراوە بەرهەمی هۆنراوە و پەخشانتان هەیە؟

**شـەرەفکەندی:** زیاتر بەزمانی خۆم کە زمانی

دەوروبەری بۆکانە. ئەڵبەتە جیاوازی لەنێوان ئەم زاراوە و ئەو زاراوەیەدا نییە، بەڵام دەزانن ئاساییە کە مرۆڤ لە زمانی دایکدا هێز و توانایی زیاتری هەیە.

**کیهان فرهنگی:** لەنێو شاعیرە کوردەکاندا، جا کۆنەکان بن، یا هاوچەرخەکان، زیاتر حەزتان لە کامەیە؟

**شەرەفکەندی:** ئێوە ئەگەر بچنە نێو باخێکی میوە کە چەندین جۆر میوەی تێدا بێت، میوەی جۆراوجۆر دەخۆن و چێژیان لێ وەردەگرن، بەڵام ناتوانن بەشێوەی بڕاوە بڵێن کامەیان باشترە. ئەڵبەتە ئەوە بەجێی خۆی کە چەند کەسێ لەپێشینیان هەن کە لەدەرەوەی ئەم یاسایەن. وەکو مەولەوی کورد، ئەحمەدی خانی، [مەلا] ئەحمەدی جزیری و نالی کە لەپلەکانی سەرەوەدان و لەهەمبەر بلیمەتییان دەبێ سەری ڕێز بنوێنین. ئەڵبەتە وەفایی و سالم و کوردی و شێخ ڕەزا و حاجی قادر و ئەوانی تریش لە هونەری شیعر و شاعیریدا بلیمەت بوون. لەنێو هاوچەرخەکان، بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆر کەس من حەز لە «عەبدوڵڵا پەشێو» دەکەم و کارەکەیم زۆر بەلاوە پەسەندە. ئەو ماوەیەک لە عیراق بوو و ئێستا وەکو بیستوومە بووە بەمامۆستا و لە لیبیا دەژیت.

هەرچەندە «شێرکۆ بێکەس»مان هەیە و خەڵاتێکی دە هەزار دۆلارییشی بەدەست هێنا و لە ئیتاڵیا نازناوی هاوولاتییان پێ بەخشی و زۆر ڕێزیان لێ گرت، سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەگەر هەڵبژاردنەکە بەدەست منەوە بوایە خەڵاتەکەم بە «عەبدوڵڵا پەشێو» دەبەخشی. ئەو بەڕای من لەنێوان شاعیرە ئازادبێژەکاندا هەڵکەوتەیە.

**کیهان فرهنگی:** لەنێو نووسەرە کوردەکاندا، واتا ئەوانەی تەنیا بەرهەمی پەخشانیان هەیە، حەزتان لە کامەیانە و هەروەها خودی جەنابتان بەرهەمتان بە فارسی و عەرەبی هەیە؟

**شەرەفکەندی:** لەبارەی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان، دەبێ بڵێم ئێمە کۆمەڵە نووسەرێکی دیارمان هەیە کە بەهۆی نەبوونی زانیاری خۆم ناتوانم لەبارەیانەوە بدوێم، بەڵام دەکرێ ئاماژە بە نووسەری ناوداری کورد مامۆستا عەبدولکەریم بیارەیی ناودار بەمودەڕیس و موحەمەدی کوری، دکتۆر کەمال مەزهەر، مەلا شوکور مستەفا و مەسعوود محەمەد بکرێت.

لەبارەی بەشی دووەم، دەڵێم نەخێر. من بەرهەمێکی ئەوتۆم بەم دوو زمانە نەبووە. تەنیا هەندێ وتارم بە زمانی عەرەبی و فارسی بۆ ڕۆژنامەکان نووسیوە. ئەوەش بڵێم کە کاتی خۆی دەمویست بە فارسی شیعر بڵێم، بەڵام کەسێ – کە خوا لە باوکی خۆش بێت – پێی وتم: «چ دەکەی؟ هەر چییەکیش بکەیت و بگەیتە هەر چ قۆناغێکیش، ناگەیتە حافز.» تەماشام کرد بەڕاستی ڕاست دەڵێت و بەبوونی حافز شیعر هۆنینەوەی کەسانی وەکو من ئاو لەهاوندا کوتانە.

**کیهان فرهنگی:** مامۆستا بەگوێرەی ئەو ئاشنایەتییەی لەگەڵ زارە کوردییەکاندا هەتانە و هەروەها لەگەڵ بوونی سرشتێکی شیعری کە لای ئێوە دەناسین، بفەرموون کام یەک لە زارە کوردییەکان بۆ شیعر باشترە؟

**شەرەفکەندی:** یەکێ لە زارە کوردییەکان هەورامییە کە بۆ هۆنینەوەی شیعر لە کێشە جۆراوجۆرەکاندا لەنێو زاراوەکانی تردا ناسکتر و باشترە و شاعیری بەتوان «مەولەوی کورد» نموونەیەکی زۆر دیاری ئەم ئیدیعایەیە و ناسکی وتەی گەیاندووەتە لوتکە.

**کیهان فرهنگی:** کارمان بە ڕابردوو نییە، بەڵام ئێستا دەبینین جۆرێ لە تەسەوف لە کوردستان پەرەی سەندووە. هەندێ دەبن بەخەلیفە، شێخ، وەلی،...تاد ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم بابەتە؟

**شەرەفکەندی:** عەرز بێت کە من کارم بەڕابردوو هەیە و دەڵێم تەسەوف لە ڕابردوودا بەڕاستی تەسەوف بوو و حاڵ و هەوای دڵگر و سەرنجڕاکێشی خۆی هەبوو. دەزانن، پێش ئێستا سۆفیگەلێکی گەورە سەریان هەڵداوە کە بەڕاستی سۆفی بوون، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لەو ناوچانەدا باوە، بە بڕوای من تەنیا جۆرێ لە کاسبی و دوکاندارییە و هیچی تر.

**کیهان فرهنگی:** جەنابتان ئاشنایەتیتان لەگەڵ وەرگێڕی بەتوانا محمد قازیشدا هەیە؟

**شەرەفکەندی:** بەڵێ، جەنابی بێجگە لە هاوشارێتی، برادەری نزیکیشمە و پێش چەند ڕۆژ دیدارێکم لەگەڵیدا هەبوو. دوو بەرگ لە یادداشتە تایبەتەکانی لای منن و بڕیار وایە بەرگی سێیەمم بداتێ. لە ڕاستیدا ئەو جگە لە وەرگێڕ بوون، نووسەرێکی باشیشە.

**کیهان فرهنگی:** ئێوە ساڵانێکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی و لە کۆمەڵگاکانیاندا ژیاون. لەنێو شاعیرە هاوچەرخە عەرەبەکاندا لەگەڵ کەسێکدا لەنزیکەوە

ئاشنایەتیتان هەیە؟

**شەرەفکەندی:** عەرز کەم کە من ئاشنایەتیم لەگەڵ نەوەی هەنووکەیی و گەنجی هونەرمەندە عەرەبەکاندا نییە، بەڵام دۆستایەتی نزیکم لەگەڵ شاعیری ناوداری عەرەب محەمەد مەهدی جەواهیریدا هەبوو. ئەو شاعیرێکی بەناوبانگ بوو کە ئەڵبەتە ئێستا نازانم لە ژیاندا ماوە، یان نا. هەروەها ئەحمەد سافی نەجەفی و عەبدولوەهاب ئەلبەیاتیم دەناسی کە هەردووکیان لە شاعیرە پلە یەکەکانی عەرەب بوون. محەمەد ساڵح بەحرئەلعلومیشم دەناسی کە شاعیرێکی خاوەن توانست بوو، بەتایبەتی چامەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش و جوانی هەبوو.

**کیهان فرهنگی:** لەگەڵ مامۆستا شەوقی(١٢) شاعیری کورد چی؟

**شەرەفکەندی:** مامۆستا شەوقی لە میسر دەژیا. بەداخەوە کاتێ من فێری عەرەبی بووم، ئەو کۆچی دوایی کردبوو. دەوروبەری ساڵی ١٩٣٥.

**کیهان فرهنگی:** سوپاستان دەکەین و هیوای سەلامەتی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**پەراوێزەکان:**

**(١) «استاد عبدالرحمن شرفکندی، مترجم و شاعر کُرد» کیهان فرهنگی، ش ٥، ١٣٦٧/ ١٩٨٨، ص ١-٦.**

**(2)- http://www.oeaw.ac.at/iran/german/ahmed_amr.html**

**(٣) هەژار بە فارسی آکادمی علوم (ئەکادیمیای زانستەکان)ی پێ وتووە، بەڵام کەمێ خوارتر بە ناوی مجمع علمی باسی لێ دەکات، بۆیە پێمان وایە مەبەستی کۆڕی زانیاری بووە. (وەرگێڕ)**

**(٤) بنکەی لێکۆڵینەوەی ئێران زەمین.**

**(٥) دەزگای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە فەرهەنگییەکان.**

**(٦) «عەرز کەم» (عرض کنم) دەربڕینێکی فارسییە بۆ ڕێزگرتن لە بەرانبەر بە مانای: «بڵێم». (وەرگێڕ)**

**(٧) شیعرە کوردییەکان لە کیهان فرهنگیدا بە ڕێنووسی کوردی نووسراون. ئێمەش بە هەمان شێوە و بە بێ دەستکاری هێناومانن. (وەرگێڕ)**

**(٨) پێوەندییە کولتوورییەکانی ئێران و میسر.**

**(٩) دەزگای ئاوەدانکردنەوەوە.**

**(١٠) «عەرز بێت کە» (عرض شود کە)ش دەربڕینێکی فارسییە بۆ ڕێزگرتن لە بەرانبەر کە مانا وشە بە وشەکەی بریتییە لە: «بخرێتە ڕوو کە»، بەڵام لە ڕاستیدا هەمان مانای «عەرز کەم»ی سەرەوە دەگەیەنێت. (وەرگێڕ)**

**(١١) عەوام پەسەند: جێی پەسەندی هەمووان. (وەرگێڕ)**

**(١٢) مەبەست (امیر الشعراء)ی ئەحمەد شەوقی بەگە. (کیهان فرهنگی)**

*** سەرنج: دوای ساڵانێکی دوور و درێژی کارکردن مام هەژار ئەوەندەی خەریکی تەواوکردنی کار و بەرهەمەکانی خۆی بووە، ئەوەندە خەریکی گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی نەبووە، بۆیە کەمترین دیمانە و گفتوگۆی لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و بیانییەکان کردووە. ئەم گفتوگۆیە یەکێکە لە گفتوگۆ دەگمەن و دانسقەکانی کە بۆ یەکەمین جارە بە زمانی کوردی دەیخەینەوە بەر دەستی خوێنەرانەوە.**

**(ڕامان)**

# فورات جەوەری:
# ئیرۆ و هەم د ڕۆژێن پێش دا ژی هەوجەداریا مە گەلەک ب چیرۆک و ڕۆمان و پەخشانێ هەیە

**ئا: ڕامان**



فورات جەوەری ناڤەکی بەرنیاس و فرە بەهرەیە، هەرچەندە وەکو چیرۆکنڤیس جهێ خوە د قادا ئەدەبیاتا کوردی دا گرتیە، لێ د جیهانا رۆژنامەڤانیێ ژی دە دەستەکێ بالا هەیە، چ وەکە رادەکسیونا لیترەتووریێ دەما گۆڤارا نوودەم دەردخست، چ وەکە ئەرشیڤڤانی دیرۆکا رۆژنامەڤانیێ دەما کۆڤارێن هاوار و رۆناهی ژ تاراتبێ دەرخستین و ب جوانی ئێخستینە بەردەستێ خواندەڤانان، چ وەکە نڤیسکارەکێ پەخشانێ کو د چەندین رۆژنامە و گۆڤار و سایتێن ئەلکترۆنی دە گۆشەیێن نازک و مفادار خەملاندینە. ژبۆ پتر شارەزا بوون د ژیان و بەرهەمێن ئەڤی نڤیسکاری دە، گۆڤارا ڕامان ب فەر زانی ئەڤێ چاڤپێکەفتنێ دگەل دە بکەت.

نڤیسکاری ب ناڤودەنگ فورات جەوەری داکو ژبۆ گۆڤارا ڕامان هەر تشتێ د هزر و بەرنامەیێن وی دا، د کارو خەباتێن وی دا یێن سالێن بۆری وەکو ئەزموونەک بدت بێختە بەردەستێن خوندەڤانان و مفا ژێ بێتە وەرگرتن. مە ب ڤێ پرسیارێ دەستپێکر:

* کارو خەباتێن تەیێن چاپبووی وەکو ئەم دبینین نڤیساندن، شیعر و کلتور و ئەدەبیاتە نڤیساندن لسەر سەفەرنامە و وەکو چیرۆک نڤیسینێن تەیێن جودا جودا، ئەم دخوازن تو بخوە ژبۆ مە بەحس بکی کا فورات جەوەری کی یە؟

– ئەز دسالا (١٩٥٩)ێ ل باکووری کوردستانێ و ل هەرێما مێردینێ هاتمە دنیایێ. زارۆکیا من د مالباتەکی کوردی ئاخێ دا دەرباز دبوو، کو تێ وێ مانایێ من نیڤەکێ ژ ژینا خوە ل دەرڤەی وەلات بوهراندیە، ژبلی کو ئەز دەهـ سالان ل دورک و دورا چیاکێ مازی و دەهـ سالان ژی ل نسێبینێ بوو مە.

گاڤا ١٩٨٠ ئەز دەرکەتم دەرڤەی وەلێت، وێ چاغێ تەڤگەرا سیاسی یانی تەڤگەرا قوتابیان و خورتان ل باکووری وەلێت هەبوو، ئارمانجا من یا مەزنتر کو دەرکەڤم دەرڤەی وەلێت ژبۆ نڤیسینا زمانێ کوردی بوو، هەروەسا نڤیساندنا زمانی کوردی من د سالێن بچووکیایێ دا دەستپێکر، من ددیت کو کورد لسەر ئەردا خوە دژین و ب کوردی دپەیڤن ژی لێ نڤیساندنا وان یا کوردی تونەیە، ڤێ یەکێ بالا من پڕ کشیاند، پشتی ب تەسادوفی و دیوانا سەیدایێ جەگەرخوین ژی کەت دەست من، من خوەند و من ژی فێهم کر، و نڤیسینا کوردی هێش بێتر بالا من کشاند، ژ وێ ڕۆژێڤە ئەو نڤیساندنا کوردی و پاشی ژی ئەدەبیات مینا نەخوەشیەکی کو ئەڤە بیست و سێ سالە دەستێ خوە خستیە قرکا من و دەڤ ژمن بەرنادە، یانی کو ئەز دەڤ ژی بەردم ئەو دەڤ ژ من بەرنادە و ڤێ ئەڤینێ وەکر کو ئەز بچم ل سویدێ لجهـ ببم و ئەو سال تا ئەڤ سالە ئەز دناڤ چالاکی و ئەکتیڤی یا زمان و ئەدەبیاتا کوردی دا مە.

* کەک فورات نڤیساندنێ تە دەستپێکێ دوو کۆمەلێن چیرۆکان بوونە (١٩٨٦) گرتی و کەڤۆکا سپی (١٩٩٢)ێ دا چاپ بوویە، پرسا من ئەوە ئەڤ چیرۆک چ بوون، چیرۆکا ژیانا تە بوو، ژیانا گەل و وەلاتێ تە بوو، یان ژی خەون و خەیالێن تە بوون د وان دوو چیرۆکان دا وەکو دەستپێکا نڤیساندن چاپ بوون هنەک لسەر ناڤەرۆکا وان چیرۆکان ژ مە را بئاخڤێ؟

**٣- نوێترخوازان:** «بەڵام هەمان بزاڤی وێنە دواجار لە ڕێگای لادان لە نۆرمی زمانی باوەوە شیعریی شێت دەلکێنێ بە جیاوازنووسان (نوێترخوازان)ـەوە و "بڤە کردن بەهەنێ ڕێسای پیرۆز، کە هەست دەکرا بۆتە دەسەڵاتێکی زمانی و نوێترخوازان دەیانویست لێی دەرباز بن؛ هەوڵی پێناسەیەکی نوێ دەدەن بۆ شیعر و زمان و بە تەنیا کارکردی زمان دەکەن ئاڵای سەدەی دوای دوو هەزار بۆ هەموو بوارەکانی ئەدەب.. لەم پێناسەیەدا ئیتر وێنە گرنگی خۆی لەدەست دەدا و نامۆکردنەوە لە ڕێگای گەمە و کارکردی زمانەوە دێتە ئەزموون... لە شیعردا ئیتر"دال" بەدوای "مەدلوول"ێکی دیاریکراودا ناگەڕێ، بەڵکو هەوڵ دەدا وەک دال بمێنێتەوە و سرکێتی خۆی بپارێزی... نوێترخوازان لایان وایە».

«لەم قۆناغەدا ئیتر چێژی خوێندنەوە لە ڕێگای مامەڵەکردن لەگەڵ مانادا (واتە پێوەندی ڕاستەوخۆی دال و مەدلوول"ـەکان نییە)، بەڵکو لە ڕێگای سرکێتی دال- ـەکانەوەیە دژی هەموو مانا چەقبووەکانی زمانیی ئاسایی

و نەکەوتنە داوی مەدلوولگەلی کلێشەیی».

«پێـویسـتـە ئامـاژە بکەم، کـەڵک وەرگـرتن لە دەرەتانەکانی فەلسەفە و ئەدەبی پاش مۆدێرن یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شەپۆلەی دواییە لە شیعری نوێی کوردیدا؛ واتە ناپێکهاتەیی (لەبری پێکهاتەی پتەو)، کارکردی زمان (لەبری وێنە)، تەنز و ئایرۆنی (لەبری ڕەشبینی)، شکاندنی سێنتاکسی باو (لەبری زمانی تۆکمە)، ڕێژەییبوونی مانا، کەم مانایی و تەنانەت بێ مانایی و نائایدیۆلۆژی بوون (لە بری مانای سەرەکی) چەند دەنگی بوون (لە بری تاک دەنگی)، گەمەگەلی لە ڕادەبەدەری زمانی بۆ گرنگیدان بەپانتایی زمان، کەڵک وەرگرتن لە دەنگ و ڕەنگ.. چەند کێشیی، پارانۆیا و ئسکیزۆفرنی و وتەزاگەلی نکوڵی لێکراو، گومانکردن لە عەقڵانی بوونی جیهان و....تاد وای لەم شەپۆلە نوێیە کردووە کە ڕەخنەگران بەگومانەوە لێی دەڕوانن و مان و نەمانی کەوتووەتە محاقەوە.»

١- حەمەساڵەی سووزەنی:

**بەعینجە و فینجەوە.. چ شار**

**(١)**

**هەر با دەڕۆم و شار ئەخۆمەوە.. نا تینوو**
**سەر بە هیچ و مل بەتەریقەتی ئاوێنەتا جیوە**
**ماڵ نەهەڵکشاوانە ئەڕووخێ**
**تۆ بەنا ئەژێت و بەتینوو**
**هەراوە شار خۆت بە ئاسن و هوتێلەوە تامەزرۆ**
**من بای ئەدەمەوە بە لەرزانەیی جیوەتەوە خەون ئەتۆرم**
**ئەو... بەشارانە و بارانە ئەکۆکێ بێ هوتێل نووستێ لەتۆدا**
**ئەخواتە ئاوێنە چۆڵەکانی تۆ..**
**من نا خۆت و تینوو و جیوەترین سینگ و ئەم ئاسنە ناخەوێ**
**چ هەرا هەرایەکە بە قۆڕاخ**
**ئەی بەرد؟**
**شەقامە شینەشینی دێ و "سەما"یە پێت ئەڵێ "گواش"**
**بەزەمهەریری ڕۆژەوە.. هەتا هەتاو... هەتاو هەتا هەتا هەتا.. هەهە..هەهە**
**چ نادیارە ئاسنی هوتیل و با ئاوێنە لۆچایی دەبێ نابێ دەبێ**
**بەسەرتەوە چ چۆلەکە ئاوێنە بێ چ ماچی جیوە جیوەکەت هەرگیز نەبێتە ئاوێنە.. ببێ نەبێ سەرم دەبێتە جیرەجیرڕڕ**
**بە ئاسنی خەوتووتەوە.. بە بەردەوە کە بۆتە خێـزززز نابێ بە زیخ نەبەردەبا بەردە**
**تۆخوا بەرۆکم بەردە... سەدجارم گۆت ئاوێنە!**
**شێن بە شەقامەوە مەکە بکە بەتوون. تەتەر بەرێت و توون هەتا**
**تۆکە بە شارە شارەوە ...ئەچیتە بانەبانی ئەو چ جیوەبێ و**
**ئەلەرزم وەک سەگ... مەیلەرێنەوە ئەبێ بەچی؟**
**ئەبێ بەئاو و چۆمەچۆم ئەبێ بەبا بە ئاسنی هەتا خوااا... هاهاهاها**
**تۆکە دەڵێی نەنووستو..وم ومم بە هەرچی لەرزە لەرزی جیوەتە چ تۆ بڵێی چ ئاوێنە و هوتێل و با بێ یا نەبا**
**ئەوە بەم شەوە ترشەوە ...کەر دەوەڕێ بە هەرچی شار و ئاسنە ..هوتیل ئەنێ بەخەوتەوە**
**بێچارە زیخ و خیز و بەردی چی.... زمانە هات و هووت ئەکا**
**چ ماکەرێکە ئاوس س س ەو سبەینێ (جا..) ێکی دەبێ دەزێ دەبێزی دە**
**شەقامی شارمشار ئەکەم بەسێن دەبێتە سارمسار سەقامی سار**
**بەسار سەرم سرینی دێ سەڕین بەماکەر و سڕین لەبەر ئاوێنەکەت**
**تۆ ڕوومەتیت بەگوڵ دەگۆت؟**
**ئاوێنەیی بەمەڕمەرت مەڕێ لە دوورەوە فڕی بەکەو دەڵێی؟**
**نا ئەمە شیعرە هەر مەرم کردەبەکەر ببوورەکەوم دێ..**
**ئەوەچی دەڵێن ئەو دوانە دوانە دوان دوانیان کرد بە جارێ...**
**لەوێوە ئەڕوانێ و لای وایە ئاوێنە سەوق ئەخاتە ساوی نازانێ وێڵی کە! هەرسێکمان بەئاسن دەبینێ زۆر پیرەو شارەسار نازانێ**
**شەقامی شار مسار ئەکەی؟ ئەکەم ئەکەم ئەکەم ئەکەم**
**هوتێلە و ئەم جارە بارانە بە شاردا شیعریوە و لەرزانە کردوویە بە شیعرا شەقام بێ یان سەقام... ئەو هەردێ و**

**منیش هەر با دەڕۆم و شار ئەخۆمەوە.. نا تینوو**
**سەر بە هیچ و مل بەتەریقەتی ئاوێنەتا جیوە**
**ماڵ نەهەڵکشاوانە ئەڕووخێ و**
**تۆ بەنا ئەژیت و بەتینوو شارەشار عەوەزی!**

هەروەکو دەبینن ئەم شیعرە بە ڕاستی جیاوازە. چۆن کەسێک دەتوانێ با بڕوا و شار بخواتەوە، یان شەقام چۆن شینە شینی دێ و...؟ جگە لەوانە ئەم شیعرە کۆلاژێکە؛ لە شیعری کلاسیکەوە بگرە هەتا بەیت و حەیران. هەروەها بە هیچ جۆرێک پەیڕەوی لە ڕێزمان ناکات و.... لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا خوێنەری شیعری ئاسایی دەتوانێ پێوەندی لەگەڵ بگرێ؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێ بڵێین: واتا لەم دەقەدا بە شێوەیەکی ترە. بەردەوام هەڵکشان و داکشانێک لە نێوان مانا و بێ مانابییدا لە گۆڕێ دایە. ڕۆلان بارت دەڵێ: «هایکۆ واتا دەرنابڕێ، لە دەستیشی نادا، خاڵی هەرمانی ئەندێشە هاوکاتی واتا و بێ واتاییە» کە وابوو کێشەی ئێمە بە تەنیا واتای دەق نییە، بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەرە کە، هەر وەکو لە پێشدا ناوم بردن، دەقێک بۆ بەردەنگ نامۆ دەکەن. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە هەر کام لەو شیعر و دەنگانەدا جیاوازی بنەڕەتییان پێکەوە هەیە، هەر وەکو باسمان کرد لە هەر دوو هێڵەکەدا، لێرەدا بۆ سەلماندنی جیاوازی ئەم شیعرانە چەند نموونەی تر دێنینەوە.

ڕەزا عەلیپوور:

...

**بە حەرفێکەوە کەوایە هەڵواسم**
**کڵاوێ - کە|نیتە- بیکەمە سەر نوقتەیەک**
**«ئەو پەڕەکەی مردنم دالێکە ڕاخراو»**
**یان ئێوارەکان لە نوونێکدا**
**گیرفانی کراسەکەم، قووڵتر بشۆم.**
**ئەگەر وابوو**
**کەشێک دەستی من درێژە بات**
**خۆشێکی پیا بدەن**
**باوکم لەوەسەتی پیرییەکانیا دائەنیشێ**
**ئیدامەی خوتووتی**
**- وەک ئێوە-**

ئەمەش نموونەیەکی تر لەم شیعرانەیە کە بەشێکە لە کتێبی «قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە» ڕەنگە بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە وردبینترین و هۆشیارترین خوێنەر بە پاشخانێکی زەینی دەوڵەمەندمان پێویست بێ؛ بەڵام ئایا وەها خوێنەرێک لە ناو جەماوەردا بەدی هاتووە؟ بۆیە دەڵێم وردبین چوون چکۆلەترین پاژی ئەم شیعرە ڕۆڵی خۆی دەگێڕی. دەڵێم هۆشیار چوون خودئیرجاعییەکەی تایبەتی تێدایە، دەبێ بگەڕێیەوە سەر دەقەکە. پاشخانی فیکریش کە ئەوە نکوڵی لێناکرێ، هەروەها دیسان گۆڕان بەسەر ئاستی ڕێزماندا هاتووە.

کەماڵ ئەمینی:

**درەخت ئەڵێی**
**زەمانی ئەسپە و چای**

**کە ئەڵێی - - : -**
**منیش خۆرنشینەکانی ئوتویان**
**لە**
**تم**
**ئەکا بەسەر هەرچی پرتەقاڵی مەمکی یارمە**
**وەک ئەڵێن / :**
**«ئاوەدان ئەو پاییزانە بەهەناسەکانی یارما چوو»**

**١١- پاییز تاقەتێکی زەرد بوو لەناشوێنی کوڕێکا**
**داوەری وەک بێ تاقەتی مانگ**
**داخم ئەسپ ٤ چۆنە**
**کە من شێتی جادەم**
**یا پەپوولەیەک بنووسم کلیشە ئەبم**
**ڕەنگتر لە نارنجی ٨**
**قەپ لێ دارو**
**مانگ ئەڵێم**
**ئیمشەو تا بزانی هێشتا شاعیرم ١٨**
**نەمتوانی**
**هەرگیز لەچی شیعرێکا**
**ئەوەبی کە خۆت بڵێم**
**یا ئەوەبم کە خۆم بڵێن/ :**
**٤- ئەسپ ئەشێ حاڵەتێک بێ لەکاغەز، ساعات ٤ و ٣٠ دەقیقە ڕووی دا و زەوی لەبەر چاوما ڕووت بووەوە**
**٨- خەیاڵی پیاوێک مەیلۆ نەرم و ئاستانەی**

**باڵندەشێدارتر لە هەناسەی دەمەو ماچی پارک وەک ترسێکی سەوز**
**١٨- ئەڕژێمە ناو خۆمەوە، مشتێ شێتی لەکەڵلەما ئەڕوێ و کەس لەکەسێکما ئەڕژێ ئیتر چ پێویست قژم شۆڕ کەم پەنجەکانم بەسەر یەکدا دائەوەرێن پاییزتر لەشێت هاوتەریبی با برێ جار ئەوەندە ئەمرم هیچ شیعرێک نازانم بنووسم چۆن...**

هەروەکو دەبینین لێرەدا ئەم ڕەوتە زۆر بەرچاوترە، واتە مانا لە چرکانە شیعردا باشتر خۆ بەدەستەوە دەدا و لە شیعری شێت و شیعرە سەرەتاییەکانی حەمە ساڵەی سووزەنی بە تایبەت شیعرەساتدا دیسان هەر مانا باشتر خۆ بە دەستەوە دەدا، بەڵام لە شیعری نوێترخوازەکاندا ئەم ڕەوتە زۆر توندترە خوێنەر زۆر بە کەمی دەتوانێ پێوەندی لەگەڵ بگرێ.

هەر وەکو باسم کرد؛ تایبەتمەندی ئەو جۆرە شیعرانە ناکرێ پۆلێنبەندی بۆ بکرێ، چونکە کاتێک دەڵێین جیاوازی لە دوو هێڵی هاوزەمەنی و هاوکاتیدا، دەبێ ئەو شیعرانەش جیاوازی بەرچاویان پێکەوە هەبێ و هاوکاتیش هێزی داهێنەرانەیان تایبەتمەندی نوێ بەدی بێنێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەو خاڵانەی بۆ دابین بکەین.

١- هەروەکو پێشتر باسمان کرد جیاوازبوون لە هەردوو تەوەری مێژوویی و هاوکاتیدا.

٢- پشت کردن لە دیاردەی خەتتی بوونی شیعر و ڕوو لە ناخەتتی کردنی شیعر.

٣- گۆڕان بەسەر ئاستی سینتاکسی زمان، بەشێوەیەکی بەردەوام.

٤- ڕەسەنایەتیدان بە ماکی چەن زمانی لە شیعردا و هەروەها زمان لە شیعردا. پچڕپچڕکردنی وشەکان و هێنانی لەپەرتاوی وشە.

٥- گرنگیدان بە وێنەی حەجمدار لە شیعردا.

٦- لەناوبردنی مانا و دووهێڵی کردنی ئاستی تێگەیشتن بە شێوەیەکی کاتی و بەشداری کردنی خوێنەر لە سازدانی مانا.

٧- تێکچوونی ماکی ڕیوایەت و لیکۆژی زمان و تەنانەت وێنەش.

٨- بەکارهێنانی فۆرمگەلێکی زۆر.

٩- ڕووکردن لە شیعری فیگۆڕاتیڤ.

١٠- وێنە گرنگی خۆی لە دەست دەدا و نامۆکردنەوە لە ڕێگای گەمە و کارکردی زمانەوە دێتە ئەزموون.

١١ -"دال" بەدوای "مەدلوول"ێکی دیاریکراودا ناگەڕێ، بەڵکو هەوڵ دەدا وەک دال بمێنێتەوە و سرکێتی خۆی بپارێزێ.

١٢ - چێژی خوێندنەوە لە ڕێگای مامەڵەکردن لەگەڵ مانادا (واتە پێوەندی ڕاستەوخۆی دال و مەدلوول"ەکان نییە) بەڵکو لە ڕێگای سرکێتی دال"ەکانەوەیە دژی هەموو مانا چەقبووەکانی زمانیی ئاسایی و نەکەوتنە داوی مەدلوولگەلی کلیشەیی.

١٣ - ناپێکهاتەیی (لەبری پێکهاتەی پتەو)، کارکردی زمان (لەبری وێنە).

١٤- زمان (لەبری وێنە).

١٥- تەنز و ئایرۆنی (لەبری ڕەشبینی).

١٦- ڕێژەیی بوونی مانا، کەم مانایی و تەنانەت بێ مانایی و نائایدیۆلۆژی بوون (لەبری مانای سەرەکی).

١٧ - چەند دەنگی بوون (لەبری تاک دەنگی).

١٨- گەمەگەل لە ڕادەبەدەری زمانی بۆ گرنگیدان بەپانتایی زمان، کەڵک وەرگرتن لەدەنگ و ڕەنگ.

١٩- پارانۆیا و ئسکیزۆفرنی و وتەزاگەلی نەهی لێکراو، گومانکردن لەعەقڵانی بوونی جیهان و...تاد

سەرجەمی ئەو تایبەتمەندییانە بوون کە تارادەیەکی زۆر ئاستی پێوەندی گرتنی بەردەنگی شیعری کوردی لەگەڵ ئەو جۆرە شیعری هێنایە خوارەوە. ئیتر خوێنەر نەیدەتوانی بە ئاسانی لایەنە دەلالەتییەکانی دەقی شیعری بە باشی هەڵداتەوە و چێژی تایبەتی لێ وەرگرێ. زۆربەی ئەو خاڵانەی سەرەوە لە شیعری نەوەکانی پێشوودا وەبەرچاو ناکەون و خوێنەری کوردیش کە خووی بە وەها لیکۆژێک لە خوێندنەوەی شیعر نەگرتووە، ئیتر چێژی تایبەتی لەو بەرهەمانە وەرناگرێ. هەمووی ئەوانە لەلایەک و لە لایەکی دیش جیاوازی دەنگی ئەو شیعرانە پێکەوە بوو کە هەرکام لە ئاستی فۆرم و زمان و نێوەرۆکەوە لەوانی تر جیاواز بوون. خوێنەری ئاسایی تووشی سەرلێ شێواوی دەکرد.

* * *

٢- هۆکارەکانی پێوەندی نەگرتنی خوێنەر و ئەم جۆرە شیعرە چییە؟

**١- كارا نەبوونی ڕۆڵی ڕەخنە:**

لێــرەدایە كــە دەبوایە ڕەخنەی ئەدەبی كــوردی و ڕەخنەگرانی نوێخوازی شیعری كوردی ئەركی ناساندنی ئەو جۆرە شیعرەیان بۆ خوێنەری ئاسایی وەئەستۆ گرتبا. لە وەها هەلومــەرجــێكدا كــە پێـویسـتـی بە بوونی وەها دەقگەلێك، زۆر هەست دەكرێ كـە لە ئاستـێكی بەرزدا ئەو پێوەندییەی كە پێشـتر باسمان كرد، واتا پێوەندی نێـوان (نووسـەر ـ خـوێنەر) یان (دەق ـ بەردەنگ) بەدی بێنێ هێندێك نووسـراوە هاتە گـۆڕێ كـە بەداخـەوە بە باشی نەیانتـوانی ئەو بۆشاییە پڕ بكەنەوە. كـاك عـەتا نەهایی دەڵێ: «سنووری نێـوان جـۆرە جـیـاوازەكـانی نووسین وەها كـەمڕەنگ بۆتەوە و شێـواوە، یان هەوڵ بۆ خانەبەندی كردنی زمانەكان وەها تووشی گرفت بووە كە هەمـــوو جـــۆرە نووســـینێكی وەك شـــەرح كـــردن و ساغكردنەوە و پەراوێزنووسی لەسەر دەقە كلاسیكەكان، لێدوانی بەپەلە و خوێندنەوەی ڕووكەشی دەقە تازەكان و باس و بابەتی تیوریكی زانستی، هەر هەموویان بە ناوی ڕەخنەی بەرهەمی ئەدەبیـــــەوە دەنووســـرێن و لە هەمـووشیـاندا ئەوەی كە ون و غـایبە، ڕەخنەیە و ئەوەی كـە پشـتگوێ خراوە و فـەرامۆش كراوە دەق و بەرهەمی ئەدەبیـــە.» ئەم بەڵگەیە دەیســەلمێنێ كـە بەرهەمی ڕەخنەیی لە ڕۆژهەڵاتی كـوردسـتـانـدا و لەم سـاڵانەی دواییدا بوونی بووە، بەڵام بە چەند هۆ نەیتوانیوە ڕایەڵی پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر بێ:

١- هێندێك لەو بەرهەمـانە زۆر ڕووكەشیـیـانە و لە ئاسـتێكی نزمدا تەنیا لە هەوڵی ڕادەربڕین و بۆچوونی تاكـەكـەسـیـدا بوون و بە هیچ شـێـوە ئاوڕیان لە تیـوری ئەدەبی قـوتابخـانەكـانی ڕەخنەی ئەدەبی نەداوەتەوە. كە واتە لە ئاست ئەم جـۆرە شـیـعـرە بە یەكـجار كپ و بێ دەنگ دەبێ. جۆرە شیعرێك كە دەتوانین بڵێین بەشێكی زۆری لە بەدیهـــاتنی خـــۆی قـــەرزداری قـــوتابخـــانە جۆراوجۆرەكانی ڕەخنەی ئەدەبییە.

٢- ئەو بەرهەمانەی كە تەنیا بە شێوەی كلاسیك لە هەوڵی ڕوونكردنەوەی مـانای بەرهەمی ئەدەبیدا بوون و تەنیا بۆ ڕوونكردنەوەی قـامـووسی هێندێك جوانكاری ئەدەبی بەسەندەیان دەكرد. دیسانیش جانتـای ئەو جۆرە نووسینە لە تیورییە ئەدەبییەكان خاڵی بوو و نەیدەتوانی شرۆڤـەگەری ئەم جۆرە شیعرانە بێ كە مانا لە واندا سرك و سڵە و زۆر درەنگ دەستەمۆ دەبێ.

٣- ئەو نووسراوانەی كە تەنیا بە پێناسەكردنی تیوری ئەدەبی بەسـەندەیان دەكرد. بۆ نموونە ڕەنگە لە وتارێكدا فـۆرمـالیـزم پێناسـە بكرێ، یان پێكهـاتەخـوازی، یان هێرمێنۆتیك و...تاد دیسـانیش ئەو بەرهەمانە لە سەر ئەو جۆرە شیعرە جێبەجێ ناكرێن، ئەوانە هەرچەند زۆر بە كـەڵكن، بەڵام یارمـەتیـیـەكی ئەوتۆ بۆ خـوێندنەوەی ئەوجۆرە دەقە نادەن.

٤- ئەو نووسـراوانەی كـە پشت بە تیـوری مـۆدێرن دەبەستن، بەڵام بۆ خوێندنەوەی شیـعری كـلاسیك و بە تایبـەت نالی بەكـار دێن، ئەوانەش هەرچەند دەكــەونە خانەی ئەو نووسراوە بە كەڵكانەی كە بەشێك لە سامانی ئەدەبیـاتی ئێـمـە سـەرلەنوێ و بە شـێـوەیەكی نوێ دەخوێنێتەوە، بەڵام دیسان گوێ بە دەقی پێشڕەو نادەن.

٥- ئەو دەقـانەی كـە بۆ پێناسـە كردنی تیـوری ئەدەبی كەڵك لە شیعری سەردەمیانە وەردەگرن، بەڵام خەسارێك كە هەیانە، ئەوەیە لە جیاتی ئەوەی لە هەوڵی دۆزینەوەی داهێنانی نووسەر بن، تەنیا لە هەوڵی دابەزاندنی تیوری دان و پاسـاو بۆ تیـوریـیـەكـان دێنێـتـەوە. ئەو جـۆرە نووسـراوانە لە مـەبەسـتی من زۆر نزیك دەبنەوە، بەڵام هێشتا ناگەنە ئاستی تیورییەكی پراكتیزەیی ڕیشەدار.

٦- لە بەرانبەری هەمووی ئەو جۆرە نووسراوانە، چەند نووسـراوەی بە كـەڵك كـە هەم توانی بەشـێكی زۆری ئەزموونی ڕەخنەیی بۆ زمانی كوردی بگوازێتەوە و هەم لە ئاستی تیوریشدا بە پێز بوون، سەرەڕای ئەوانە لە لایەنە شاراوەكانی شیعری كەسانێكی وەك (یوونس ڕەزایی ـ ڕەزا عـەلیـپوور ـ محەممەدی ئەحمەدی و...تاد) دەدوان، بەڵام بەداخـەوە ڕێژەی ئەو وتارانە یەكـجـار كـەم بوو و بەردەوامـیـش نەبوو. كـەسـانێكی وەك (ڕەهبـــەر مەحموودزادە ـ مراد ئەعزەمی ـ عەبدولخالق یەعقووبی ـ فەرزاد میرئەحمەدی ـ عەلی قاسمی و...تاد) توانییان هەتا ئاستێكی باش ئەم پرۆسەیە بەرێوە بەرن.

هەروەكو دەزانین یەكێك لە گرفتەكان كە هەموو جۆرە نووسراوەیەك بە ڕەخنە پێناسە دەكـرا و مـەودای جـۆری ڕەخنەكـان و زمـانی ڕەخنەكـان زۆر ئاشكرا نەبوون دواتر زۆرێك لەو تیـورییـانە هەروا بە شـێـوەی پەتی و سـاكـار دەهاتنە ناو دەقی ئەدەبییەوە. سەرجەمی هەمووی ئەوانە

بووە هۆی ئەوەی کــە خــوێنەر لە بەرانبــەری ڕەخنەی ئەدەبیـدا بە قـەناعـەتێکی ئەوتۆ نەگـات و لە کـارکـردی ڕەخنەی ئەدەبی تەنیا سەرلێشێواوی بە نسیبی بوو.

**٢- ئاستی خوێنەر لەبەرانبەر ئەو ڕەخنانەدا :**

باسێکی دیش کە هێنانەوەی لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کــە بە هاتنی ڕێژەیەکی بێ ئەژمــاری تیـــوری ئەدەبی ڕۆژئاوایی، بە هۆی وەرگـێـڕانێک کە دەکـرا، بەداخـەوە تەنیـا چینێکی تایبـەت لە خـەڵکی ئێـمـە لەگـەڵ ئەو دیاردەیە ئاشنا بوون. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە زۆربەی ئەو تیوریانە پشتیان بە فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆیانەوە بەستـبـوو بۆ وێنە فۆڕمـالیـزم لە دیاردەناسی هۆسێـرلی کـەڵک وەردەگرێ و هێـرمێنۆتیک بەشێکی زۆری وزەی خــۆی قـــەرزداری هایدگــەرە و پێکهـــاتەشکێنی لە بیـرۆکـەکـانی دریدا کـەڵک وەردەگرێ و...تاد هەر بۆیە، ئەگەر بڕیار با خـوێنەری کـوردی چێـژی لەم جۆرە تیـوریە وەربگرتایە، دەبوایە بە شێوەی وانە و دەرس فێری بووبا، چونکە ئەو هەلەش نەڕەخسا مەودایەکی بەرچاو لە نێوان خـــوێنەری ڕەخنە و دەقی ئەدەبیــــدا بەدی هات، واتە بەشێکی زۆری ئەو خەسارە بۆ ڕەخنەگران ناگەڕێتەوە و خوێنەرانیش تێیدا بەشدارن. سەرەڕای ئەوە گۆڤارێک، یان چاپەمـەنییـەک کە بە شـێـوەی سیـسـتـمـاتیک ئەو بنەمـایانە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی فـێری خـەڵک بکا، نەبوو. تەنگژەی بێ خـــوێنەری هەروا ڕوو لە زیاد بـوون بـوو. هەمـووی ئەوانە کـاتێک بەرچاوتر خـۆی نیـشـان دەدا کـە ئێـمــــە ســـەرنج بدەین و بزانین یەکـێـک لە هۆکـــارە سەرەکییەکانی بەدیهاتنی وەها دەقی شیعرییەک هەر ئەو تیوربیە ئەدەبیانە بوون کە بە هۆی نەبوونی فێرکاری لە هەردوو ئاسـتی تیـوری و ڕەخنەی ئەدەبی ئەو بۆشاییـەی بەدی هێنا، ئەگینا شک لە بەرز بوونی ئاسـتی شـیعری جیـــاواز ـ تەوەر دا نییــە، لێـرەدایە کـە من پێم وایە بۆ ئاشت کــردنەوەی خــوێنەری ئەدەبی لەگـــەڵ ئەو جــۆرە نووسراوەیە چ لە ئاستی دەقی ئەدەبی وەک شیعر و چ لە ئاستی دەقی ئەدەبی لە چەشنی ڕەخنە، دەبێ هەنگاوی بە پێـز هەڵگیـرێ و چارەسـەری ئەم بۆشاییـە بکرێ، با نە نووسەری ئەم جۆرە دەقە غەدری لێبکرێ نە ڕەخنەگر و نە خوێنەریش.

**٣- لە بیر کردنی خوێنەر:**

لە سەدەی بیستـەمدا هێندێک تیوری هاتنە کایەوە کە زۆربەیان جـەخـتـیـــان لەســەر خــودی دەق دەکـــردەوە. بایەخێکی ئەوتۆیان بە خـوێنەر نەدەدا؛ بە هەڵکەوت ئەو دەقـانە هاتنە نـاو ئێـرانەوە، یان خـود وەرگـێـڕانەوە سـەر زمـانی فـارسی ڕەخنەگرانی کـورد کـەڵکـیان لێوەرگرت کە بنەمـاکـەی لەسـەر فـۆڕمـالیـزم دامـەزرا بوو. لەو جـۆرە ڕەخنەیەدا خـوێنەر تا ڕادەیەک فـەرامـۆش دەکـرێ و زیاتر جـــەخت لە ســـەر فـــۆڕم و دەلالەتی پێکهــاتەیی دەق دەکرێتەوە. ئاکامی ئەم دیاردەیە ئەوە بوو کـە لە جیـاتی ئەوەی بیر لە خوێنەرێکی مامناوەندی بکرێتەوە، بیـر لە خـوێنەرێک دەکـرایەوە کـە چالاک بێ و بتـوانێ مـانا لە دەقـدا بخـوڵقـێنێ نەک خـوێنەرێـک کـە لە خـوێندنەوەی خۆیدا تەنیا مەبەستی دۆزینەوەی مانا بێ.

هەروەکو پێـشـتـر باسمـان کرد، لەم جۆرە دەقـەدا زیاتر جــەخت لەســـەر خـــودی دەق و فـــۆڕمــــە، نەک واتا و واتاخوازی ئەوەش لە هەموو شەپۆلەکانی شیعری ئێراندا خاڵی بەرچاوە؛ چ لە شیعری شەپۆلی نوێ و چ لە شیعری حەجم و...تاد بە سەرنجدان بە شیعری جیاواز، دەبینین بنەمـاکـانی ئەو شیـعـرە لەگـەڵ ئەو شـەپۆلە شـیـعـرییـانە بێگانە نییە و سوودی زۆری لەم شێوازە وەرگرتووە و ڕوو لەدەقە و کەمتر لە خوێنەر.

لە لایەکی تریشـەوە ئەم دەقــانە بە زۆری کــەڵک لە دەرەتانەکـانی ئەدەبی پۆست مـۆدێرن وەردەگرن و یەکـێک لە بنەمـــاکــــانی ئەدەبی پۆست مـــۆدێرنیش لەبەر چاو نەگرتنی خـوێنەرە، واتە ئەدەبی پۆست مۆدێرن لە خـوێنەر هەڵدێ و بۆی گرنگ نییە کە خوێنەر چۆن بیر دەکاتەوە و لە چ ئاستێکدایە و چۆن دەخوێنێتەوە.

**٤- شێوازی نوێ:**

خـوێنەری هەر زمـانێک لەگـەڵ شـێـوازە ئەدەبی باو و چەسپاوەکـانی ئەو زمانەدا ئاشنایە- بۆ نموونە خـوێنەری شیعری کوردی سۆرانی سەرەتا لەگەڵ شێـوازی شیعری نالی نائاشنایە دوای مـاوەیەک قەرارادە شیـعـرییەکـانی ئەم قـۆناغـە بە فـەرمی دەناسێ و لەگـەڵی دەژی و چێـژی لێ دەبا، دواتر لە قـــوتابخــــانەی گـــۆراندا، ئەو ڕەوتە هێندێک کـورتتـر دەبێتـەوە بە هۆی ئەوەی کـە خـوێنەر بۆ تێگەیشتن لە واتای دەقی گۆران، پێویستی نییە لەگەڵ قــەرار و بڕیەی زۆر ئاشنا بێ و ئەم خـاڵانە لە قــەرار و بڕیەی زمـانی ڕۆژانەدا دەبینێـتـەوە کە خـووی پێگرتووە. کەوابوو خوێنەر باشتر لەگەڵ ئەم دەقانەدا گفتوگۆی دەکرد

و چێـژی وەردەگـرت. دواتر لە شـیـعـری ڕوانگەدا، ئەو شیعرەی زیاتر لە ئاستی واتادا ئاشنایی سڕینەوە دەکات، گرفتی پێوەندی خوێنەری دەق زۆر بەرچاو نییە. ئەمە لە کـاتێکدایە کـە خـوێنەر بۆ تێگەیشتن لە مـانای دەقی جیـاواز زۆر گـرفـتی هەیە و نـاتوانێ ئەو جۆرەی شیـاوە لەگەڵی بدوێ. یەکێک لە هۆیەکـانی ئەوەیە کە خوێنەر لەگەڵ قەراردادەکانی شیعری جیاواز ئاشنا نییە و کەس (ڕەخنەگر)ێک نەبووە ئاشنای بکات، چونکە شێوازێکی نوێیە و شەپۆلێکی نوێ.

**٥- بورجی عاج :**

ڕەنگە ئەدەبیات ئەو دیاردە تەنز ئامێزەی کە نۆرتڕۆپ فـرای باسی لێـوەدەکـات، لێـرەدا نیـشـان بدات. جـاران دەمانگوت نووسەری کلاسیک لە بورجی عاج دانیشتووە و تەنیـا بۆ بەردەنگی تایبەت دەنووسێ؛ بەڵام ئەو چاخە هەر دەڵێی گەڕاوەتەوە و نووسەری جیـاوازیش چووەتەوە ناو ئەم بورجی عـاجە؛ چونکە دوور لە تێگەیشـتنی باو دەنووسن و خوێنەرەکانیان کەسانێکی تایبەتن. جۆرێک مـۆدی ڕووناکـبـیـری لە ناویاندا دەبینرێ کـە ڕێگە بە هەمـــوو خـــوێنەرێک نادەن هەتا بڕۆنە نـاو کـــۆشکی ڕازئامـــێـــزیانەوە، هەروەها دوورەپەرێزن لە زۆر لە شاعیرانی ئاسایی.

**سەرچاوەکان:**

**(١) گزارەهایی در ادبیات معـاصـر ایران (شعـر)، دکتـر علی تسلیمی، نشر اختران، چاپ اول.**

**(٢) نقـد ادبی، دکتـر سیروس شـمیسـا ، انتشـارات فردوس، چاپ سوم.**

**(٣) فرهنگ اندیشه انتقادی (از روشنگری تا پسامدرنیته)، ویراسته مایکل پین، ترجمه پیام یزدانجو، نشر مرکز، چاپ سوم.**

**(٤) دانشنامـه نظریەهای ادبی مـعـاصـر، ایرنا ریما مکاریک، ترجمه مهران مهاجر و محمد نبوی نشر آگه، چاپ سوم.**

**(٥) سـاختـار و تأویل متن، بابک احمدی، نشـر مرکـز، چاپ پنجم ١٣٨٠ .**

**(٦) نقـد ادبی، علی تسلیـمی، نشـر کـتـاب آمـه، تهـران، ١٣٨٨.**

**(٧) ادبیــات چیـــست. ژان پل ســارتر، ابوالحـسن نجـفی- مصطفی رحیمی، انتشارات نیلوفر، چاپ هشتم، پاییز ١٣٨٨ .**

**(٨) هەندەسەی پەیڤ لە شیعری شێتدا، ڕەهبەر مەحموودزادە.**

**(٩) ئاوڕدانەوەیەک لە ڕەخنەی ئەدەبی کـوردی، عـەتا نەهایی، سروەی ژمارە ٢٠٤ .**

**(١٠) ڕەهەندەکانی ڕەوتی جیاوازی خوازی لە شیعری کوردیدا، ڕەئووف مەحموودپوور، سروەی ژمارە ٢٠٧ .**

**(١١) لەگەڵ شەپۆلەکانی شیـعری نوێی کـوردی، حەمەسالەی سووزەنی، گۆڤاری هەنار.**

**(١٢) قالییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندوو، ڕەزا عەلی پوور، چاپی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٦ .**

**(١٣) منم شاعـیـری ژنانی چاوەڕوان، یوونس ڕەزایی، ئاراس، هەولێر٢٠٠٧ .**

**(١٤) قـالاو یانی قـەفـەسێکی خـالی، کـەمـاڵ ئەمـینی، یانەی قەڵەم، سلێمانی، بەهاری ٢٠٠٧ .**

# ئەنتۆلۆژی لە شیعری نوێی کوردیدا

عومەر محەمەدی
(شنۆ)

## دەسپێک

ئەم گۆڕانکارییانەی کە لە سەدەکانی شازدە و حەڤدەوە بەسەر ژیانی مرۆڤدا هاتن، ڕوانگەگەلێکی جیاواز و ڕەخنەگرانەی ئاراستەی بوارەکانی ژیان کرد؛ قوتابخانەی مۆدێرنیزم، بەشێوەیەکی هاوچەرخانە، ڕەخنەی عەقڵیی ئاراستەی شوناسی بوون و مەعریفەناسی لە کردەوەکانی وەک: ئایین، داوونەریت، ڕەوشت، زمان و زانست کرد، تەنانەت خۆشی لەم بوارەدا بەرەو ڕووی ڕەخنە بووەوە، سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم لە سەدەی ١٧ی زایینیدا بە یەکەم وتەی "دیکارت " کە دەڵێت "من بیر دەکەمەوە کە وایە من هەم " هەودای گریمانەکانی لەسەر واقیع تێکداو بە ڕاشکاوی بوونی خۆی سەلماند و هزری زانستی سەقامگیر کرد. ئەم بزاوە ڕۆشنبیرییە، نیگایەکی هۆشیارانە بوو کە مرۆڤ توانی لە شوێن غەفڵەتی سونەتی بە شێوەیەکی نوێتر سەیری جیهانی سروشتی بکات.

قوتابخانە فیکرییەکان وێڕای جیاوازی ڕوانگەیی، جیاوازی جیهانی هزری لە جیهانی واقیع هێنایە بەرباس، سەرەڕای ئەمەش لەپێناوی هەوڵدانی تیوری "ئیگزیستانسیالیزم" تاک باوەڕی و زانستگەرایی سەری هەڵدا، دەسپێکی ئەم سەرهەڵدانە، دەرباز بوونی تاک لە تەڵەی بایەخمەندییەکانی سونەتی بوو، یەکەم دەستپێشخەری ئەم ڕەوتە "سارتر"ە، کە جیاوازی نێوان مرۆڤ و جیهان بە شێوەیەکی سەربەخۆ باس دەکات و دەڵێت: "مرۆڤ خۆی بەرپرسی هەڵبژاردنی خۆیەتی. شارەزای جیاوازیی نێوان خۆی و جیهانی دەورووبەریەتی، لەسەر ئازادی و سەربەستی خۆی ئاگادارە، بەم پێیە بە سەرنجدانێکی ورد لە تیوری "واقیع و دەوری دیاردە

سروشتییەکان" لە ژیانی مرۆڤدا، بۆمان دەردەکەوێت؛ "بوونناسی"بەدوا داچوونێکی فەلسەفەیە کە بنچینەی دیاردەکان لەسەر بوون پێناسە دەکات و پێوەندی ئەم دیاردانە لەگەڵ جیهانی واقیعدا دەشرۆڤێنێت. ئەم لقە لە زانستی فەلسەفە کە موتالا لەسەر بوون دەکات بە ناوی ئەنتۆلۆژی ontology ناسراوە.«١» بۆ ئەم مەبەستە؛ بە پێویستی دەزانین کە لەم وتارەدا بە شێوەیەکی زانستی و ئەنتۆلۆژییانە چەند تەوەرەی گرنگ لەسەر چەند دەق لە شیعری نوێ بخەینەبەر باس:

**تەوەرەی(١): پۆزیتیڤیزم و سەلماندنی دیاردە بەرهەستەکان:**

سەلماندنی دیاردە ڕاستی و بەرهەستییەکان پەیامی زانستی پۆزیتیڤیزمە، ئەگەر لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە سەیری ئەم دانپێدانە بکەین، دیاردە سروشتییەکان هەر بەم شێوەیە کە هەن تێکەڵ بە نەستی مرۆڤ دەبن، بە ئاگایی و هزرەوە باسیان لێوە دەکرێت:

**دەقی(١)**

"کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ/ بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون/ تاجەگوڵێنەیەک دێنێ/ئەگەر سبەی وەفدێک بێتە وڵاتی من/ لێم بپرسێ:../"کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟ / دەڵێم:/ گەورەم!/ لە کەناری هەر جۆگەیێ/لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ/ لەبەر دەرگەی هەر ماڵێ، هەر کلێسەیێ، هەر ئەشکەوتێ/ لەسەر گابەردی هەر شاخێ/ لەسەر درەختی هەر باخێ/لەم وڵاتە/ لەسەر هەر بستە زەمینێ/ لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ/ مەترسە! کەمێک سەر داخە و/ تاجە گوڵێنەکەت دانێ.«٢»

دیاردەکانی وەک، جۆگە، مزگەوت، دەرگە، کلێسە، ئەشکەوت، شاخ، درەخت، زەمین، ئاسمان، هەموویان جیاوازن، دەکرێ ئەمانە لە شیعردا کارکردی جیا، جیاییان هەبێ، بەڵام بەگشتی وەکو پاژی ڕێککەوتووی سروشت جێگەی باسن و تاکی شارەزا، باسیان لێدەکا. لەم شیعرەدا هەرچەند جیهانی سروشتی دیاردەکان لەگەڵ مرۆڤ لە پێوەندی دان، بەڵام دوو تەوەرەی لێک جیان؛ لەم شیعرەدا مرۆڤە بڕیاردەرە، لە جیهانی سروشتی، جیهانی ئارمانی بۆ خۆی ساز دەکا، کە "وەفدێ دەچێتە شوێنێ/بۆ سەرگۆڕی سەربازی ون/ تاجە گوڵێنەیەک دێنێ" وەفد لەم شیعرەدا وەکو هێمای ئەخلاقی، یان فەزیلەتی مرۆڤ باسی لێوە دەکرێ "تاجەگوڵێن" سەمبولی حورمەتی ئینسانە "سەربازی ون" کەسێتی، یان هۆیەتی مرۆڤێکی شاعیرە کە دەشێ بە شێوەی "کەسێتی" هاوبەش و گشتی مرۆڤەکان، ون بووبێ. جگە لەمە ئەخلاقی مرۆڤ دۆستی شاعیر دەخوازێ ئەم کەسێتی بێ سەروشوێنە، بۆ جیهان باوەڕی تاکەیی خۆی؛ بدۆزێتەوە.

لە سیستمی ڕای ئەخلاقی "کانت"دا،«٣» شوێنی جوغرافیایی وەکو مەکان، زەمان، یان جۆری ئایین بە نیگایەکی هاوبەش تەماشا دەکرێ، شوێن لای شاعیر لەم شیعرەدا تارادەیەکی باش، گشتییە، "کلێسا" شوێن جوغرافیایەکی بەرینتر لە وڵاتی شاعیر دەگرێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی گشتی مرۆڤ دۆستانەیە. هەرچەند لە دێڕی/ ئەگەر سبەی وەفدێک بێتە وڵاتی من/ سیمای شیعر تایبەتی دەکات، بەڵام ئەم تایبەتی کردنە؛ سیفەتێکی زاتی وەکو "کەسێتی" زەوتکراو، یان شاراوەیە. جگە لەمە بەکارهێنانی کەرەستە زمانی "هەر "بۆ ئاماژە لە هەر کام لەم شوێنانە مەبەستی گشتی دەپێکێت و سنووری دەربڕینی شیعر بەرفرەتر دەکات. با سەرنج بدەینە ئەم دەقە و شیکردنەوەی چەند کورتە دەقێکی دیکە:

**دەقی(٢)**

"جیهانی ئازاد /هیندەی گوێ هەڵخا/ بۆ زەمزەمەی نەوت لە جەرگەی خاکا/ کەڕو کوور بووە/ هەست بە سووتانی لووتکەی کێو ناکا/«٤» "هزری گشتی و جیهانی بیرکردنەوە لای شاعیر، دەرفەت بۆ بەستانداردکردنی شیعر دەڕەخسێنێ، نیگا بۆ شیعر بە شێوەیەکی پۆزیتیڤیانە دەگۆڕێ و کێشەکان و باوەڕە فیکرییەکان، چ لە ڕووی نەتەوەیی، یان، نێونەتەوەییەوە دەخاتە پێوانەی هەڵسەنگاندن، ئەم مەبەستە لە چەند خاڵێکدا بە کورتی شی دەکەینەوە:

١- شیکردنەوەی پێگە و ژیانی یاسامەند بە دوور لە قازانج ویستی بۆ دەسەڵات: جیهانی ئازاد "ئیدە و مەرامی فیکری شاعیرە، هەروەک لە دەقی پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەگەر قازانجخوازی ئابووری وەکو "نەوت" نەبێتە هۆی دەسەڵات و دەست بەسەر داگرتنی سامانی نەتەوەیەکی تر، مرۆڤەکان دەتوانن بە ئازادی و بێ چەوسانەوە بژین. لەم دەقەدا، جیهانی ئازاد لەگەڵ "کەڕ و کوور" دوو دیاردەی دژە وەستن، بۆیە لە لایەن شاعیرەوە بە تەوس و چەواشەوە باسی لێوە دەکرێت،

ڕێکخستنی وشەکانی دژەوەست لە جیهانی ئازاد، واتە جیـهـانی بە ڕوالّەت/ هۆشیـار/ بەلاّم/ کەڕ و کـەڕ و کوێر/ بوو لە ڕێکخراوی هەستی و هزریدا بۆ داهێنانی ڕسـتـەی مـانـادار، لەو دیاردانەی کـە هەن، دەتوانێت جیهانێکی مانادار بخولّقێنێت.«٥»

بۆشایی لەنێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و پاشکەوتوو" بەپێی چوونەسـەری شارسـتـانیـەت لە ڕێگای پیـشـە و بازرگـانی هەندێک گـرفت و کـێـشـەی ئەخـلاقی لێ کەوتووەتەوە، سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە پرسی ئەخلاقی دێنێـتـە پێش، ئەم پرسـە ئەخـلاقـیـیـەش دەبێـتـە "ئایدیۆلۆژی"، ئەم ئایدیۆلۆژییە بە ڕاوبۆچوونی "ئینگیز" ڕەنگە لەژێرخـانی ئاگـایی "subconscious" لە زەینی نووسەر و ئەدەبیاتدا خۆیا بێ، "ئالّتۆسێر" ئەم ڕوانگەیەی پەرەپێـداو، پشت ڕاستی کـردەووتەوە کـە شوێنەوارە ئەدەبییە گەورەکان، هەستی ژیان لە ناوەوەی ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت وێنا دەکەن و هەستێکی زیندوو پێکدێنن. "ئالّتۆسێر" لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە ئەم شێوە فۆرمە ئەدەبییە پێشـاندانی زاتی ئایدیۆلۆژییە لەگەڵ جۆری بێ غەرەزی ئیستێتیکیدا«٦»

**دەقی(٣)**

منالّەکان!/ ئەی برسییە ژین تالّەکان/ لەسەر سینگە نەوتاوییـەکـەی بابە گـوڕگـوڕ/ نزیک تاقگەی سـەرەو ژووری زێڕینی گـڕ/ گـلـکۆیەکی بچکۆلانەم دی/ لێی نووسرا بوو/: (ئا لێرەدا منالّێکی چاوگەشی کورد، لە برسان مرد)«٧»

لەم دەقـەدا باوەڕ و ئیـدەیەک تێکەڵ بە سۆز بووە، کە هەستێکی ئیستێتیکی تێدا دەبینرێت.

٢- پاراسـتنی زێد و ژینگەپارێزی وەکـو شـوێنی لە دایک بوونی مرۆڤ:

دەکرێت ئەدەب نموونەی دنیای دەرەوە و نموونەی واقیع بکاتە سەرمەشقی جیهانی خۆی و سەرلەنوێ دایبڕێژێت، بەلاّم ئەوەی دەبێتە نووسینی ئەدەبی و جیهانی ئەدەب، هەمیشە شتێکی ترە و واقیعێکی تری لێدەکەوێتەوە. واقیعیترین جیهانی ئەدەب ئەوەیە کە نووسەر ناتوانێت لە سروشتی خۆی، مـیزاجی خۆی و شێوەی خۆی و بە کـورتی هەسـتـیـاریی خۆی بۆ وەرگـرتنی شـتـەکـان خۆی دەربازکات.«٨»

**دەقی(٤)**

..."ئەگـەر ئەم جـارە بێـمـەوە/ لە گـۆی مـەمکی هەر کانیاوێک/ قومە ئاوێک دەخۆمەوە/ گشتیان دەکەم بە دایکی خـۆم/ لە هەر ئەشکەوتێکدا، شـەوێک/سـەر بەگاشە بەردێکدا دەکەم/گشتیان دەکەم بەلانکی خۆم/٤ یان لەم دەقەدا:

**دەقی(٥)**

خـاک توانای کـۆچی نیـیـە /ئەوەیە ڕازی مـانەوەی هەمیشەیی من/لەم وڵاتەدا.«٩»

**تەوەرەی(٢):**

بۆچوونی جیاواز لەسەر دنیای شیعر و جیهانی واقیع:

شـاعـیـر بە هەمـوو ڕاوبۆچوونە جیـاوازەکـانییـەوە بە ئاراسـتـەیەکـدا دەڕوا ئەویش پێکهـێنانی جیـهـانێکی هێـمنانەیە کـە هەمـوو ئینسـانەکـان سـەرەڕای ڕەگـەزە جیاوازەکان بە ئاسوودەیی و بێ ئازار لەگەڵ یەکدیدا ژیان بەرنەسـەر" بێـن ئۆکـڕی" نووسـەری بە ناوبانگی نایجیریایی لە بابەت شاعیران و قاندڕەکانیانەوە چەند وتەیەکی جـوانی هەیە کـە دەڵێ: "... لەوە دەچێت ئەو کاتەی شاعیر لە بەرانبەر جیهاندا ڕووبەڕوو دەوەستێت، بۆ ئەوەیە تا بەردەوام پێمان بسەلمێنێت کە ئەو جیـهـانە سنووردارەی ئێـمە، جگە لە درۆیەک هیچی دیکە نییـە: درۆی سنووربەندی دنیـایەکـەمـان، بەدیوی ئەودا وا دەکات، بڕوا بەوە بێنین کە ئەو مەملەکەتەی ئێمەی تێدا دەژین تا ئەوپەڕی فراوان و بێ سنوورە. شاعیر وا دەکات زەوی ببێت بە دایک، ئاسمـانیش دەبێت بە سێبـەر و سـایەی خـۆریش دەکـات بە خـوداوەندێکی پڕ نهـێنی و نادیار...." ئەوانەی دەبنە ملّۆزم و قاندڕی شاعیرەکان ئەوانن کە نایانەوێت واقیع لە دۆخی سروشتی کراوەی خۆیدا ببینن، ئەوانەن کە ناتوانن لەوە تێبگەن واقعیەتی هەر تاکـە کـەسـێک لەگـەڵ واقـیـعی کـەسـێکی دیکە جیـاوازە. یاسـاکـان ناتوانن ئیدراک و هەستکردنمان بە شتەکان بخەنە چوارچێوە و بەندیان بکەن، بە قەد ژمارەی جۆری ژیان دنیای جیاواز هەن"«١٠».

بەم پێـیـە، دنیـا جـیـاوازەکـان ڕوانگەی جـیـاواز دەخوازێت، شاعیرێک کە بە ڕوانگەیەکی ئەنتۆلۆژییەوە،

سەیری جیهان و دیاردەکانی دەکات شاعیرێکی دیکە بە هەستێکی ڕۆمانتیکی- ڕیالیزمی دیاردەکان شی دەکاتەوە، "بوون" و "مان" لە پاڵ سروشت و ژینگە حەز دەکات. شاعیر لە ڕۆچنەی کولتوور و یادەوەرەوە بە دروستکردنی وێنە و داهێنانی زمانی خوازەیی و کەڵک وەرگرتن لە کەرەستەی سروشتی؛ باوەڕی خۆی بە شێوازێکی هونەریی لە مێشکی بەردەنگییەکانی دەچەسپێنێت. کەڵک وەرگرتن لە پارادایمێکی هونەری ئیزن بە شاعیر دەدا هەتا گرژی میتافیزیکی نێوان ڕاستی و هەستیاری، هزری و هونەری و...تاد لابەرێ ئەم شێوازە گونجاندنی ڕوانگەیەکی فەلسەفییە لە شیعردا کە خوازە دەوری بەرچاوی هەیە، هەر بۆیە زمانیش لەم بەستێنەدا دەتوانێت جارێکی دیکە سروشتیترین ڕوخساری وێژەیی خۆی هەبێت، واتە باشترین وردترین و ساکارترین کەرەستەی وێژەیی بێت.«١١» دەقێکی وێنەیی شیعر لەسەر ئاراستەی زمان وێناکردنی دیاردەکانی سروشت بۆ مەبەستی زیندووکردنەوە وروژاندنی یادەوەر لە زەینگەی مێژوویی مرۆڤدا وەک بەڵگە دەهێنینەوە:

**دەقی(٦)**

"...کلوو، کلوو بەفر گوێ بۆ چیا ڕائەدێرێ و/ وشە وشەیش هۆنراوەی من بۆ سۆزی تۆ/ چ بەفرانبارێکی زەردو/ چ کرێوەی حیکایەتێ بەم ناوەختە و/ لە ئاویلکەی ئەم ڕۆژەدا/ وەک عەشقەکەی "برایمۆک"/پێدەشت،پێدەشت و کۆ بە کۆ/ بە ڕێگەی مەرگی سپیدا/ ئەمخەنەڕێ بەرەو لای تۆ.«١٢»

لەم شیعرەدا هاوتاسازی دیاردە سروشتییەکان، لەگەڵ سیفەتەکانی مرۆڤ لەم شێوە پۆلێنکارییەی خوارەوەدا باشتر دێتە بەرچاو:

بەفر * چیا *

کلووکلوو گوێ
وشە سۆز

من * تۆ *

لەو چارتەدا "بەفر" لەگەڵ "چیا"-" من"ی شاعیر وەک یەکەم کەس لەگەڵ دووەم کەس بە کۆد، یان پێناسەی "تۆ" لە شیعردا لە هێڵێکی ئاسۆیی بە جووت لە هاوتەریبی زمانیدا ڕیککەوتوون، لە هەمان حاڵەتیشدا بە شێوەی هێڵی ئوستوونی "من" و "بەفر" لەگەڵ "چیا" و "تۆ" هاوپێوەندن، ئەم هاوپێوەندییە هەر بەم شێوەیە لە پاژەکانی وەک: "کلووکلوو" و "گوێ" لەگەڵ "وشە" و "سۆز"دا دەبینرێت. لە زۆربەی شیعری نوێدا، دیاردە سروشتییەکان سەربەخۆ جووڵە بۆ شیعر دروست دەکەن، واتە لە ئاستی سەربەخۆییدا ناترازێن، هەر بەم شێوەیە کە هەن لەگەڵ پاژە ڕێککەوتەکانی خۆیان هێما بۆ شیعر پێک دێنن، ئەو هێمایەی دەبێتە ڕوانگەی شاعیر کە لەودا یەکڕەنگی هاوسیفەتی نێوان سروشت و شاعیر چەمکێکی پتەو پێکدێنێ. لە شێوازی ڕۆمانتیکی نوێدا، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان سروشت و مرۆڤدا نابینرێت. نۆستالیژی دەورێکی ئەوتۆی نییە، مرۆڤ پاژێکە لە سروشت و سروشت پاژێکە لە مرۆڤ، ئەو مامەڵە یەکسانییە مرۆڤ وەکو هەستی سروشتی دەناسێنێ:

**دەقی(٧)**

"کێڵگە دەستڕی بۆ باران/ چیا بۆ هەڵۆ /
ڕووبار و چەم بۆ نەوەستان/
خۆر بۆ ئاسۆ/ ئاگر پەرست بۆ ئاتە شگە/
با بۆ چڕۆ/
ئەستێرە و مانگ بۆ سپێدە/ منیش بۆ تۆ
کوردستانم/ منیش بۆ تۆ«١٣»

لە برگەبەندی ئەم شیعرەدا، هاوتاسازی دیاردە سروشتییەکان وەک دیالیکتیکی سەلمێنراو چەمکێک دروست دەکات بۆ گەیشتن بە یەکپارچەی "بوون" لە سروشت و مرۆڤ، واتە زمان لە ساکارترین بیچمی خۆیدا دەسەڵاتێک دەخاتە گەڕ کە توانایی و بوێری لە داهێنانی ئەم دەسەڵاتەدا سەرسامە. پێوەندی نێوان شاعیر و سروشت پێوەندییەکی عاتیفییە، کاتێک شاعیر لەگەڵ ئازارەکان یاخی دەبێت؛ گەڕانەوە بۆ ئامێزی سروشت باشترین داڵدەیە، باشترین عەشق بۆ شاعیر، ڕووخاندن و بنیادنانەوەی دیاردەکانە. دروشمی گەڕانەوە بۆ لای سروشت لەلایەن "ڕۆسۆ" وە ڕوانگەیەکی ئامانج خوازی بوو کە تاریفی لە سروشت و تەعبیری لە ژیانی مرۆڤ دەکرد. پێوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ لانی کەم دوو ئامانجی لێکەوتەوە:

**یەکەم:** ئەکتیڤ کردن و هۆشیارکردنەوەی زەین لە ئاست ئەو وێنە زەینییانەی کە شاعیر بە کەرەستەی زمان دروستیان دەکات.

**دووەم:** گرنگیدان بە ئەنتۆلۆژی و زانستی "بوون" لە هەمبەر کردە زەینییەکانی وەک خەیاڵ لە میتودی ڕۆمانتیکی شیعردا.

## کۆتایی و ئەنجام

لە کۆتایی ئەم وتارەدا، بەو ئەنجامە دەگەین کە شیعری نوێی کوردی، سەرەڕای دژواری تاقیکاری ئەزموونەکان چ لە ڕووی چەمک و چ لە ڕووی فۆرم و زمانەوە، فرەجۆر و فرە دەنگە لە تاووتوکردنی پرسی هەموو دیاردە شیعرییەکان بەگشتی پرنسیپێکی باشی هەیە بۆ بەجیهانی کردنی شیعری نوێی کوردی.

**پەراوێزەکانی ناو دەق:**

1. ١- وەرگیراو لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ژمارە١٦٣-١٦٤.
2. ٢- پشت لە نەواو ڕوو لە کرێوە ل٤٢٩.
3. ٣- کانت فلسفه فضیلت، مقدمه مترجم.
4. ٤- هەمان سەرچاوە لاپەڕە٤٧١.
5. ٥- هستی شناسی شعر حافظ، ص١٨-١٩.
6. ٦- نظریه ادبی و نقد عملی،ص٢٨٦-٢٨٧.
7. ٧- هەمان سەرچاوە ل٢٣٣.
8. ٨- لە ستایشی ئەدەبدا ل٦.
9. ٩- هەمان سەرچاوە ل٣٤٢.
10. ١٠- زەوی سەخت و ئاسمان دوور ل٤٢.
11. ١١- زنجیرە وتاری ئەدەبی، ل٩٧-٩٨.
12. ١٢- نیتشه و خوازه ل٣١.
13. ١٣- دەربەندی پەپوولە ل٣.

**سەرچاوەکان:**

**فارسی:**

- زندگی در دنیای متن: شش گفتگو، یک بحث/ پل ریکور،ترجمه بابک احمدی تهران نشر مرکز ١٣٨٥.
- خاطرات ظلمت، درباره سه اندیشه‌گر مکتب فرانکفورت والتر بنیامین، ماکس هورکهایمر، تئودورادرنو/ بابک احمدی نشر مرکز ١٣٧٦.
- نیچه واستعاره/ سارا کافمن؛ ترجمه لیلا کوچک منش، تهران گام نو ١٣٨٥.
- ما بعد الطبیعه‌اخلاق (فلسفه فضیلت)، ایمانوئل کانت ترجمه منوچهرصانعی دره بیدی- تهران نقش ونگار: ١٣٨٠.
- چهار پراگماتیست: پیرس، جیمز، مید و دیوئی/ اسرائیل شفلر؛ ترجمه محسن حکیمی تهران نشر مرکز ١٣٨١.
- بهین بهرامیان، مدرنیسم به پست مدیرنیسم (از تجربه به واقعیت زندگی) نشریه اطلاعات اقتصادی سیاسی شماره ١٦٣-١٦٤.
- نظریه ادبی ونقد عملی، رامان سلدن، مترجم جلال سخنور- سیما زمانی، پویندگان نور ١٣٧٥.

**کوردی:**

- لەستایشی ئەدەبدا- کۆمەڵێک وتار لە ئینگلیزییەوە، شێرزاد حەسەن، ئاراس، ژمارە٩٦، هەولێر، ٢٠٠١.
- دەربەندی پەپوولە، شێرکۆ بێکەس، سلێمانی چاپخانەی بێسارانی ١٩٩٨.
- پشت لە نەواو ڕوو لە کرێوە، عەبدوڵلا پەشێو، هەولێر، وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦.
- زەوی سەخت و ئاسمان دوور، مارف ئاغایی، شوعاع، تەورێز، ١٣٧٧.

# پراکتیکی بنیادی ڕووداو
# لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت) و (قبل ان یحلق الباشق)دا

ئاری عوسمان خەیات
(کفری)

(٢ - ٢)

**چوارەم: تیوری بنیادی شوێنکەوتە لە ڕۆمانی (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)دا**

ئەگەر ئێمە قسەمان لەسەر تیوری بنیادی شوێنکەوتە بێت، کە واتا نابێت بیریشمان بچێتەوە، کە قسەکردنمان لەسەر وەها بنیادێک هاوکاتە بە قسەکردن لەسەر ڕۆمانی مێژوویی، چونکە وێڕای ئەوەی ئەو بنیادە لە هەموو دەقێکی گێڕانەوەبەندیدا ئامادەیی بەرچاوی هەیە، لە هەمان کاتدا ئەو بنیادە بە کۆڵەکەی سەرەکی ڕۆمانە مێژووییەکان لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەش لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەماندا ئاماژەی پێ دراوە.

بەرلەوەی ئاراستە تیوربیەکانی بنیادی شوێنکەوتەیی ڕووداو لە ڕۆمانەکەی (عەبدولخالیق ڕکابی)دا، کە لە دووتوێی (٥٣٤) لاپەڕە و بە (٦٨) پارِ و لەژێر ناوونیشانی (قبل أن یحلق الباشق)دا، نووسیویەتی، دیاری بکەین، پێویستە ئەوە بزانین، کە ئەم ڕۆمانە لەپاڵ ڕۆمانەکانی (الراووق، سابع أیام الخلق(٥٣))دا، یەکێکە لەو سێ ڕۆمانە مێژووییەی نووسەر و ڕۆماننووسی عەرەبی عیراقی (عەبدولخالیق ڕکابی)، کە وەک زۆربەی ڕۆمانە مێژووییە عەرەبییەکانی تر، ئەمیش هاتووە سوودی لە ڕووداوەکانی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوو وەرگرتووە و لەو سێینەشدا بە ئاشکرا ڕووداوەکانی "مێژوو ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە دروستکردنی کەشی گشتی ڕۆمانەکان و بەستنەوە و پێکهێنانی پەیوەندی لەنێوان ئەو مێژووە وەک یەکەیەکی ئۆرگانیک و باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عیراقی لەو سەردەمەدا"(٥٤) عەبدولخالیق ڕکابی لەم ڕۆمانەیدا لە ڕێگەی گرنگیدانی بە بارودۆخی گوندنشینی عەرەبییەوە، جەختی لەسەر قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی کۆمەڵگەی عیراقی بەگشتی کردووەتەوە، چونکە ڕاستە ئەو هاتووە مێژووی خێڵی (واشەکان)مان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام بە وریاییەوە دەستی بۆ ئەو پرسە بردووە، چونکە "دەبێ نووسەری واقیعی بەرپرسیارێتی خۆی لەبەرانبەر خەڵکیدا بیرنەچێتەوە، هەروەها دەبێت - ئەگەر بیەوێت ڕاستگۆ بێت- هەست بە مێژوو بکات و توانایی بینینی مەوداو شوێنی ئەو ڕووداوانەی هەبێت، کە ڕوو دەدەن و لە نەسەقی گشتی ڕووداوەکانی تردا دایان بنێت"(٥٥)، بۆیە ئەم هۆشیارییەی ڕکابی لەچۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕووداوەکاندا وای کردووە، کە "هەروەنەبێ بەرجەستەکردنی مێژووی واشەکان وەک خێڵێکی ئاسایی و ئەبستراکت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو مێژووی ئەو خێڵە، مێژووی سەرجەم خێڵەکانی دیکەیە، بگرە مێژووی سەرجەم عیراقیشە"(٥٦) بەو

پێیەی کە "ڕوخسارەکانی ژینگەی لادێی بە شێوەیەکی ڕوون دیارە و تیشک دەخاتە سەر ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی ڕوو دەدەن"(٥٧) واتا کێشەو خەم و ئەندێشەی لادێییەکان، بەرانبەر دەبێتەوە بە کێشە و خەمی سەرانسەر عیراقییەکان، هەر ئەمەش بیرۆکەی سەرەکی ڕۆمانەکە پێک دەهێنێت، ڕووداوەکانیش لەو چوارچێوەیەدا ناچنە دەرەوە.

ئەوەی کە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە ڕۆمانە مێژووییەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە ڕکابی لەپاڵ ڕووداوە واقیعی و مێژووییەکاندا پەنای داوەتە بەر خەیاڵی نووسەرانەی خۆی و نەیهێشتووە ڕووداوە مێژووییەکان بەو شێوە زەقە زاڵ بن بەسەر پرۆسەی چنین (Plot) و گێڕانەوەی گشتی ڕۆمانەکەیدا، بەوەش جڵەوی حیکایەتخوانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئاراستەی مەبەست کردووە، ڕکابی لەو هەوڵەیدا بەڕادەیەکی هێندە سەرکەوتوو بووە، کە زۆربەی ڕەخنەگران ڕۆمانەکەی لە خانەی ڕۆمانی مێژوویی دەردەکەن، هەروەک (د.نەجم عەبدوڵلا کازم) دەڵێت:"عەبدولخالیق ڕکابی توانیویەتی هێڵی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو لای ئەم جۆرە ڕۆمانانەدا(٥٨) ڕابگرێت(٥٩)" هەروەها ناوبراو دەڵێت:"هەندێک کەس بە هەڵە ئەم ڕۆمانەیان لە خانەی ڕۆمانی مێژوویدا داناوە"(٦٠) ئازاد بەرزنجیش پێی وایە، کە ئەم ڕۆمانەی ڕکابی "دەقێکە ڕووداوەکانی لەنێوان میتۆلۆژیا و واقیعدایە، بە سوود وەرگرتنی تەواو لە مێژوو"(٦١) هەڵبەت بۆ سەلماندنی ئەوەی ئاخۆ ئەم ڕۆمانە مێژووییە، یان نا، هێندە بەسە ئەگەر بە وردییەوە لە ڕووداوەکانی بڕوانین و هاوکات، لەپاڵ ئەو بنیادەیدا کە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەرکەڵک خراوە، چونکە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کە پێکهاتەی دەقی هەموو ڕۆمانێک، لە ناواخنی خۆیدا، بریتییە لە کۆمەڵێک ڕووداوی جیاجیا، کە ئەو ڕووداوانەش دەبنە فاکتەرێک بۆ خوڵقاندنی گوتاری دەق، هەروەک (میخائیل باختین)یش پێی وایە "ڕۆمان پیشاندەری ئەو تایبەتمەندییە (فرە دەنگی)، یان (فرە مانایی)یە، کە سەرومڕ مانا بەردەستەکانی نێو زمان ئاشکرا دەکات"(٦٢)، بەڵام ئەمە لەسەر بنەمای ڕووداوەکان پەیوەستە، واتا دەبێت ڕۆمانووس بزانێت بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەو پێدراوانەدا دەکات، بۆ



**خەسرەو جاف**

ئەوەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو لە پێکهاتەی گشتی دەقەکەیدا بەرجەستەیان بکات، دەنا ناتوانێت لەڕێگەی ئەو جۆرە بنیادەی ڕووداوەوە گوتارێکی جیاواز لە گوتاری ڕاپۆرتی پێشکەش بکات. هاوکات ئەوەش پێویستی بە کارامەییە لە چۆنێتی ئاوێتەکردنی ڕووداوەکانی مێژوو لەنێو ڕۆمانەکەدا، چونکە "پرۆسەی هەڵبژاردن و وێنەکێشانی نموونەی زیندوو و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی پشتەوەی ئەنجامەکان، یان دەرەنجامی هۆکارەکان، گرنگترین ئەو شتانەن، کە دەبێت نووسەران گرنگی پێ بدەن"(٦٣).

دیارە ڕکابی بەشێوەیەکی باش توانستی بەسەر ئەم پرۆسەیەشدا شکاوە، هاوکات لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوە لەڕێی کەسێتییەکانەوە، توانیویەتی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی هەمەلایەنە بخاتە ڕوو، ئەگەرچی لەسیاقی یەک ڕووداوی گشتی و یەک بیرۆکەی گشتیدا دەخولێنەوە، لەمەشدا "مەبەست لە مەوداو بەرفراوانی جیهانی گێڕانەوەکەیە، کە لە بارتر پەل دەهاوێت و لایەنە هەمەجۆرەکان و ڕەهەندی جیاجیا لەخۆ دەگرێت، یان زەرورەتی ڕەوتی گێڕانەوە لە هەر بەش و پاژێکی سەربەخۆدا بۆ مەبەستێک، کە ڕۆنانی جیهانە ناوەکییەکەیە ئاراستەیەک بگرێت و هێڵی درامی سەروەختێک بە لایەکدا ببات"(٦٤) بۆیە لە ڕۆمانەکەیدا چەندین توێژی جیاجیای گوتاری خستووەتە

ڕوو، کە بەشێوازی جۆراوجۆر لە پەنا ڕووداوەکاندا ڕیزی کردوون، هەندێکیان بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و ڕێکوپێک و هەندێکیشیان بە شێوەیەکی دژوازو بەرانبەر بە یەک، بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، هەموو ئەو گوتارانە لەسنووری یەک بیرۆکەی گشتیدا جێکراونەتەوە، هەر ئەمەش وا دەکات، کە ئێمە باوەڕمان وابێت، کە (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)ی (عەبدولخالیق ڕکابی) دەچێتە خانەی ڕۆمانی مێژووییەوە.(٦٥)

وەک لە سەرەتاشدا ئاماژەمان پێ دا، ڕۆمانی (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێ) یەکێکە لەو سێ ڕۆمانەی کە زۆربەی ڕەخنەگران پێیان وایە تەواوکەری یەکترن و زۆربەشیان هەر بە "سێینەکەی ڕکابی(٦٦)- ثلاثية الركابي"(٦٧) ناوی دەبەن، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێک هۆکار لەوانەش: وەرگرتنی ڕووداوە مێژووییەکان و تێکەڵکردنیان لەگەڵ خەیاڵدا "فرەیی ئاست و شێوازی گێڕانەوە، وەبەرهێنانی ڕستێک زانیاری کەلەپوری کە لە کۆندا باو بوونە و.. تاد"(٦٨) کەواتا بۆ ئەوەی بتوانین لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی ڕۆمانی (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێ)دا سەرکەوتوو بین، دەبێت ئەوە بزانین، کە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لەنێوان ڕووداوەکانی (دەستنووس)ـەکەو (حەوتەمین ڕۆژی ئەفراندن)دا پێشینەیەکی تری هەیە.

مامەڵەکردنی ڕکابی لەگەڵ ڕووداو لە (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)دا، شێوازێکی سەرکەوتووە، چونکە ڕۆماننووس ئاگادارییەکی باشی لە ماهییەتی پێوەندی نێوان مێژوو و ئەدەب بە گشتی و هاوکات پێوەندی نێوان مێژوو و هونەری ڕۆمان بەتایبەتی هەیە، کە دیارە ئەوەش پێوەندییەکە تا ڕادەی ئەوەی (کرۆتشە) وتوویەتی:"مێژوویەک نییە بەبێ چیرۆکنووسێک"(٦٩) ئەمەش بەو مانایەی ڕکابی ڕووداوەکانی لە هەر سێ سەرچاوە سەرەکییەکەی گێڕانەوەوە هەڵێنجاوە، کە ئەوانیش بریتین لە: "تۆمارەکان، یان بارودۆخەکان (الحوليات - Annals)، هەواڵەکان، یان سەرگوزشتەکان (الاخبار- Chronicles) و سێیەمیشیان مێژوو، یان دیرۆک (التأريخ - His-tory)، کە دیارە ئەوەی یەکەم و دووەم لە بنەچەیەکی لاتینییەوە وەرگیراون"(٧٠) هەموو ئەمانە ئەو پێوەندییەی نێوان ڕووداوەکانمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، کە لە ئەنجامی زنجیرەیی بووندا لە ڕۆمانەکەدا ڕێکخراون، بەو پێیەی "ئەگەر جیاوازی نێوان مێژوو و ڕۆمان لەڕووی ڕەهەندی ئەنتۆلۆژییەوە بێت، ئەوە لە ئاستگەلێکی تردا یەکانگیر دەبنەوە، کە بێ گومان ئەویش ئاستی ئەبستمۆلۆژییە"(٧١) بەو مانایەی ڕووداوە مێژووییەکانی ناو (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێ)ی ڕکابی چەندێک لە ڕووی ئەنتۆلۆژییەوە لێکدابڕبوونە، ئەوەندە و زیاتریش لە پێوەندییەکی توندوتۆڵی ئەبستمۆلۆژیدا کارلێکی خۆیان دەنوێنن، ئەمەش جۆرێک خلیسک بوونی ڕەوتی ڕووداوەکان دەهێنێتە کایەوە و ئاماژەیەکی گەورەشە بۆ ئەوەی کە ڕۆماننووس توانایی ئەزموونکردنی ڕووداوەکانی هەیە، هەروەک (فۆرد مادۆکس فۆرد) لەبارەی چۆنێتی مامەڵەکردنی ڕۆماننووسان لەگەڵ ڕووداودا، دەڵێت: "بەشێوەیەک بنووسە وەک ئەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەت لەسەر تەختەی شانۆیەکی ڕووناک بە بەرچاوانتەوە بەڕێوە دەچن"(٧٢)، ئەمەش وادەکات زنجیرەیی بوونی ڕووداوەکان لە ڕەوتی ئاسایی خۆیان بەردەوام بن و لەدواجاردا دەقێکی زیندوو بەرهەم بێت.

ئەگەرچی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕۆمانەکەی عەبدولخالیق ڕکابی (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێ) شان بەشانی ئەوەی خوسرەو جاف (پاشایان کوشت) بە ڕۆمانێکی مێژوویی دەناسێنین، بەڵام وێڕای هەبوونی ڕووی لێکچوون لەنێوان هەردوو ڕۆمانەکەدا(٧٣)، چ لە ڕووی بیرۆکە و چ لە ڕووی ڕووداو و گوتارەوە، لە هەمان کاتدا نایشارینەوە، کە ئەمەی ڕکابی گەلێک جیاوازە لەوەی خوسرەو جاف، بەتایبەت لە ڕووی تەکنیکە جیاجیاکانی گێڕانەوەوە، کە ئەمەش وای کردووە (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێ) ڕۆمانێکی دەوڵەمەندتر بێت لە ڕووی ڕووداوەوە، بۆیە کاتێک بمانەوێت ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە لەڕووی پراکتیکییەوە بخەینەڕوو، ئەوە دەبێت بزانین، کە ڕووداوەکان بۆ سێ سەردەمی مێژوویی پێوەندیداری عیراق دەگەڕێنەوە، کە ئەویش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

(١) سەرەتای ڕووداوەکان: سەردەمی لاوازی و کۆتایی دەوڵەتی عوسمانییە، کە بەهۆی چەندین هۆکاری ناوەکی و دەرەکییەوە خۆری تەمەنی بەرەو ئاوابوون دەڕۆشت.

(٢) هەڵکشانی ڕووداوەکان: لە سەردەمی داگیرکردنی

عیراقەوە، لەلایەن ئینگلیزەوە دەست پێ دەکات.

(٣) لووتکە و کۆتایی ڕووداوەکان: بە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ساڵی (١٩٢٠) لە عیراقدا دەست پێ دەکات، هەر ئەمەش هێڵی کۆتایی ڕۆمانەکە دیاری دەکات.

وەک دەردەکەوێت ڕکابی زۆر هۆشیارانە ڕووداوەکانی ئەو سێ سەردەمە مێژووییەی دابەش کردووەتە سەر پێکهاتەکانی جەستەی ڕۆمانەکەی، ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە بووەتە هۆی سەرکەوتنی ڕکابی ڕۆماننووس لە کارەکەیدا، هاوکات لەپاڵ ڕووداوە سەرەکییەکانی ئەو سێ سەردەمەدا، چەندین ڕووداوی لاوەکی و بچووکی تێکەڵ بە ڕووداوە سەرەکییەکانی هەر سێ سەردەمە دیاریکراوەکە کردووە، بەبێ ئەوەی کاریگەریی خراپی لەسەر بنیادی شوێنکەوتەیی ڕووداوەکان هەبووبێت، هەڵبەت بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی تەکنیکی فرەدەنگی (پۆلیڤۆنی) لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، بەوەش توانیویەتی دەقەکەی لە حاڵەتی نوستالیژیبوون بپارێزێت، چونکە ئەگەر گێڕانەوەی ڕووداوەکانی (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێ) لەلایەن تەنیا گێڕەرەوەیەکەوە ئەنجام بدرێت، ئەوە "ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کۆت و پێوەند دەبێتەوە، مادامەکێ هەموو شتەکان لەبەرچاو و بەئاگایی هەمان گێڕەرەوە بەڕێوەبچن، ئەمەش مەترسی ئەوەی هەیە، کە ڕۆمانەکە بگۆڕێ بە نوستالیژیا"(٧٤) بەدەر لەوەش ڕکابی لەپاڵ ئەو تەکنیکەی گێڕانەوەدا، هاوکات توانیویەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی تایبەتی نووسینەوە، هێزێکی ئیستێتیکی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی ببەخشێت، بەو پێیەی "زمان لە پێکهاتەی دارشتنی ڕۆماندا، گرینگایەتییەکی زۆری هەیە. زمان چۆنییەتی لێدوان و دەربڕینی وتەکانی نووسەرە، ئەگەر بێتو نووسەر لە چۆنیەتی دەربڕینی بابەتدا زاڵ و لێهاتوو نەبێت، زۆر زوو بەردەنگ لە خۆی دەتارێنێت"(٧٥).




**پێنجەم: پراکتیکی بنیادی شوێنکەوتە لە ڕۆمانی (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)**

**سەفەر بەرلک و کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی لە عیراق**

لە ڕاستیدا خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە ڕۆماننووس قۆناغێکی مێژوویی ماوە درێژی کردووەتە کەرەستەی ڕۆمانەکەی، هاوکات لەپاڵ چەندین کەسایەتی دیکەدا، کە ڕاستەوخۆ و دوور و نزیک، پێوەندییان بە ڕووداوەکانەوە هەیە، سەرنج دەدەین کۆی ڕووداوە سەرەکییەکان لە دەوری ژیانی کەسایەتی یەک پاڵەوانی سەرەکی دەسوورێنەوە، کە ئەویش (مانعی شێخ عاسی)یە، بەڵام ڕۆماننووس "چەند ڕووداوی لابەلا یان گرێ دەخوڵقێنێت، بۆ ئەوەی کێشەکە ئاڵۆز بکات، بەڵام هەموو گرێیەکان لە خزمەتی ڕووداوە سەرەکییەکە دەبێت"(٧٦)، بۆیە ئەگەر بە وردی ڕۆمانەکە بخوێنینەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ڕۆماننووس بۆ خوڵقاندنی ئەو حاڵەکاتە، هاتووە لەپاڵ کەسایەتی سەرەکی (مانع)دا، چەندین کەسایەتی تری خاوەن چیرۆک و بەسەرهاتی تایبەت بە خۆیان داناوە، کە دواجار لە بەڕێوەچوونی ڕووداوە گشتییەکەدا پشکدارن و بەهیچ شێوەیەک لێی بەدەر نین و پێکەوە یەک زنجیرەی درێژی گێڕانەوەی بەسەرهاتی هاوبەش دەگێڕنەوە.

لێرەوە بۆ ئەوەی بتوانین دەست بخەینە سەر هێڵی گشتی ڕووداوە سەرەکییەکە، بێ گومان دەبێت پەنا بەرینە بەر گێڕانەوەکانی (مانعی شێخ عاسی)و لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕووداوەکانی ناو (پێش ئەوەی واشەکە

هەڵفڕێ) بگێڕینەوە، بەو پێیەی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا بەئاشکرا هەست بە ئامادەیی دەنگی ڕۆمانووس دەکات، لەپشتەوەی دەنگی کەسایەتی (مانع)ـەوە. هەڵبەت لە شوێن و کاتی پێویستدا سوود لە هەندێک گێڕانەوەی کەسایەتییە لاوەکییەکانیش وەردەگرین، ئەمەش لەپێناو زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستی ئەم تەوەرەی لێکۆڵینەوەکەماندایە.

سەرەتای ڕۆمانەکە بە گەڕانەوەی (مانع) دەست پێ دەکات بۆ گوندەکەی باوکی، کە لەلایەن والی بەغداوە، فەرمانی بە (ناحیەبوونی) بۆ دەرچووە، ئەم گەڕانەوەیەش پاش دوازدە ساڵ دووری دێت، دوای ئەوە (شێخ عاسی) باوکی بە پیلانی (فەزەع تارش)و بۆ مەبەستی وەرگرتنی سەرۆکایەتی عەشیرەتی واشەکان دەکوژرێت و خۆیشی بەبیانووی تەواوکردنی خوێندن، هەر لەلایەن فەزەعەوە، بۆ شاری بەغدا دوور دەخرێتەوە و ئەو ماوە دورودرێژە لە ماڵەباوانی دادەبڕێت.

لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانەشدا وێڕای ئەوەی هونەرگەلی دایەلۆگ و مەنەلۆگ ئامادەییەکی بەرچاویان لە پێکهاتەی جەستەی ڕۆمانەکەدا هەیە، هاوکات ڕۆمانووس لە چەندین شوێندا پەنای بردووەتە بەر فلاشباک، کە تەکنیکێکی کاریگەر و زۆر بەکارهاتووی نێو هونەری سینەمایە، وەک ئەوەی (مانع) لە ڕۆژانی دوادوایی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و ڕاگەیاندنی کەرەنای گشتی(٧٧)و گەمارۆدانی شاری (کوت) و شەڕی شوعەیبەو داگیرکردنی شاری (بەصرە) و.. تاد، لەلایەن ئینگلیزەوە، لە چرکەساتێکی نێو ژوورەکەیدا لە سەرایەکە، گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی خۆی دێنێتەوە بەرچاو، کە هەڵبەت لە درێژەی پەرەکانی پێشووی ڕۆمانەکەشدا، بە تێروتەسەلی وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوانە لەلایەن ڕۆمانووسەوە خراونەتە ڕوو، لەوانەش:"شەوی مردنی باوکی، ئەو ڕۆژەی کە ڕەوانەی بەغدا کرا، ژیان و گوزەرانی سەختی لە ماڵەخزمە نالەبارەکەی، ئەو کابرا یەکچاوەی هەموو ڕۆژێک لە ڕۆشتن و هاتنەوەیدا بۆ خوێندنگەی ڕوشدی دووی دەکەوت، وەرگرتنی لە خوێندنگەی یاسا و ڕزگاربوون لە دوا کۆتوبەندە خێزانییەکان و سووڕانەوەی بە قاڵە و هەرای نێو دۆستان و هاوڕێیانی لاتەریکی چاخانەکانی نێو مەیدانەکەوە.."(٧٨) هەموو ئەمانە لەو چرکەساتەدایە، کە جەندرمە تورکەکان لە شارۆچکەکە (ئەسلاف) دەکشێنەوە و چۆڵی دەکەن و لەولاشەوە دەنگی بڕیکردنی (جۆرجی پێنجەم) پاشای ئینگلیز، بەرز دەبێتەوە و بەوەش (فەزەع تارش)و هاوەڵەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، دوای ئەوەی لە دەستی عوسمانییەکان هەڵهاتبوون خۆیان لە دەوروبەری شارۆچکەکە مەڵاس دابوو، جارێکی تر بەسەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە بۆ شارۆچکەی (ئەسلاف)و لەوێشەوە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەگوێزرێتەوە بۆ قۆناغێکی تری مێژووی عیراق، کە ئەویش قۆناغی دوای داگیرکاری ئینگلیزە.

بەمەش سەختترین ئەو ڕووداوانەی ژیانی (مانع) دەست پێ دەکەن، کە لە سایەی دەسەڵاتی داگیرکاری ئینگلیزەکاندا بەسەر وڵاتدا دێت "ئەوەتا وا دواجار چاوم لێیە، کۆشکەکەی مانعی شێخ عاسی تاریکی و گەردەلوول دایدەپۆشێ"(٧٩) لەپاڵ هەموو ئەو نەهامەتی و دەردەسەرییانەی سەردەمی پێشوو، کە بەدرێژایی چەندین ساڵەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و بەهۆی نالەباری و تێپەڕبوونی ئەو دەوڵەتە بە شەڕێکی گەورەو قورسی جیهانیدا، کە دەرئەنجامەکەی لە ماڵوێرانی و بەدبەختی زیاتر هیچی تری بۆ خەڵکی شارۆچکەکەی لێ نەکەوتەوە.

لەڕاستیدا وێناکردنی باری ژیانی کۆمەڵگەی عیراقی لە ڕێگەی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە (مانع)، دەست ڕەنگینییەکی ئێجگار گەورەی ڕۆمانووسمان بۆ دەردەخات، بەو پێیەی لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، خوێنەر تەواو لەگەڵ بیرو هەست و نەستی (مانع) تێکەڵ دەبێت، بەتایبەتی و کەسایەتییەکانی تر، لێرەشەوە خوێنەر بەشێوەیەکی نەویستانە تێکەڵی ڕووداوەکان دەبێت و لەگەڵیاندا دەژی، چونکە سەرەتای ڕووداوە لاوەکییەکانی بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەکارهێناوە، کە لە دیمەنەکانی داهاتوو دانابڕێن.

ڕاستە شارۆچکەی (ئەسلاف)، بەماوەیەک دوای داگیرکردنی لەلایەن ئینگلیزەوە، چەندین گۆڕانکاری تێدا هەست پێ دەکرێت، بەتایبەت لە ڕووی خزمەتگوزاری ئیدارییەوە، وەک ئەوەی لە (ناحیە)وە دەیکەنە (قەزا)و بەوە سەرای جارانی عوسمانییەکان دەبێتە (قایمقامییەت)ی هەنووکەی ئینگلیز و ژمارەیەکی زۆری

خەڵکی بێگانەی وەک هیندی و ئەرمەنی و ئاسووری و جوولەکە ڕوو لە شارەکە دەکەن، بەوەش جۆرێک لە جموجوولی تێدا دروست دەبێت، هاوکات چەندین چایخانە و بازاڕ و خانوبەرە و شانشین و خوێندنگە و....تاد تێدا دەکرێتەوە و بۆ یەکەمین جار ئۆتۆمۆبیل دێتە شارەکەوە، بەڵام هەموو ئەم گرنگی پێدانەی ئینگلیز بەم شارە، هۆکاری خۆی هەبووە و بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "ئەم شارە دەکەوێتە سەر ڕێگای هێزی ئینگلیزەکان لە ئێران، هەر بۆیەش دوای داگیرکردنی یەکسەر کردیان بە قەزا"(٨٠)، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەیشدا، لەناوچوونی عوسمانییەکان و هاتنی ئینگلیزەکان، هیچ لە دەرد و کەسەری هاووڵاتیان کەم ناکاتەوە، بگرە ئەگەر وەک خۆی نەمێنێتەوە، زیاتریش دەکات "ئەگەرچی هەموو شتێک لە بازاڕدا دەست دەکەوێ، بەڵام نرخەکان سێ ئەوەندەی جاران زیادیان کردووە"(٨١).

ئەم شارۆچکەیە، کە شوێنی سەرەکی کەوتنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە، ڕێی کاروانێکە "لە بەغداوە دەست پێ دەکات بە ئاراستەی باشوور و بە (کووت)دا تێدەپەڕێت و بەرەو لای ڕۆژهەلات هەڵدەچەرخێ.."(٨٢)، کە ڕێک دەکاتە "شاری (بەدرە)ی سەر بە پارێزگای (واست)ی خوارووی عێراق"(٨٣)، ئەمەش زێدی ڕۆماننووسە و هەرچییەکیش لە مێژووی واشەکان دەگێڕێتەوە، هاوکاتە بە مێژووی ئەو خێڵەی لەو ناوچەیەدا دەژین.

ڕکابی لە بەکارهێنانی وشەی (واشە)دا، خوازەیەکی باڵای پێکهێناوە، دیارە ئەمەش لە هێزی ناونیشانی ڕۆمانەکە و بەتایبەتیش لە خودی وشەی واشەدا خۆی دەبینێتەوە، کە سەرەنجامیش پێوەندییەکی جوانی لەنێوان چەند یەکەیەکی جیاوازی پێکهاتەی ڕۆمانەکەیدا پێکهێناوە.

واشەکە، لەم ڕۆمانەدا هەر وەنییە ناوێکی خوازراو بێت بۆ گێڕانەوەی ژیان و بەسەرهاتی ڕۆڵەکانی خێڵێکی عەرەبی ئەو خوارووی عیراقە، بەڵکو واشە دواجار هێمایەکیشە، هەم بۆ عەرەب وەک نەتەوەیەک بەگشتی و هەمیش بۆ ئەو خێڵەی، کە دیارە لەو ناوچەیەدا دەژین، کە ڕکابی تێدا لەدایکبووە و ژیاوە، چونکە نابێت ئێمە ئەوە لەیاد بکەین، کە ڕکابی لەم ڕۆمانەیدا لەپاڵ هەستی عیراقچێتییەکی تۆخدا، هاوکات خزمەتێکی گەورەشی بە مێژووی عەرەب و بیری نەتەوەیی عەرەبی کردووە، هەروەک زۆر لە ڕەخنەگران پێیان وایە، ئەم ڕۆمانەی ڕکابی لەسەر سێ ئاست دەردەکەوێت، ئەویش: ئاستێکی ناوچەیی، ئاستێکی عیراقی و ئاستێکی نەتەوەیی.

بەدەر لەوە ڕووداوی پێکانی واشەکە پێش هەڵفڕینی، لە ڕۆژی گەڕانەوەی (مانع)دا، لەلایەن (فەزەع)ەوە، کە دواتر وەک نەریتی عەرەبەکان وشکی دەکاتەوە، هێما و میتافۆرێکی ترە بۆ ئەو ڕووداوانەی دواتر دێنە ڕێی (مانع). هەر لە سەرەتای ژیانییەوە و بوونی بە بەڕێوەبەری ناحییەکە و مەزراندنی بیرۆکەی جوان و خزمەتگوزاریی بۆ شارۆچکەکە، تا ڕادەی ئەوەی لە شوێنێکدا خۆی بە (مەدحەت پاشا)ی والی عوسمانی دەچوێنێت و پێی وایە دەتوانێت لە شەو و ڕۆژێکدا ئەو گوندە لاتەریکە بکاتە بەغدایەکی تر، بێ ئەوەی ئاگای لەوە بێت، کە ئەو دەسەڵاتەی ئەوی کردووەتە بەڕێوەبەری ناحیە، ئەوەندەی نەماوە و لە گیانەڵادایە "ئێستا ئەو دەتوانێت بۆخۆی دان بەوەدا بنێت، کە هەرچی کارێکی لێوەشاوەتەوە بۆ خزمەتکردنی ئەم شارۆچکەیە، تەنیا لە پاڵنەرێکی تایبەتی خۆیەوە بووە و شتە ڕووکەشەکان لەخشتەیان بردو پێی وابوو دەتوانێت بە بەرزکردنەوەی دیوار و شانشینەکان و یادێکی لەدوای خۆی بەجێ بهێڵێت، بەوەش هەوڵی دەدا لاسایی ژیانی (مەدحەت پاشا) بکاتەوە، بێ ئەوەی بیر لەو چارەنووسەر تراژیدییە بکاتەوە، کە ئەو والییە چاکەکارە دووچاری بووەوە!"(٨٤).

ئەم واشە پێکراوە، هەمان کەسێتی (مانع)ەو پێش ئەوەی خەیاڵەکانی ناو سەری بکاتە واقیع و جێبەجێیان بکات، دەپێکرێت و لەپڕێکدا پەراوێز دەکەوێت، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە ئەگەر جاران بۆ کەیف و سەفا مەی دەنۆشێت، ئێستا مەی نۆشین وەک فریادڕەسێک بەکاردێنێت، بۆ خۆقوتارکردن لەو نەهامەتییانەی بەسەریدا هاتوون، تەنانەت شوێنی ڕۆژبەسەربردنی بەڕێوەبەری ناحیەی جاران و کوڕەکەی شێخ عاسی، دەبێتە ئەو چاپخانەیەی کە لەدواتردا لەلایەن (مەمدووح ئەفەندی)یەوە، ناوی (چاپخانەی ڕافیدەین)ی لێدەنرێت و دەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی دژە ئینگلیزەکان و دواجاریش برووسکەی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ی لێوە هەڵدەگیرسێت، بەڵام پێداگری و جەختکردنەوەی (مانع)

– هەڵبەت بە پاڵپشتی پشتیوانی تەواوی (مەمدووح ئەفەندی) مامۆستای خوێندنگەکە- وادەکات وێنەی خۆئامادەکردنی هەڵفڕینی واشەکە، کە (فەزەع تارش) لەسەر پارچە تەختەیەک بە وشککراوەیی پێشکەشی دەکات، ببێتە خاڵی کۆکردنەوەی هێزی خۆی و هەر خۆیشی لە دواجاردا دەبێتە سەرئامەدی شۆڕشەکە.

یەکێک لەو چەندین ڕووداوە مێژووییانەی لەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت، ڕووداوی (سەفەر بەرلک)ـەو بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا ئاماژەی پێکراوە "دەقی برووسکەکە دەڵێت: (سەفەر بەرلک وار، عەسکەر ئۆنلەر سلاح باشنە) ماناکەشی ئەوەیە، کە پێویستە سەربازەکان ئامادەباش بن، وا کەڕەنای گشتی ڕاگەیەندرا"(٨٥) دیارە ئەم "ڕووداوەش بۆ ساڵی (١٩١٤ز) دەگەڕێتەوە و دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەورووپا، ئەو کاتەی کە لە سەرەتای جەنگەکەدا، دەوڵەتی عوسمانی بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام دواتر و بە نزیکەی سێ مانگ لە دەستپێکردنی جەنگ، عوسمانییەکانیش تێوەگلان و بەوەش دەردو نەهامەتییەکی گەورەو ماڵوێرانکەر بەسەر خەڵکیدا هات"(٨٦). ماوەی ئەو سێ مانگەی کە دەوڵەتی عوسمانی تێدا بێ لایەنی خۆی ڕاگرت، لە کێشمەکێشێکی ناوخۆیی گەورەدا بوو، بەهۆی ئەو ڕاوبۆچوونە جیاوازانەی سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا لەو جەنگەدا هاتبووە کایەوە، هەموو ئەمانەش بەڵگەی زیندوو بوون لەسەر ئەو ئەنجامەی کە دەوڵەتی عوسمانی لەو جەنگەدا بەسەریدا هات، کە بێ گومان بە گەورەترین شکستی مێژوویی لەقەڵەم دەدرێت.

هەڵبەت بە ڕاگەیاندنی سەفەر بەرلک بارێکی ئێجگار گەورە دەکەوێتە سەر دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە لەپاڵ ناونووسکردن و ڕاپێچکردنی هەزاران کەس بۆ بەرەکانی جەنگ، هاوکات ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر کۆکردنەوەی داهات بۆ تێچووی ئەو جەنگەی کە تێی کەوتبوو، ئەوەشی لەژێر ناوی (تێچووەکانی جەنگ)دا بەڕێوە دەبرد "کارەکە هەر بە ناونووس کردنەوە نەوەستا، بەڵکو بەڵایەکی تر لەکایەدا بوو، ئەویش خۆی لە (فەرمانگەی ژیانەوە)دا دەبینییەوە، کە هەرچییەکی لە ئاژەڵ و خواردەمەنی بەردەستی فەرمانبەرەکانی کەوتبا، بەناوی (تێچووەکانی جەنگ)ـەوە، زەوتی دەکرد.."(٨٧) لەمەشدا دیاردەی گەندەڵی و دزی سەری هەڵدا و بووە مایەی نیگەرانی پارەدار و بازرگانەکان و بە لێشاو شمەکی خۆیان هەرزانفرۆش و هەڕاج دەکرد، تەنیا لەپێناو ئەوەی بەردەستی پیاوانی دەسەڵات نەکەوێت و بەخۆڕایی و لەبەرانبەر پێدانی پارچە کاغەزێکدا، کە گوایە لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ دەوڵەت بۆیان دەبژێرێتەوە، لەم بارەیەوە (عەلی وەردی) لە کتێبەکەی خۆیدا (لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث) بۆچوونی توێژەری بەناوبانگی تورک دکتۆر (ئەحمەد ئەمین)مان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:"ڕووداوی سەفەربەرلک لێدانێکی گەورەی ژیانی بازرگانی وڵات بوو، هەروەک چۆن هەورەگرمەیەک لە ئاسمانێکی سامالەوە دابەزێ ئاوا بوو، هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابووری زیانیان بەرکەوت، وەک چۆن لایەنی کشتوکاڵیش زیانی بەرکەوت، فەرمانگەکانی ژیانەوەی سوپا هەر شتێکیان بەردەست کەوتبا، زەوتیان دەکرد، هەروەنەبێ شمەکی پێویست بە سوپا زەوت بکەن، بەڵکو کار گەیشتە زەوتکردنی شمەکی وەک گۆرەوی ئاوریشمین و پێڵاوی منداڵان و ئامێرەکانی چاپکردنیش"(٨٨).

کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە عێراقدا، هەر لەو کاتەوە بوو، کە سەفەربەرلک ڕاگەیەندرا، ڕاستە ئینگلیزەکان دووچاری بەرەنگاریی سەخت بوونەوە، وەک ڕووداوی خۆبەدەستەوەدانی (تاوەزەند)و هەزارانی سەربازی ئینگلیز، بەڵام هەموو ئەمانە "هیچ نەبوون، پتر لە هاواری گیاندەرچوون نەبێ"(٨٩) هەروەک ئەو گەندەڵی و هەرکێ بۆخۆییەی لەناو سوپا و فەرمانگەکانی دەوڵەتدا سەریان هەڵدا، بەتایبەت دیاردەی زەوت کردنی ماڵ و سەروەت و سامانی خەڵکی، دەریانخست لەوەی "ئەم دەسەڵاتە لەخۆڕا تێدەکۆشێ بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی"(٩٠) بۆیە هەر بەو دەردەش چوو، کە چاوەڕوان دەکرا.

## شەشەم: بەراوردێکی گشتی لە نێوان هەردوو ڕۆمانی (پاشایان کوشت) و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)دا

ئەگەر کەسێک خوێنەرێکی باشی ڕۆمان بێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە لەکاتی خوێندنەوەدا هەست بە جیاوازی چێژ وەرگرتن دەکات، لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر، هاوکات هەست بەو جیاوازییە تەکنیکییانەش دەکات، کە لەهەر دەقێکدا بەجیا دەر دەکەوێت و لەلایەن خاوەن دەقەوە بەرکەڵک خراون. لێرەشدا ئێمە کە باسی دەقی ڕۆمان

دەکەین، ئەوە بێ گومان پێوەندی بەو شێوازی نووسینەوە هەیە، کە ڕۆمانووس لە نووسینەوەی ڕۆمانەکەیدا بەکاری هێناوە.

پێش ئەوەی لە هەندێک ڕووەوە و بە چەند خاڵێک، بەراوردێکی گشتی لەنێوان هەردوو ڕۆمانەکەدا بکەین، باشتر وایە ئاماژە بەو جیاوازییە بنەماییانە بکەین، کە لەنێوانیاندا بەرچاو دەکەوێت، بۆ ئەوەش ئەم خشتەمان ئامادە کردووە:

| پاشایان کوشت | پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت |
|---|---|
| (١) گێڕانەوەی تاک دەنگییە. | (١) گێڕانەوەی ڕووداوەکانی فرەدەنگییە. (پۆلیفۆن) |
| (٢) ماوەی ڕووداوەکان لە (١٨٢٠)ـەوە تا (١٨٨٠)ی دەخایەنێت، کە دەکاتە سەردەمی بەهێزی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و ڕووخان و تێداچوونی میرنشینی بابان. | (٢) ماوەی ڕووداوەکان لە دەوروبەری ساڵی (١٩١٠)وە بۆ (١٩٢٠)ی دەخایەنێت، کە هاوکاتە بە سەردەمی لاوازی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و دواتر هەڵگیرسانی شۆڕشی ساڵی (١٩٢٠)و سەرهەڵدانی فیکری ناسیۆنالیستی عەرەبی. |
| (٣) کەسێتی ژن دەورێکی ئەوتۆی پێنەدراوە. | (٣) کەسێتی ژن لە ڕووداوەکاندا چالاکە. |
| (٤) سەرجەم ناوی کەسایەتی و شوێنەکان ڕاستەقینەن. | (٤) هەندێک لە ناوی کەسایەتی و شوێنەکان ڕاستەقینەن، دەنا سەرجەمیان خوازراون. |

**هەرچی خاڵە لێکچووەکانە، ئەوە بەم شێوەی لای خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:**

**یەکەم:** بنیادی شوێنکەوتە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بەکارهاتووە، بەڵام جیاوازی لە تەکنیکی گێڕانەوەو شێوازی سوود وەرگرتن لە ڕووداوەکانی مێژوو بەدی دەکرێت. لە (پاشایان کوشت)دا، ڕووداوەکان وەک چۆن لە واقیعدا ڕوویان داوە، ئاوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گێڕدراونەتەوە، بەڵام لە (قبل أن يحلق الباشق)دا، وردەکارییەکی زۆرتر تێکەڵ بە زنجیرەی ڕووداوەکان کراوە و زیاتر چووەتە ناخی کەسایەتییەکانەوە، ئەمەش وای کردووە ڕووداوەکان لەچەندین گۆشەنیگای جیاجیاوە لێیان بڕوانرێت.

**دووەم:** ڕووداوەکانی هەردوو ڕۆمانەکە لە هەمان قۆناغی مێژووییەوە وەرگیراون، کە ئەویش کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمە و پەیوەستن بە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیری ئەو کاتی کوردستان و عیراقەوە، بۆ ئەوەش لە هەردوو ڕۆمانەکەدا باس لە مێژووی دوو خێڵ کراوە، کە دیارە خودی خێڵی هەردوو ڕۆماننووسەکە، خۆیانە.

**سێیەم:** کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەورێکی باڵایان هەبووەو ڕەنگدانەوە و کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی گشتی هەبووە، بۆیە کاریان لەسەر پێوەندییە خێڵەکییەکان کردووە و ئەو کێشە و گرفتانەیان خستووەتە ڕوو، کە لەو سەردەمەدا لەنێو تیرەو تایەفە جیاجیاکاندا لەئارادا بووە و کار گەیشتووەتە دژایەتی و کەوتنەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی، وەک ڕووداوی کوژرانی (حەمەپاشای جاف) سەرۆکی خێڵی جاف بە دەستی کەسانێک لە خێڵەکەی خۆی (کەرەم وەیسییەکان)و ڕووداوی کوژرانی (شێخ عاسی) سەرۆکی خێڵی واشەکان بەدەستی کەسانێک لە خێڵەکەی خۆی (فەزعو تارش). لە هەموو ئەمانەشدا بە ئاشکرا فیتی داگیرکاران و دوژمنان دەر دەکەوێت، (عوسمانی/ ئێرانی) لە یەکەم و (عوسمانی/بەریتانی) لە دووەمیاندا.

**چوارەم:** لە ناونیشانی هەردوو ڕۆمانەکەدا هێما و میتافۆر بەکارهاتووە، بەشێوەیەک کە لە پێوەندی ڕاستەوخۆدان بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە. ناونیشانی (پاشایان کوشت) ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بە ناوەرۆکی ڕووداوی کوشتنی حەمەپاشای جاف. (پێکانی واشەکە)یش بەهەمان شێوە، پێوەندی بە چەندین ڕووداوی سەرەکی و لاوەکییەوە هەیە لە ڕۆمانەکەدا. بۆ نموونە: بوونی (مانع شێخ عاسی) بە بەڕێوەبەری ناحیە و تەگەرەهاتنە پێش خەون و خولیاکانی بۆ خزمەتکردنی شارۆچکەکە و.. تاد.

**پێنجەم:** لە هەردوو ڕۆمانەکەدا دەقئاوێزان (تناص) کراوە، ئەویش بە وەرگرتنی پارچەیەک هۆنراوە، کە دیارە ئەمەش کاریگەرییەکی باشی هەیە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و چوونە نێو ڕووداوەکانەوە.

**شەشەم:** وێڕای هەبوونی چەندین ڕووداوی لاوەکی، بەڵام هەردووکیان بە ڕووداوی سەرکەوتن کۆتاییان دێت.

پاشایان کوشت بە تۆڵەکردنەوەی خوێنی حەمەپاشا و پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێتیش بە شۆڕشی ساڵی (١٩٢٠).

پەراوێزەکان:

(٥٣) (دەستنووس، حەوتەمین ڕۆژی ئەفراندن).

(٥٤) (أسطرة) الواقع، الرواية (فاتنة) جذبت أعتى الادباء والمفكرين نحو (سدرتها)، محمد عطية محمود، جريدة (العرب الاسبوعي)، بدون عدد، السبت ٢٠٠٩/٧/٢٥، ص٢٤

(٥٥) الرواية العراقية و قضية الريف، باقر جواد الزجاجي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ص٣٠٩

(٥٦) في الادب المقارن (مقدمات للتطبيق)، د.نجم عبدالله كاظم، عالم الكتب الحديث، اربد-الاردن، ط١، ٢٠٠٨، ص١٠٩

(٥٧) الرواية العراقية وقضية الريف، باقر جواد الزجاجي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ص٣٠٦

(٥٨) مەبەستی لەو جۆرە دەقی ڕۆمانەیە، کە ڕووداوەکانی پێکهاتەی ئاوێتەیەکن لەنێوان ڕووداوی مێژوویی و خەیاڵیدا، بێ ئەوەی هیچ کام لەو ڕووداوانە جێگەی ئەویتریان بگرنەوە.

(٥٩) في الأدب المقارن (مقدمات للتطبيق)، د. نجم عبدالله كاظم، عالم الكتب الحديث، اربد - الاردن، ط٨، ٢٠٠٨، ص١١٠

(٦٠) هەمان سەرچاوە، ل١١٠

(٦١) ئازاد بەرزنجی، پێوەندی تەلەفۆنی، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٠/٤/٢٢

(٦٢) ئیستێتیکای گێڕانەوە، ل٤٩

(٦٣) الرواية العراقية و قضية الريف، ص١٢١

(٦٤) فەنتازیای داخراو، ڕەخنەو توێژینەوە، تەها ئەحمەد ڕەسوڵ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٥-١٦

(٦٥) توانامەندی ڕکابی لە بواری نووسینی ڕۆمانی مێژووییدا لە ئاستێکی ئەوتۆدایە، کە دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٥)دا، خەڵاتی قەتەری جیهانی (جائزة القطر العالمي) پێ بەخشرا، لەلایەن دەزگای خاوەن خەڵاتەوە داوای لێکرا، کە ڕۆمانێکی مێژوویی نوێ لەسەر مێژووی عەرەب بنووسێ و بۆ تەواوکردنی ئەو کارەش ماوەی دوو ساڵی پێ درا. بڕوانە: www.alsabaah.com

(٦٦) نزیکی و تێکەڵی ئەو سێ ڕۆمانەی ڕکابی (الراووق، قبل أن يحلق الباشق، سابع أيام الخلق) لە ئاستێکدایە، کە وێڕای ئەوەی ڕووداوە سەرەکییەکان درێژکراوەی یەکترن، هاوکات ناوی زۆربەی پاڵەوان و تەنانەت کەسایەتییە لاوەکییەکان و شوێنەکانیش دووبارە بوونەتەوە، هەموو ئەوانەش لە دەوری خێڵی (واشەکان) دەسووڕێنەوە.

(٦٧) أسطرة الواقع، الرواية (فاتنة) جذبت أعتى الادباء و المفكرين نحو (سدرتها)، محمد عطية محمود، جريدة (العرب الاسبوعي)، بدون عدد، السبت ٢٠٠٩/٧/٢٥، ص٢٤

(٦٨) اثر الزمن في خلق البنية الدلالية في رواية سابع أيام الخلق، حسن كريم عاتي، الحوار المتمدن، العدد (٢٢٠٦)، ٢٠٠٨/٢/٢٩، www.ahewar.org

(٦٩) الرواية التأريخية في الادب العربي، عبدالله الخطيب، www.ibtesamam.com

(٧٠) هەمان سەرچاوە..

(٧١) الرواية التأريخية وتمثل الواقع (نجيب محفوظ نموذجا)، عبداللطيف محفوظ، www.aljabriabed.net

(٧٢) كتابة الرواية، جون برين، ترجمة: مجيد ياسين، دار الشؤن الثقافية العامة، آفاق عربية، ط١، بغداد، ١٩٩٣، ص٤٠

(٧٣) لە تەوەرەکانی دواتردا دێینە سەر باسکردنی ئەو لایەنە.

(٧٤) كتابة الرواية، ل٩٥

(٧٥) زیندەخەو، زمان و چەند ڕەگەز لە پێکهاتەی داڕشتندا، هادی حەبیبی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٥٤)، ٢٠١٠/٣/٥، ل١٠٩

(٧٦) ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، کرمانجی خواروو ١٩٨٠-ڕاپەڕین، پەروین عەبدوڵڵا، بڵاوکراوەی ئایندە، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٠٦

(٧٧) بە تورکی (سەفەر بەرلک)ی پێدەوترێ.

(٧٨) قبل ان يحلق الباشق، عبدالخالق الركابي، دار الشؤن الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٩٠، ص٣١٩

(٧٩) هەمان سەرچاوە، ص٣٣٨

(٨٠) قبل أن يحلق الباشق، ل٤١٥

(٨١) هەمان سەرچاوە، ل٣٤٦

(٨٢) هەمان سەرچاوە، ٣٨٤

(٨٣) السيرة الذاتية (عبدالخالق الركابي)، www.elcinema.com

(٨٤) قبل أن يحلق الباشق، ل٢١٦

(٨٥) قبل أن يحلق الباشق، ل١٩٦

(٨٦) العراق العثماني (١٥٣٢ - ١٩١٨)، www.wekpidya.com

(٨٧) قبل أن يحلق الباشق، ل٢٠٢

(٨٨) لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث، الدكتور علي الوردي، الجزء الرابع، من عام ١٩١٤ الى عام ١٩١٨، بدون تأريخ ومكان والطبع، ص٨

(٨٩) قبل أن يحلق الباشق، ل٢٨٧

(٩٠) هەمان سەرچاوە، ل٣٠٧

سەرچاوەکان:

* یەکەم/ بە زمانی کوردی

أ/ کتێب:

(١) ئەدەب چییە؟ ژان پۆل سارتر، و:مستەفا غەفوور، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆک)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

(٢) بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا، میران جەلال محەمەد، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

(٣) پاشایان کوشت، خوسرەو جاف، چاپخانەی (دار الرسالە)، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٣.

(٤) تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)دا، جەلال ئەنوەر سەعید، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

(٥) تەئریخی جاف، دانراوی: کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، لێکۆڵینەوەی: د.حەسەن جاف، چاپی یەکەم، ١٩٩٥.

(٦) فەنتازیای داخراو، رەخنەو توێژینەوە، تەها ئەحمەد رەسوڵ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

(٧) رۆمانی کوردی خوێندنەوەو پرسیار، سابیر رەشید، بەشی یەکەم، بلاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

(٨) رەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، کرمانجی خواروو ١٩٨٠-راپەڕین، پەروین عەبدوڵلا، بلاوکراوەی ئایندە، لەبلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

(٩) مانا و دەلالەتە شاراوەکانی دەق، کۆمەڵێک رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، دانا عەسکەر، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی دەزگای پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

(١٠) نۆ باس لە مێژووی کورد، عومەر عەلی شەریف، سەنتەری رۆشنبیری مەولەوی، چاپخانەی رۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

ب/ نامەی ئەکادیمی:

(١) ریالیزم لە رۆمانی کوردی هاوچەرخدا، عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٦.

ج/ گۆڤار:

(١) دیدارێک لەگەڵ جەبار جەمال غەریب، سازدانی: دڵشاد خۆشناو، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٤٦)، دیسەمبەری ٢٠٠٩.

(٢) رۆمانی سەرگوزشتەی مێژوویی، زاهیر رۆژبەیانی، گۆڤاری ئایندە، ژمارە (٥٨)، تەمموز ٢٠٠٩.

(٣) زیندەخەو، زمان و چەند رەگەز لە پێکهاتەی دارشتندا، هادی حەبیبی، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٥٤)، ٢٠١٠/٣/٥.

د/ رۆژنامە:

(١) خوسرەو جاف لە دیدارێکی تایبەت بە گەرمیانی ئەمرۆدا، سازدانی: کامەران یارەویس، رۆژنامەی (گەرمیانی ئەمرۆ)، ژمارە (٤١)، شوباتی ٢٠١٠.

هـ/ ئینتەرنێت:

(١) بەناوبانگترین سەرۆکەکانی جاف، www.jaff.bizroli.com

و/ پێوەندی:

(١) ئازاد بەرزنجی، پێوەندی تەلەفۆنی، رۆژی پێنجشەممە ٢٠١٠/٤/٢٢

* دووەم: بە زمانی عەرەبی:

أ/ کتێب:

(١) البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د.شجاع مسلم العاني، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٤.

(٢) الكورد و الدولة العثمانية، موقف علماء كوردستان من الخلافة العثمانية في عهد السلطان عبدالحميد الثاني، د.محمد زكي البرواري، دار الزمان، دمشق، ٢٠٠٩.

(٣) الرواية العراقية و قضية الريف، باقر جواد الزجاجي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.
(٤) في الأدب المقارن (مقدمات للتطبيق)، د.نجم عبدالله كاظم، عالم الكتب الحديث، اربد-الاردن، ط١، ٢٠٠٨.
(٥) الرواية العراقية وقضية الريف، باقر جواد الزجاجي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.
(٦) في الأدب المقارن (مقدمات للتطبيق)، د. نجم عبدالله كاظم، عالم الكتب الحديث، اربد - الاردن، ط٨، ٢٠٠٨.
(٧) كتابة الرواية، جون برين، ترجمة: مجيد ياسين، دار الشؤن الثقافية العامة، افاق عربية، ط١، بغداد، ١٩٩٣.
(٨) لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث، الدكتور علي الوردي، الجزء الرابع، من عام ١٩١٤ الى عام ١٩١٨، بدون تأريخ ومكان و الطبع.
(٩) قبل ان يحلق الباشق، عبدالخالق الركابي، دار الشؤن الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٩٠.

ب/ رۆژنامه:
(١) (أسطرة) الواقع، الرواية (فاتنة) جذبت أعتى الادباء والمفكرين نحو (سدرتها)، محمد عطية محمود، جريدة (العرب الاسبوعي)، بدون عدد، السبت ٢٠٠٩/٧/٢٥.

ج/ ئینتەرنێت:
(١) اثر الزمن في خلق البنية الدلالية في رواية سابع أيام الخلق، حسن كريم عاتي، الحوار المتمدن، العدد (٢٢٠٦)، ٢٠٠٨/٢/٢٩، www.ahewar.org
(٢) الاديب والمعماري خسرو الجاف: قلة الرواية الكردية سببها المثقفون و المعنيون بالادب الكردي، مقابلة (اكانيوز)، ٢٠٠٩/١٢/٢١، www.aknews.com
(٣) الرواية التأريخية في الادب العربي، عبدالله الخطيب، www.ibtesamam.com
(٤) الرواية التأريخية وتمثل الواقع (نجيب محفوظ نموذجا)، عبداللطيف محفوظ، www.aljabriabed.net
(٥) السيرة الذاتية (عبدالخالق الركابي)، www.elcinema.com
(٦) العراق العثماني (١٥٣٢ - ١٩١٨)، www.wekpidya.com
(٧) حوار بسيط في تقنيان السرد، بناء الحدث، د. محمود الدغيشي، www.anaweeen.com

* سەرنج: بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارە (١٧٦)ی گۆڤاری رامان-دا بلاوکراوەتەوە، بەشی دووەمیشی بەهۆی هاککردنی سایتەکەمانەوە لە خوێنەران دابڕا.. لە دواکەوتنی بلاوکردنەوەی ئەم بابەتە داوای لێبووردن لە خوێنەران دەکەین.

# مۆریتس شلیک و تیوری زانینی ڕیالیزمییانه

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

١- هەندێک ڕووداو لە ژیانی هزرمەند و فەیلەسووفەکاندا بە نهێنی و وەک گرێ کوێرە دەمێننەوە و نهێنییەکە بە ئاسانی پەردەی لەسەر لانابرێ و گرێیەکەش ناکرێتەوە، ئەو گریمانەیەش کە لەو بارەیەوە بکرێ لە چوارچێوەی وادانان و وازانین بەولاوە ناچێتە دەرێ و سنووری ئەگەر نابەزێنێ. ژیانی فەیلەسووفی ئەڵەمانی سەرەتای سەدەی بیستەم و دامەزرێنەری کۆڕی ڤیەننای پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی مۆریتس شلیک نموونەیەکی بەرچاوی ئەو ڕەوشەیە.

شلیک (١٨٨٢-١٩٣٦ز) کە ساڵی ١٩٠٤ نازناوی دکتۆری لە بابەتی فیزیک پێ بەخشراوە. بە یەکجاری پشتی کردۆتە ئەو زانستە و تا ئەو ڕۆژەیماڵئاوایی لە ژیان کردووە، خەریکی فەلسەفە بووە. تا ئێستا ئەو نهێنییە ئاشکرا نەبووە کە بۆچی دەستبەرداری بابەتی پسپۆڕییەکەی خۆی بووە و ڕووی لە فەلسەفە کردووە؟ گرێ کوێرەکەش کە خۆی لە گریمانەیەکدا بەرجەستە دەکات، ئەوەیە ئەگەر ئەو فەیلەسووفە لە لوتکەی چالاکی فەلسەفەییدا، کە لە زانکۆی ڤیەننا مامۆستا بووە، نەکوژرابایە، دەبوو چ ڕۆڵێکی گێڕابایە و چ بەرهەمێکی بەپێزی نووسیبایە و بڵاوی کردبایەوە. هەرچۆنێک بێ، وەڵامەکە لەو ڕاستییە کاڵ نابێتەوە کە ئەوەی لەپاشی بەجێ ماوە، بنەمایە و ئەوی تر کە بگوترێ لە چوارچێوەی بۆچوونی گریمانە کراو ناچێتە دەرێ.

شلیک ساڵی ١٩٢٢ لە زانکۆی ڤیەننا بووە بە مامۆستای فەلسەفەی زانستە ئیندەکشنییەکان. لە کۆڕە سیمینارێکدا کە ئێوارەی پێنج شەممان - هەفتەی جارێک- ڕێکی خستووە، چەندان زانا و مامۆستای بیرکاری و فەلسەفە و خوێندکارانی دکتۆری لێی کۆبوونەتەوە و تێیدا بەشدارییان کردووە. ئەو ڕێبازە فەلسەفەییە لەو سیمینارەوە کەوتۆتەوە کە دواتر بە کۆڕی ڤیەننا ناسراوە.



مۆریتس شلیک

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٩ز ڕێکخراوی ئێرنست ماخ مانیفێستێکی بەناوی «تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان» بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا دروست بوون و دامەزراندنی کۆڕی ڤییەننای پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی ڕاگەیاندووە. لە سەرەتادا سوپاسی پرۆفیسۆر شلیک کراوە کە نەچووە بۆ زانکۆی بۆن (ئەڵەمانیا) و لە زانکۆی ڤییەننا (نەمسا) ماوەتەوە، ئینجا هەڵوێستی ڕێکخراوەکەی لە بارەی جیهاندیدە و فەلسەفەیی و مەبەست و ئامانج و چالاکی ئەندامان ڕوون کردۆتەوە و پاساوی ئەوەی داوەتەوە بۆچی ناوی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی بۆ ئەو چالاکییە هەڵبژێردراوە. لەوێدا هاتووە:

تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان، دان بە بوونی هیچ جۆرە مەتەڵ و گرێ کوێرەی لە کردنەوە و هەڵهێنان نەهاتوودا نانێ. ڕوونکردنەوەی کێشە و پرسیارەکانی فەلسەفەی کلاسیکی بۆتە مایەی ئەوەی بکرێن بە دوو جۆرەوە:

- جۆرێکیان دەرکەوتوون کە زرە کێشەن.
- ئەوانی تر دەکرێ بخرێنە خانەی کێشە ئەزموونییەکانەوە، ئیتر دەبێ بڕیاری زانستە ئیمپرییەکان بیانگرێتەوە. لەو ڕوونکردنەوەی کێشە و پرسیار و دەستەواژەکاندا کاروچالاکی فەلسەفە پێکدێت(١). ئامرازی ئەو ئەرکەش شیکردنەوەی لۆژیکی زمانە. ئەو چالاکییەی لۆژیک کە شیکردنەوەی زمانە کۆڕی ڤیەننا لە ئیمپریزم و پۆزیتیڤیزم پێشتر جیا دەکاتەوە، بەڵام ئەو دوولایەنە هەر بە دوو خەسڵەتی سەرەکی ڕێبازەکە ماونەتەوە لەوە کە:

کۆڕی ڤیەننا لە چالاکی فەلسەفەیی خۆیدا باوەڕی وابووە کە زانینی ئەزموونی- شارەزایی Erfahrungserkenntnis کە بەهاوردەی ڕاستەوخۆی هەستەکانەوە Gegebene بەندە(٢) ئەو زانینەیە بوار و دەرفەتی هیچ گومان و ئەگەرێک نادات. لەو کەشوهەوا فەلسەفەیی زانستییەدا کە تێیدا هەردوو ڕێبازی کۆنی لەسەردەمی فیتاگۆرسەوە ماوەتەوە و تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتری کراون، ماتماتیک و زانستە ئەزموونییەکان، مۆریتس شلیک زانا و فەیلەسووف دەستبەکار بووە و ڕەنگی جیهاندیدە هەمەجۆرە بەپێزە فرە ڕەنگییەکەی ڕشتووە. ڕاستە مەرگی بە زۆر سەپێنراوی پێشوەخت دەرفەتی نەداوە گەشتەکەی بە گوزاری فەلسەفەدا بگەیەنێتە سەر و ئامانج، بەڵام لەو بەرهەمانەی لە پاشی بەجێ ماون، دەکرێ تابلۆیەکی ڕەنگینی کۆششەکەی بنەخشێنرێ.

٢- ئەگەر مرۆڤ سەرنج لەو بەرهەمانە بدات کە ئەو هزرمەندە لە ژیانی ئەکادیمیدا پەخش و بڵاوی کردوونەتەوە، دەردەکەوێ کە چەند بابەتێک بە تایبەتی سەرنجیان ڕاکێشاوە و سەرگەرمی توێژینەوەیان بووە. بابەتەکان بەگشتی دەکرێ بەو جۆرە دابەش بکرێن:

- پێوەندی نێوان فەلسەفە و زانست.
- تیوری زانین.
- میتافیزیک.

## فەلسەفە و زانست

بایەخدان بە پێوەندی نێوان فەلسەفە و زانست ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی کولتووری و هزری سەرەتای سەدەی بیستەم بووە، بە تایبەتی کە هەردوو تیوری: ڕێژەیی بە هەردوو بەشی تایبەتی و گشتی (ئاینشتاین) و تیوری کوانتەمی (پلانک و هایزنبرگ) شۆڕشێکی سەرتاپاگیریان لە سۆنگە و گریمانەکانی ژێری زانستیدا هەڵگیرساند و هەر بەردەوامیشە و دەروازەی قۆناغێکی باڵاو بەرزتری هزری زانستی خستۆتە سەرپشت.

ئاینشتاین تیوری ڕێژەیی تایبەتی (١٩٠٥ز) و تیوری ڕێژەیی گشتی ساڵی (١٩١٥- ١٩١٦ز) ڕاگەیاندووە. هەردوو تیورییەکە بە تێکڕایی پێوەندییان بە هەردوو گریمانەی کێشە ئامێزی ئەتیر Ather و خێرایی تیشکەوە هەیە. جگە لەوەی لەسەردەمی نیوتنەوە زانایان قسەیان لە کات و جێگای ڕەها کردووە. ئاینشتاین بە

تەواوەتی ئەو بۆچوون و گریمانانەی بەلایەکی دیکەدا خستووە و بەراوەژووی کردوونەتەوە: ئەتیر کە جۆرە هەوایەکە لە ئاسمان بە چەمکێکی نازانستی ڕوونکرایەوە و زاناکان دەستبەرداری بوون. خێرایی تیشک بەخێراییەکی ڕەهای لە ڕادەبەدەر ساغ و پشت ڕاست کراوەتەوە.

تیوری ڕێژەیی تایبەتی لە بارەی ئەو لەش و گرووپانەیە کە بەخێراییەکی جێگیر و نەگۆڕاو بەرانبەر بە یەکتری دەجوولێنەوە. ئەو تیورییە ڕەوشێکی تایبەتی تیوریە گشتییەکەیە، بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، بەڵام تیوریە گشتییەکە پێوەندی بە خێراییەوە هەیە کە بەردەوام پتر و خێراتر دەبێ!! گرووپی یەکەم خێراییەکەیان ناگۆڕێ، بەڵام لەشەکان بە ئاراستەی جووڵانەوەکەیاندا دێنەوە یەک و درێژییەکەیان کورت دەهێنێ. ئاینشتاین ساغی کردۆتەوە بۆچوونی سەرەکی فیزیکی کلاسیکی کە گوایە کات و جێگای ڕەهایان هەڵەیە، چونکە کات و شوێن هەردووکیان ڕێژەیین. جاران کات و جێگا لە یەکتری دابڕابوون. جێگا سێ ڕەهەندی هەبووە و کاتیش ڕەهەندێک، تیوری ڕێژەیی، دیواری ئەو دابڕانەی ڕووخاندووە و کات و جێگای پێکەوە کردووە بە پێکهاتەیەکی چوار ڕەهەندی، ئەو هەنگاوەش دوورکەوتنەوە بووە لە ئەندازەی ئویکلیدس. بەوپێیە ناکرێ هیچ خەسڵەتێک بە جێگا ببەخشرێ بەبێ ئەو شتانەی تێیدان. کات و جێگا هیچی تر ئەو بابەتە نەماون کە بپوێرێن Messung. ئەو دوو بابەتە تەنیا هەر بە پرۆسەی پەتی کردن (ئەبستراکت) دەکرێ لە شمەک و ڕووداوە سروشتییە- فیزیکییەکان دابڕێنرێن. کات و شوێن و شمەکەکان لە هەڵکەوتدا یەکەیەکن لە یەکتری جیا ناکرێنەوە.

لەلایەکی دیکەوە ئاینشتاین گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە خێرایی بڵاوبوونەوەی تیشک لە بۆشاییدا Vakuum پابەندی بزووتنەوەی ئەو سەرچاوەیە (ئەو لەشە) نییە کە تیشکەکە دەپژێنێ، چونکە ئەو خۆی خێراییەکەی نەگۆڕ و جێگیرە. هاوکێشەکەش بەو جۆرە ئەو ڕەوشە دەردەبڕێ(٣):

خێرایی = ڕێگای بڵاوبوونەوەی تیشکەکە

خایاندنی کاتەکەی

ئەوەندەی ئەو تیوری ڕێژەییە پێوەندی بە فەلسەفەوە هەیە و کاریگەری لەسەر بەجێ هێشتووە ئەو پرسیارە بەبیر و هزردا دێت:

– ئەگەر بنەمای ڕێژەیی لە فیزیکدا بگونجێ، دەکرێت هەمان بنەما لەگەڵ فەلسەفەدا بەگشتی بێتەوە و لە بابەتی ئاکاردا کە لقێکی فەلسەفەیە، پەیڕەو بکرێت؟!

– تیوری دووەمی زانستی کە جیهاندیدی فەلسەفە و وێنەی نەخشاوی جیهانی زانستی بەراوەژوو کردۆتەوە، تیوری کوانتەمی ماکس پلانک و ڤێرنەر هایزنبێرگ بووە. بەپێی ئەو تیورییە، کە بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی زانستی پشت ئەستوور بووە، بنەما هۆیەکی پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام لە جیهانی ئەتۆمدا پاشەکشەی کردووە و لە جێگایەکدا تیوری ڕێتێچوون دەستبەکار بووە.

پرۆفیسۆر ڤێرنەر هایزنبێرگ (١٩٠١- ١٩٧٦ز) لە چەند تاقیکردنەوەیەکی تاقیگەییدا بۆی دەرکەوتووە، ناکرێ لە یەک کاتدا جێگاو خێرایی ئەلیکترۆن دیاری بکرێت. ئەگەر بویسترێ خێراییەکەی بە وردی دیاری بکرێ، دەبێ تیشکی تێ بگیرێ، لێرەدا جێگاکەی لەق دەبێ و دەشێوێ، ئەگەر هەوڵی دەستنیشانکردنی جێگاکەی بدرێ، خێراییەکەی تێکدەچێ. لەوەوە ئەو زانا فەیلەسووفە گەیشتۆتە ئەو ڕایەی مەرج نییە هۆکار هەمیشە ئەنجامی دیاریکراوی لێ بکەوێتەوە، بەڵکو بابەتەکە خەسڵەت و سروشتی ڕێتێچوونی هەیە. ئەو بنەمایە بە بنەمای پێوەندی دیاری نەکراو (Unbestimmtheitsre Lation) ناودەبرێ. ئەو بنەمایە: قانوونی بەردەوامی، بنەڕەتی ناچاریی، هۆیەکی، چەمکی گەوهەری بەلەرزین هێناوە و لە جێگای خۆیاندا لەقاندوونی. هایزنبێرگ گوتوویەتی:

قانوونی هۆیەکی کە بە وردی دەربڕدرێ دەڵێ: ئەگەر ئێمە ئێستا بزانین دەتوانین دوارۆژ پێشبینی بکەین، ئەو بنەمایە.. بە تەواوەتی هەڵە و چەوتە. ئێمە ناتوانین لە بنەڕەتدا «ئێستا» بە هەموو بەش و هەلومەرجەکانییەوە بزانین، بۆیە ئەو بۆچوونە بێ بەرو بێ واتایە بەهۆی میکانیکی کوانتەم نا کارایی و پاشەکشەکردنی قانوونی هۆیەکی بە تەواوەتی ساغ و پشت ڕاست کرایەوە(٤).

شلیک دۆستێکی نزیکی ئاینشتاین بووە، لەلای ماکس پلانک دکتۆریی خوێندووە و شارەزای وردەکارییەکانی وێنە جیهانییەکەیان بووە. کەوابوو چۆن توانیویەتی لە کایە و دەڤەری فەلسەفەدا ئەو دوو تیورییەی هەڵسەنگاندووە و سوودی لێ وەرگرتوون؟!

لە کتێبی «کات و شوێن لە فیزیکی مۆدێرندا» شلیک وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە و هەڵوێستی خۆی بە ڕوون و ڕاشکاوی دیاری کردووە:

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پەرەسەندنانەی بەسەر کایەکانی زانستدا هاتوون، ڕابەری کۆڕی ڤیەننا نەخشەی جیهاندیدێکی فەلسەفەی بە زانست متوربە کراو کێشاوە

کە بە تێزەی هەستەکی- ئەزموونی پشت ئەستوور بووە. هەست و تێبینی کردن ئەو هاوردە بنەڕەتییەن کە تێکڕای جیهانی چەمکەکانی فیزیکیان لێ پێک دێت، بەڵام بابەتی فیزیک خۆی لە قانوونەکانی بەولاوە نییە(٥).

لەو وێنەیەی شلیک لە بارەی جیهانی زانستەوە کێشاویەتی، جێ دەستی تیوری ڕێژەیی ئاینشتاین بە ڕێکوپێکی دێتە بەرچاو و سەرنج ڕادەکێشێ:

- هیچ جۆرە سیستمێکی ڕەها کە لە چالاکی زانستی Bezugssystem پشتی پێ ببەسترێ بوونی نییە.

- هەموو بزووتنەوەیەک ڕێژەییە، جا ئەو بزووتنەوەیە هەر جۆرێک بێت لەو سنوورە ناچێتە دەرێ.

- ئەگەر لە سیستم و وێنەی جیهانی زانستی نیوتندا هێزی کێشەکی هۆکارێکی کاریگەری دووربووبێ، لێرەدا ڕووداوەکان کە لە کات و شوێندا دەقەومێن، ڕاستەوخۆ پابەندی ئەو ڕووداوانەن کە لە چەقی دەوروبەریاندا دەقەومێن(٦).

- بە باوەڕی شلیک بایەخی تیورییەکەی ئاینشتاین لەوەدایە بنەما و ستروکتۆری ئەندازەیی و فیزیکی جیهان بە شێوازێکی سادە و ساکارتر بەهۆی چەند قانوونێکی هەمەکییەوە لێکدەداتەوە. جگە لەوەی تیورییەکە خۆی ڕەخنەیەکی توند لە چەمکی پێشیبیانە و تیوری زانستی کانت دەگرێ.

ئەوی پێوەندی بە جێگاوە هەیە، تاڕادەیەک ڕادەو سنووردارە، یان بێ کۆتاییە. شلیک لەو باوەڕەدایە کە ئەو تێزەی پشت بەو گریمانەیە دەبەستێ، گوایە جیهان دوورگەیەکی سنووردارە لەنێو جێگایەکی Raum بێ سنووردا پشت ڕاست نەکراوەتەوە. ئەوی پشت ڕاست کراوەتەوە ئەو ئەنجامەیە ئاینشتاین پێی گەیشتووە کە دەری خستووە لەلایەک قەبارەی گەردوون سنووردارە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە گەردوون خۆی بێ سنوور و بێ کۆتاییە(٧)!.

کێشە و بابەتی هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام) ئەگەرچی کاتی خۆی دێڤید هیوم گورزێکی جەرگ بڕی لێوەشاندووە، بەڵام تیوری کوانتەم بە تەواوەتی لە جیهانی زانست دووری خستۆتەوە.

ئەگەر هایزنبێرگ ساغی کردبێتەوە کە (بنەمای هۆکاری) لە سروشتدا دەستبەکار نییە و بڕ ناکات، دەستەواژەی هۆکار لەو ڕەوشەدا پووچ و بێ ناوک و بێ واتا دەبێ، ئەو پرسیارە بە بیردادێت ئایا ئەو بنەمای هۆکارییە ئەگەر لە زانستدا بڕ نەکات، خۆ مرۆڤ بەچاوی خۆی دەبینێ کە ڕووداو هەیە بە دوای یەکتریدا دێن. دەکرێت بوتری ڕووداوی (أ) پێش ڕووداوی (ب) قەوماو ڕووداوی دووەمیان پاش یەکەمیان کەوتووە، یان مرۆڤ بە ئاشکرا هەست پێ دەکات و دەبینێ کە جگە لە فاکتەری کات زنجیرەی ڕووداوەکان لە جێگاشدا بە تەنیشت یەکەوە وەک ڕیزکرابن، وا هەستیان پێ دەکرێ، بوونی پێش و پاش و بەدوای یەکتریدا هاتن، دیاردەیەکە هزری مرۆڤ پشت ڕاست دەکاتەوە. کەوابوو ڕابەری کۆڕی ڤیەننا چۆن لەو بارەیەوە هەڵوەستەی کردووە و بیروڕای خۆی دەربڕیوە؟!

لە سەرەتاوە شلیک کۆشاوە:

- بنەمای هۆیەکی Kausal Prinzip کە بە عەرەبی بنەمای (ئەل سەبەبییەی)ی پێدەگوترێ لە:

- هۆیەکی Kausalitat (بە عەرەبی ئەل سەببیە) جیا بکاتەوە. بنەمای هۆیەکی دەڵێ:

هەر شتێک بقەومێ هۆکاریکی هەیە. هیچ ئەنجامێک بەبێ هۆکار نابێ! بنەمای هۆیەکی کاتێک دروست و واتای دەبێ ئەگەر بێتو چەند ڕێسا و قانوونێک هەبن ڕوونی بکاتەوە چ هۆکارێک هی ئەنجامێکی دیاریکراوە و بەپێچەوانەوەشەوە چ ئەنجامێک هی هۆکارێکە! ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە یەکێکیان بەهۆی ئەوی دیکەوە دەکەوێتەوە و دیاری دەکرێت. ئەو ڕێسا و قانوونانەش لە قانوونی سروشت بەولاوە نین کە دەری دەخەن: هەموو ڕووداوێکی سروشت بەپێی قانوونەکان دەکەونەوە و دێنە ئاراوە..

بەڵام هۆیەکی یان گریمانەی هۆیەکی وشەیەکی دیکەی لە ئارادابوون و دەست بەکاری قانوونە. ئیتر بەو پێیە گریمانەی هۆیەکی و قانوونی سروشت یەک شتن(٨).

ئەو بڕیارەی شلیک داویەتی، ئەگەر لە زانست- فەلسەفەی سروشتدا پەسند بکرێت و بڕ بکات، پرسیارە فەلسەفەییەکان هەر بە کراوەیی دەمێننەوە و تایبەتمەندی خۆیان لە دەست نادەن، چونکە ئەو پرسیارەی لە بارەی واتا و دەلالەتی وشەی گریمانەی هۆیەکی و قانوونی هۆیەکی دەکرێ هەر بە جیاوازی دەمێنێتەوە لەو پرسیارەی لە بارەی دەستبەکاری و بڕ کردن و کارایی Grltung بنەمای هۆیەکی دەکرێت! بنەمای هۆیەکی بنەمای ناچاری لێدەکەوێتەوە کە بە عەرەبی (حەتمیەتی) پێدەگوترێ، بۆیە دەبێ بە بۆچوونی شلیک دوو لایەن لە یەکتری جیا بکرێنەوە:

- گریمانەی هۆکار و ئەنجام، قانوونی سروشت، هەردووکیان دوو چەمکن ئاماژە بە یەک بابەت دەکەن.

- بنەمای هۆیەکی، دەستەواژەی هۆیەکی، چەمکی هۆیەکی و بنەمای ناچاریی، چەند ناوێکی جیاوازن یەک دیاردە نیشان دەدەن.

لەو بابەتەدا چەند جارێک وشەی سروشت بەرانبەر بە وشەی لاتینی (Natur) بەکارهاتوو دووبارە بۆوە. دەبێ ئەو وشەیە لە دیدی ڕابەری کۆڕی ڤیەننا چی بگەیەنێ و چ بابەتێک دیار و دەستنیشان بکات؟!

سروشت بە واتا باوە ئاساییەکەی کۆی سەرجەم تێکڕای دیاردە ئۆرگانی و نائۆرگانییەکانە کە بەبێ پەیوەست بە مرۆڤەوە بوونی هەیە، بە ڕووەک و زیندەوەر و ئاو و خاکەوە... لە دیدی فەلسەفەوە سروشت بە جۆرێکی دیکە پێناسە دەکرێ:

لە جیهاندیدی فەلسەفە سروشت دەخرێتە ئەو خانەیەوە کە خەسڵەت و تایبەتمەندی ڕێنما و قانوونی هەیە، جا ئیتر بوونی ئەو قانوونانە واتای ناچاریی ببەخشن، یان مەبەست لە پێوەرە پۆزیتیڤیستییەکە بێ کە گریمانەی پێشبینی کردنی دوارۆژ دەکات. وشەی سروشت هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بوونی ڕاستەقینە (ڕیالیستیان) هەیە و دەچنە ژێر چەمکی سروشتەوە و زانستی سروشت، فیزیک دەیانکات بە بابەتی توێژینەوە. شلیک لەو بارەیەوە گوتوویەتی:

مرۆڤ وا لە سروشت دەگات کە بریتییە لە سەرجەمی ئەو هەڵکەوتە ڕاستەقینانەی لەئارادان. ئەوی ئەو ڕاستەقینەییە پشت ڕاست دەکاتەوە بوونە لە جێگاو کاتدا. هەموو ئەو بابەت و کەرەسە ڕووداوانەی لە جێگادا هەن، بە هەمان شێواز کاتیش دەیانگرێتەوە... ئەوانیش بە چەند واتایەکی دیارو دەستنیشانکراو بابەتی زانستی سروشتین(٩).

پێوەندی نێوان فەلسەفە و زانست، نێوان فەیلەسووف و زانا پێوەندییەکی دەستیاوی ناچارییە و پەرەسەندنی ژیان خۆی ڕەوایەتی پێ بەخشیوە. فەیلەسووف ناتوانێ بەرانبەر ئەنجامی توێژینەوەی زانستی خەم سارد بێت و زاناش ناکرێ دەستبەرداری ڕێنمایی و جیهاندیدی فەیلەسووف ببێ.

## تیوری زانین

١- لەسەردەمی خۆیدا هەستی بە هەردوو دیاردە شۆڕش ئامێزەکە کردووە: هەرەسهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان و شۆڕشەکەی هەردوو تیوری زانستی ڕێژەیی و کوانتەم. بەرانبەر بەو ڕەوشە هەوڵدراوە بە دوو شادەماردا جارێکی دیکە خوێنی ژیانەوە بە بەر فەلسەفەدا بکرێت:

**یەکەم:** ئەو هەڵانە لەبەرچاو بگیرێن کە فەلسەفەیان بەو مەرەیە بردووە. دەرفەتی دووبارەبوونەوەیان نەدرێ، بۆیە کۆششەکەی ئیدوار تسیلەر(١٠)، تیوری زانین ببێ بە کەرەسەی سەرەکی فەلسەفە، بە یەکەم هەنگاوی دووبارە دەستپێکی گەشتی لە سەرەوتن نەهاتووی دادەنرێ.

**دووەم:** دۆزینەوەی سەرچاوەیەک لێوەی هەڵبهێنجرێ و بنەمایەک ڕەنگی نەخشەی ژیانەوەی فەلسەفەی لەسەر بڕێژرێ لەلایەن هیلم هۆڵتزەوە (١٨٢١-١٨٩٤ز) دەستی پێ کردووە کە داوای کردووە جارێکی دیکە ڕوو لە کانت بکرێتەوە و سوود لە فەلسەفەکەی وەربگیرێ(١١). لەو دوو دەرفەتە بەپێزەدا، تیوری زانین بابەتی سەرەکی چالاکی فەلسەفە بێ و فەلسەفەی کانت ئەو پشت و پەنایە بێت پەنای بۆ ببردرێ، شلیک سوودی وەرگرتووە. بلاوکردنەوەی شاکارەکەی «تیوری زانینی گشتی ساڵی ١٩١٨ز) لەسەرانسەری کۆڕ و ئەکادیمیەکانی ئەڵمانیا و نەمسا و دوای وەرگێڕانی لەسەرانسەری ئەوروپا ناوبانگی پێ پەیدا کردووە. لەو کتێبەدا نووسەرەکەی، تیۆرییەکی تیروتەسەلی زانستییانەی زانینی ڕەنگ ڕشتووە. هەر لە سەرەتاوە ئەو سەرچاوەی ئاشکرا کردووە کە لێوەی هەڵهێنجاوە و لەو چالاکییە فەلسەفەییەیدا ڕێنمایی کردووە. شلیک لە کۆتایی شاکاری تیوری زانینەکەیدا گوتوویەتی:

ئەو سەرچاوەیەی پشتی پێ بەستراوە و سەرنج و وردبوونەوەکانمی بەو ئاراستەیەدا برد، لە بنەڕەتدا ئەوەی هیوم بووە. من باوەڕ ناکەم لە کردن بێت و بگونجێ مرۆڤ سنووری ئەو ببەزێنێ و پشتگوێی بخات(١٢).

لێرەدا ئەو تێکستە باسی ئەو ڕەخنەیە دەکات کە ئەو فەیلەسوفە ئینگلیزە لە چەمکی هۆکار و ئەنجامی گرتووە، لەگەڵ ڕێبازی ئەزموونی- هەستەکی کە لە چالاکی هزریدا پەیڕەوی کردووە.

هەڵبژاردنی دیدی فەلسەفەیی هیوم لە دیاریکردنی ئەرک و فەرمان و چالاکی فەلسەفە بەولاوە شتێکی دیکە نییە. دەستنیشانکردنی ئەرکی فەلسەفە بێ، یان زانست ئەو ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە هەندێک پرسیار پاشەکشێ دەکەن و هەندێک کێشە گەرمو گوڕی خۆیان نامێنێ و دەبن بە زرەکێشە و شایستەی توێژینەوە نامێنن. ئەگەر فەلسەفە ئەرکی لێکدانەوە و شرۆڤە کردن بێ، بۆ نموونە، ئەوە ئەو پرسیارەی لە بارەی بوون و نەبوونی ڕاستەقینەی جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەر دەکرێ بایەخی فەلسەفەیی خۆی لە چوارچێوەی تیوری زانیندا لە دەست دەدات و بوونی ئەو شمەکانەی لە دەرەوەی سنووری برکردنی هۆش و هەستەکانن هیچی تر بابەتی پرسیار و کێشە لەسەر نابن، بەڵام واپێناچێ شلیک لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بووبێ، ئەو خۆی پسپۆڕ

بووە لە فیزیک، ئەمەش واپێویست دەکات بە چاوێکی ڕیالیستیانەوە سەرنجی دەوروبەر بدرێت، زانینی زانستییانە، لەو ڕوانگەیەوە، کاتێک دەستەبەر دەبێ کە ئەو شمەکانە بە شمەکی ڕاستەقینە دابنرێن و پەسند بکرێن(١٣) بە پێچەوانەوە کەرەسەی توێژینەوەی زانستی ئەزموونی لەبەردەستدا نامێنێ.

٢- بەوپێیە ڕابەری کۆڕی ڤیەننا سێ کایەو دەڤەری توێژینەوەی لە یەکتری جیا کردۆتەوە:

**یەکەم:** هەڵکەوتی ڕاستەقینە خۆی (دەوروبەر)، شت لە خۆیدا، پێکهاتە چۆنییەتییەکان.

**دووەم:** چەمکە چەندییەکانی زانستی سروشت کە لە هەڵکەوتی ڕاستەقینەوە دەکەونەوە. لە تێکڕای ئەوان چەمکی جیهانی فیزیک پێکدێت.

**سێیەم:** بۆچوونەکان کە لە سەرنجدان و تەماشاکردنەوە دەکەونەوە، هەر بەهۆی ئەوانەوە چەمکە چەندییەکانی زانستی سروشت لەهۆشدا بەرجەستە دەبن(١٤).

بەو پێیە کەرەسە و بابەتی زانین، ئەو زانینەی لەخۆیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆز و وردیشە لە سێ بەش پێکهاتووە، دەوروبەر کە مایەی ئەو زانینەیە کە مرۆڤ دەیزانێ. ئەوچەمکانەی لە پرۆسەی هزردا مرۆڤ ڕۆیان دەنێ و لە دەوروبەرەوە دێن، ئینجا بەشی سێیەمیەتی ئەو بۆچوونەیە کە مرۆڤ هەیەتی و لە چەمکەکاندا بەرجەستە دەبێ. کە ڕۆدەنرێن. ئەو سێ بەشەی زانین بەرانبەر بە سێ لایەنەکە هەر پرۆسەکە لێی پێکدێت:

- مرۆڤێک، کەسێک شمەکەکان دەزانێ و پەیان پێدەبات.
- ئەو شمەکانەی دەوروبەر کە مرۆڤ دەیانزانێ.
- پرۆسەی زانینەکە خۆی بریتییە لە چالاکی و کرداری شت زانین.

زانین خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و هەمیشە هەردوو پرسیاری: سەرچاوەکانی زانین چین و چۆن ئەو شتانەمان زانیوە کە دەیانزانین بە گەرموگوڕی دەمێننەوە و بایەخی خۆیان لەدەست نادەن.

بۆ ئەوەی هزرمەندێک شتێک بزانێ پێویستی بە ئامرازی تایبەتی هەیە، ئەو ئامرازەش لە چەمک و بڕیاردان بەولاوە نییە. بابەتێک بزانی بریتییە لەوەی لەودا جارێکی تر شتێک بدۆزییەوە(١٥) لەودا مەبەست لە پێوەندی نێوان دوو چەمکە، یەکێکیان ئەوە نیشان دەدات کە زانراوە و ئەوی دیکە ئەوە نیشان دەدات وەک چی زانراوە، ئەگەر مرۆڤ بڵێ: من پیتی A وەک B دەزانم هەمان واتا دەبەخشێ ئەگەر بگوترێ A =B یان ئەگەر بگوترێ: تیشک بریتییە لە ڕەوشی لەرینەوە، ئەوە هەردوو چەمکی A، B هەمان بابەت نیشان دەدەن. ئاماژە بە هەمان دیاردەی دەرکەوت دەدەن کە بەهۆی چەمکی تیشک و بەهۆی چەمکی ڕەوشی لەرینەوەی شەپۆلی دەربڕاوە.

مرۆڤ شتێک بزانێ و ئەو زانینە دەرببڕێ، جۆرە پێوەندییەک لەنێوان بابەتەکاندا دەدات. ئەو دەستنیشانکردنی پێوەندییە خۆی لەخۆیدا بڕیار (حوکم)دانە Urteile. بڕیارێک ئەگەر هەمانگۆیی، یان پێناسە نەبێ و ڕاست بێ و دوور لە هەڵەوە بێ زانینی تێدایە. بەو پێیە هەموو بڕیارێک ڕاستی و فاکتی پێکهاتنی پێوەندی نێوان چەمکەکان نیشان دەدات کە بەکاردێن(١٦).

ئەو بۆچوونەی شلیک لە بارەی تیوری زانستەوە پێوەندی نێوان فەلسەفە و زانست لەو ڕوانگەیەوە دەردەخات کە ئەو سەرنجی داوە. فەلسەفەی تیوری-شلیک خۆی ویستوویەتی ئەو چەمکە بەکاربهێنێ- کاتێک کارا دەبێ ئەگەر پێوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ زانستە جۆر بەجۆرەکان هەبێ. فەلسەفە لە زانستەکاندا ئەو بنەماو زەمینەیە بەدەست دەهێنێ کە دەتوانێ لەسەری کۆشک و تەلاری جیهاندیدەکەی دابمەزرێنێ و زانستەکانیش خۆیان دەبن بە کەرەسەی شیکردنەوەکانی و بەهۆی ئەو شیکردنەوانەشەوە بنەما و بنەڕەتەکانی زانینی دەستگیر دەبێ(١٧).

## میتافیزیک

لە بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێ کە بۆچوونێکی تایبەتی لە بارەی بابەتی میتافیزیکەوە هەبووە، ئەو بۆچوونە پتر بەولایەدا دەچێ کە شلیک لە سەرەتای ژیانی دەستبەکاربوونی ئەکادیمیدا، بە تایبەتی دوای ئەوەی بە تەواوەتی پشتی کردۆتە بابەتی زانستی سروشت (فیزیک) و ڕووی کردۆتە فەلسەفە، لایەنگیری ڕێبازی فەلسەفەی کانتیانیزمی نوێ بووە، بەگشتی بەلای پرۆفیسۆر (ئەلۆیس ریل- Riehl)، (ئیرنست کاسیرر)دا چووە. شلیک گوتوویەتی:

مرۆڤ وا لە وشەی میتافیزیک دەگات کە بریتییە لە زانین لە بارەی کایە و دەڤەرێکەوە کە دروست و ڕاستەقینە و کاکڵەی هەڵکەوتە (ڕیالیستە)، ئەوەش بەرانبەر بە دەڤەری دیاردەکان دادەنرێت(١٨).

ئەو جیهانە هەڵکەوتە ڕاستەقینەیە بەوە لە جیهانی دیاردە جیا دەکرێتەوە کە کلۆم و ڕێکوپێک و یەکە و توندوتۆڵە و یەک ڕەنگە بەرانبەر بەوی دیکە کە هەمەجۆر و فرە ڕەنگ و گۆڕاوە و تێیدا دەکرێ بە ئاسانی فرە بە

تەفرە بچێ و بکەوێتە هەڵەوە. جیهانی ڕاستەقینە ئەو بنەمایەیە کە گۆڕان و هەمەجۆری دیاردەکانی پێ پاساو دەدرێ و ڕوون دەکرێتەوە. ئەو ئاخاوتنە بە شێوازێک دوو ڕەنگی جیهانی دیاردە و جیهانی شت لە خۆیدای کانت دێنێتەوە یاد.

لەنێو جیهاندیدی میتافیزیکدا بابەتێک- چەمکێک- باو و بەناوبانگە و بنەمای بوونە ئەو چەمکە بە گەوهەر ناودەبرێ بەرانبەر بە وشەی لاتینی Substanz. میتافیزیکییەکان ماوەیەکی دوور و درێژ سەرگەرمی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ئەو چەمکە بوون کە پوختەی بوونە و بگرە ئەو بوون بە بوون دەبەخشێ. ئەگەر میتافیزیکییەکان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانیبێ لە گەوهەر بکۆڵنەوە، لەوەوە بووە وایان داناوە کە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو چەمکە نەک هەر پەردە لەسەر هەمەجۆری و فرە ڕەنگی و گۆڕانی بێ ئامان و نەپساوەی جیهانی دیاردە و دیاردەکان لادەدات، بەڵکو هەر خۆی هۆکاری پەیدابوون و کەوتنەوەیان لەو جیهانەدا. گەوهەر هەر هەبووە و هەردەمێنێ و گۆڕانی بەسەردا نایەت و خۆی چۆنە لەگەڵ خۆیدا وەک خۆی یەکسان دەمێنێتەوە.

بەلای شلیکەوە سێ ڕێبازی میتافیزیک هەیە: یەکڕەنگی Monism، یەکڕەنگی لەلای خۆیەوە دوو جۆری هەیە:

- یەکڕەنگی مەتریالیستی. دیموکریتسی یۆنانی ڕابەری ئەو ڕێبازە بووە.
- یەکڕەنگی ئایدیالیستی، لایبنیتس و بیرکلی نوێنەرایەتیان کردووە.

ئەوی تریان ڕێبازی دوو ڕەنگی (دووالیستییە). دیکارت بە نوێنەری ئەو ڕێبازە دانراوە. هەر لەو میتافیزیکەوە دوو ڕەنگی مرۆڤ کەوتۆتەوە کە لە لەش و گیان (دەروون) پێکهاتووە.

ڕێبازی سێیەم ڕێبازی فرە ڕەنگییە Pluralism. ئەو ڕێبازە بەوە ناسراوە باوەڕی بە بوونی گەوهەری هەمەجۆر هەیە و ئەو فرە گەوهەرانە بوونی ڕاستەقینەی بوون بە فرە ڕەنگی و هەمەجۆری و ڕەگەزەکانییەوە لێکدەدەنەوە. ولیەم جێمس ڕابەری فەلسەفەی پراگماتیزمی ئەمەریکایی ڕابەری ئەو ڕێبازەیە(١٩).

ڕابەری کۆڕی ڤیەننا لەو باوەڕەدا بووە ئەو جیاوازییەی ڕێبازەکانی شتێکی سروشتییە، چونکە هەست و سۆزی مرۆڤ دەردەبڕێ و بەرجەستەی دەکات و پێوەندی بە دیاردە و ڕاستەقینەوە نییە. فەیلەسوف مرۆڤە لە خوێن و گۆشت پێکهاتووە، هەرچی دەستی بۆ دەبات، ئەوی ڕوودەدات و دێتە پێشەوە بەو جۆرە نییە کە دڵی دەیخوازێ، کەسێک نییە لە جیهاندا بە بەشی خۆی ڕازی بێت، بۆیە پشت دەکاتە هەڵکەوت و دەوروبەر و جڵەوی حەز و هەست و ئارەزوو شل دەکات، بۆ ئەوەی شتێکی بۆ وێنا بکەن و بیهێنە بەرچاوی کە بەدڵی بێت و تاڕادەیەک ئەگەر بە هزریشدابێ، سنووری کەموکورتییەکانی هەڵکەوت ببەزێنی، بەو پێیە ئاوات و ئامانجەکان بە ڕاستی لە ژیاندا نایەنەدی، هێز و توانایی گەیشتن بە ئاواتی ئارەزووەکان لە ئارادا نین، بۆیە فەیلەسووفیش کە خۆی مرۆڤی ئەو جیهانەیە، گریمانەی هەبوونی دوو جیهان دەکات:

- جیهانی هەڵکەوت کە تێیدا ئاوات و ئارەزووەکان بەدی نایەن.
- جیهانێک کە هزر ڕەنگی ڕشتووە، جیهانی میتافیزیک- باشتر و خۆشتر و ڕێکوپێکترە لە هی یەکەم(٢٠)

ئەو جیهاندیدە فەلسەفەییەی ڕابەری کۆڕی ڤیەننا مۆریتس شلیک بابەتێکە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ! گریمان بەلاوی کۆچی دوایی نەکردبایە و ئەو گۆڕانانەی بە چاوی خۆی دیتبایە کە بەسەر ولاتەکەی و ئەوروپا داهات، دەبوو تا چ ڕادەیەک چاوی بەبیروبۆچوونەکانی خۆیدا خشاندبایەوە. بەهیچ جۆرێک پەسند نییە و ناکرێ جیهاندیدی فەلسەفەی فەیلەسوف بەپێی هەست و ئارەزووی خۆی بنەخشێنرێ. هیچ کاتێک و لە هیچ جێگایەک فەیلەسوف و هزرمەند مرۆڤێکی تاکی گۆشەگیری دوورەپەرێز لە کاریگەریی کۆمەڵگاو تۆبزی و گوشاری سیستم و ڕژێمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی نابێ. ئەوی گۆشەگیریشە هۆکاری دەرەکی بەو مەرەیەی بردووە. من ناڵێم مرۆڤ لە شاری نابینایاندا دەبێ دەست بە چاوییەوە بگرێ و ببێ بە نابینا، نەء! بەڵام دەڵێم مرۆڤ ئازادبێ بە واتە ڕەهاکە، نە هەبووە و نە دەبێ و نەدەشێ و نە دەکرێ هەبێ! ئازادی بێ قەیدو مەرج و ڕەها تەنیا لە ئەندێشەی شایەردا هەیە. ئاوات و ئامانج نایەنەدی و خواستیش لە بەدیهێنانیاندا بێ دەسەڵاتە؟! فەیلەسوف لە کۆمەڵگەدا دەژی ڕاز و نیازی هەیە. ئەو کۆمەڵگەیە جگە لە دابونەریت، لەلایەن ڕێژێمێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە بەڕێوە دەچێ. ئەو ڕەوشە لە دوولا بەدەر نابێ:

- دیموکراتی و کراوە و پێشکەوتنخواز، یان.
- نا دیموکراتی و دواکەوتوو و کۆنەپارێز.

لە هەردوو ڕەوشەکەدا فەیلەسوف جڵەوی کاری هزری خۆی بە شێوازێکی ڕەها بە دەست خۆی نابێ، بۆ؟

هەردوو ڕەوش و هەلومەرج کە سنوورێک بۆ بیرکردنەوە، هەریەکە بە جۆرێک، ڕەنگ دەڕێژن!.

لە ڕەوشی یەکەمدا ڕژێمی دەستبەکار ئەوەندەی لە توانایییدایە دەگونجێ لەگەڵ خواستی گشتی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا دێتەوە. لەو هەلومەرجەدا دەبێ فەیلەسووف داوای چی بکات؟ ئەگەر کەموکوڕی هەبێ، ئەوەش ئاساییە، چونکە دامەزراوێک توانایی بێ سنووری نییە هەموو داخوازییەک جێبەجێ بکات، گشت مرازێک بهێنێتە دی، هەروەها ئەویش نە توانایی ڕەها و نە ئازادی بێ سنووری هەیە! لێرەوە ئەو دەرفەتە بۆ هزرمەند نارەخسێ لە جیاتی ئەو ڕەوشە دیموکراتییەی شیاوەکییەی لە ئارادایە و لە توانایی مرۆڤدا نییە، لەو سەردەمەدا، لەوە باشتر دابهێنێ، نەخشەی جیهاندیدێکی، بەهزر چاکتری، میتافیزیکی بکێشێ.

– لە ڕەوشەکەی دیکەدا کە بە (نادیموکراتی و کۆنەپارێز) ناوزەد کراوە، هەلومەرجی هزری ئازادی تیدا نییە، نەبوونی ئەو دۆخە بەرجەستە لەبەردەم داهێناندا. ئیتر ئەگەر خامەی هزرمەند لەو ڕەوشەدا بەکاریش بێ، بەرهەمەکەی لە دووتوێی کتێب کە هەڵدەگیرێن و دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوەیان لەلایەن سانسۆرەوە نادرێ، دەمێنێتەوە و هاوسەردەمانی خۆی سوودی لێ وەرناگرن.

ناونانی سیستم و ڕژێمێک بە دیموکراتی، یان نادیموکراتی و ڕەخنەکردنیان، ڕەخنەکردنی هێز و توانایی مرۆڤ خۆیەتی، چونکە هەر ئەوەندەی لە دەست هاتووە و لەوە بەولاوە توانایی تری نەبووە. ڕژێمی کۆنەپارێز، بەرجەستەی توانایی دیار و دەستنیشانکراوی مرۆڤە کە لە ڕەوشی تایبەتیدا دەری دەخات، بۆیە ئەوی لە ئارادایە هەر دەکرا ئەوە هەبێ و نەدەکرا بە جۆرێکی دیکە بێت. هەلومەرجی لە ئارادا بوو، دەکرێ بەشێوەیەک لەشێوەکان پاساو بدرێت، چونکە سیستمی ژیان کە مرۆڤ خۆی دایهێناوە، هەر ئەوەی لە دەست هاتووە، ئەگەر باشتری لە توانایییدا بایە پێم وایە کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنیدا نەدەکرد. شتێک نییە لەو سەرزەمینەدا هەبووبێ و ئێستا هەیە، بوونەکەی پاساو نەدرێ. دیاردەی نارێ ڕەوشی کۆمەڵگە خۆی دروستی کردووە و دەیکات. ئەو لەشەی توانایی خۆپاراستنی هەیە، هەرخۆشی هۆکاری نەمانی خۆی لە خودی خۆیدا دروست دەکات!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- Der Wiener Kreis.: Wissens chaftlche Weltauffassung. Wien 1929. S.15. ff.
2- Der Wiener Kreis.: Ebenda. S.19. ff.
3- Albert Einstein.: Zur Elektordunamik bewegter Kor Per, S. 29. In: Lorentz, Einstein, Minkowski, Das Relatibvitats prinzip. Darmstadt. 1982.
4- Werner Heisenberg. Uber den anschaulichen In halt der quantentheoretischen Kinematik und Mechanik. S. 172. In: Zeitschrift fur Physik. Bd. 43. Berlin 1927.
5- Moritz Schlick.: Gesammelte Aufsatze. Georg Olms Verlag. Hildesheim 1969. S.114.
6- Moritz Schlick.: Raum und Zeit in der gegewartigen Physik. Berlin 1922. S.46. ff.
7- Moritz Schlick.: Ebenda. S.80 ff.
8- Moritz Schlick.: Naturphilosophie. In: Lehrbuch der Philosophie. (Hrg) von Max Dessoir. Berlin 1925. S.429. ff.
9- Moritz Schlick.:Grundzuge der Natur philosophie. Aus dem Nachlass. Wien. 1948. S.3 ff.
10- Eduard Zeller.: Uber die Brdeutung und Aufgabe der Erkenntnistheorie. Leipzig 1892. S.49.
11- Hermann von Helmholtz.: Uber das Sehen des Menschen. In: Philosophische Vortrage und Aufsatze. Berlin 1971. S.45.
12- Moritz Schlick.: ALLgemeine Erkenntnis Lehre. Frankfurt Main 1971. Stw 269. S.441.
13- Wlolfgang Stegmuller.: Hawptstro mungen der Gegen warts philosophie. Bd. I. Stuttgart. 1978. S.363.
14- Moritz Schlick.: Allgemeine Erkenntnis Lehre. S.330.
15- Moritz Schlick.: Ebenda. S.66.
16- Moritz Schlick.: Ebenda. S.68. ff.
17- Bernd philippi.: Einleitung in: M. Schlick: Philosophische Logik. Stw. 598. Frankfurt am Main. 1986. S. VI. ff.
18- Moritz Schlick.: Hauptrichtungen der Metaphysik. In: Die Probleme der Philosophie in ihrem Zusammenhang. Stw 580. Frankfurt am Main 1986. S. 37.
19- Moritz Schlick.: Ebenda. S.39. ff.
20- Moritz Schlick.: Ebenda. S.40- 41.

# ژن لە فەلسەفە و عیرفاندا

فەلەکەدین کاکەیی

**بەرکوڵ**

کارلێکردنی فەلسەفە و عیرفان(١) و سۆفیگەری ئەوەندە توندوتۆڵە مرۆڤ کە دەچێتە سەرباسی عیرفان وا دەزانێ لە ناو قووڵایی فەلسەفەدا دەخولێتەوە، هەروەها پێچەوانەکەی ڕاستە، بەڵکو زەحمەتە سنوور لە نێوان هەردووکیاندا بکێشین، چونکە هەردووکیان لەیەک سەرچاوەوە هاتوون، ئەویش سەرسامی ئینسان و ڕامانیەتی بەرانبەر بەم گەردوونە. هەر ساتێک بەبێ پەردە چاو هەڵبێنێ خۆی لەو جیهانە نادیار و نەزانراوەدا دەبینێ کە ناشزانێ بۆچی لێرە وایە و کێ لێرە دایناوە و چ هێزێکی شاراوە لە پشتی دەزگای وجوودەوەیە.

ژن بەرانبەر بە پیاو: ئایا تەواوکەریەتی؟ یان نیوەکەی دیکەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕامانی قووڵی فەلسەفیی دەوێ، خۆ ئەگەر (تەواوکەری) پیاو بێ واتە: تەنیا پاشکۆیەکە و وەزیفەی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەیە کە پیاو هەیەتی. کەواتە: پیاو، بە تاکی تەنیا، چی بە سەردێ و چۆن لە بوونی خۆی تێدەگات...؟ لێرەدا دەبێ زەینمان بۆ ئەوە بچێ کە ژن پاشکۆی پیاو نییە تا پەراوێزێکی بۆ بڕازێنێتەوە، بەڵکو وجوودێکی سەربەخۆیە، تەنانەت دەشێ بڵێین کە پیاو پاشکۆی ئافرەتە: چ لە منداڵییەوە، یان لە جوانی و گەنجێتی، یان لە دامەزراندنی هاوبەشی لانە و منداڵ وەک جووتێک پەڕەسێلکە کە بەبێ مۆڵەت و بێ دەنگ قوڕ و پووش و پەڵاش دێنن تا لە پەناگەیەکی حەشار دراودا لانەکەیان دابمەزرێنن.

ئەگەر بڵێین ژن (نیوەیەکی دیکەی) پیاوە، ئەدی پیاو بەبێ ژن هەر بە (نیوە و نیوە چڵی) نامێنێتەوە؟ کەواتە: بۆچی ناڵێین کە پیاو نیوەکەی دیکەی ژنە، کە ئەمەیان لە



نامیق هەورامی

لۆژیکەوە نزیکترە، چونکە ژن بەبێ پیاویش ژیاوە، بەو بەڵگەیەی (کە هێشتا ساغکردنەوەی زەحمەتە) کە لە خودی وجوودی ژندا توخمی ژنانە و توخمی پیاوانە هاوێتەن. لێرەدا ڕەنگە یەکێک بڵێ کە وجوودی پیاویش جمکە، بەڵام وا پێدەچێ کە ژن ئەسڵەکە و سەرچاوەکە بێت وەکو بیرمەند و ڕۆماننووسی میسری (نەوال سەعداوی) دەڵێت: دوو ئالی (دوو فاقە) سروشتی ژیانە، سروشت و یاسای ژیان و گەردوون لەسەر پێکەوە بوون و نەبوونی دوانەیە، واتە: دووئالی و دووفاقە، هیچ کامەیانیش بەبێ ئەوی دیکە "تەواو" نییە.

## ژن لە ئاست و پلەی بیری فەلسەفیدا

هەر وەختێک باسی فەیلەسووف و عارف (خۆناس و خواناس) دەکەین، بەبێ ئاگا، مەبەستمان پیاوە وەک بڵێیت ژن بە پلەی فەلسەفەی عیرفان ناگات، لەکاتێکدا ئەگەر ژن، لەو پایینەی بیری لێ دەکەینەوە، بمێنێتەوە ئەوە پیاویش قەت بەوێ ناگات. بە پێچەوانەوە .. ژن سەرچاوەی فەلسەفە و عیرفانە، لە چاوپێداخشاندنی کورت و خێرای تۆماری فەیلەسووفاندا، بەوە دەگەین کە ژن یەکەم مامۆستا و ڕێنومایی‌کەری پیاوانە بەرەو ئاقاری فەلسەفە و عیرفان.

جارێک، ئەگەر سروشتی شاراوەی ژن و پیاو نەبوایە، ئەوە هیچ پیاوێک بە پلەی بەرزی عیشقی فەلسەفە و عیرفان نەدەگەیشت. لە ژیان و ئەزموونی هەر عاشقێکی مەزندا ژن هەیە، چ دیار، یان نادیار، چ ناسیاو، یان نەناسیاو. هەر فەیلەسووفێکی مەزن لەبەر دەستی مامۆستا ژنێکی مەزن فێربووە.

نە تەنیا لەم دنیا (یان لەم دیوی دنیا)، بەڵکو لە دیوەکەی دیکەی دنیاشدا ژن دەبێتە داوەر و پاداشت، یان سزای ویژدانی ئینسان چ پیاو بێت، یان ژن. لە کولتوور و ئایینی زەردەشتیدا هاتووە کە (دئنا = دنیا = دین = ویژدان) یارمەتیدەری ئینسانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی بەختەوەر، یان چارەنووسی مەینەتباری خۆی، واتە: مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردندا ئەویش بە هاوکاری و ڕێنمایی ویژدانی خۆی (کە ئەم ویژدانە دین و باوەڕ و ئایینیەتی).

لە دوای مردن ڕوحی ئینسان بەرهەمی چارەنووسی خۆی دەناسێتەوە. ئەگەر ویژدانی ئەو بەرەو ڕاستکرداری و ڕاستگۆیی و چاکە ڕێنمایی کردبێ، ئەوە پاداشتی دەبینێتەوە، کە لە شێوەی کیژێکی پاکی هەرەجوان بە خۆشی پێشوازی لە ڕوحی دەکات، کە ئەوە ویژدانی پاک و دروستی خۆیەتی.

ئەگەریش خراپە و کاری ناشرینی لە دەست دەرچووبێ، ئەوە سزای لە شێوەی پیرەژنێکی کەنەفتی دزێودا تووشی دەبێ.

## ژنان لە پیاوان نزیکترن لە ڕۆشنبوونەوە

(ئیکهات تۆ)ی ئەڵمانی، تازەترین ڕۆشنبووی بێداری ڕێگای بۆدایزم دەڵێت: ژنان لە پیاوان نزیکترن لەوەی زووتر بە ڕۆشنگەری ڕوحی بگەن، چونکە ژن ئاسانترە بۆی بە جەستەی هەست بکات و تێیدا بێ، واتە: لە (بوونەوە Being) نزیکترە، هەر بۆیەش زووتر لەپیاو بە ڕۆشنبوونەوە دەگات، واتە زووتر هەست بە کامەرانی و خۆشبەختی دەکات، هەر بۆیەش کولتوورە کۆنەکان وێنەی چارەی ژنیان دەکرد بە هێمای حەقیقەتی نا - شەکلی، بەڵکو حەقیقەتیان وەکو ڕەحمێک (منداڵدانێک) دەبینی، کە هەموو شت دەزێت و لە ژیانی شەکڵیدا خۆراکی پێدەدات و دەیژێنێت.

لە کتێبی (تائۆی گۆڕانکاری سەرمەدی) کە گرنگترین

کتێبی چینییە: (تائۆ = دائۆ) بەمانای بوون وەسف دەکرێت... کە: (تائۆ دایکی هەتاهەتایی گەردوونە و هەمیشەش لەکاتی ئێستادا ئامادەیە و ... ئافرەت، بەپێی سروشتی خۆی، نزیکترە لە دایکی گەردوون تا پیاو، چونکە ئافرەت بەرجەستەی (نادەرکەوتەیە). لەوەش زیاتر، گشت بوونەوەر و هەموو شتەکان لە کۆتاییدا بۆ سەرچاوگەکە دەگەڕێتەوە. هەموو شتێک لە نێو (تائۆ = تاو Tao)دا لەبەرچاوان نامێنێت، لە کاتێکدا تائۆ هەرخۆی بە تەنیا بەردەوام دەبێت. هەر لەبەر ئەوەش کە سەرچاوگەکە بە ژن و مێینە دەزانرێت، ئەوە ئەم سەرچاوەیە بە دوو لایەنی ڕووناکی و تاریکی نموونەی مێینە لە زانستی سایکۆلۆژی و میتۆلۆژیدا وێنادەکرێت. خواوەندەکانیش، یان دایکی خواوەندی دوو لایەنی هەیە: هەم ژیان دەبەخشێت، هەم ژیان دەباتەوە (دەسێنێتەوە).

کۆمەڵگەکانی بەشەر وەختێک لە حەقیقەت و ڕوحی خواوەندیی خۆیان دابڕان، ئیتر خوایان لە چەشنی چارەی نێرینە دەدیت و کۆمەڵگە بوو بە نێرینە و مێینە کەوتە ژێر دەسەڵاتی نێرینەی پیاو.

بۆ ئەوەی جارێکی دیکە عەقڵ بەجێ بهێڵین و پێوەندی بە حەقیقەتی (بوونەوە) بکەین، پێویستمان بە خەسڵەتی مێینە هەیە، کە بە ڕووی ژیاندا بکرێینەوە و مقاوەمەی هیچ شتێکی (بوون) نەکەین، بەڵکو هەموو شتەکان بگرینە ئامێزی ڕوحی وجوودمان. لە کاتێکیشدا وزەی عەقڵ بە هێز و پتەویی دەناسرێت، ئەوە وزەی (بوون) بە نەرم و نیانییەوە دەبینرێت، بەڵام لە عەقڵ زۆر بەهێزترە. لەکاتێکدا عەقڵ بەسەر شارستانیماندا زاڵە، ئەوە (بوون) لە گشت شێوە و دیاردەکانی ژیانی ئەرز بەرپرسە و پشتی ئەوەش بوون هەر هەمان ژیرییە کە گەردوونی ماددی ڕوونترین دەرکەوتەکانیەتی. هەرچەندە ژنان لە وزەی گەردوونەوە نزیکترن، وەلێ پیاوانیش دەتوانن لە دەروونی خۆیاندا پێی بگەن. لەم سەردەمەدا هێشتا زۆرینەی پیاوان و ژنان گیرۆدەی چنگی عەقڵن ... ئا ئەوەیە کە ڕێگە لە ڕۆشنبوونەوەیان دەگرێت.

### شادمانیی (بوون)

لێرەدا جێگەی خۆیەتی بە کورتی، مەبەستی نووسەر لە (بوون) ڕوون بکەینەوە. دەنووسێت کە: بوون تاکە ژیانی سەرمەدی هەمیشە ئامادەیە، ئا لەکاتی ئێستادا و لە پشتەوەی شێوە فرە لایەنە جیاجیاکانی ئەم ژیانانەیە کە ڕووبەڕووی لەدایکبوونەوە و مردن دەبێتەوە. (بوون)، لە سەرێکی دیکەوە تەنیا لە پشتی ئەو شتانەوە نییە، بەڵکو لە قووڵایی هەموو شێوەکە، وەک قووڵترین جەوهەری نەبینراوە کە لە فەوتان نایەت. ئەوە بە مانایەکە هەر ئێستا تۆ دەتوانی بەو (بوونە) بگەیت کە قووڵترین بەشی خۆتە (دەروونتە) و سروشتی ڕاستەقینەتە، بەڵام نابێت هەوڵبدەیت بە هێزی عەقڵ ئەو حەقیقەتە بگریتە چنگ (بێنیتە دەست). هەوڵ مەدە لێی تێ بگەیت. تەنیا دەتوانی بیناسیتەوە، ئەویش لەو کاتانەی کە عەقڵ هێمن و ئارامە. جا هەر کاتێک ئامادە ببیت (لە کاتی ئێستادا ببیت و ئا لە ئێستادا بە تەواوی وریا و هۆشیار ببیت ... ئەو کاتەیە دەتوانیت هەست بە بوونەکەت بکەیت، بەڵام ناتوانرێت بە عەقڵ لێی تێبگەین. کەواتە: حاڵەتێکی (دەرکی هەستە) ئەویش بە گێڕانەوەی تێگەیشتن لە بوون و مانەوە لەو حاڵەتەدا ... ئا ئەوەیە (ڕۆشنبوونەوە).

دیارە خەریکە لە بابەتەکە دەردەچین، پوختەی دێڕەکانی پێشوو لە دەوروبەری فەلسەفەی (ئێستا) و (ئێستا لێرەدا) دەخوولێتەوە کە لە ڕێبازی (زەن)ی بودایی ژاپۆنی و کولتووری بودایی بەگشتی دێتە دەست.

ئەو کتێبەش کە ئاماژەم بۆ کرد هەر بە ناوونیشانی (هێزی ئا ئێستا، یان وزەی ئێستا)یە کە ڕێنماییە بەرەو ڕۆشنایی و ڕۆشنبوونەوەی ڕوحی(٢).

### سۆفیگەری ژنانە

ڕەنگە وشەی (ژنانە) لێرەدا بە دیقەت مانای خۆی نەداتە دەست، چونکە سۆفیگەری هەیە و بەس، چ پیاو شوێنی بکەوێت، یان ژن.

لە ساڵانی دواییدا لەو سۆفیگەرییە دەکۆڵنەوە کە ژن دایدەنێت، واتە: توێژەرانی زانستی بەوەش گەیشتوون کە ژن لە بواری سۆفیگەری و فەلسەفەدا لە پیاو کەمتر نییە، هەروەکو بوارەکانی دیکەی ژیان.

لەبەر ئەوەش کە باسەکەم دەربارەی (ژن لە فەلسەفە و عیرفاندایە)، هەر بۆیەش بە پەسەندم زانی سەرێک لەم توێژینەوەش(٣) خوار بکەینەوە کە (کارول بی کریست) ساڵی ٢٠٠٦ دایناوە، بەگشتی لەبارەی کۆشش و



نەوال سەعداوی

ڕامانی ژنان لە ئەزموونی سۆفیگەری دەدوێت. واتە: دەشێت ناونیشانی کتێبەکە بە کوردی ئەوە بێت: سۆفیگەریی بەرهەمی ژن، یان سۆفیگەریی ژن، یان ڕێبازی ژنان لە سۆفیگەریدا، یان: سۆفیگەری لە دیدی ژنانەوە.

مەبەستم لە گواستنەوەی زانیاریی ئەم توێژینەوەیە نزیک خستنەوەی مەرامی بەرایی من و کتێبەکەی کاک نامیق هەورامییە، کە ئایا ژنان تا چ ڕادەیەک بە قووڵایی سۆفیگەریدا چوونە، چونکە ناشێت ئەم جیهانە ڕوحانییە تەنیا پاوانی پیاو بێت، دەبێت ژنانیش زیاد، یان کەم (ڕەنگە زیاتر و قووڵتریش) غەرقی ئەو جیهانەن، نەخاسمە دیتمان کە چۆن لە فەلسەفەی (ئێستا و ... ئا ئێستا)دا ژن لە سروشتی مرۆڤانەی خۆی نزیکترە و لە خودی سروشتی ماددیش، بە ئاسانی دەچێتەوە حاڵەتی هەست بە بوونی خۆی، کە دۆخێکی قووڵی سۆفیگەری و عیرفانە، بەڵکو سەرچاوەی بیری فەلسەفی و سۆفیگەرییە، هەر بۆیەش دەبێ ئافرەتیش، وەک پیاو، لە جیهانی سۆفیگەریدا نوقوم بووبێت، بەڵکو زیاتریش. هەروەک لە کۆتایی ئەم بەراییە دەبینین کە ... هەر کاتێک بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بواری دابێت، ئەوە ژن، لە تێگەیشتن و وەرگرتنی فەلسەفە و سۆفیگەریدا، هیچی لە پیاو کەمتر نییە، وەک لە قوتابخانەی فەلسەفیی فیساغۆرسی یۆنانیدا دەردەکەوێت.

## دایە جەلالە و ژنانی خۆناسی دیکەی یارسان

هەروەها لە حاڵەتی دەگمەنی ئەم ژنانە لەم کتێبەدا(٤)، کە نموونەی ژیری و تێگەیشتنی ژنی کوردستانە، هەر لە (جەلالە خانم لوڕستانی - لەدایکبووی ٣٨٧ی کۆچی)یەوە، تا نزیکەی ١٤ ژنی دیکەی کوردی یارستان کە زۆربەیان لوڕستانی، یان هەورامانین، کە هەر یەکە بەشێوەیەک و لە سەردەمی خۆیدا سەرمەستی (پیاڵەی) ڕازی قووڵی یارستانین و باس لە ڕۆشنبوونەوەی (زیل) واتە: دڵ و مێشک و دەروون دەکەن، هەرچەندە بەرهەمی کورتیان لێ بەجێ ماوە، بەڵام ئەوەندەش بەسە بۆ دەرکەوتنی پلە و مەقامی ژنانی کوردستان، لە سەدەی چوارەمی کۆچییەوە تا سەدەی هەشتەم و نۆیەم. جەلالە خانمی لوڕستانی، بەخۆی دەڵێت -بە پێی- (وەرگێڕان لە هەورامانییەوە بۆ سۆرانی ئەمڕۆ):

**مەستم لە بادەی ڕۆژی ئەلەستی تۆ**
**بەسە یەک جامێ مەی لە دەستی تۆ**
**ئاوێنەی دڵم ڕۆشنە وەک مەی**
**بۆیە من بوومە مەی پەرستی تۆ**

چ جوان و قووڵە ژنە کوردستانییەک بەر لە هەزار ساڵ زیاتر بچێتە ئەنجومەنی پیاوان و ژنان سەربەست و سەرفراز لە جامی مەیی عیرفانی و ڕۆشنبوونەوەی دڵ بدوێن... وەک دەڵێن ئەم ژنانە لە سەردەمی خۆیاندا تەمیرە (تەمبوور)ەشیان ژەنیوە و لە تەک پیاواندا بە ئاواز و ئاهەنگی ئاسمانی عیرفانی و سۆفیگەری سروودی خۆیان خوێندووە.

جەلالە خانمی هەمیشە ڕەوان شاد، ئەو ژنەیە کە لە کۆشیرا خواناس و عاشقێکی سۆفیگەری و موزیکی وەک شاخۆشینی لوڕستانی پەروەردە کردووە، کە هەر بەخۆی دەورەیەکی گرنگی یارستانییە و بە زمانی کوردی (زاراوەی هەورامی) بەشێکی فەرهەنگی کوردیی پێش ئیسلامی ژیاندووەتەوە و دەزگایەکی گەورەی بۆ کۆمەڵگەی یارستان دامەزراندووە کە تا ئێستا هەرماوە و تا دێت دەوڵەمەندتر و فراوانتر دەبێت.

لێرەدا با بچینەوە سەر مەبەست کە سۆفیگەریی هی ژنانە.

(کارول بی کریست)ی نووسەر، لەو کتێبەیدا، دەڵێت:

– ژنانیش هەوڵ دەدەن ڕێڕەوی پێگەیشتنی ڕوحانی ببڕن و بە دۆخی (بێداری) و (ڕۆشنبوونەوەی) دڵ و مێشک بگەن.

بۆ نموونە ئەدەبی ژنانە ئەوە نییە تەنیا ئافرەت نووسیبێتی، کەواتە ڕەگەزی مێینە بە تەنیا نابێتە هۆی ناولێنانی بە ئەدەبی ژنانە، بەڵکو بیروبۆچوون و جیهانبینییەکەیەتی. واتە: دەق، یان تێکستی ژنانە ئەوەیە کە ژن وەک کاریگەر و کردگار وەربگرێت. ئەو جۆرە دەقە توانایی ئەوەی تێدایە تا دیدی مەعریفی و ئەنتۆلۆژیی ئافرەت بۆ پێوەندی تێکست وەرگەڕێنێت، کە وەرگەڕاندنی دەقی هاوێتە بە خەمی پەراوێزکراوی مێینەییە، ئەو مێینە گەرایەکە کە لە کەلوبەری ئەم کولتوورەدایە، واتە: ئەو مێینەگەرییەیە کە پەراوێزی کولتووری کۆمەڵگەی داگرتووە.

هەروەها نووسەر دەڵێت:

– لە سۆفیزمی کلاسیکیدا (فەنابوون) ئامانجی سەفەری سەختی سۆفییە کە لەتەک خودیەتی تەسکی خۆیدا دەیبڕێت. کەواتە: سۆفی هەمیشە دەگەڕێت تا بەڵکو لەگەڵ (خودی باڵادا) یەک بگرێتەوە، کە ئەوە ڕەنگە بەخۆی ئامانجی خودی سەفەرە ڕوحییەکەی نەبێت.

(لێرەدایە کە ...) مەرج نییە ژنیش هەمان ئامانجی لە سەفەری ڕوحییدا هەبێت، هەر لەبەر ئەوەش کە ئەزموونی ئافرەت لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ کۆمەڵگە و مێژوودا بازنەگەل و ڕێڕەوگەلی جیاوازی هەیە لەوەی پیاو هەیەتی، ئەوە مەرامی ژنان لە سەفەری ڕوحیاندا، سەرەتا یەکگرتنەوە لەگەڵ خودی خۆیاندا و ئاشتبوونەوە لەگەڵ جیهاندا دەگەیەنێ.

لەکاتێکدا سۆفیی پیاو هەوڵ دەدات گۆشەگیر بێت و بەشێوەیەکی کاتیش بێت، لە کۆمەڵگە خۆی دابڕێت تا (ئازادانە) سەفەرەکەی بباتە سەر، بەمەش بەرزترین ئامانجی ژنان تێکەڵبوونەوەی دەبێ بە کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەیەی کە پێشووتر، لە جیابوونەوە لێی ئازاریان چەشتووە، تا بۆ خۆیان جێگەیەکی لێبوردەیی لە کۆمەڵگەکە دەدۆزنەوە، قبووڵیان دەکات و دەرفەتی فراوانی ئازادییان بۆ بەجێ دێڵێت. ئەو ئامانجەش ڕەنگە لە میانەی ئەزموون وەرگرتن لە سروشت، یان لە میانەی پێوەندیی میهرەبانانەی ویژدانیی مرۆڤایەتییەوە بەدەست دێن.

نووسەر بایەخی گرنگ بە دۆخی بێداری و بێداربوونەوە دەدات و وتەی (شوبین)(٥) لەم بارەوە بەیاد دێنێ کە: "سەرەتای شتەکان لەم جیهانەدا، بەتایبەتی، تێکەڵو پێکەڵ و لێڵ و تێکچڕژاو و ئاڵۆزن، زۆریش ئاڵۆزن ... نازانم، چونکە کەمینەیەک لە ئێمە، هەر لە سەرەتای دەسپێکەوە، بێدار دەبنەوە و هەوڵ دەدەن تێبگەن!".

هەروەها دەنووسێت:

## سەفەری ڕوحیی ژنان

سەفەری ڕوحیی ژنان دادەکۆکێ (دادەچەقێ) لەسەر بێداری ئافرەت و وریابوونەوە لە ناخی ڕوحیدا و پێگەی لە گەردووندا. سەفەری ڕوحییان لەحزەگەلی تێر لە ڕامان و دەستی یەکبوون دەگرێتەوە، بەڵام بەشداریی بە کۆمەڵ بەهێزتری دەکات. سەرەتای سەفەرەکەی، دەشێ چەند پرسیار بێ ژنەکە لە خۆی دەیکات وەک: من کێم؟ و بۆچی لێرەدام؟ جێگەم لە گەردووندا چییە؟... ژن دەبێت گوێ لە دەنگی تایبەتی خۆی بگرێت، لە کاتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەش ژن دەبێت گوێ لە دەنگی تایبەتی خۆی بگرێت و زاراوە و مانا و چەمکی هەڵقوڵاوی ئەزموونی خۆی بدۆزێتەوە. دەبێت دابونەریتی جێگیر و نەگۆڕ تێکبشکێنێت، ئەو دابونەریتانەی کە ڕێگە لە سەفەری ئازادی ڕوحانی دەگرن، کە هەمیشە وای لێ دەکەن لە جیاتی ڕازیکردنی خودی خۆی، هەمیشە ناچاری دەکەن لە دەوروبەری داوای "ڕەزامەندی" بکات گەرنا خۆی ئازاد نابینێت..

(بی کریست) باس لە ئەنجامی پێشکەوتنی ژنانی سۆفی دەکات و دەڵێت کە لەو هەوڵدانە ڕوحییەدا بەوە دەگەن کە بایەخ بە پتەوبوونی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوانیان و بەهێزبوونیان بدەن. زۆر لەو ژنانە هەوڵ دەدەن لە سروشتدا بەهێزتر بن و لە ناخی سروشتدا ڕیشەداربن. نووسەر دەڵێت: زاڵبوونی کولتووری نێرینە دژ بە کولتووری سروشتییە.

بەشێکی زۆری کولتووری ژنان لە ڕاستیدا گیانی سروشت و پرۆسە سروشتییەکان بە خۆی دەگرێتەوە. واتە: فەرهەنگی ژنان گوزارشت لە بۆچوون و چەمکێکی زیاتر تێکەڵاویی پێوەندی نێوان سروشت و ئازادییە.

لەسەر ژنانی فەیلەسووف و لاهوتییەکان دەمێنێتەوە، تا فەلسەفە و بۆچوونێکی نوێ بۆ سروشتی بەشەری بدۆزنەوە و دابهێنن.

نووسەر دەڵێت کە ئەو پرۆسەیە بە کردەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام وەکو هەر وەرچەرخانێکی کولتووری وەختی زیادی گەرەکە.

لە سەرێکی دیکەوە ژنان لە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵایەتی و چاککردنەوەی پێگەیان لە کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی ئازادی فراوانتر بەردەوامن. هەروەها نووسەر دبێژێت کە هەوڵ و تێکۆشانی ڕوحانیی ئافرەتان لەگەڵ هی کۆمەڵایەتییان پێچەوانە نییە، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. ئەو ژنانەی ئەزموونی ڕوحییان دەوڵەمەندتر بووە، چاکتر بەوە گەیشتوون کە دەتوانن گۆڕانکاری لە ژیانی خۆیاندا ئەنجام بدەن، چونکە هەوڵدان لە سەفەری ڕوحییاندا دید و بۆچوونی تازەیان بۆ دەکاتەوە و هێز و توانایی مەعنەوی زیاتریان پێ دەبەخشێت تا لە تێگەیشتنی تازەی (هێز)دا پێش بکەون و وزە نووستووەکانیان چ بەرانبەر سروشت، یان کۆمەڵگە، بدۆزنەوە و بەگەڕ بخەن.

ژنان بەو بڕوایە گەیشتوون ئیتر دەتوانن بەسەر زۆر لە دەرد و ئازار و برینی کۆندا زاڵبن، لە جیاتی ئەوەش بەدیلی باشتری پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان بدۆزنەوە و دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان، ئەو دەزگایانەی تا ئێستا دانیان بە توانایی و هێزی ئافرەتاندا نەدەنا. کەواتە: سەفەری ڕوحیی ژنان بەدیلی کۆشش و هەوڵدانی کۆمەڵایەتییان نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی تێکۆشانی فراوانتری ئەو ژنانەیە کە خۆیان بۆ خوڵقاندنی جیهانێکی نوێ تەرخان کردووە.

### ژنانی غەیبگۆ و فەیلەسووف

ژنانی پێشگۆ و غەیبزان و (جادووگەر): یەکەمین مرۆڤی فەیلەسووفی مێژووی بەشەرییەتن. دیارە لە سەرەتاکاندا، هەر پەرستگە و جێگەیەکی پیرۆزی سەردەمی خۆی (عرافە = خۆناس = عەڕافە)ی تایبەتی هەبووە، پیاوان و ژنان، بەتایبەتیش گەورە پیاوانی سەردەم، دەچوون بەخت و داهاتووی خۆیان دەپرسی و وەڵامێکیان (هەندێک جار) لە پشت پەردەوە وەردەگرت، دەنگیان دەشنەفت، کەسیان نەدەدی. ئێستاش لە ژیانی زۆر لە سەرکردە و ناودارانی سیاسەت و هونەردا ناوی پێشگۆ (عەرافە) دەبیستین، کە بە نهێنی پرسیاریان لێ کردوون.

ئەم ژنە عەڕافانە (خۆناسانە) چەندین ناو و ناونیشانیان لێ دەنرا، کە لە زمانی کوردیدا هاتووە وەک: ئەستێرەناس، بەختگرەوە، فاڵبین، فاڵچی، جادووگەر، غەیبزان، ساحیر، سیحرباز، غەیبگۆ، پێشکۆ، دەستخوێنەر، پزیشک، پیزان، لێزان و .. ناوی دیکە، هەمووشی بە گشتی ئاماژەن بۆ زانین و ژیری و شارەزایی و لێهاتوویی ئەم ژنانە ... (دیارە ئەو ناوانە پیاوانی لێزانی ئەو بوارانەش دەگرنەوە).

وابزانم لە نێو ناونیشانەکاندا دووانی نزیکترین لە شێوەی کاری فیکری و کۆمەڵایەتییانەوە ئەویش: پێشگۆ و لێزان، کە بە مانای زانینی هێماکانی غەیب و بەختە، (بەختیش) لێرەدا، مانای چارەنووس و داهاتوو و ئەنجامی کار دەدات.

سەرەتاش هەر ئافرەت بووە ژیان و چارەنووس و تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی پەرستگەکان و توێژینەوەی قووڵی لە ئێستا و ئاییندە تەرخان کردووە. هیچ ئافرەتێک، ئەگەر نیشانەی لێزانی و پێشگۆیی دروستی دەرنەکەوتبا، لەو جێگەیە دانەدەنرا.

### پیر و مامۆستای فەیلەسووفان دەبێت فەیلەسووف بن

### ژنان مامۆستای بیرمەند و فەیلەسووفانن

ئەوە حەقیقەتێکی ڕوون و چەسپاوە کە مامۆستا و پیر و ڕێبەری فەیلەسووفە مەزنەکان بەخۆیان فەیلەسووف و لێزانی ژیر و بەتوانایی ڕوحیی بەرز بن. هەروەکو مامۆستای پزیشکی دەبێت پزیشک بێت و مامۆستای سەربازی دەبێت سەرکردەی شارەزای جەنگ و مامۆستای هونەر هونەرمەند و هی وەرزش وەرزشوان بێت و...تاد!

### پێشگۆی پەرستگەی (دەلفی) لە یۆنان

پەرستگەی دەلفی کە لە ئەشکەوتێکی وڵاتی یۆنانە لە

سەرەتاوە پێشگۆ و لێزانی ڕوحیی هەبووە کە ژن بووە، بوون و دەسەڵاتی ژنەکان دەستاودەستیان کردووە. لە زەمانی فیساغۆرسی فەیلەسووفی یۆنانیدا ژنێکی پێشگۆی تێدا ژیاوە بەناوی (پاسینیا) کە فیساغۆرس لەسەر دەستی ئەو فێری زانست و فەلسەفە بووە، دەڵێن ناوی فیساغۆرس مانای قسەکەر و وتەبێژ بە ناوی (پاسینیا = فیسا) کە زمانی ئیلهامبەخشی سرووشی لە (دەلفی) لەو زەمانەیدا بووە، بەڵکو فەلسەفەی (تالیس) دانەری بناغەی فەلسەفەی یۆنانیش لە ژنێک فێربووە بە ناوی (کلیۆبۆلینا) لە ٦٠٠ پ. ز، ئەم ژنە هەندێک لوغزی فەلسەفی داناوە، هەروەها دەڵێن ڕەنگە ئەم ژنە دایکی (تالیس)ی فەیلەسووف بێت کە لە مێژوودا بە دامەزرێنەری فەلسەفەی کۆسۆمۆلۆژی ناسراوە، ئەویش لە سەدەی شەشەمی پێش زایینیدا، فیساغۆرس لە هەمان سەدەدا ژیاوە، بەڵام هەندێک درەنگتر.

### شاگردانی قوتابخانەی فەلسەفی فیساغۆرس

فیساغۆرسی فەیلەسووفی یۆنانی، کە لە دەوروبەری سەدەی شەشەمی پێش زایین ژیاوە، وەک گوتمان مانای ناوی بۆ شاگردیی ئەو لە ژێر دەستی ژنە پێشگۆی (دەلفی)، پاڤینادا، دەگەڕێتەوە، کە یەکەم قوتابخانەی فەلسەفی لە یۆنان دامەزراند کە شاگردی ژنیشی وەردەگرت.

### ٦٥ ژنە فەیلەسووفی یۆنانی

فیساغۆرس هاوسەری خۆی و هەرسێ کچی خۆی لەو قوتابخانەیەدا دانا، کە دوای دەرچوون لە خوێندن پلەی فەیلەسووفیان وەرگرت، هەر یەکێکیان لە بوارێکی فەلسەفەدا لێکۆڵینەوەیان لێ بەجێماوە، بەڵکو دوای مردنی فیساغۆرس، تا ماوەیەک هەرچواریان قوتابخانەکەیان بەڕێوەدەبرد و وانەی فەلسەفییان دەگوتەوە، کە بە خودی فیساغۆرسەوە (٦٥) ژنی فەیلەسووفیان دەرچوواند، هەندێکیان بە پێگەی بەرزی زانستی و فەلسەفی و هونەری گەیشتن.

هاوسەری فیساغۆرس بەناوی (سیانۆ) و کچەکانی: ئەریجنۆت، میا، و دامۆ. (سیانۆ) بە یەکەم فەیلەسووفی فیساغۆرسی (دەرچووی قوتابخانەی فیساغۆرس) ناسرا.

لە ژنانی دەرچووی دیکەی قوتابخانەکە کە بە پلەی بەرزی فەلسەفە گەیشتن:

١- ئیزارای لۆکانی.
٢- فینتسی ئیسپارتی.
٣- برکتیۆنی یەکەم.

لە ژنانی فەیلەسووفی دیکەی یۆنانی کە شایەنی وەبیرهێنانەوەن بۆ پێشاندانی توانایی فیکری و ڕوحیی ژنان:

١- ئیسپازیا، مامۆستای ڕەوانبێژی کە سوقراتی فەیلەسووفی لێوەی فێر دەبوو. ئەفلاتوون لە دیالۆگەکانی سوقرات باسی دەکات.

واتە: سەردەمی سوقرات ژیاوە.

٢- دیتوتیما، مامۆستای سوقرات، کە پێشگۆیەکی دەلفی بوو.

ئەفلاتوون یادی کردووە و پەسنی داوەتەوە کە چ پایەیەکی فەلسەفیی هەبووە، بەتایبەتی کە مامۆستای سوقراتی مامۆستای خۆی بوو.

٣- جۆلیا دۆنا، یان جۆلیای فەیلەسووف ژنێکی ژیر و دانابوو. مێژوونووسان بە فەیلەسووفی مەزنی سەردەمی خۆی ناویان بردووە کە لە ١٢١-١٨٠ز ژیاوە.

٤- ماکرینا (٣٣٠ز-٣٧٩ز) کە بە (قدیسە) و فەیلەسووفی یۆنانی ناسراوە، دامەزراندنی یەکەم سیستمی ئایینی سۆفیگەریی تایبەت بە ژنانە، هەروەها کەلەپوورێکی ڕوحیی دەوڵەمەندی بەجێ هێشتووە. بایەخی بە فێرکردن و بڵاوکردنەوەی کولتووری خۆپارێزی و ڕاگرتن و بەندکردنی هەواو هەوەس و ئارەزووی جەستەیی و دەروونی ژنان داوە، بۆ ئەوەی بە ئامانجی بەرزی ئایینی و ڕوحی بگەن.

٥- هیباشیا، بە فەیلەسووفی ئەسکەندەرییەی (میسر) ناسراوە،ساڵی ٣٧٠ی ز لەو شارە لەدایکبووە، لە ٤١٥ی ز هەر لەوێ مردووە و فەلسەفەی هەر لەو شارە خوێندووە، کە بە ئاستێکی بەرزی زانستی گەیشتووە، بەخۆی قوتابخانەی بۆ عاشقانی فەلسەفە داناوە و فێری کردوون، کە زۆربەی کات هۆڵەکانی موزەخانەی ئەسکەندەرییەی بەکارهێناوە. بابی هیباشیا بەڕێوەبەری موزەخانەکە بووە.

ئەوانە چەند نموونەیەک بوون لەو ٦٥ ژنە فەیلەسووفەی کە لە قوتابخانەکەی فیساغۆرس پێگەیشتوون، یان

دوای ئەو هەمان ڕێچکەیان گرتووە، کە ژن دەتوانێت فەلسەفە بخوێنێت و فێربێت و بە پلەی فەیلەسووف بگات. لەوە بەدوا ئیتر ئەو زنجیرەیە پچڕاوە، نە تەنیا لە یۆنان، بەڵکو لە هیچ شارستانیی دیکە بایەخ بە پەروەردەی فەلسەفیانەی ژنان نەدراوە، بەڵکو دەرفەتیشیان بۆ نەڕەخساوە. بەڵام دەتوانین سەبارەت بەو کۆمەڵە ژنەی یارستانی کوردستانی کە لە ؟؟؟؟ نۆ سەد ساڵی ڕابردوو لە لوڕستان و هەورامان پەیدابوون چی بڵێین، کە بە پێی دەرفەتی ڕەخساو بۆیان چوونەتە ڕیزی شاعیرانی سۆفی و فەیلەسووفان لە بابەتی بەرزی عیرفانی دواون؟

ئەم ژنانەش بەش بە حاڵی خۆیان ئیلهام بەخشی فیکر و ڕوحی پیاوان و ژنانی کۆمەڵگەی خۆیان بوونە، بەڵکو هەندێکیان وەکو کاک نامیق هەورامی ئاماژە بە سەرچاوەکان دەکات، ڕێبەری ڕوحی سەردەمی خۆیان بوونە و تا ئەمڕۆش بوونە بە ڕەمز و هێمای کەلەپووری مرۆڤدۆستانەی یارسان، کە تا ئێستا بە دەگمەن، بە بەراورد لەگەڵ فەرهەنگی ڕێباز و باوەڕەکانی دیکە، بەتایبەتی هی ڕۆژهەڵات، لێکدراوە، یان شیکراوەتەوە.

هەر لەو چەند کۆپلە شیعرانەدا کە ئەو ژنانە دایاننانون کۆمەڵێک وشە و ڕەمزو ڕازی کلیدی هەن کە شەرحی زیادیان دەوێت، چونکە مانای ڕیشەدار و دێرینیان لە مێژووی کولتووری سێ چوار هەزار زەردەشتی و میترایی و هەر ئایینێکی دیکەدا هەیە، کە لە خاکی ئێستای کوردستاندا هەبوونە، یان لە دوورەوە بۆی هاتوون و لێرە ڕواون و لقو پۆپ و گوڵیان دەرهێناوە.

لەوە زیاتری لەسەر ناڕۆم چونکە کاک نامیق، تا ئەوەندەی بۆی ڕەخساوە هەوڵی داوە بە قووڵی بە بابەتەکەدا بڕوانێت و زانیاریی ورد بە دەستەوە بدات. هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەرهەمێکی گرنگی سەرکەوتووی خستووەتە بەردەست، کە بابەتێکی نەگوتراوی شاراوەی وورووژاندووە، هەمیشە سەرفرازبێت.

(١) عیرفان: خۆناسی و خواناسی.

(٢) پرۆفیسۆری ئەڵمانی پسپۆڕی ڕوحانیی بودا ئێستێ نوێ (ئیکهارت تول)، هێزی ئێستا (یان وزەی قووڵایی ئێستا)، وەرگێڕی بۆ زمانی عەرەبی: حوسێن موحەمەد، بلاوکراوەی خەیال، بەیرووت، لوبنان، ٢٠٠٧ز.

(٣) بە زمانی عەرەبی: الصوفية النسوية، الغوص عميقا والصعود الى السطح، كارول بی كريست، ترجمة: مصطفى محمود، تقديم: د. سحر الموجي، القاهرة، مصر، دار افاق للطبع والنشر، ٢٠٠٦.

(٤) کتێبی کاک نامق هەورامی دەربارەی ژنانی خۆناسی یارسان (کاکەیی)- ٢٠١١ز.

(٥) کاتێ شوێن نووسەرێکی ژن ساڵی ١٨٩٩ چیرۆکێکی دەربارەی بێداری ژنێکی بە مێردی نووسیوە و هەرای ناوەتەوە ... و ڕەخنەگرانی تووشی شڵەژان و سەرگەردانی کردووە.

**پەراوێز و سەرچاوە:**

- لە دووتوێی وتارەکە، یان لە پەراوێزدا ناوی هەندێک سەرچاوەم بردووە. لە هەندێک سەرچاوەی دیکەش کەڵکم وەرگرتووە:


١- أ. د. امام عبدالفتاح إمام، نساء وفلاسفه (بە عەرەبی)، دار التنوير، بيروت، لبنان، ٢٠٠٩م.

٢- تأريخ فلسفه غرب (فارسی) بە سەرپەرشتی سەروپالی ڕادا اکريشنان، سازمان انتشارات واموزش انقلاب اسلامی، تهران، ايران، ١٣٦٧هجری.

٣- سيد حسين نصر، ثلاثه حكماء مسلمين، دار النهار للنشر، بيروت، لبنان، الطبعة الأخيرة، ١٩٨٦م.

٤- یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥ز.

٥- صديق صفی زاده، نام ادران يارسان، انتشارات هيرمند، تهران، ١٣٧٦هجری.


چەند تێبینی و پاشکۆ ماون کە باشترە لێرە -وەک پەراوێز- بنووسرێنەوە، چونکە پێوەندی ناوەرۆکی وتارەکەن:

١- ڕابعە عەدەوییە (٧١٧-٨٠١ز)، یەکەم و تاکە ژنی عەرەبی سەردەمی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی عیرفان و سۆفیگەرییە، کە ئافرەتێکی پاک و لە خواترس و خواپەرست بوو، بە شێوەی فەلسەفی خۆی ڕێبازی خۆشەویستی پەروەردگاری دامەزراندووە.

دەیگوت: (ترسی من لە خوا لە ترسی ئاگری دۆزەخ، یان بۆ چوونە بەهەشت نەبووە، بەڵکو تەنیا خۆشەویستی خوا بووە، هەر بۆ پەرستنی ئەو نابێت هیچ شتێک لە خواپەرستیم دووربخاتەوە).

ئیتر دوای ڕابیعە سۆفییەکی ژن لە جیهانی عەرەبی – ئیسلامیدا دەرنەکەوتووە، مەگەر مامۆستایانی موحیەددین بن عەرەبی..

٢- فاتیمەی قورتبی لە سەدەی شەشەمی کۆچی لە ئەندەلووس ژیاوە. فەیلەسووفی سۆفیی بەرز محیەددین بن عەرەبی کە لە ساڵانی (١١٦٥ز - ١٢٤٠ز) ژیاوە، دان بەوەدا دەنێت کە یەکەم و گرنگترین مامۆستا و ڕێنمای لە سۆفیگەری و عیرفاندا دوو ژن بوونە لە ئەندەلووس (یاسەمین مەرشەفییە) و (فاتیمە قورتوبی)، کە کاریگەری زۆریان بەسەر ژیانی بن عەرەبییەوە بووە و بەرەو سۆفیگەری و فەلسەفە ئاراستەیان کردووە. زیاتر باسی فاتیمە دەکات کە پیرەژنێکی بەساڵاداچوو بووە.

بەڵام جوانیی کچێکی گەنجی شازدە ساڵەی هەبووە، ڕابیعە بۆ دوو ساڵ ڕێبەر و پیری ڕوحیی محیەددینی گەنج بووە و خۆی بەدایکی ڕوحی ئەو زانیوە، ئا لێرەوە پەنجەرەی ڕووناکی دەروونی ئیبن عەرەبی بەرووی جیهانی پاکی ڕوحانیدا دەکرێتەوە و ئیتر بەردەوام دەبێت تا ئەو فەیلەسووفەی لێ دەرچووە.

٣- ژنانی ئیلهام بەخشی یۆنانی: ژنانی یۆنانی نەزان و نەخوێندەوار بوونە، بەڵام کۆمەڵە ژنێک هەبوون بەناوی (هەتائیرا= واتە ژنانی هاوشان و هاودەم) کە سەرچاوەی ئیلهامی پیاوان بوونە.

هەموو پیاوە زاناو داناکانی یۆنانی پێوەندییان بەم جۆرە ژنانەوە هەبووە، کە لە زانست و ئەدەب و زمان و فەلسەفەدا دەستی باڵایان هەبووە، وەک بڵێیت خۆیان تەنیا بۆ ئەو بوارە تەرخان کردووە، هەرچەندە بە ژمارە کەم بوون، بەڵام کاریگەرییان لەفەلسەفەدا تا ئەمڕۆ ماوە، ئەو پیاوانەی کە لەبەر دەستی ئەو ژنانەدا فێر بوونە، لەوانەش سوقراتی فەیلەسووفی ناسراو کە پێوەندیداری (دیۆتیما)ی داناو فەیلەسووف بوو، لە ئەو و ژنێکی دیکە بەناوی (ئیسبازیا)وە فێر بووە.

هەروەها (پریکلیسی) فەیلەسووف پێوەندی فێرکاری لەتەک (ئاسپاسیا)ی پسپۆڕی زانست و فەلسەفەدا هەبووە، ئەوە یادی قوتابخانەی فەلسەفی (فیساگۆرس)مان بیر دەخاتەوە کە (٦٥) ژنی فەیلەسوفی پێگەیاندووە.

٤- فەرهەنگی زەردەشتی بایەخی هەرەگرنگی بەفێربوونی ژنان و پێگەیاندنیان داوە.

ژیان و شیعری ئەم ژنانەی یارسانی کوردستان (هەرچەندە کورتە) نموونەی گەشی ئەوەیە کە هەر کاتێک دەرفەتی گونجاوی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئازادی بڕەخسێت، ئەوە ژنانی کوردستان لەژنانی گەلانی دیکەو لەپیاوان کەمتر نین و دەتوانن لەپرۆسەی بیرکردنەوە و بیرکاری و زانست و فەلسەفە سەربەرزانە دەربکەون.

سەیر نەبێت کە لە ناوەندی نیوەڕێگای مێژووی هەزاران ساڵەی میدیا-کوردستاندا لەزەمەنێکی کتوپڕدا کۆمەڵێک لەو ژنە ژیر و زانایانە سەرهەڵبدەن، بەڵکو ئەم بزوتنەوەیە ڕیشەدارەو پێشینەی مێژوویی خۆی هەیە.

دوورتر بۆ نزیکەی ٥٠٠ - ٦٠٠ ساڵ پ . ز بگەڕێینەوە (واتە دوو هەزار و شەش سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ) دەبینین کە زەردەشتی میدی نەژاد و دانای تیژبین، کە لەهەمان کاتدا زاناو پزیشک و فەیلەسوف بووە، پەیامی ئایینەکەی پڕە لە ڕەگەز و هێمای سۆفیگەری و عیرفان و فەلسەفە کە لەدوای خۆی لە ئایینی یەهودییەت و مەسیحیەت و دواتر ئیسلامدا ڕەنگی دایەوە، فەرهەنگی کولتووری زەردەشت بەسەرچاوەی ڕوحی سۆفیگەری دەزانرێت.

ئەو لەو سەردەمەدا گوتوویەتی دەبێت کچان (واتە مێیینە) شان بە شانی نێرینە بخوێنن و فێر بن، یەکەم شاگردی خۆی (پورچەسیا)ی کچی بوو کە زانایەکی لێهاتووی لێدەرچووە، هەروەها لەپەرستگەکانیشدا ژن بەشدار دەبوون و ڕێنمایی ڕوحیشیان دەکرد.

دوای دەرچوونی زەردەشتیان لە کوردستان و ئێران بەرەو هیندستان بەر لە هەزارو چوارسەد ساڵ، هێشتاش شوێنەواری چەندین (پیر)ی ڕێنوێن هەن کە هەموو ژن بوونە، هەر لەو ڕوانگەیەوە زەردەشت مافی ژنی بەیەکسان لەگەڵ پیاو زانیوە، لە یاساو شەریعەتەکەیدا لایەنگری خورت لە ژنان دەکات، ئەوەش پەیامێکە هێشتا لێی ورد نەبووینەتەوە، لێی تێنەگەیشتووین، کەلەپووری زەردەشت گەنجینەیەکی هەرە دەوڵەمەند و بەهادارە و هێشتا قەدرمان نەزانیوە.

کەواتە کۆمەڵگەی میدیا - کوردستان لە سێ چوار هەزار ساڵدا، وانەو پەند و شارستانیەتی خۆی دەرخستووە، پاشاکانی ماد (میدیا) بەوە ناسراو بوون کە بەدیقەت و لەسەرخۆ و بەبڕوای پتەوەوە هەوڵیان داوە

شاکارەکانیان بنەخشێن، واتە متمانەیان بە مانەوەی کیانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و مێژووی خۆیان هەبووە، چ لە دامەزراندنی کیانی یەکەم دەوڵەتی مێژووی ئەم دەڤەرە، یان لە کارەکانی دیکەیان، وردەکاری جوان و پڕ بەهایان نواندووە.

ئێستا لەم سەردەمەدا وردە وردە گوڵی توانایی و وزە و لێهاتوویی گەنجان دەم دەکاتەوە کە پەیامی ئێمە دەگەیەنێت، پەیامی کوردستان کە ئەویش جوانی و چاکی و زانست و هونەرە، بەدەر لە هەر کۆسپ و کەموکاسی و نەفامی هەندێک کەس.

ئەگەر تۆزێک بڕوا بەخۆیان بهێننەوە و مێژووی نیشتمانەکەیان بەسەر بکەنەوە شتگەلی جوان و سەرسامهێنەر دەبینن و دەژنەفن، خۆزگە بەو ڕۆژەی چاو و دڵ و دەروونمان دەکرێتەوە.

**بەدواداچوون:**

ئەو وتارە پێشەکییەک بوو بۆ کتێبی نامیق هەورامی- م نووسیبوو کە دەربارەی ژنانی خوناس و شاعیر لە فەرهەنگی یارساندا دایناوە.

بە کورتی ناوی هەندێک لەو ژنانە لێرەدا دەهێنینەوە:

١- دایە جەلالە، لە ٣٨٧ی کۆچیدا لە لوڕستان لەدایکبووە. دایکی خوناسی مەزن شاخۆشینە کە سیستمی نوێی ئایینی یارسان (کاکەیی) لە لوڕستان و کرماشان و هەمەدان و هەورامان دامەزراند و بایەخی گرنگی بە ئامێری تەمیرە و ئامێرەکانی دیکەی موزیک داوە و لە بۆنە ئایینەکان ژەنینی موزیکی بڵاوکردووەتەوە. جەلالە خانم بەخۆی تەمیرە (تەمبوور) ژەنێکی بەهرەداربووە، بەڵکو ئەم جەلالە خانمە کە کچی فەرمانڕەوای لوڕستان بوو، ڕێبەری واقیعی دامودەزگە و لەشکرەکەی شاخۆشین بووە و شیعری عیرفانی سۆفیگەری بەجێ هێشتووە.

٢- بابا لوڕەی لوڕستانی، لە نێوان سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا ژیاوە، لە هەمەدان چووەتە پاڵ بابا تاهیری هەمەدانی کە خوناسێکی ڕۆشنبینە. بابا لوڕە دەرکەوتە (تەجەللی)ی یەکێک لە چوار فریشتەیە، هەر لە تافی جوانییەوە لە خەڵوەتگای بابا تاهیر ژیاوە و شیعری عیرفانیی داناوە.

٣- دایە تەبرێز هەورامی: لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە، ژنێکی پاک و تێگەیشتوو بووە و بە خزمەتی باوە سەرهەنگی خوناس گەیشتووە و پلەی بەرزی مەعنەویی بەدەست هێناوە، تەنانەت خەرقەی دەروێشی و خواناسی پۆشیوە. لە شیعرێکی قوولێدا دەڵێت کە "ڕازەن پیاڵەم"، واتە: پیاڵەی خوناسیم لە شاری نهێنییەکانەوە پێگەیشتووە. شەربەتی ئەو پیاڵەیە لە جەمخانەدا ئارامیی بە ناڵەی دەروونیم بەخشیوە.

٤- ڕەیحانە خانم لوڕستانی: لە ژنانی پاکڕەوشت و خواپەرستی سەدەی پێنجەمی کۆچی لوڕستانە، لە یارانی شاخۆشین بووە. لە نزیکی کۆهدەشتی خورەم ئادا/ لوڕستان) کۆچی دوایی کردووە. لە بەیتە شیعرێکدا دەڵێت:

**خۆشین ئەلەست، خۆشین ئەلەست**

**سەرم چە سەودای تۆ بییەن سەرمەست**

**واتە:** سەرمەستی عیشقی ڕۆحی شاخۆشینە.

٥- لیزا خانم جاف، سەدەی پێنجەمی کۆچی، ژنێکی پاکڕەوشت و خوناسی یارسانە، دەرکەوتەی فریشتەیە، لە ژێر سێبەری شاخۆشیندا ژیاوە و لە ئەسڵدا لە شارەزوور لە دایکبووە و لە لوڕستان خەریکی ڕێوڕەسمی خواناسی بووە، لە جیهانی مەعنەویدا بە پلەی کەمال (ڕەسایی = ویسپۆری) گەیشتووە.

لیزا خانم شیعری عیرفانی ناسک و جوانی داناوە، چونکە وەک هەر سۆفییەکی خوناسی کە سەرمەست دەبێت هەست و بیر و زانینەکانی بە زمانی شیعر دەردەبڕێت.

٦- خاتوون مەی زەرد، لوڕستانی...

٧- دایە خەزان سەرگەتی، سەدەی پێنجەمی کۆچی، لە گوندی سەرگەت/ هەورامان لە دایک دەبێت، کوڕێکی دەبێت بە ناوی بابا ناووس، کە بە پلەیەکی بەرزی خوناسی دەگات و دەڵێت کە بووە بە دەرکەوتە (تەجەللی) زاتی خوا. ئەزموونی دەرکەوتن وەک زەرەیەکی زاتی خوا لەلای زۆر لە خواناسە گەورەکانی هەر جوگرافیا و کۆمەڵگەیەکی جیهان، دووبارە بووەتەوە. دایە خەزان سەرەتا دەربڕینەکانی بابا ناووسی کوڕی پەسەند ناکات، بەڵام دوای گفتوگۆی زۆرتر، کە لە (سەرانجام) تۆمار کراوە، دەچێتە سەر ئایینی و ڕێوڕەسمی یارسان قبووڵ دەکات. ئەم ژنە خوناسە، تەمیرەژەنێکی بەتواناش بووە.

٨- خاتوون دایراک (ڕەزبار = ڕەمزبار) ساڵی ٤٥ی کۆچی دنیای بەجێ هێشتووە)، کچی حوسێن بەگی جەلەی جافە. زانا و خوا پەرست بووە. بە جوانی شوو بە شێخ عیسای بەرزنجی دەکات کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچی لە بەرزنجە ژیاوە. لە خاتوون دایراک کوڕێکی بەهرەداری دەبێت بە ناوی (ئیسحاق) کە دواجار بە سوڵتان ئیسحاق ناسراوە (٦٧٥-٧٩٨ی کۆچی)، کە دەرکەوتە (تەجەللی) زاتی خواوەندە و چوار فریشتە لە جامەی بەشەریدا دەیناسنەوە و لە دەوری کۆدەبنەوە، یەکێک لە دەرکەوتەی فریشتەکان خودی دایکی سوڵتان ئیسحاقە، خاتوون دایراک/ ڕەزبار، کە پێگەیەکی بەرزی تایبەتی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی یارسان هەیە.

لاپەڕەکانی (سەرانجام/ کتێبی یارسان) پڕن لە شیعر و گفتوگۆی عیرفانی و فەلسەفی دایە ڕەزبار، کە سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی یارسانی و کۆمەڵگەی ئافرەتانی کردووە، لە هاواری هەورامان، لە بڵندایی چیاکاندا، مەقامێکی پیرۆزی هەیە بە ناوی (چاورگای ڕەزبار) کە لەوێدا سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی قوربانیی کردووە، جێگەکە کە شوێنەوارە لە چەشنی ئاتەشگەی زەردەشتییە، چونکە ئایین و فەلسەفەی یارسان دوور نییە لە فەرهەنگی زەردەشتی و میترایی، بەڵکو لە زۆربەی لایەنەوە، وا پێدەچێت کە درێژەدەری فەرهەنگی ئەو ئایینە ئارییانەیە کە لەگەڵ فەرهەنگی کۆنی هیندستان نزیکن، وەک برەهمایی و ڤیدیایی و بوودایی... کەواتە فەرهەنگی یارسان بەشێکی گرنگی فەرهەنگی ڕوحی و خواناسیی ڕۆژهەڵاتە، هەر لە کوردستان و ئێران و ئەفغانستان و ئازەربایجان و بلووجستان و ئەرمەنستانەوە تا هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کە لە هەندێک جێگە هاوێتەی فەلسەفە و ئایینی هەرە کۆنی چینی و ژاپۆنی و وڵاتانی ئەو هەرێمە دەبێتەوە.

ئەوە بوو، بە کورتی، ناو و مێژووی پەیدابوونی هەندێک ژنی خۆناسی ڕۆشنبین کە بەر لە هەزار ساڵ (وەک دایە جەلالە) تا سەدەی هەفتەم و هەشتەمی کۆچی چوونەتە جیهانی مەعنەوی خواناسییەوە و بە پلەی کەمال (ڕەسانی) گەیشتوونە. جگە لەوەش بۆ دەربڕینی سۆز و هەستی دەروونیان شیعری فەلسەفی جوانیان گوتووە. ئەگەر هەموو شیعرەکان، سەرجەم کۆبکرێنەوە، دیوانێکی ڕەنگینی ئەدەبیاتی کوردی دەڕازێننەوە، چونکە بە زمانی ڕەوانی گۆران - لوڕستانی ئەو سەردەمانە دەریانبڕیوە.

بەرهەمی شیعریی ئەم ژنە یارسانیانەی لێ دەربکە، ئیتر لە ئەدەبیاتی کوردی بە درێژایی مێژوو، بەرهەمێکی ژن بەرچاو ناکەوێت، مەگەر لە دوو سەدەی دواییدا (مەستوورەخانی ئەردەڵانی) نەبێت.

بەهای عیرفانی و فەلسەفی و ئەدەبیی بەرهەمی ژنانی خۆناسی یارسان (کاکەیی)، هێشتا لە جیهانی ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردیدا، بایەخی پێویستی پێ نەدراوە. ئەوانەش کە تا ئێستا لایان لەم کەلەپوورە کردووەتەوە: سدیق سەفی زادە (بۆرەکەیی)، نوور عەلی ئیلاهی، گوڵمراد مورادی، نامیق هەورامی، کە کتێبێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە لە ٢٠١١ی زایینیدا نووسیوە.

# ڕەسەنایەتیی دەق لە چیرۆکدا

**عەبدولخالق یەعقووبی**
**(هەولێر - زانکۆی جیهان)**

ڕۆلان بارت لە کتێبێکیدا بە ناوی s/z کە ڕەخنەیەکی پێکهاتەخوازانەیە لەسەر چیرۆکی "سارازین"ی بەلزاک، باسی دژوازی نێوان دوو جۆر ڕۆمان دەکات: ڕۆمانی کلاسیک و ڕۆمانی نوێ. بە بڕوای بارت، دەقی ڕۆمانی ڕیالیستی کلاسیک، دەقێکی خوێنەرانەیە (Readerly Text). لە دەقی خوێنەرانەدا بنەمای پرۆسەی خولقانی مانا لە سەر زەینییەتی خوێنەر دانامەزرێت، چونکی نووسەر پێشەکی لە ڕێگای دەسەڵاتی خۆی بە سەر دەقدا، هەروەها لە ڕێی بە کارهێنانی هەندێک زەمینە و پێش گریمانەی زەینییەتی خۆی هەر لە سەرەتاوە مانای دەقەکە و ئەرکی خوێنەری - کە پەسەند کردنی ئەو مانایە بێت - ڕوون کردووەتەوە. لە دەقی خوێنەرانەدا، خوێنەر مافی داهێنانی مانایی لێ زەوت دەکرێت و تەنیا وەزیفەی ئەوەیە دەقەکە بەو شێوەیە بخوێنێتەوە کە نووسەر مەبەستیەتی، بەڵام لە دەقی نووسەرانەدا (Writerly Text) پرۆسەی خوێندنەوە لە سەر بناغەی توانایی داهێنانی مانایی خوێنەر دارێژراوە. لەم جۆرە دەقانەدا خوێنەر لە ڕێگای ئەفراندنی مانایەکی تایبەت بە زەینییەتی خۆی سەر لە نوێ دەقەکە دەنووسێتەوە، ڕەنگە دەقێکی تر و دنیایەکی تر. بارت نووسەرانە بوونی دەق بە تایبەتمەندیی بەرچاوی دەقی نوێ دەزانێت.

بەم جۆرە لە کتێبی s/z دا، بارت ئەدەب دەکاتە دوو بەش: لە دەستەی یەکەمدا خوێنەر دەورێکی ئەوتۆ ناگێڕێت، ئەگەریش ئەرکێک هەبێت، تەنیا سەلماندن، یان نەسەلماندنی دەقەکەیە، واتە خوێنەر تەنیا کاوێژکەرەوەی ئەو شتەیە کە نووسەر دەرخواردی داوە. ئەم جۆرە ئەدەبە ئەدەبێکی خوێنەرانەیە، ئەدەبێک کە



**ڕۆلان بارت**

ئەگەر بخوازی بیخوێنیتەوە، پێویستە پێشەکی ڕادەستی ویست و خواستەکانی بیت. لەم چەشنە ئەدەبەدا بە ساکاری لە دالەوە دەگەی بە مەدلوول، بەبێ هیچ تێڕامان و لێوردبوونەوەیەکی ئەوتۆ.

بەڵام لە ئەدەبی دەستەی دووەمدا، ئەرکێکی تایبەت دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر. خوێنەر دەبێتە پاژێک لە پاژەکانی دەق، بە وتەیەکی تر خوێنەرێک لە دەرەوەی دەق بوونی نییە. لەم چەشنە ئەدەبەدا نووسین پرۆسەیەکی خاوەن سەرەتا و کۆتایی نییە، یەک جار دەستی پێ بکەی و یەک جاریش کۆتایی پێ بێنیت، بەڵکو دەروازەیەکی هەمیشە لە سەر پشتە بە ڕووی خوێنەردا تاکو بێتو بە شێوەیەک لە شێوەکان دەوری نووسەر بگێڕێت. لە دەقی نووسەرانەدا دال ڕاستەوخۆ ئاماژە بە مەدلوولەکەی ناکا و مەودای نێوان دال و مەدلوول پێچوپەنا و کەند و لەندی زۆرە.

دەقی خوێنەرانە دەقێکی ڕاوەستاوە و لە جیهان وەک سیمایەکی نەگۆڕ دەدوێت، بەڵام دەقی نووسەرانە ناخوازێت ئێمە لە دەلاقەی زمانەوە بڕوانینە جیهانی واقیع، بەڵکو هانمان دەدات لە گەوهەر و سروشتی زمان ورد ببینەوە. کەواتە لە دەقی نووسەرانەدا ئەگەر بڕیار بێت جیهانێک هەبێت، ئەوە تەنیا ئەو جیهانەیە کە خوێنەر خۆی لە کاتی خوێندنەوەدا دەیخوڵقێنێت.

* * *

لە ژانری چیرۆکدا سێ جۆر گوتار دەبینرێت: گوتاری واقیع، گوتاری مرۆڤ و گوتاری دەق. لە چۆنێتی و چەندێتی گرنگی پێدان بەم گوتارانەشەوە سێ جۆر ڕەسەنایەتی لە دایک دەبن: ڕەسەنایەتی ئۆبژە (بابەت)، ڕەسەنایەتی سووژە (زەین) و ڕەسەنایەتی دەق.

لە ڕەسەنایەتی ئۆبژەدا ئەوەی گرینگی پێ بدرێت واقیع و جیهانی واقیعە. ئەم جۆرە ڕەسەنایەتییە پێی وایە، نووسین، واتە خوڵقاندنەوەی واقیعی دەوروبەرمان. تۆ کە لە چیرۆکدا دەنووسی "پشیلە" بە قەولی نۆرترۆپ فرای، واتە هەر ئەو گیانلەبەرەی کە دەمیاوێنێت. زۆرینەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی - بە تایبەتی پێش نەوەدەکانی سەدەی پێشوو - دەچنە ئەم خانەیەوە. بۆ نموونە، "غەوارە"ی "عەزیزی مەلا ڕەش" دەقاودەق ڕەسەنایەتی بە واقیع دەدات. نووسەر هیچ دەستێک لە واقیع وەرنادات و گێڕانەوەی واقیعی بێ ڕتووش دەکاتە هەوێنی ڕۆمانەکەی. گریمانە و فەرزی سەرەکی و هەمیشەیی نووسەری لەم دەستە، ئەوەیە کە ئەو شتەی بە واژەی "پشیلە" ناوی دێت، دەبێت هەمان پشیلەکەی واقیع بێت کە لە نێو زەینی خوێنەریشدا دەمیاوێنێت.

لە ڕەسەنایەتی سووژەدا ئەوەی سەرنجێکی شایانی پێ بدرێت، لایەنی خودئاگایی گێڕەرەوە و خودی توێژەکانی زەینە لە خودئاگاییەوە تا ڕەهەندە پڕ پێچو پەناکانی ناخودئاگایی. لە ئەدەبی ڕۆژاوادا، نموونەیەکی بەرچاو کارەکانی "جیمز جۆیس"ە و هەڵبەت ڤێرجینیا وۆڵفیش. ئەگەر بمانەوێت لە چیرۆکی کوردیدا نموونەیەکی کەموزۆر سەرکەوتوو بۆ ئەم خانەیە بدۆزینەوە، دەبێت ئاماژە بە کارەکانی "شێرزاد حەسەن" بکەین، بۆ وێنە لە "من و قالە و سەگەکەی پاقلۆڤ"دا.

لە ڕەسەنایەتی دەقدا ئاشکرایە ئەوەی دەکەوێتە ناوەندی سەرنجەوە دەقە و هەر وەتر پێوەندی دەق بە دەقەکانی پێشووەوە. لەم جۆرە ڕوانینە بۆ چیرۆک لەنێوان نووسەر و خوێنەر و دەقدا، گەمەیەکی هاریکارانەی سێ قۆڵی بۆ نووسین و خوێندنەوەی دەق دەست پێدەکات و بەردەوام درێژەی دەبێت. لێرەدایە کە دەڵێین دەق بەردەوام لە حاڵی نووسینەوە دایە. لە هەمان کاتدا بەردەوام لە حاڵی خوێندنەوەش دایە. نە نووسەر دوابڕیاری خۆی لە

سەر نووسینی دەق دەردەکات، نە خوێنەر لە سەر خوێندنەوەکەی. وەک "هوشەنگ گولشیری" دەڵێت، ئەگەر لە ڕابردوودا دەقێکمان هەبوو بە ناوی کەڵە دەق کە بەر لە ئێمە نووسراوە، ئێستا وردە دەقگەلێکمان هەیە کە لە سەر دەستی ئێمەی خوێنەر دەنووسرێنەوە.

چیرۆکی کوردی زۆر بە دەگمەن لەم بوارەدا هەوڵی بنەوشەیی و جددی داوە. چیرۆکی "مەباڵ"ی "یوونس ڕەزایی" لەم هەوڵە دەگمەنانەیە. لەم چیرۆکەدا دەبینین نووسەر لە زمانی ڕەخنەگرێکی فەرزییەوە ڕێگا بە خوێنەر دەدات لە هەڵوەشاندنەوە و نووسینەوە و داڕشتنەوەی سەر لە نوێی هەموو چیرۆکەکەدا بەشداری بکات. لە "مەباڵ"دا نووسەر خۆی بە ئەنقەست لە ڕێگای دابەشکردنی دەقی چیرۆکەکەی بەسەر چەند وردە دەقدا دەسەڵاتی خۆی بە جۆری خوێندنەوەی خوێنەر دەدات.

لە ئەدەبی ڕۆژاوادا کاری پۆست مۆدێرنیستەکان دەکەوێتە ئەم خانەیەوە. ئەسڵی "نەبوونی قەتعییەت"ی باوەڕی پۆست مۆدێرنیستی لەگەڵ ئەم چەشنە ڕوانینە بۆ چیرۆکنووسی یەک دەگرێتەوە.

* * *

ئێستا پرسیارێک کە دەتوانێت سەرەداوی باسی یەکەم و دووەممان بە یەکەوە گرێ بدات ئەوەیە کە ڕوحی دەقی نووسەرانە نیزیکتر لە کام یەک لەم سێ جۆر ڕەسەنایەتییانەیە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان؟ بە وتەیەکی تر، ئایا وا هەیە بڵێین ئەگەر هاتو دەق بکەوێتە یەکێک لەم سێ خانەی ڕەسەنایەتییەوە، هەر بەو ڕادەیەش ڕێژەی خوێنەرانە بوون، یان نووسەرانە بوونی بگۆڕدرێت؟

بێ گومان لە ڕەسەنایەتی واقیعدا دواجار دەقێک بەرهەم دێت کە خۆی بە ڕیالیزمێکی ڕووتەوە خەریک دەکات. کە وایە بێ سێ و دوو لێکردن، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ڕەسەنایەتییە دەقی خوێنەرانە بەرهەم دەهێنێت. ئەگەر زۆرینەی چیرۆکی کوردی دەقی خوێنەرانەن، ئەوە بێ شک هۆیەکەی بۆ سەر جۆری هەڵبژاردنی ڕەسەنایەتییەکەی دەگەڕێتەوە کە بەردەوام پێ لەسەر خولقاندنەوە و نواندنی واقیع دادەگرێت. لەم جۆرە چیرۆکانەدا دەبینی لە ئاکامدا پەیامێکت پێدەگات، بەڵام شان بە شانی ئەم پەیامە هیچ چەشنە جوانکارییەکی هونەری چیرۆک وەرناگریت. بە تەعبیرێکی تر، لەو چیرۆکانەی کە ڕەسەنایەتیی واقیع دەکەن بە ڕەسەنایەتیی باڵادەست، ئایدیۆلۆژیا، کە دواجار لە قەوارەی پەیامدا خۆی دەردەخات، دەنگی زاڵی دەقە. ئەو شەپۆلە چیرۆکەی کە لە سەر دەستی گەڕیانی "ڕیالیزمی سوسیالیزم" لە دەوروبەری شەستەکان و حەفتاکان و زیاتر لە کوردستانی باشوور دەنووسران، نموونەی هەرە ئاشکرای ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیا خوازییەن. لە چیرۆکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، ئەگەر پێمان وایە زمانی "پێکەنینی گەدا"ی حەسەنی قزڵجی زمانێکی وەسفییە نەک گێڕانەوەیی، بێ شک هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕەسەنایەتییەی کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە دەیخوازێت، واتە ڕەسەنایەتی واقیع.

بەڵام لە ڕەسەنایەتی سووژەدا ئایدیۆلۆژیا دەورێکی ئەوتۆ ناگێڕێت، بەڵکو ئەوە زەینییەتی بگۆڕی کەسایەتییەکانە کە دەسەڵاتی سەرەکیی جیهانی چیرۆکیان بە دەستەوە دەبێت. لە ڕەسەنایەتی سووژەدا، وردە وردە ڕێگا بەرەو گەیشتن بە دەقی نووسەرانە خۆش دەبێت. سووژە دنیایەکی فرە بوار و فرە لایەنە، دنیایەک کە ئاڵۆزی یەکەمین و گرینگترین نیشانەیەتی، دنیایەک کە تەنانەت واقیعیش لە واقیع بوونی خۆی دادەماڵێت و ڕوحی واقیعێکی هونەری بە بەردا دەکات. بە وتەیەکی وردتر، لە ڕەسەنایەتی سووژەدا واقیع لە بێژنگی زەینییەتی کەسایەتییەکانی دەدرێت، ئەو زەینییەتە جۆراوجۆرانەی کە دەکرێت هەر کامیان لە گۆشەنیگایەکەوە لە جیهان بڕوانن و ڕاڤەی بکەن، بەو نیسبەتەش دەنگی جۆراوجۆر بخولقێنن و دواجار ئەو هەلە بۆ خوێنەر بڕەخسێنن کە لە نووسینەوەی دەقدا بەشدار بێت.

بەڵام لە ڕەسەنایەتی دەقدا سەرلەبەری پێکهاتەی دەق لە پێناوی ئاواڵە هێشتنەوەی دەستی خوێنەرە بۆ پەسند کردنی هەر چەشنە ڕاڤە و ڕوانینێک کە دەکرێت بە پێی ڕەگەزەکانی دەق لە دەقی هەڵێنجێت. لەم جۆرە ڕەسەنایەتییەدا دەق خۆی دەکاتە ناوەندی سەرنجی خوێنەر، واتە ئەوەی دەق بوونی واقیع و بوونی سووژە لە نێو بوونی خۆیدا دەتوێنێتەوە و ئینجا خۆی وەک بابەتی خوێندنەوە و نووسین دەخاتە بەردەستی خوێنەر. کاتێک لە چیرۆکێکی پۆست مۆدێرندا، نووسەر لە ڕێگای هێندێک تەکنیکی گێڕانەوەییەوە بەردەوام باسی دەقی

چیـرۆکـەکـەی دەکـات، دەخـوازێت ئەو ڕاسـتـیـیـە وەبیـر خوێنەر بێنیـتەوە کە ئەو دنیایەی ئێستا بۆت دەگێڕمەوە، دنیـای ئەو چیـرۆکـەیە کـە لـە سـەر دەسـتی منی نووسـەر خولّقاوە؛ کـە وایە تۆ ئێـستـا لە گشت جیـهانی واقـیع دابڕاوی و لە نێو جیهانی دەقی مندا دەژیت. لێرەدایە کە خـوێنەر ناڕاسـتـەوخـۆ دەکـێـشـرێـتـە نێـو ژیانەوە و نووسـینەوەی دەقی چیـرۆک. بـە وتەیەکی تر، لە ڕەسـەنایەتی دەقـدا خـوێنەر ناچارە لەوەی لەگـەڵ دەق بژیت، چونکی گشت جیـهان لە نێو دەقدا کۆ دەبێتەوە، لە ئۆیژەوە بیگرە تا سووژە، تەنانەت خودی دەقیش؛ کە وایە لـە دەرەوەی دەق جیـهـانێـک بەدی ناکـرێت هەتا بیـەوێت بێ ئەو دەقـە بژیت. ئەو هەسـتـێکە بوو کـە لە کاتی خوێندنەوەی، بۆ نموونە، "بەفر"ی "ئۆرهان پاموک" دا خوێنەر دادەگرێت.

ئەو چیـرۆکـەی کـە خـاوەنی ڕەسـەنایەتی دەق بێت، دەقـێکی نووسـەرانەیە، دەقـێک کـە دواجار خـوێنەر و نووسەر و جیهان لە نێو پێکهاتەی خۆیدا کۆ دەکاتەوە و دەرفەتی پێکەوە ژیان و یەکتر نووسینەوەیان پێدەدات. لە دوابەشی نۆڤـێلێـتی "خـەونی جاڵجـاڵۆکـەکـان" ی "شـێـرزاد حـەسـەن"دا، ئەو خـەونەی کـە گـێـڕەڕەوەی چیرۆکەکە بۆ "پاکیز"ی خێزانی دەگێڕێتەوە، تێکەڵ بە واقـیع دەبێت. واقـیع ئەو بەشـە لە چیـرۆکـەکـەیە کـە گێڕەڕەوە و خێزانی خەریکی دەمەتەقە لە سەر خەونەکەن لە نێو خەونەکەدا دەتوێتەوە. خوێنەر کە سەرەتا بیسەری خەونەکـەیە، لە نێوەڕاستی چیرۆکەکەدا دەبێتـە بینەری ئەو خـەونە و دواجـار دەبێـتـە بەشـێک لەو خـەونە. ئەم چیـرۆکە نموونەی هەرە باشی چیـرۆکـێکی کـوردییـە کـە ڕەسەنایەتی داوە بە دەق.

* * *

لە دوا سـێکانسی فـیـلمی "گـومـانلێکراوە هەمـیـشـەییـەکـان"دا، "شـۆزێ"، قـارەمـانی سـەرەکی، کە پیـاوکـوژێکی ونی بەناوبانگە، لە ئیـدارەی پۆلیس و لە ژووری لێپرسینەوەدا سەرۆک پۆلیس هەڵدەخەڵەتێنێت و خـۆی بە بێ تاوان دەسـەلمێنێت و دەڵێت: "گـەورەترین فـێـڵی شـەیتـان ئەوە بوو کـە ئەم باوەڕەی خسـتـە نێـو دڵمانەوە کە بوونی نییـە"؛ منیش دەڵێم گەورەترین فێڵی چیـرۆک لەوەدایە کـە قـەناعـەتمان پێ دەهێنێت کـە بوونی هەیە.

سەرچاوە:

(١) مـقـدادی، بهـرام، فـرهنگ نقـد ادبی، تهـران ٨٧٣١، ل ٤٤١ - ٤٤٢.

(٢) ئێـمبـێرتۆ ئیکۆ لە بری دەسـتـەواژەی دەقی نووسـەرانە لە دەقی کـراوە و لە بری دەقی خـوێنەرانە لە دەقی داخـراو کـەڵکی وەرگرتووە.

(٣) گلشیری، هوشنگ، کارنامه، شماره ١٠، ل ٥.

(٤) مـەبال، یوونس ڕەزایی، ڕامـان، ژمـارە ٦١، ل ١٤٩ - ١٥١.

(٥) خەونی جاڵجاڵۆکەکـان، شێرزاد حەسەن، ڕامان، ژمارە ٦١، ل ١٦٢ - ١٧٦.

# پێناسەکانی ئەدەب

**د. عادل گەرمیانی**
**(زانکۆی بەغدا - کۆلێژی زمان)**

ئەدەب وشەیەکی عەرەبییە زیاتر بەواتای ڕێنمایی و پەروەردەکردن دێت، تەنانەت لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتووە: (ادبني ربي فأحسن تأديبي - خوا پەروەوردەی دام، باشترین پەروەردەی کردم). وشەی وێژە لە زمانی کوردیدا لەلایەن هەندێ نووسەرەوە بەرانبەر وشەی ئەدەب بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەم زاراوەیە تا ئێستا نەیتوانیوە بەتەواوی جێی بگرێتەوە، هەرچەندە مرۆڤی کورد لە کۆنەوە وشەی ئەدەبی بە واتا پەروەردەکردن بەکارهێناوە، تەنانەت لە پەندێکی کوردیدا هاتووە: (تاجی ئەدەب لەسەرنێ، هەموو جیهان وەبەرنێ). ئێستا لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Leterature) بەرانبەر وشەی ئەدەب بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەم وشەیە جاران بەواتای مەعریفەت بەکاردەهات.

ئەدەب وەک دەربڕینێکی جوانی کاریگەر، هەروەها وەک بەرهەمێکی مەعریفیی پەیامدار، خاوەن چەندین پێناسەی جۆراوجۆرە بەلای لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانەوە، هەر پێناسەیەکیش دەکرێ بۆ دیاریکردنی لایەنێکی چەمکی ئەدەب وەربگیرێ و لەبەرچاو بێ، بەڵام ئەم پێناسانەی خوارەوە تایبەتییە نەک گشتییە هەروەها ڕێژەییە نەک ڕەهایی. هەر یەک لەم پێناسانە ڕاست و دروستە، بەڵام ناتوانین بڵێین دوا پێناسەی زاراوەی ئەدەبە، تەنانەت لەسەر هەریەک لەم پێناسانە چەندین لێکۆڵینەوەو کتێب نووسراوە، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرجەم ئەم پێناسانە بنەماکانی ئەدەب و خەسڵەتەکانی دەخەنە ڕوو:

**١- ئەدەب زمانە:**

زمان کەرەسەی دەربڕینە بەلای مرۆڤەوە، هەروەها زمان ئامرازێکە بۆ لەیەکتر گەیشتن. زمان ناسنامەیەکی نەتەوەییەو ئەدەبیش وەک ڕوویەکی شارستانیی نەتەوەکە پێویستی بەم جۆرە زمانە هەیە، بەڵام ئەدەب وەک خاوەن



**عەزیزی مەلای ڕەش**

ئاستێکی داهێنان و ڕۆشنبیریی تایبەت دەبێ جۆرە زمانێکی پاراو لەنێو دەربڕینی ئەدەبەکەدا بەکاربهێنرێ، هەروەها دەبێ جۆرە زمانێکی ڕازاوە لە ڕووی هەڵبژاردنی وشەی فەرهەنگسازی و واتاسازییەوە بەکار بهێنرێ بۆ بەخشینی کاریگەری بە پەیامی خۆی و دەقە ئەدەبییەکەیدا، بۆیە زمانی ئەدەب بەزمانێکی باڵا - Meta Language دادەنرێت و جیاوازە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی(speak)، هەروەها زمان بەجۆرە جلوبەرگێکی جوانی دەقی ئەدەبی دادەنرێت. هەرچەندە لە بواری ئەدەبدا دوو جۆری ئەدەبی سەرزاری و نووسراومان هەیە، ئەدەبی سەرزاری، واتە فۆلکلۆری کە نزیکترە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی و دیاردەی ڕەنگدانەوەی شێوەزارەکان تێیدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام زمانی ئەدەبی نووسراو ئەگەر خاوەن فۆرمێکی هونەری بوو، ئەوسا زمانەکەی ستاندارد و جیاواز دەبێت لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی لەڕووی بەکارنەهێنانی شێوەزارەکان لەم جۆرە نووسینەدا، هەروەها گەڕان بەدوای وشەی نایاب و فەرهەنگی و ڕەوانبێژی دەبێتە لایەنێکی گرنگ لەنێو ئەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبیانەدا، کەوا هەرچەندە ناسکتربێت و لەگەڵ هەستی ناوەوەی مرۆڤدا بدوێ وەک شیعر، ئەوسا زمانی ئەم جۆرە بەرهەمانە دەبێتە خاوەن تایبەتمەندی خۆی. لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین زمانی پەخشان زمانی عەقڵە، بەڵام زمانی شیعر زمانی هەست ونەستە، بۆیە پێڕەوکردنی دەستووری زمانی نەتەوەکە لەنێو پەخشاندا زیاتر ڕەچاو دەکرێت، بەڵام لەنێو شیعردا شاعیر بۆی هەیە بەپێی پێویستی کێش و سەرواو مۆسیقای شیعرەکە هەندێ دەستکاری زمانی دەستووری نەتەوەکە بکات لەڕووی پێش و پاش خستنی بەشەکانی ڕستە وەک (بکەر و بەرکار و کردار)، بۆیە لە زمانی عەرەبیدا دەوترێ (يجوز للشاعر مالا يجوز لغيره - بۆ شاعیر هەیە ئەوەی کە بۆ کەسانی دیکە نابێت)، بۆیە هەندێ لێکۆڵەر وای بۆ دەچن کەوا ئەدەب زمانە.

**٢- ئەدەب ئەندێشەیە:**

ئەندێشە (Imagination) بنەمایەکی گرنگی هونەریی بنیادی دەقی ئەدەبییە، هەروەها شێوە و ڕەمزێکی سرووش و ئیلهامەو فاکتەرێکی ڕازانەوەی دەقی ئەدەبییە و بەهۆیەوە نووسینی ئەدەبی لەنووسینێکی دیکەی مەعریفی جیا دەکرێتەوە، هەروەها ئەندێشە، بنەمایەکی گرنگی پێکەوەنانی چێژی دەقە، کەوا بەهۆیەوە دەق کاریگەری خۆی بەسەر خوێنەرەکەیدا دەنوێنێ. ئەندێشە کەرەسەی ئەدەبی ڕۆمانتیکییە بۆ دوورخستنەوەو هەڵاتنی مرۆڤ لە ژینگە نادروستەکەی بەرەو باوەش و ئامێزی سروشت، هەروەها ئەندێشەی نامەقووڵ کەرەسەی گرنگی ئەدەبی سوریالییە بۆ دروستکردنی جۆرە واقیعێکی تازەی سەرەوەی واقیعە بینراوەکە. لێرەدا پێویستە بڵێین زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ئەندێشەی هونەری دەبێتە مایەی دروستبوونی کەشوهەوایەکی فانتازی نامەقووڵ لەنێو دەقەکەو لەوانەیە ئەم جۆرە زیادەڕەوییە لەبەکارهێنانی ئەندێشە ببێتە مایەی دوورخستنەوەی ئەدەب لە گەیاندنی پەیامە مەعریفییە تایبەتەکەی خۆی.. کەواتە وەک هەندێ لێکۆڵەر دەتوانین بڵێین: ئەدەب ئەندێشەیە لە سنوورێکی دیاریکراودا.

**٣- ئەدەب وێنەکارییە:**

هەموو ئەدەبێک خاوەن شێوازی تایبەتی خۆیەتی و ئەم جۆرە شێوازە زیاتر لەڕێی کاری وێنەکارییەوە دەردەکەوێت، کەوا پشت بەسوود بینین دەبەسێت، یان بەکارهێنانی جۆرە زمانێکی هەڵبژێردراوی کاریگەر لەگەڵ دامەزراندنی جۆرە ئەندێشەیەکی هونەری ڕازاوە و وا لە خوێنەر دەکات لەهەموو دەقێکی ئەدەبیدا هەست بە جۆرە لێکنەچوونێکی تەواو بکات لەنێوان ڕووداوی نێو دەقە ئەدەبییەکە، لەگەڵ ڕاستی هەمان ڕوودانی ڕووداوەکە. ئەم حاڵەتە لەڕێی وێنەکارییەوە دروست دەبێت کاتێک نووسەر هەوڵ دەدات جۆرە بەرگێکی تازە وەبەر ڕووداوی نێو دەقەکەیدا بکات بۆ ئەوەی جۆرە کاریگەرییەک، یان



**عەبدوڵڵا سەڕاج**

چێژ بە سروشتی دەقەکەی ببەخشێت، بۆیە دەگوترێت ئەدەب وێنەکارییە.

**٤- ئەدەب ئاوێنەیە:**

هەموو دەقێکی ئەدەبی لەوانەیە ئاوێنەیەکی بێگەردی سەردەمی کۆمەڵەکەی بێت، بەجوانی ئەرکی خستنەڕووی بارودۆخی نووسەری دەق، یان ژینگەی کەسانی کۆمەڵەکەی لە سەردەمێکی تایبەتدا بگێڕێ. هەر ئەم لایەنە وا لە دەقی ئەدەبی دەکات ببێتە کەرەسەیەکی باش بۆ لێکۆڵەری کۆمەڵناسی و دابونەریتناسی، کە وا لەڕێی چەند دەقێکی ئەدەبییەوە دەتوانین زانیاری لەبارەی سروشتی کۆمەڵێک لە سەردەمێکی تایبەتدا پەیدا بکەین. ئەمەش بە حوکمی ئەوەی ئەدەب بەئاوێنەیەکی سەردەمی کۆمەڵەکەی دانرێت، لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەدەب ئاوێنەیە.

**٥- ئەدەب درۆیەکی سپییە:**

مەبەستمان لەم پێناسەیە ئەو جۆرە بابەتانەیە، یان ئەو جۆرە وێنانەیە کە بۆ ڕووداوێک خراونەتەڕوو دەقاو دەق وەک خۆی لە ڕاستیدا ڕووی نەداوە، بەڵکو نووسەری دەق لە چەند لایەنێکەوە دەستکاری ڕاستی ڕووداوەکەی کردووە بۆ ئەوەی ئاستێکی کاریگەرتر، یان بەهایەکی بەرزتر بە سروشتی ئەو ڕووداوە لە دەروونی خوێنەری دەقەکەیدا بخوڵقێنێ. بەم شێوەیە لایەنی ئەندێشەو وێنەکاری ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە دروستبوونی ئەم جۆرە درۆسپییە سوودبەخشە لەڕووی مەعریفییەوە.

**٦- ئەدەب بیرە:**

هەموو دەقێکی ئەدەبی زادەی بیرکردنەوەی دەقنووسە، هەروەها هەموو دەقێکی ئەدەبی خاوەن پەیامی خۆیەتی، ئەو پەیامەش بە بەرجەستەکردنی بیری دەقنووس دادەنرێت. هەموو نووسەرێکی دەق خاوەن جۆرە بیرکردنەوە و بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی و ئەم لایەنە لەڕێی پەیامی دەقەکەوە بەخوێنەری دەقەکەوە دەگات . لەم حاڵەتەدا، ئەگەر نووسەری دەق لایەنی ئەندێشەو وێنەکاری بەکارنەهێنا لە گەیاندنی بیرەکەیدا، ئەوە خاوەن دەق بەخاوەن شێوازی ڕاستەوخۆ دادەنرێ، بەپێچەوانەش نووسەر بە خاوەن شێوازی ناڕاستەوخۆ دادەنرێت لە گەیاندنی بیرو پەیامی دەقەکەیەوە. لە هەموو حاڵەتێکدا کاریگەری بیری دەقی ئەدەبی زیاتر کاریگەرییەکی هزری و هەستییە لەڕێی وروژاندنی بیر و هەستی ناخەوەی خوێنەری دەق سەرهەڵدەدات. بەم شێوەیە بیری نووسەری دەقەکە کاریگەرتر دەبێت، ئەگەر لەنێو دارشتنی دەقەکەیدا جێناوی کەسی یەکەمی تاکی بەکارهێنا، چونکە زۆر جار بیری نووسەری دەق ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بیروباوەڕی سەردەمی نووسەرەکەیە ، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەدەب بیرە.

**٧- ئەدەب شێوازە:**

مەبەست لە شێواز جۆری ئەو زمانەیە، هەروەها جۆری ئەو توانایییە هونەرییەیە، کە نووسەری دەق بۆ دارشتنی بیروڕاکانی لەنێو دەقەکەیدا بەکاری دەهێنێ، تەنانەت هەمان نووسەر لەوانەیە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی خۆی ببێتە خاوەن چەندین شێوازی ئەدەبی جیاواز. بۆ نموونە گۆران و شێخ نووری شێخ صاڵح و .. تاد، سەرەتا بە شێوازی کلاسیکی هۆنراوەیان نووسیوە، پاشتر بە شێوازی ئازاد و نوێ هۆنراوەیان نووسیوە، بەڵام نووسەرانی وەک حسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی و عەزیزی مەلا ڕەش و.... تاد، لە سەر شێوازی ڕیالیزمی ڕۆمانیان نووسیوە، کەچی عەبدوڵڵا سەڕاج بە هەردوو شێوازی کۆن و نوێ ڕۆمانی نووسیوە. لێرەدا ئاماژە بە بۆچوونەکەی (هۆفمان)(*) دەکەین کە دەڵێت "شێواز کەسایەتی مرۆڤە"، ئەم جۆرە کەسایەتییە لەنێو بەرهەمی ئەدەبییدا لەوانەیە لەسەر یەک ڕێباز بڕوات، یان لەسەر ڕێبازی جیاواز بەرهەمی خۆی بنووسێ و بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ئەدەب شێوازە.

**٨- ئەدەب لاساییکردنەوەیە:**

مەبەست لە لاساییکردنەوە (محاکاة) هەوڵدانی نووسەری دەقە بۆ خستنەڕووی توانایی خۆی لەبواری نووسینی دەقی ئەدەبییدا، هەروەها وەک هەوڵدانێکە بۆ

بەرزکردنەوەی کەسایەتی ئەدەبی خۆی لە چاو کەسایەتی نووسەرانی دیکە، بەڵام چاولێکەری (تقلیدی) ئەوەیە نووسەری دەق لە پەراوێزی سێبەر و کەسایەتی نووسەرانی دیکە بەرهەم دەنووسێت، هەروەها نووسەری چاولێکەر لە نووسینی ئەدەبیدا لەڕێی چاولێکردنەوە چاولێکەری بەرهەمی شاکارو سەرنجڕاکێشانی نووسەرانی ناودار دەکات، بۆیە (هۆراس) وەک ڕەخنەگرێکی بەناوبانگی سەردەمی ڕۆمانی کۆن، داوای لە نووسەرانی سەردەمی خۆی دەکرد لاسایی شاکارە ئەدەبییەکانی یۆنانی کۆن بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەدا نەبوو لەڕێی چاولێکەرییەوە نووسینی خۆیان پێشکەش بکەن، چونکە داهێنانە ئەدەبییەکە زیاتر لە بواری لاساییکردنەوە دەردەکەوێت، نەک لە چاولێکردنەوەکە. بەم شێوەیە لاساییکردنەوە بەلای نووسەرانی تازە بابەتەوە خەمێکی گەورەیە بۆ نواندنی کەسایەتی ئەدەبی خۆیان، کەوا زۆر جار لە بواری چاولێکەریدا بایەخی کەسایەتییان نامێنێ. بەم شێوەیە لاساییکردنەوە بەمانای هێنانەوەی بەرهەمێکی تازە دێت نەک بەرهەمێکی کۆپیکراو وەک ئەوەی لەنێو دەقی چاولێکراودا دەبینرێت، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەدەب لاساییکردنەوەیە.

**٩- ئەدەب دەربڕینە:**

مەبەست لەم پێناسەیە ئەوەیە، نووسەری دەقی ئەدەبی زمانی نێو بەرهەمەکەی دەکاتە کەرەسەیەک بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و هەڵچوون و بیرو بۆچوونی خۆی لەنێو دەقەکەیدا، تەنانەت زۆر جار زمانی دەق وەک زمانحاڵی نووسەری دەق دەبێتە زمانحاڵێک لە سەر بارودۆخی سەردەمی نووسەری دەق. لێرەدا سەرکەوتنی نووسەری دەق لەبواری دەربڕینی ئەدەبیدا دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەری دەق و لە ئەنجامدا چێژی دەق لەلایەن خوێنەری دەقەوە هەستی پێ دەکرێت، تەنانەت باشی دەربڕینی ئەدەبی ڕۆڵی خۆی دەبێت لە بەخشینی نەمری بە نووسەری دەق و دەقەکەیدا.. کەواتە ئەدەب دەربڕینە.

**١٠- ئەدەب جوانکارییە:**

مەبەست لەم پێناسەیە ئەوەیە، نووسەری دەق لەڕێی شێوازی جوان و ئەندێشەی هونەریی سەرنجڕاکێش حاڵەتێک لە جوانکاری لەنێو جیهانی دەقەکەیدا دروست دەکات. هەر ئەم لایەنەی جوانی دەق لایەنی داهێنانی نووسەری دەق دەخاتە ڕوو لە پرۆسەی نووسینی دەقەکەیدا، هەروەها زمانی دەق بەهای تایبەتی خۆی هەیە لە بواری جوانکاری دەقدا. لێرەدا هەرچەندە وشەکان دانسقەو نایاب بن، ئەوەندە خوێنەری دەق بەرەوە جیهانی دەقەکە پەلکێش دەکەن، کەوا لایەنی جوانی دەق دەبێتە کەرەسەیەک بۆ ئەم پەلکێشکردنە. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەرانی دەق لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە دەگۆڕێ و لەم بوارەدا جوانی دەق ڕۆڵی تایبەتی خۆی لە بەخشینی نەمری بە نووسەری دەق و دەقەکەی لە یادەوەری خوێنەری دەقدا دەبێت.

**١١- ئەدەب هەست وسۆزە:**

لە هەموو دەقێکی ئەدەبیدا جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی هەست و سۆزی پاڵەوان و کەسانی دیکەی نێو جیهانی دەقەکە بەرچاو دەکەوێت. ئەم دیاردەیە زیاتر لەنێو دەقی شیعریدا بەرچاو دەکەوێت، چونکە شیعر زمانی هەست و سۆزە، بەپێچەوانەی چیرۆک و ڕۆمان کە وەک پەخشان بە زمانی ئەقڵ دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بڵێین هیچ جۆرە هەست و سۆزێک لە چیرۆک و ڕۆماندا نییە، بەتایبەتی ئەگەر شێوازەکەی ڕۆمانتیکی بوو، هەرچەندە لە چیرۆک و ڕۆمانی ڕیالیزمی جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی هەبوونی هەست و سۆز لای پاڵەوان و کەسانی دیکەی نێو دەقەکە بەرچاو دەکەوێت، چونکە ئەوانیش وەک مرۆڤی ڕاستەقینە خاوەن هەست و سۆزی خۆیانن، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەدەب هەست و سۆزە.

**١٢- ئەدەب ناوەرۆکە:**

هەموو دەقێکی ئەدەبی خاوەن جۆرە ناوەرۆکێکە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، کاریگەری دەقی ئەدەبی بەسەر هزری خوێنەرەکەی زۆر جار لەڕێی ناوەرۆکەکەی دەبێت، چونکە زۆربەی خوێنەرانی دەقی ئەدەبی زیاتر شەیداو عەودالی ناوەرۆکن، بە حوکمی ئەوەی ناوەرۆکی دەقی ئەدەبی زۆر جار دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ بەرجەستەکردن و خستنەڕووی بارو گوزەرانی خوێنەری دەق، لێرەدا دەکرێ بڵێین ناوەرۆکیش ڕۆڵی خۆی هەیە لە بەخشینی نەمری بە دەقی ئەدەبی و نووسەرەکەی لە یادەوەری خوێنەرەکانیدا، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەدەب ناوەرۆکە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەدەب دەربڕینێکی جوانە، خاوەن بیروڕای کاریگەری خۆیەتی، لە ڕێی جۆرە شێوازێکەوە جوانکاری زمانی دەق و ئەندێشەی دەق بۆ خوێنەرەکەی دەردەکەوێت و لە وانەیە لەم جۆرە دەقە ئەدەبییانە ببنە مایەی لە دایک بوونی ڕەخنەی ئەدەبی.

* ئەوەی وتوویەتی (الأسلوب هو الرجل، ناوی (بۆف)ە نەک هۆفمان.

**(ڕامان)**

# وەرزە هارمۆنییە ئەفسووناوییەکان

**د. ئەکرەم خامۆش**
**(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤایەتییەکان)**

ڕامـان و سـەرنجـدانی قـووڵ و ورد لە شـیـعـر دەبن بە مـایەی خـولیـای بەدواداچوون و وردبوونەوەی زیاتری ناوەڕۆکی دەق و پێکهاتەکانی، هەر لە وشە و وێنەوە تا خەیاڵ و چەمکەکانی.

لە ژمـارە (١٧٤)ی گـۆڤـاری ڕامـانی ئازیزدا، کـاتێ چەپکێ پۆستەری هاوژین صلیوەی شاعیرم لەژێر ناوی (ڕەوە چۆلەکـەی ڕوح) خوێندەوە، سـەرنجیـان بۆ لایەنی جـــوانی و چۆنیـــەتی چنینی وێنـەی هونـەری و ئیستێتیکییان ڕاکێشام.

شـاعـیـر چەپکێک وێنەی بە خـەیاڵ و بە ئەزمـوونی نیگارکێشان لە تابلۆی هونەریدا بەرجەستە کردووە، بێ گـومـان هونەری شـاعـیـر لە بەهرەکـەیدایە، وەک چۆن پەیـکەرتاشـێـک بەهرە و ئـەزمـوونی بە هـونەری بەرجـەسـتـەکـردنی مـاتریالی وێنەیەک لە خـەیاڵیـدا دادەهێنێ، ئاوهاش شاعـیـر بە کـەرەسـتـەکـانی زمـان و هونەری خۆی چۆنیەتی کێشانی نیگاری ئەو تابلۆیانە بۆ (وێنـەی هونەری شـیـعـر)، کـە پێکهـاتەیەکی گـرنگی بنیـادی دەقـە، هەر لە وشـەی ڕەنگاوڕەنگی ناسک و ئاوازدار، ئەندێشە و خەیاڵ و چەمکەکانی تری بۆ دەبێتە کلیلێک بۆ کردنەوەی کۆد و هێماکان، کە لەوێڕا هەوێنی هەمـوو ئەو ئەزمـوون و بەهرە هونەرییـانەی دەبن بە سەنتەری ئەو داهێنانە.

ئەمـەتا لە پۆسـتەری یەکـەمی (ڕەوە چۆلەکـەی ڕوح)ی شاعیردا هاتووە:

**هەنارێکی قەڵشیوی لێو گری ددان سوور**
**دەمی چۆن پڕ بوو بوو لە ئاو**
**بۆ دوو لیمۆی کیژۆڵەیەک**
**کە نووشتابۆوە لە ژێری**
**گەسکی دەدا بن دار هەنار!!**

شاعیر لە پۆستەری یەکەمدا، ئەم جۆرە وێکچواندنە بە



**هاوژین صلیوه**

ئاگاوە لە نیگارکێشانی ئەم تابلۆیە (لە چۆنیەتی هێنانەوەی نموونەی هەنار - دەنکی هەنار - پێکچواندنی نەخشکاری کردووە بۆ تێکەیشتنی ناوەڕۆک، لە ڕوخساری دەنکی هەنارەوە بۆ بەرهەستی خوێنەر و سەرنج ڕاکێشانی مەرامیەتی لە پێکانی نیشانی ئەو گسکدانە و دیمەنی لەو نووشتانەوەیەی - جووڵە و گسکدان و بەرەنجامی ڕوودانی دەرکەوتنی بەشێکی هەستیاری سروشتی سەر سنگی ئەو کیژۆڵەیە، کە چەپکێ چەمکی هونەری تێدا ئاوێتەکراوە و وەستایانە دیمەنی نیگارکێشانەکەی پێ نەخشێن کراوە، ئەویش ئەو دوو شتەی بە یەک چوێندراوە وەک (دوو لیمۆ) کە بە (جووتێ مەمک) چوێندراوە - شاعیر لەم پۆستەرەدا، زیرەکانە چاوی هەناری لە سەرەتاتکێ و دەنکی بە (ددان) و قەڵشینەکەی بە لێوی گڕ و دەم پڕ لەئاو بۆ دوو لیمۆ بە شێوازێکی هونەری لە وێنە گرتنی دیمەنە گوزارشت لێکراوەکە سروشتێکی هەستی بۆ خوێنەر تیفتیفە داوە کە لای (ئەفلاتوون) وایە، هەمان ئەو دەقە هونەرییانەی وێنەی شتە هەستیارەکان بە هێنانەوەی نموونە و لاسایی کردنەوەیان لە ڕێگای بەهرەی شاعیرەوە ئەو خولقاندنە دێنێتە کایەوە، کە چەشەی دروستی خوێنەر و تاسە و تەزووی موچڕکاوی و هەڵچوونی بۆ سەراسیمەکردنی دەئافرێنێ! ئەم دیاردەیە لەو هونەرنواندنەدا لای هاوژینی شاعیر گوزارشتی بەڕەنگاڵە چەخماخە و چەپکە پەلکە زێڕینەییە ئاڵ و وەنەوشەیی و مۆر و شین باوەکانی داوەتەوە!

هێنانەوەی هێمایەک لە دەنکەکانی هەنارێکی قەڵشیو، وەک هێمایەکی ڕوونبێژی بەکاری هێناوە، دەنکی هەنار بە (ددان چوێندراوە). ئاو، بە (ناو دەنکی هەنار) چوێندراوە، دوو لیمۆ، بە (مەمک چوێندراوە) شاعیر بۆ بەرزڕاگرتنی سیفەتی چوێندراو - دوو لیمۆی هێناوەتەوە، نموونەی هونەری ئاوهاش بەو تابلۆیە ناخی هەستی خوێنەر بۆ تێڕامان و سەراسیمەکردنی ڕابکێشێ و وێنەکەی لە خەیاڵی وا بەرجەستە بکا مسۆگەرکردنی قایل بوونی ئەو دیمەنەی لە ڕەزامەندی وەرگرتنی تێکستەکە مسۆگەر بکا.

لە پۆستەری (کولیچە)دا دەڵێ:

**کچێک بە پەنجەکانی دەستی ڕاستی**
**ڕوومەتی ئەنگوتکە هەویرێکی ماچ دەکرد و**
**کولیچەی عیشقی لێ دروست دەکرد!**

شاعیر لەم دەقەیدا - لە بەراورد کردن و تابلۆ دارشتنیدا دەچێتە خانەی ئەو بیرۆکەیەی ئەرستۆ و بیروڕای خۆی تێدا شی کردۆتەوە، کە - شیعر و تابلۆ بۆ لاسایی کردنەوە، شاعیر وێنەکێشە لەشێوەکانی هونەریدا واقیع بەو بەهرەیەی دەیگوازێتەوە، بەهای هونەری ئەو گواستنەوەیە پسپۆڕێتی و ئەزموونەکانی بەرزی ئەو بەهایە دەسەلمێنێ، دوو پەنجەی کچ بە (دوو لێو) چوێندراوە

دوو لێو کە بەهەستیارییەوە هەویر وەک ڕوومەتی نەرمونیانی ماچ دەکات، بەرهەمی (کولیچەی عیشق)ی لێ دروست دەبێ! دوو وێنەی ئاوێتەی یەکتری بوون، لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو وێنەکە، خودی خواردنێکی ڕوحی ئەبستراکت پێکدێنێ، کە کولیچەی عیشقەکەیە، کەواتە چەپکێ ماچ لە ڕوومەتی هەویر دەکرێن بە کولیچەی عیشق تابلۆیەکی هونەری ڕەنگین و وێنەگرتنی خێرای هەستی شاعیرە بۆ بەر دید و ناخی خوێنەر بەرجەستە دەکا!

لە کۆپلەیەکی تردا شاعیر دەڵێت:

**شاری بۆر بەنداری هیندستان**
**تاکو ئێستاش لۆکەی سپی داپۆشیوە!،**
**چونکە ڕوحی پەپوولەیی گاندی**
**لەم شارەدا دابارێوە!!**

شاری بۆر بەندار - لانکی لەدایک بوونی گاندی بێ و ڕوحە ڕوحپارەکەی گاندی هەمیشە کە سپی سپی چۆتەوە

و دەچێتەوە، لۆکە بەسپیەتی شاری بۆر بەندار چوێندراوە، کە ڕوخسار و ناخی سپی گاندی سپی گوزارشت پێدەداتەوە.

پەپوولە، هێمای پاکی، بێ وەیی، ئاشتی و ڕوحی بێگەرد و ناسکی شاری بۆر بەندار سپی سپی دەچێتەوە، چونکە ڕوحی گاندی لۆکەیی و پەپوولەیی (بە سپی و نەرم و بێگەرد) چوێندراوە، ڕوحی سپی، پەپوولەیی بەسەر شاری دایک و زێد و نیشتیمان، هەڵبەت سپی سپی دەچێتەوە..

شاعیر لەم وێنەیەدا ڕەمزێکی ئاشکرای لۆکەیی وەک هێما نەک شاراوە وێنەیەکی ڕووکەش و دیار و ڕاستەوخۆ بۆ کورتکردنەوەی مەبەست و تێگەیاندنی خێرا بۆ هەست و دیدی خوێنەر بۆ دەرک پێکردنی ڕاستەوخۆ نیشان داوە... گواستنەوەی ئەم وێنەیە بەلای شاعیرەوە پردێکی گەیەنراوە کە بە ساکاری مەبەست، مانای پێکاوە.

لە تابلۆی چوارەمدا دەڵێ:

**مۆم، سەرگۆی مەمکێکی گڕکانییە**
**لە داخی بێ پەپوولەیی دەتوێتەوە.**

ترۆپکی مۆم، سەرنجی وردی بۆ بەری بەشێکی (ڕەنگ پەمەیی) دەنوێنێ کە بەسەری (گۆی مەمک) چوێندراوە، سەرگۆی مەمکیش جۆرێک ڕەنگ پەمەیی بەخشە.

لە تابلۆی (یەکگرتن) شاعیر دەڵێ:

**بلۆکەکانی ئەم دیوارە ڕووتەڵەیە**
**پەنجەکانیان ناوەتە نێو پەنجەی یەک و**
**باکیان نییە لەلافاوی ناوەخت و**
**لە ڕەشەبای ژەهراوی.**

هەر لە ناوەرۆکی ناوونیشانی پۆستەر خۆی شاعیر ئاماژە بە (یەکگرتن) دەکات کە پرۆسەی (پێکەوەیی و ئاوێتەبوون و یەکتری گرتن) ڕۆڵی هەرە کاریگەر لە پتەوی و تۆکمەیی و هێز و تاووتین و گوڕ وەبەر بەدەنی هەموو ئەو بوونەوەرانەی لە تەختێک هاوتەبا و هاوئاهەنگ و لە ژیان و مردن لە ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوەدا هاوچارەنووسن، کە پشت بەیەکتری ببەستن و یەکڕیزی و یەک دەنگی و یەک سەنگی دەبن بەو هەوێنەی کە باڵادەستی و هێزی لەبن نەهاتووی ئەوتۆ بەرانبەر کەینوبەینی نەیار و بەدکار لەهەر پلانێکی دابیرێژن بۆیان سەرنەگرێ...

شاعیر ئاماژەی ڕیزبەندی ئەو بلۆکانەی شێوەی تێکئاڵقان و چوونە ناویەکی یەکتریان بەخۆوە گرتووە، تا ئەگەر ڕووتەڵەیش بێ، باکیان لە هەڕەشە و گەفی وەخت و ناوەختی هێرشی لافاو نییە..

یەکێک لەو خەسڵەتانەی (وێنەی هونەری) ئەمەیە، ئەمەتا شاعیر بە شاراوەیی بەکارهێنانی کەمی وشە لە خودی شیعر خۆیدا، کەشێکی وادەخوڵقێنێ وێنەکەی لە هەستەوەریدا وا بەتین کردووە کە ناوەرۆکی مانای تابلۆیەکە لە نەستی خوێنەر خێرا و یەکسەر بەرجەستە دەکات.

لەتابلۆیەکی تردا شاعیر دەڵێ:

**چۆلەکەش تاکتیکی سەربازی دەزانێ،**
**کە بەئاسمانەوە دەفڕێ...**
**لەنجە دەکا بۆ ژێرو ژوور،**
**تاکو بەردی دار لاستیک و**
**مزی توو تووی بەرنەکەوێ.**

لێرەشدا شاعیر زۆر سەرکەوتووانە ئامانج و ئەنجامی وێکڕا ڕێبازی دروستکردنی، یان بێژین تەونچنی و نەخشاندنی وێنەی لە (سنووری – وێنە خۆیەوە) دروست پێکاوە.

شاعیر وەک چۆن مەزندەی بۆ شێوەی ڕۆیشتنی سەربازی چووە – بەتایبەتی لە هێرش و پەلاماردا، کە چۆن یاسا و تاکتیکی خۆی هەیە بۆ خۆپاراستنی لە نیشانەی سێرەی دوژمنەکەی، ئاوهاش لەم تابلۆیەی سەرەوەدا، وێنەی چۆلەکە بەو جۆرە تاکتیکە سەربازییە لە فڕیندا دەنەخشێنێ، وەک بەو یاسایە شارەزابێ وەک چۆن بەهێڵی زیگزاک و پێچاوپێچ بفڕێ و فجوڕ لێبدا تاوەکو بەر دەسڕێژی بەرانبەری دوژمنەکەی نەکەوێ، وێنەی (جوانی بایسی) تێدا بەرجەستە کردووە، دیمەنی فڕینی چۆلەکەکە لەم تابلۆیەدا بیرۆکەی بەهرەکەیە لە سەلیقەدا کە شاعیر کارامەیی تێدا نواندووە – چۆن بیری بۆ بدۆزینەوە (شارەزایی و تاکتیکی) ئەو جۆرە یاسایە فێربووە، بەڵام چۆلەکە خۆرسک ئەم بەهرەی لە سروشتەوە پی بڕاوە، شاعیر لەو وێکچواندنەدا، داهێنانێکی مۆدێرنیزم ئامێزی داهێناوە کە دەرکی بۆ شارەزایی یاسای فڕینی چۆلەکە – یان چۆلەکە و یاسای فڕینی – بردووە!

لە وێنەیەکی تردا شاعیر دەڵێ:

**ماسی هەمیشە چاوی کراوەیە**
**چونکە بوونەوەرەکانی**
**ئاسمان و زەوی و ئاو دوژمنیانن.**

لەم کۆپلەیەدا شاعیر بۆ ئەوە چووە بە (خەیاڵ) توانایی

داهێنانی نێو دەقەکە بسەلمێنی هەرچەندە (ماسی) بە – سروشت – چاوی کراوەیە، بەلاّم لێرەدا دەقەکە پێویستی بەو بیرە هەبووە کە داهێنانی لێوە هەڵێنجێ، ئەو بیرەش خەیاڵە و توانایی بە بەهرەی بەخشیوە، بەوەش بەژیربێژی سەلماندوویەتی بەجۆرێک خوێنەر بەرەو ڕامان ببا و وێنەی ئەوەی لادروست بکا جگە لە سروشتی چاوکراوەیی سروشتییانەی ماسی، پێویستە مرۆڤیش چاوکراوە بێ، چونکە ئەویش هەندێک لەم بوونەوەرانەی ئەرزوئاسمان و ئاو دوژمنییانن! لێرەدا شاعیر کاریگەرێتی پێشکێش بە وەرگر دەکات بەهۆی نیگارکێشانی دەقەکە وێنە گشتییەکە لە تابلۆکەدا (ماسی)یە، چاوکراوەیە و تایبەتمەندییەکەشی (ئادەمیزاد)ـە وەرگر، دەبێ ئەو وێنایەی بە پارچە پارچەیی خۆیان بەدەستەوە دەدەن خۆی بۆخۆی خەیاڵی وەرگر لێکیان بدا و (مەرام) ببێتە ئەنجام، با (مرۆڤ)یش چاو کراوەبێ، چونکە دەوروبەری بە کۆمەڵێک فاکتەری ئاشوبئامێز و کوشندە تەنراوە، لێرەدا دەرەنجام لای شاعیر وێنەیە، کە کردوویەتی بە کرۆکی دەقەکە و دەق بە ڕەوانبێژییەکی سەرکەوتووانە نیشانەی پێکاوە!

لەم کۆپلەیەشدا شاعیر دەڵێ:

**سرتەسرت و چرپەچرپی دوو ڕیشۆڵە**
**لەنێو درەختێکی بەفر گرتوو**
**فێرە ئەوینداریان دەکەن.**

شاعیر وێنەی کەژی بەفرانباری لەم تابلۆیەدا کێشاوە، لە وێنەی سەرماوسۆڵەدا لە دەنگی سرتەی دوو باڵندە و دیمەنیان لە جووکە جووکەوە، هەستی خوێنەر بۆ ئەوە دەبا، کە هەست و سۆزی ئەڤینداری لێ بچۆڕێتەوە بەرانبەر یارەکەی خوازەی سرتە سرت و چرپە چرپی کردۆتە هەوێنی ئەڤینی و لەنێوانی هەردوو باڵندە و بەستنەوەکەیدا هارمۆنیانە بەئاکاری مرۆڤ دەگەڵ مرۆڤدا بۆ بینینی ڕۆڵی کاریگەر لە ئاوێتەبوون بە ئەڤین و خۆشویستنی یەکتری لەساتەکانی تەنگانەی ڕەوتە جیاجیاکانی ژیانی تاکەکاندا. کەواتە وەرزێکی بەفرانبار و باڵندەکانی کەسیرە و نهێنییەکانی جووکەجووک بۆ ئەشقی یەکتری و وانەی هێماکردن و دەربڕین بۆ مرۆڤ تا هەستی ئەوینداریان تێدا بفروسمێ* لە بەئاگا هێنانەوەی زەین لە هەست و سۆز و وروژاندنی و هەڵوێستی پێ بەرجەستە بکا!

لەم پۆستەرە شیعرەدا دەڵێ:

**جاجم باندێکی مۆسیقایە**
**هەر ڕەنگێکی ئاوازێ دەژەنێ**
**بەهەموویان هارمۆنیانە**
**تابلۆی تەونێکی نەخشینە پێدەکەنێ**

شاعیر لەم تابلۆیەدا زیرەکانە (جاجم)ی بە هونەری هەست گۆڕکێ نەخشاندووە و ڕەنگی نەخشی ڕەنگاوڕەنگی وەک (کۆ ئاواز) بۆ گواستنەوەی بەرهەست و دیدی خوێنەر هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی بە ئامرازە جۆربەجۆرەکانی مۆسیقاوە بەپێی لۆژیک دەیەوێ بەژنی لاولاوی تامەزرۆ و مەودای جوانی هونەری بۆ بەردیدی خوێنەر و هەست و ناخی هەڵکشێ، کە ئەوەش دەبێتە جوانترین دارشتەی ئیستێتیکی لە کۆمەڵێک ئامێری جیاجیا و تاکەکان هەریەکەی بەجۆرە ئامێرێکی مۆزیک و یەک میلۆدی دەژەنن و خرۆش و نەغمەی جیاجیاش وەک ڕستەی تێکئاڵقاو، واتە چوونە پاڵ یەکتری Counter Pointئاوێتە دەکا بە نەخشە ئامێزی ڕەنگاوڕەنگ، کە ڕەنگی (جاجم) پێی چوێندراوە، بەڵێ وێکڕا ئەم ئاوێتەیە لە ئاستی هونەرێکی بەهرەمەندانە یەک دەگرن و ئاوازە ئاوێتەبووەکان بەگوێ دەبیسترێن و ڕەنگەکانیش بەچاو دەبینرێن.

لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێ:

**ئەم درەختە کۆترێکە**
**گەڵاکانی بۆتەریون؟!**
**باشووکەی پاییزە لێی داوە و**
**پەرەمووچەکانی هەڵوەریون!!**

ئەم تابلۆیەش وێنەیەکی نوێی هونەری لەخۆگرتووە، کە شاعیر (درەختی پاییزی) بە کۆترێک چواندووە و باشووکەشی بە ڕەشەبای پاییز چواندووە، (گەڵاکان)یشی بە (پەرەمووچ)دانراون، لێرەدا شاعیر بەجۆرێک خەزانی گەڵاکانی ئەم درەختەی لە هەرەشەی زریانی باشووکەکە وەک (سۆز)ێک بۆ بەرهەستی خوێنەر دەبەخشێ، تاکو سەرنجی بۆ ئەو گەڵا پەرەمووچە هەڵوەریوانە بەکێش بکا و بیخاتە داوی پڕ ئەفسوونی خۆیەوە و قایلبوونی دەقەکەی پێ مسۆگەر بکا، هەڵبەت (سۆز) وەک بەشێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی دەبن بەبنچینەی (وێنەی هونەری)، دیارە کاریگەری لە پێناسەی ویژدانی دەروونییەوە، کە بەسۆزی وێژەیی لە ئەدەبی کوردیدا دەناسرێ، کە پێوەندی خوێنەر بە ناوەرۆکی دەقەوە بۆ پەیوەست بوون بەلێوردبوونەوە و تامۆچێژ وەرگرتنی کرۆکی مانای ئەو

دەقـەوە گـرێ دەدا! شـاعـیـر لەو نـیگارکـێـشـانەی زۆر سەرکەوتووە و ئەم جۆرە گوزارشت پێکردنەیشی بە زمانی وێنە بەجۆرێکی (زمانی سۆز) گواستۆتەوە، بێ گومان سـۆزیش هەڵقـوڵاوی خـودی ویژدانە، کـە گـوزارشت لە چەمکەکانی جوانی سەرنجڕاکێشان دەکاتەوە و دەردەبڕێ.

لەم تابلۆیەشدا دەڵێ:

**ئەم دار قەیسییە چەند عاشقە**
**ئەوەتانێ پۆلێ بولبولی زەردوسوور و نارنجی**
**بە لق و پۆپی خۆیان هەڵواسیوە.**

لەم تابلۆیەدا شاعیر دەنکی قەیسییەکانی بە ڕەنگی زەردوسـوور و نارنجـیـیـەوە بە بلبلە ڕەنگاوڕەنگەکـان چواندووە، شێوەکارییەکی هونەرییانەی وای بەکارهێناوە کـە چ بلبل وەک باڵندە، چ بەری ئەو درەخـتـە کـە بەروبوومی خۆی بەدرەختەکەیەوە هەڵدەواسی، وێنەیەکی لەو نیگارکـێـشـانەی بۆ بەهای (وێنەی لێکدراوی گەشەسەندوو) دەباتەوە، واتە وێنەکان، ئەگەر سەرنجیان بۆ بدرێ، سیـماکانی هەریەک لەو تاکە ڕەنگاوڕەنگانە یەکیان گرتووە و ئاوێتەیەکی ئۆرگانیـان پێکهێناوە بۆ (ڕێکخستنی وێنەیەکی گشتگیر) هەریەک لەو وێنە تاکـانە - ڕەنگە تاکـانە لە بۆتەیەکی یەکگرتوودا، لێکدراو هاوبەش ڕۆڵی خـۆی وەک یەک یەکە دەبینێ و وێنە شیعرییەکە بەرجەستە دەکا.

شاعیر وەک هونەرمەندێکی شێوەکار بە وردبینییەکی بەخشش ئامێزەوە کە بۆ سەرجەم شتەکان دەڕوانێ و سرووش و ئیلهام لەهەست و ناخیدا گەرا دادەنێن و دوای سەرنج و چێژ وەرگرتن لە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەر پێیەوە بەستراونەتەوە، لەگەڵ ئاوێتەبوونیان بەو ئیلهام و سرووشەوە لە ئانوساتی خۆیدا هێزێک بەو بیر و ڕوانینەوە دەیانخاتە تافە تاف و ئەو بارودۆخەی لە چەخماخە و شریخەی هەورە برووسک و داکردن، ئینجا بەخوڕەمی جۆگەلە و تەوژمی ڕووبار گەرداو و گێژەنگی دەریا لە ڕەحمی گیانی دوو گیانی شاعیردا بەرە ژانی پێ دەگرێ و موچڕک و تەزووی ئەفسووناوی ورووژانێکی سیحراوی سەیروسەمەرە دەسازێنن بۆ بوونێکی نادیار و چاوەڕوان نەکراو، شاعیر توانستی (وێنەی شیعری لە سادەترین مانایدا) بەرانبەر وەسف و لێکچواندن و خوازە یەکێکە لەو هونەرانەی ڕۆڵی باڵای هەیە کە (نواندنی وێنەی لە لێکچواندندایە) ئەمەش دەربڕینێکی نوێیە کە تێیدا پێوەندییەکانی نێوان ڕەگەزەکانی وێنەی ئاوێتەی بەهرە و بیرۆکە نوێیەکە کردووە، چونکە وێنە یەکێکە لە کۆڵەگە هونەرییەکانی شیعر و بەهرە بۆ گوزارشت پێکردنە و لە دەربڕینی وێنە بە هێشووەیەک وشە.

لەدوا کۆپلەشدا (هاوژین صلیوە)دەڵێ:

**ئەم ڕووبارە شەکەت و بەدمەستە**
**هێندەی پێکی مەی باران و**
**شەرابی خەستی قوڕاوی نۆشیوە،**
**لەڕێچکەی خۆیا لایداوە و**
**مل لە چەقۆی بەرد دەسوێت**
**سەر لە تاوێر و زناری کەنار دەدا.**

لەم تابلۆیەدا شاعیر هەوڵی داوە هەندێ چەمکی هەمەڕەنگی سروشتی وەک: هاژەی ڕووباری بەخوڕ و جۆری ڕەوتی ڕووبار و دوانی ڕەهێڵی ئاوی باران، کە بەدیمەن سێلاو و لیتەیان لی دەکەوێتەوە، پاش ئەو بارانەی، کە دەکرێ بگوترێ باران لەباریندا هەندێ جار بەپێی شوێن و بارودۆخی جوگرافیایی پاراوە و لێڵ نییە، چەشنی ڕەنگی ئاوی خۆی دەنوێنێ، لێرەدا شاعیر ڕووباری کردووە بەو کەسەی دوای نۆشکردن، نۆش کردنی ئەو پێکانەی یەک لەسەر یەکی شەرابی باران و تینوتاوی ئەو خوڕەیەی دوای ڕەهێڵ دیمەنی ڕەنگی لیتە و قوڕاو دەنوێنێ و سەرەو خوار دەڕوا و لەو سەرەڕۆییەشدا کەنار بەشێکی لەو هوروژم و شەپۆلە نەرم و بەتینوتاوانەی بەردەکەوێ. ئەم تابلۆیە نیگاری ڕەنگین و بەرجەستە دەبێ، شاعیر باران بە مەی، قوڕاوی دوای ئەو باران بارینەی بە شەراب و ڕووبار مەستە و بەمرۆڤ چوێنراوە - بە شێوازی بەکەس کردن وێنەکە دروست بووە، لە بەدمەستی خۆی و سەری لەتاوێر و زنارەکانی کەنار دەدا، شاعیر دوای بەکەس کردنی ڕووبار، بە بنەماکانی لێکچواندنی لە جۆری بیرۆکە و بۆ هاتن و داڕشتندا، تایبەتمەندییەکی بۆ ڕەخساندنی وێنە بۆ خوێنەر پێشکەشی کردووە، بەڵام لە تێڕوانینی وەرگرتنی چەشەی ئەدەبی لای هەندێ لە خوێنەران دڵنیام هەریەک بەپێی چەشەی تایبەتی خۆی ئەم تابلۆیە، یان وەردەگرێ، یان بەگوێرەی توانایی داڕشتنەکە بۆ ئەو وێنە گرتنە ڕای خۆی بۆ چەشەی ئەدەبی خۆی بەجێ دێڵێ.

*** فروسمان : ئاوێتەبوونی خەست !**

*** ئەم چەند پۆستەرە شیعرە لە ژمارە (١٧٤)ی گۆڤاری ڕامان-دا بڵاوکراونەتەوە.**

# وێنەیێن شعری د هەلبەستا بێدەنگییا هەوارییان دا


**عەبدولڕەحمان بامەڕنی**
**(دهۆک)**


کەنگی مرۆڤ هەست ب جوانی و تام و چێژا شعرێ دکەت، دەما مرۆڤ خواندەڤایێ وێ بیت. شاعرێ راستەقینە ژی ئەوە یێ بشێت پترییا خواندەڤای ل دۆرێن خوە خرڤە بکەت. نڤیسینا هەر دەقەکێ شعری ژی بخوە دیێ وی کەسی و پاشخانەییا وی شاعری ڤە گرێدایە، ئەوێ دەقێ خوە یێ شعری دئافرینیت و سنعەتکاریێ د دروستکرنا ئاڤاهیێ وێ شعرێ دا دکەت. شعرا نوکە و نوی ژی، زێدەتر پویتەی ددەتە ئاڤاکرنا زمانی و بکارئینانا وی زمانێ نڤیسینێ د وی دەقی دا و بەرچاڤکرنا وان وێنەیان، ئەوێن دەقێ خوە یێ شعری پێ گەهاندییە بەریەک و وەکو شاشەیەکێ دئێختە سەر بەرپەڕێن کاغەزێ و د وان وێنەیان دا خواندەڤان ل ڕامانا پەیڤان دگەڕیت و ئەو وێنەیێن ژ لایێ خوە دیێ تێکستێ ڤە هاتینە ئافراندن و فلاش باککرن. ئەگەر شعر د گەلەک قۆناغان دا بۆری بیت و ل دەمەکی موزیکا شعرێ بۆ گوهێن خەلکی یا خوش بیت یان د قوناغەکێ دا زمانێ شعری هاتبێتە سەر پشککرن، یان د قۆناغەکا دی دا بابەت و ناڤەرۆکا وێ سەرنجا خواندەڤای ڕاکێشا بیت، ئەز باوەڕ دکەم د سەر دەمێ نوکە یێ پیشەسازی و تەکنەلۆژیایێدا، وێنەی سەر ژ هەر تشتەکی ستاندییە!.

ئەگەر ئەڤ پێشەکیە دەستپێکەک بیت بۆ دیارکرنا سەنگا وێنەی د شعرا نوی دا، دێ هەولدەین دڤێ نڤیسینا خوە دا، شعرەکا هوزانڤان (محەمەد عەلی یاسین) ل بن ناڤێ (بێدەنگییا هەوارییان) هەلبژێرین و کا چاوان وی مامەلە دگەل وێنەیێ شعری کریە، وێنە چەند شیایە کارتێکردنێ ل ڕەنگڤەدانا کەسایەتییا ڤی هوزانڤانی بکەت و ژیانا وی و هەست و نەستێن وی بەروڤاژی سەر بەرپەڕان بکەت یان ژی ئەو ج نهێنی و سنعەتکارینە، شاعری ئافراندن تێدا کری و ب وێ

ئافراندنێ و سنعەتکاری، خوە کریە جهێ پویتەدانا مە و هەر کەسێ ل شعرێن وی ڤەگەڕیت بۆ جارا دویێ و سێیێ ژێ تێر نەبیت یان ب سەر تشتەکێ نویتر هەل ببیت:

**ژ مێژەیە ئەز سترانا هەبوونا خوە**
**دگەل ئاوازا چاڤێن تە**
**بۆ گوهێ بای دڤەلورینم**

ئەڤ کوپلەیە ژ شعرا وی یا بناڤێ (بێ دەنگییا هەوارییان)ە. تشتێ ئەز کێشایە هەلبژارتنا ڤی کوپلەیی ژی، هەر ئەو خوشی بوون یێن من ژ ڤی وێنەیی شیعری وەرگرتینس. ئافراندنێن شاعیرانە و هەبوونا جیهانەکا دی و بێدەنگییا پەیڤا و بەرزەبونا دناڤ وێنەی دا، شاعری ئەم کێشاینە دنیایەکا دی یا تێکەل، دنیایەکا تێکەل ب حەز و خواستەکێن وی ڤە! ئەڤ کوپلەیە زێدەتر بۆ وان کەسان خۆش دهێت، ئەڤێن ژ ڕوتینا ڕۆژانە دەرکەڤن و خوشیێ ژ هەر ساتە وەختەکێ تەمەنێ خوە وەبگرن، خوشیێ ژ دەوروبەرێن خوە و سروشتی وەربگرن، پەیامەکە بۆ ئەو کەسێن حەز دکەن دگەل ئاوازێن گوهێن خوە و گڤێنا بای و گرگرا عەڤرا و شریقێنا برویسیا سەمایێ بکەن یان دەما با دناڤ چیقلێن دارگویزان را دبۆریت و ڕەقێنا گیزان ژ عەردی دئینیت یان هەکو سیلاڤکێن بچویک ب کەلەکێن چەمان دا دهێنە خارێ و ئاوازێن نوی ژێ پەیدا دبن! ئەڤ نڤیسینە زێدەتر بۆ وان کەسانە یێن دڤێن ببنە مریدێن ژیانەکا دی و ب ڕەنگەکێ دی ڤی گەردوونی تەماشە بکەن و ل وی تشتی بگەڕن یێن خەلکی نەبینایی و گوهـ لێنەبووین یان دناڤدا نە ژیاین و هەست پێنەکرین. ئەگەر ل ڤی کوپلەیی و هەبوونا هوزانڤانێ خوە بزڤڕین، ئەو چ جیهانە یا کلیلدای و داخستی و ذەوی دڤێت کلیلێن وێ بتنێ د بەریکا وی دا هەبن و هەر گاڤا وی ڤیبیا و حەزا وی لێدا، بۆ مە وێنەیەکی ژێ دەربینیت! ژ دیتنا یەکێ دیار دبیت کو هوزانڤانێ مە ژ مێژە یە هەست ب هەبوونا خوە کری، یا راستتر هەبوونا خوە دبالقبوونا خوە دا ددەتە دیارکرن و ژ ڤێ هەبوونێ ژی، ڤێ بالقبوونێ، دکەتە دەستپێکەک بۆ قۆناغا دویێ ژ ژیانا خوە، شاعرەکێ هەست ب بێ ئومێدیێ کری و ئەو جیهانا خەونێن وی بۆ دچن و هیڤی و حەزێن وی بۆ دبنە مرید، هەمی بۆ گوهێ بای و وژدانا بای دهێنە گۆتن و ڤەگێران و زێمارا بۆ بای ژێ دهێتە دەربازبوونا خوە و گەنج و خورتان بۆ دەزگرێێن خوە کچان بۆ لاوکێن خوە و هەژاران بۆ خودێ و بژالە بووینە. ئەڤە ژی وێ چەندێ دیار دکەت کو هەر کەسێ ئەڤرۆ ب دەنگێ بلند گازی بکەت یان تنێ شاعرێ مە نەبیت، ژ سەرڕەقییا خوە و دلسۆزییا خوە و حەژێکرنا سخوە یا نەهێتە ژ دەستدان، یێ بوویە هەڤالێ بای و زێمارێن خوە بۆ ڤەدلورینیت، تشتێ وی جودا دکەت ژێ دەما ئەو هەوارییان ژ بێدەنگییا خوە دکەتە زێمار و بۆ بای دبێژیت، ئەو چاڤێن یارا خوە دبینت و یێ بێ سیناهی نینە، یان کو ئەو یێ دبێژتە مە، یا من جیهانەک جۆدایە و ئەو جیهانە، من بۆ خو یا ئەفراندی و ب تنێ یا من ڤە گرێدایە. خۆشیا ڤی وێنەی د تەمامەتییا هەلبەستێ دا دیار دبیت کو هۆزانڤان کەسەکێ جۆدایە و یێ شیایی تشتەکی وەکە سیناهیەک بۆ ژیانا خوە بکەتە بیرهاتن و نەڤێت کەسەکێ دی ژ وی زێدەتر هەست ب وێ نهێنییێ بکەت، کو باشترین کەس ژی ڤێ باوەڕیێ بدەتێ، بایە و ئەو چ جار نهێنییا وی ئاشکرا نەکەت، هوزانڤان ب راستگۆیانە دان پێدانێ دکەت، دەما د هەمان شعرا خوە دا دبێژیت:

**ل ڤان دەمان**
**ب تنێ و ب تنێ بیریا تە دکەم**
**لڤان دران**
**ب تنێ و ب تنێ ژ تە حەز دکەم**

یان کو شاعر ژ خوە و وێ بێدەنگیێ زێدەتر تشتەکێ دی نابینیت و نەڤێت هزرێ د چ دا بکەت. (جان لیسکور) دخواندنەکا خوە دا دبێژیت: (هونەرمەند شێوازێ ژیانا خوە نا ئافرینیت، بەلکو د وی شێوازی دا دژیت ئەڤێ پێ ژیانا خوە ئافراندی). ئەگەر زێدەتر ل ڤێ گوتنێ و ل ڤی کوپلەیێ شعری بزڤڕین و سەح بکەین، دێ بینین کوس وێنەی بەرییا هزرێ راکرییە، یان کووێنەی گرێدانەک ڕوحانی هەیە بەری گرێدانا وی بۆ عەقلی و ئەڤ ڕوحانییا ئەز ژێ دبێژم ژی، زێدەتر ئەڤ کەسێن زانستێ ڕوحانی دخوینن هەست پێ دکەن کو خوە ژ دنیایێ ڤالا دکەن و هەمی هەستێن خوە بۆ دنیا دی تەرخان دکەن، ئەگەر زێدەتر ژی مرۆڤ بەحس بکەت، هندەک تشت یێن هەین هێزا وان ژ عەقلی و ئەو تشتێن مرۆڤ دبینیت یا جودایە و مەزنترە. ئەڤ چەندا هە د شعرێ دا تشتەکێ سەرکەتی یە کو هوزانڤان خواندەڤایێ خوە ل گەلەک تشتان دزڤڕینیت، چ ئەو بیرهاتن بن یێن ژیانا مرۆڤی تێدا دەربازبووی یان خواندنا مرۆڤی بیت بۆ هەر بوویەرەکێ، چ ئەو بوویەرا هە هاتبیتە ڕویدان چ ژی

مرۆڤی بچاڤ دیتبیت یان کەتبیتە بەر گوهێن مرۆڤی! ژبەر هندێ ژێ وێنە د شعرا نوی دا یێ زیندی یە و ئەڤە ژێ ئەو نهێنی یە ئەوا مرۆڤ خوەشیێ ژێ وەردگریت، وەکی ڤێ کوپلەیێ:

**ب بێدەنگیا هەوارێن خوە**
**ل تاریترین ڕۆژهەلاتان**
**ل دیدارا سیمایێ تە**
**گەوریا زەمانی د هەژینم**

هوزانڤان لڤێرە بتنێ نا ڕاوەستیت و ب وێنەیەکێ دی و دەربڕینەکا جوداتر ژ ئەوا دگەل (بای) نیشا مە دای، پتر مە دگەل شعرا خوە دبەت، دەما دبێژیت: (تاریترین ڕۆژهەلاتان)، ئەرێ ئەگەر ڕۆژهەلات ژی دتاری بن، پا کەنگی ڕۆناهی هەیە!. درستکرن و ئافراندنا وێنەیەکێ ژ ڤی ڕەنگی، هوزانڤان یێ سۆر ب سۆر دبێژیت، عەشقا من نە وەک یا وە هەمیانە و ئەو پەنجەرەیا هوین تشتان دناڤا شووشەییا وێ را دبینن، پەنجەرەییا من یا جودایە و ژبۆ خاترا دیتنا وێ کەسا ئەو مژویل کری، دێ گەوریا زەمانی هەژینیت یان کو دێ ژیانێ هەمییێ ئێختە د ڕاوەستانێ دا و ناهێلیت ژیانا ئەم هیبووینێ بەردەوامیێ بکەت. یان سکو ئەو یێ دبێژتە مە، کو نە هوین ب تنێ د ڤێ ژیانێ دا هەنە و ئەگەر پەیامەک هەبیتکو ژیان تێدا ل دوماهیەکێ ڕاوەستیت، دڤێت ئەو ژیانە هەست ب هەبوونا من ژی بکەت.

ئەگەر هویرتر ل ڤی کوپلەی ژی بنێرین ژ هەمان شعر، دەما هوزانڤان دبێژیت:

**لڤان دەما**
**نە من سار دبیت**
**نە من گەرم**
**نەدمینم**
**نە ژی دهەڕم**
**لڤان دەمان**
**بتنێ و بتنێ**
**بیریا تە دکەم**
**لتە دگەڕم**

دبیت تا ڕادەیەکی ئەڤ کوپلەیە، بۆ مە نە یێ خەریب بیت و هەر کەسێ خوە ب عاشق بزانیت، ئەڤ دەربڕینە و هزرکرنە لدەڤ هەبن. بەلێ هوزانڤان یێ دگەل مە ب ڕەنگەکێ دی و (چیزا ڤیزیایەکا) دی دهێتە زمان و یێ دبێژیت، ڕاستە ئەز و هوین د یەک قەفەس دا عەشقێ دکەین و دگەل بوویەران و خەم و ئێش و ئازارێن خەریببوونێ و عەشقێ و دویرکەتنان دژین، بەلێ ئەز یێ ئافراندنێ د عەشقا خوە دا دکەم. یێ دبێژتە مە، عەشق خوەگوریکرنە، ژ دەستدانە، لێگەڕیانە و وەفاداریە، وەفادارییا ئەو ژێ هزر دکەت و ذەو بۆ دچیت، وەک یا جیڤانۆکانە کو قارەمانێ چیرۆکێ، ڕێکێن ئاسێ دبڕین، ل چیایێن بلند و نهالێن کویر و ل گەمیا سوار دبوو و دەریا دبڕین، شەڕ دگەل دێوان دکر، بەرسینگا کافرێن حەفت سەر و ئەژدەها و پیرێن سخوەیە، وێنەگرەکێ ب ڕەنگەکێ دی یە، ل وان دیمەنان دگەڕێت، یێن ل پێش وەخت نەهاتینە گرتن و دڤێت ئەو وێنێن دەگمەن بۆ جارا یەکەمین ب چاڤکێ کامیرا وی بهێنە فلاش باککرن، د وێنەیێن شعرا خوە دا ل وان گولان دکەڕیت و پێشکێشی مە دکەت، کو کەسێ بەری هینگی نەدیتبن و بێهنا وان نەزانی بیت و نە هاتبنە قوساندن، ب تنێ جوداهییا وی دگەل قارەمانێ چیرۆک و چیڤانۆکان. یەک دهێتە گۆتن و خوەشی ژێ دهێتە وەرگرتن، یا وی ژی دهێتە خواندن و نە ب تنێ خوەشی ژێ دهێتە وەرگرتن، بەلکو مێشک ل سەر ئاڤا دبیت و مرۆڤ هزرا داهێنانێ و ئافراندنێ د ژیانا خوە دا دکەت و ئەو قولاچکێن تاری لبەر مرۆڤی ڕۆهن دکەت کو مرۆڤ ب هەمی لایەنان ڤە د ژیانێ بگەهیت.

**ژێدەر:**


**١- بێ دەنگییا هەوارییان، شعر محەمەد عەلی یاسین، ژ مالپەرێ وی یێ تایبەت.**

**٢- رولێ (برادۆکس)ێ د پێکهاتنا وێنێ هوزانێدا، حسێن ئوسمان زێوەی، سپیرێز ٢٠٠٨.**

**٣- معروفة الغير، كاربانتيه، ترجمه نسيم نصر، منشورات عويدات، بيروت- باريس، ١٩٨٤.**

**٤- اشكال التخيل، الدكتور صلاح فضل، الشركة المصرية العالمية للنشر، ١٩٩٦.**

# گۆڕانی کۆمەڵگا و گۆڕانی فۆرمە سەرەتاییەکان

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان ئەو پانتا نامۆ و تەماوییانەن کە هەتا لێیان وەسەرنەکەوی و ئاشنای هەموو نزمی و بەرزییەکانیان نەبی، هەتا هزرت لە ئاسمانی بەرینیاندا لە هاتوچۆدا نەبێ، ناتوانی تێیان بگەی و لێیان نزیک ببیەوە. تایبەتمەندی هونەری ڕەسەن ئەوەیە کە هەرکۆمەڵ و گەل و نەوەیەک لە بارەیەوە دەربڕینێکی تایبەتی هەیە و هەرکەس دەتوانێ بەپێی پێش زەمینە فیکری و کۆمەڵایەتی و دەروونی خۆی لێکی بداتەوە، یان لانی کەم لەسەر بناغەی ئەو ڕاستییانەی لە زەینیدایە و پێیان گەیشتووە، ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ڕۆچوون لە قووڵایی و ڕەهەندەکانی واتا و فۆرمی بابەتە هونەرییەکە.

وەها هونەرێک کە هەرکەس بە شێوەیەک بۆی دەچێ و بەجۆرێکی جیاواز لە دیتران تێی دەگا و ڕەنگە ڕەوشتێکی جیاوازیشی بۆ خوێندنەوەی هەبێ، هونەرێکی چەند ڕەهەندییە کە درەنگ خۆ بە دەستەوە دەدا، تەنانەت کاتێکیش خۆی بەدەستەوە دا گومانی ئەوەی لێ دەکرێ کە ئایا دیسان ڕێیەکی تر و فەزایەکی تر بۆ مانۆڕدانی زەینی منی خوێنەر نییە لەسەر ئەو دەقە، جا ئەو دەقە چ شیعر بێ، چ داستان و چ تابلۆیەکی شێوەکاری.

لە دەقە کۆنەکاندا بە گشتی، خوێنەر لەگەڵ فۆرمێکی ساکار و دەم بەبزە دەستەویەخەیە و بەزورترین کات ڕووبەڕووی دەق دەبێتەوە و تێی دەگا و مانای خۆی لێ وەدەست دێنێ و دواتر لە گەڕانەوە بۆ سەر ئەو دەقە، ئۆتۆماتیکانە ڕێگای پێشوو دەگرێتەوە بەر و دەتوانێ ئەو ڕێیە بۆ هەموو ئەو کەسانەش پێشنیار بکا کە دوای ئەو بڕیارە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بە هۆی ئەوەی زەینی

خەڵکی سادەتر و ماناخوازتر بووە، زۆرتر فۆرمی بابەتە هونەری و ئەدەبییەکان ساکارە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو خەڵکە هەیە کە بەردەنگێن و دەیخوڵقێنن، چونکە بەرهەمهێنەری بەرهەمی ئەدەبی و هونەری کە خۆی نموونەیەکە لە دەقی بەربڵاو، بەڵام هاوسانی کۆمەڵەکەی، ناچار ئەو بەرهەمەی بەدی دەهێنێ، ئەو ساکارییە هەم لە فۆرم و هەم لە ناوەڕۆک وەردەگرێ. بۆ وێنە ئەگەر ئەو نەخشونیگارانەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانی کەونارادا هەڵقەندراون وەک دەقگەلێک بناسین کە هێمای هونەری خەڵکی کۆمەڵگای سەرەتایی بوون، ئەوە دەتوانین ساکاری ئەو بەرهەمەش بەراورد بکەین لەگەڵ خەڵکانێک کە لەو سەردەمەدا ژیاون، تەنانەت هێزی مانۆڕی هونەری بەرهەمهێنەری ئەودەقەش، واتە دەقی وێنەی سەر ئەشکەوتەکان لە لاسایی کردنەوەی سروشت و ئاقاری دەوروبەری تێناپەڕێ، هەرچەندە مرۆڤناسێکی وەک «لیڤی شتراوس» لە باسی ئوستوورەناسیدا لەسەر ئەو بڕوایەیە کە زەینی مرۆڤی سەرەتایی بە هیچ شێوەیەک سادە نییە، تەنانەت ئەو لە بەکاربردنی واژەی «مرۆڤی سەرەتایی» سڵ دەکاتەوە و دەیخاتە ناو کەوانەوە.

بەڵام هەرچییەک بێ، ئێمە بە کردنە پێوانەی فۆرم و واتای بەرهەمە فیکرییەکانی بەشەری بەو ئاکامە دەگەین کە بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگا بەرهەمی فیکری و ئەدەبی و هونەری گۆڕانیان بەسەردا دێ. لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، ئەگەر وەک یەکێ لە لقەکانی بیری تازە، سیاسەت دەستنیشان بکەین، دەتوانین تارادەیەک لەو ڕاستییە بگەین. مرۆڤی کورد بە پێی خەسڵەتێکی داسەپاو بەسەریدا کە نەخوێندەواری بووە، بە درێژایی مێژوو لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ زۆر ڕووداو و گۆڕان و...تاددا کورتترین و ساکارترین ڕێی هەڵبژاردووە، چون فێری گەمەی سیاسی سەردەمی خۆی نەبووە، هەر لەبەر ئەو هۆیە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی سەردەمیانە لەو گەمانەدا بەشداربێ و فۆرمی سیاسەت بۆ ئەو فۆرمێکی سادە، لە قەدەر کۆمەڵە نەخوێندەوارەکەی بووە، بەڵام بەرەبەرە کە خوێندەواری لە نێو گەلی کورددا بڵاو دەبێتەوە، دەبینین مرۆڤی کوردیش وێڕای ئاڵۆزبوونی کۆمەڵەکەی، گەمەکان بە باشی فێر دەبێ و ئەوجار گەلاڵەشیان بۆ دادەنێ. ئەو قسەیە لە باری دەقە ئەدەبییەکانیشەوە ڕاستە. دوای شەڕی ساڵەکانی ١٩١٤-١٩١٨ و ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی لە ئەورووپا ڕوویان دا، ئەگەر وا دانێین کە بارودۆخی کۆمەڵ و ڕادەی ئاڵۆزی و ساکاری کۆمەڵ شوێن لەسەر داهێنان و هونەر دانانێ، دەبوو ئەدەب و هونەری ئەورووپا هەر ئەوەبێ کە بەر لە شەڕ هەیانبوو، بەڵام دەبینین بە پێچەوانەوە لە جیهانێکدا کە ئیمان بەشتە ڕەهاکان سست ببوو، تاکە کەس لە بەرانبەر بزاڤەکانی ماشینیزم و جەبری ژیوناسی، گۆڕەپانی کردەوەی ڕۆژبەڕۆژ لێ تەسک دەبۆوە، لە حاڵێکدا هەڵدانی پیشەسازی لە ڕواڵەتدا نیشاندەری پێشکەوتن بوو، بەڵام گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە لایەک و کێشرانی کۆمەڵ بەرەو هەڵدێرانی ئەخلاقی و....تاد لە لایەکی تر، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئیمانی ڕەهای نووسەرانی سەردەمیشی گرتەوە و ئەوانیشی بەرەو ئاڵۆزی کێشا و توندوتیژی و ئاڵۆزی و شێواوی کۆمەڵگای ئەو سەردەم لە ئەدەب و هونەری ئەوێندەرێدا ڕەنگ دەداتەوە و کەسانی وەک «تریستان تزارا» و هاوڕێیانی، ئەدەب بەرەو شێواوی و بێ مانایی و پووچی دەکێشن و قوتابخانەی دادیزم دادەمەزرێنن و لە لایەک بە توندی دژایەتی لەگەڵ پڕۆپاگەندە دەکەن، لە لایەکیش بۆ وەی ئەوەندەی تریش بیرەکەیان لەگەڵ شێواوی کۆمەڵگا و پووچی ژیانی پڕمەرگ و کارەساتی ئەودەم یەک خەن، حاشایان لە پڕوپاگەندە و تەنانەت دادیزم دەکرد و مانیفێستیان بۆ کارەکەیان دەنووسی و ئەوەی بڕوای بە مانیفێست با بەگەوجیان دەزانی. بێ شک وەها دەروونێکی ئاڵۆز و کشان بەرەو ئەو شێوە و فۆرمە لە نووسین جگە لەوەی سەمەرەی ڕاستەوخۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکیش لەو سەردەمەدا پێشوازیشی لێ بکەن، هەرچەند بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ ئەوە دوو شتی بە هەمووان دەسەلماند و دوو بەهرەشی هەبوو، یەکەم ئەوەی هونەر دەتوانێ بە فۆرمێکی گران و سەختەوە، بە فۆرمێکی چاوەڕوان نەکراو و تازەوە ڕووبەڕووی بابەتە تازەکانی کۆمەڵ ببێتەوە و دووەمیش ئەوەی کە لەو ڕووبەڕوو بوونەوەیەدا تەنیا ڕەهەندێک بۆ خوێنەر و بەردەنگ و بەگشتی خەڵکی کۆمەڵ لەبەر چاوناگیرێ، بەڵکو خەڵکیش بەو پلەیە گەیشتوون هونەرێکیان بۆ خەڵق بکرێ چەند ڕەهەندی بێ و هەرکەس بە بۆچوونی

خۆی ناوەرۆکی بەرهەمەکە بخوێنێتەوە و لەگەڵ ڕووداوە دەرەکییەکان تەبای بکا، بەڵام بێ گومان ئەگەر ئەو شێوە نووسینە بۆ مرۆڤی سەرەتایی خەڵقیش کرابا نە تەنیا هیچ سەمەری نەدەبوو، بەڵکو بوون و نەبوونی وەک یەک وابوو، یان ڕەنگە بتوانین ئەوەش بڵێین لە کۆمەڵی سەرەتاییدا وەها هونەرێک هەر ئیمکانی بە وجوود هاتنیشی نییە، چۆن هیچ زەمینەیەکی سازگار بۆ وەدیهاتنی وەها هونەرێک لە کۆمەڵدا بوونی نییە. بۆچی؟ چۆن شێواز و فۆرمی نووسینەکانیش تایبەتی دیاردەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی زەمانی خۆیانن. لە خۆڕا نییە «ڕۆلێند ئیسترامبێرگ»(١) دەڵێ: «زاراوە گەلێکی وەک ڕیالیزم و ناتۆرالیزم دەبێ وێڕای ناوەرۆکی مێژوویی خۆیان پێناسە بکرێن، ئەو زاراوانە جۆرە نیشانەیەکی تایبەت و کورت کراوەن بۆ دیاردە کولتوورییەکانی زەمانی خۆیان و تەنیا لە ڕێی تاووتو کردنی ئەو دیاردانەوە بۆ تێگەیشتن خۆ بە دەستەوە دەدەن.» واتە نەتەنیا شێوازی بەدیهاتنی فۆرم و شکڵ گرتنی ناوەرۆکی هونەر و ئەدەب شوێن وەردەگرێ لە مەودای زەمانی یەک کە تێیدا ژیاوە و بەدی هاتووە، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لەو هونەرەی کە لە زەمینەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی و زەمانێکی تایبەتی مێژوویی خەڵق کراوە، ناسینی دیاردە کولتوورییەکانی ئەو زەمانە پێویستە. ئەگینا ئەو کارە سەر ناگرێ.

بۆ ئەوەی بزانین زەینی سەرەتایی مرۆڤ هەر بەرادەی هونەرەکەی سادە بووە، یان بە پێچەوانەوە هونەر و ئەدەب و داهێنانەکەی لە قەدەر زەینی ساکاری خۆی بووە؟ دەتوانین بەدەستنیشان کردنی بەرهەمەکانی ئەوە بسەلمێنین. هونەری کۆمەڵە سەرەتاییەکان لە کۆپی دەقاودەقی سروشتەوە و لە کلاسیزمەوە دەست پێدەکا، چون یەکێ لەو پێناسانەی بۆ کلاسیک کراوە، واتە خاوەن نەزم و لغاوکراو، لادان لەو نەزمە ڕەنگە نەزمی بیر و تێگەیشتنی کۆمەڵگاشی شێواندبا، بەڵام بەرەبەرە ئەو ڕەوتە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و وای لێدێ، ئەگەر هەر لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردەواری زەمانێک لە ڕۆمانێکی ڕیالیزمی وەک «پێشمەرگە»ی ڕەحیمی قازی-دا هەموو شتێکی کۆمەڵی کوردەواری، هەندێ دابونەریت و گرفت و کەشوهەوای کۆمەڵی ئەو سەردەمی کورد باسی دەکرێ، بە زمانێکی ڕاستەوخۆ و یەک جێ دەردەبڕدرێ، ئیتر هەم نووسەر ڕزگاری دەبێ و هەم خوێنەریش ڕێک و ڕاست وەری گرتووە و لەگەڵ ڕاستییەکانی دەرەوەی کۆمەڵ بەراوردی کردووە و تێشی گەیشتووە، بەڵام دوای چەند دەیە و ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا دێ، ئیتر نەک تەنیا هونەر و ئەدەبی ئێمە دەبێ ڕوخساری خۆی بگۆڕێ، بەڵکو ئەو تاک ڕەهەندییەی کە لە نووسراوەکانی پێشووشدا بوو، دەبێ بسڕدرێتەوە و ئەو شێوە دەربڕینە ڕاستەوخۆیەش گۆڕانی بەسەردا بێ، چون کۆمەڵی ئێمە گرفتەکانی ئاڵۆزتربوون، کەشوهەوا سەختتر بووە، نووسەری ئێمە خۆشی هۆشیارتر و ئاگاترە و لەوەها بارودۆخێکدایە کۆمەڵی ئێمە کەسێکی وەک «سوارەی ئیلخانی زادە»ی لێ هەڵدەکەوێ کە بە کشان بەرەو سەمبولیزم، بە گوتەی مالارمێ(٢) هونەرێک هەڵدەبژێرێ کە هونەری بیرهێنانەوەی شتەکانە بەشێوەیەکی بەرە بەرەو وردە وردە، تا ئەو شتانە دەردەکەون، کە ئەوەش لە ڕێی کردنەوەی ڕەمزەکانەوە دەلوێ.» کەواتە ئیتر بارودۆخی کۆمەڵ هەم شوێنی لەسەر فۆرم و ناوەرۆک داناوە و هەم لەسەر خودی بەدیهێنەری دەق. نووسەرێک کە زەمانی خۆی و نیازی داهێنانی زەمانی خۆی نەناسێ، بەرهەمەکەی پشتگوێ دەخرێ، چون نووسەری هاوچەرخ دەبێ وێڕای ناسینی نیازەکانی هونەری کۆمەڵی خۆی و زەمانی خۆی، هەر وەک «ژان ئارێب»ی دادیستی(٣) ئەوروپایی دەڵێ: ڕێی خۆی لە نووسەرانی زەمان نەناس جودا بکاتەوە، ئەگەرچی تۆمەتی ئەوەشی لێ بدەن کە سەرەڕۆیە و پارێزەری نەفامی و هەرزەییە.

**پەراوێز:**

**(١) گرانت دیبیان، رئالیسم، ترجمه حسن افشار، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٧٥.**

**(٢) چد ویک چارلز، سمبولیسم، ترجمه مهدی سحابی، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٧٥.**

**(٣) بیگزبی،سی.وی.ای، داداو سوررئالیسم، ترجمه حسن افشار، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٧٥.**

# پێوەندی نێوان فەلسەفە و ئەدەب

ئایریس مورداک
لە فارسییەوە: موسعەب ئەدهەم*

فەلسەفە خۆی لە خۆیدا یەکێک لە لقەکانی ئەدەبیات نییە، هەروەها چۆنیەتی و گرنگییەکەی لە دەرەوەی بەها ئەدەبی و هونەرییەکان پایەڕێژ دەکرێت، ئەگەر فەیلەسووفێکیش چاک بنووسێت، ئەمە ئیمتیازێکی زیادەیە و کۆششێکی زیاتر بۆ خوێندنەوەی دەهێنێتەبوون، بەڵام نایکاتە فەیلەسووفێکی باشتر.

هەندێک لە فەیلەسووفە گەورەکانی وەک " ئەفلاتوون، ئۆگۆستینۆس قەدیس، شۆپنهاوەر و نیتشە دەتوانین بە ناوونیشانی نووسەرانی گەورە ناویان بەین. هەڵبەتە، فەیلەسووفانی دیکەی گەورەمان هەیە کە نووسەرانی خراپ بوون، وەک " کانت و ئەرستۆ". لێرەدا هەوڵ دەدرێت باس لە پێوەندی نێوان هەندێک لە لایەنە هاوبەشەکانی نێوان فەلسەفە و ئەدەبیات بکرێت.

فەلسەفە، ئامانجی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەیە، بابەتگەلی زۆر دژوار و زۆر هونەری دەخاتە ڕوو و بەدوای شیکارکردنیانەوەیە و نووسینیش دەبێت شوێنکەوتەی ئەم ئامانجە بێت. دەکرێت فەلسەفەی خراپ لە بنەڕەتدا فەلسەفە نەبێت، لە کاتێکدا هونەری خراپ جارێکی تر هەر هونەرە. بە جۆری جیاواز لە گوناهەکانی ئەدەب خۆش دەبین، بەڵام گوناهەکانی فەلسەفە نابەخشین. خەڵکانی زۆر ئەدەبیات دەخوێننەوە، بەڵام فەلسەفە کۆمەڵێکی کەم دەیخوێننەوە. هونەرمەندانی جددی خۆیان ڕەخنەگری خۆیانن و زۆرجار بۆ گوێگرانیان بە ناوونیشانی" کارناس" کار ناکەن، چونکە هونەر چێژ و خۆشییە، بۆ ئەمەش مەبەست و هۆکاری دڵگیری بێ ئەژمار بوونیان هەیە. ئەدەبیات لە ئاستی جۆراوجۆر و جیاواز و شێوەی جۆراوجۆردا سەرنجمان ڕادەکێشێت. پڕ لە شتی سەرسوڕهێنەر و پڕ جادوو و ڕازئامێزی و حیرەت



**شۆپنهاوەر**

زیادکەری گشتییە. ئەدەبیات سەرگەم دەکات و زۆرێک لە کارەکان دەکات، فەلسەفە لە کارێک زیاتر ناکات.

ڕستەکان لە ئەدەبیاتدا پڕن لە دەقی پابەندی و ئاماژە و شتی نادیار، لە کاتێکدا کە لە فەلسەفەدا ڕستەکان لە هەمـوو سەردەم و کـاتێکدا یەک شت دەڵێن، نووسـینی ئەدەبی هونەرە، لایەنی یەکێک لە بەشە هونەرییەکانە. مومکینە دەرنەکەوێت، یان پڕ جیلوە دەربکەوێت، بەڵام ئەگـەر پەیوەست بێت بە ئەدەبیـاتەوە، مـەبەسـتی شیرینکاری تێدایە و زمانی تێدا جۆرێکە بە شێوەی پڕ ئاو و تین و تاو بەکـاردەهێنرێن و بەشـێکە لە خـودی "بەرهەم"، ئیدی بەرهەمی درێژ، یان کورت بێت. کەواتە هیچ شێوازێکی ئەدەبی تاک، یان هیچ جۆرە شێوازێکی ئەدەبی ئامانجدار بوونی نییە، هەرچەندە نووسەری باش هەیە و نووسـەری خـراپ، هەروەها بیرمـەندانی گـەورە هەن، وەکـو " کـیرکـەگـۆر" ی فـەیلەسـووفی دانیـمـارکی و"نیـتـشـە" کـە بێ گـومـان نووسـەرانی گـەورە بوون، فـەیلەسـووفـانیش جیـاوازن و هەندێکیـان "ئەدەبی" ترن لەوانی دی.

چەشنێک شـێـوازی فـەلسـەفی ئامـانجدار هەیە کـە جۆرێک سادەیی و بێ ئاڵۆزی تێدایە، شێوازێکی ڕاست و ڕێک و وشک و دوور لە خودپەسەندی، فـەیلەسـووف دەبێت هەوڵ بدات بە وردی ئەوەی کـە لە ڕوانینیـدایە، ڕوونی بکاتەوە و لە قـسـەی زۆر و ئارایشـتی بێـهـوودە خۆی بپارێزێت. هەڵبەتە ئەمە لەگەڵ جوانی و وتنی خاڵ و ناچاری هەندێ جـار جیـاوازی نیـیـە، بەڵام کـاتێک فەیلەسوف لە هێڵی یەکەمی سەنگەردایە، باس لەبارەی ئەو کێشەیە کە جێی مـەبەسـتە، بە دەنگێکی سـارد و سـاف و دیاریکراو قسـە دەکـات. لە ڕاسـتـیـدا جۆرێک شتی دڵ و ناخ هەیە کە هاوڕای هەمـوو یاریچییـەکان و ڕازئامـێـزییـەکـانی هونەر، تایبـەتە بە ئەدەبیـاتەوە و نووسـەری ئەدەبیش بە ئەنقـەست فـەزایەک بۆ یاریکردنی خـوێنەر دەهێـڵـێـتـەوە، لە کـاتێکدا فـەیلەسـووف هیچ فەزایەکی بۆ ناهێڵێتەوە.

هەر بەو جۆرەی کە ئاماژەی پێ کـرا، ئامانجی فەلسـەفە ڕۆشنکردنەوە و ئـامـانجی ئەدەبیات زۆربەی ڕازئـامێزی و زیادکردنی سـەرسامییە. ئامـانجی فـەلسـەفە گـەیشتن بە تەواوکـارییـەک لە ڕووی وێنە و فـۆرم لەبەرخـاتری خودی ئەوشـتـە نییـە. ئەدەبیات لەگـەڵ کێشـەی ئاڵۆز لە ڕووی وێنە، یان فۆڕمی هونەری دەست و پەنجە نەرم دەکـات و لە هەوڵی دروستکردنی جۆرێک تەواوکارییە. فەلسـەفە بەبەراود لەگـەڵ ئەدەبیـات بە بۆچوونی بێ شـێـوە و فـۆرم دەگـات. لە فـەلسـەفـەدا مـەبەست ئەوەیە کـە بابەتێکی بەهێز وەربگرین و ڕەهای نەکەین و ئامادەبین لە کاتێکدا لە وێنەڕیزکردن و ڕێگاچارە جیـاواز و جـۆراجـۆرەکـاندا تاقـیـکردنەوە ئەنجـام دەدەین، دەبێت ئەوەی وتـوومـانە جارێکی دیکە دووبارەی بکەینەوە.

لایەنی دیاریکراوی فـەیلەسـووف هەر ئەو توانسـتـە ماندوونەناسانەیە بۆ درێژەدانی بە باسێک لە بابەتێکدا، لە کـاتێکدا ئەوەی کـە زۆرجـار هونەرمـەند هان دەدات، شەوق و حەز و تاسەیەتی بۆ گەڕان بە داوی شتی نوێدا، لە پێناسەی ئەدەبیـاتدا، ئەدەبیات لقێکی هونەرە کـە لە وتە و وشە سوود وەردەگرێت. ئەدەبیات زۆر جۆراوجۆر و هەمەجۆر و فراوانە و فـەلسـەفە زۆر بچووک. فـەلسـەفە کـاریگـەرییـەکی گـەورەی هەبووە، بەڵام کـۆمـەڵێک فـەیلەسـووف کـە ئەو کـاریگـەرییـەیان لەسـەر بەجێـماوە تاڕادەیەک کەم بوون، هۆکارەکەشی ئەوەیە فـەلسـەفە زۆر دژوارە.

ئەدەبیـات بە مـانایەک کـارە، ئەدەبیـات شـتـێکە کـە هەمـوومـان لە خـۆمـانەوە هەنگاو بەرەو ئەو دنیـایە

هەڵدەگرین و لەبەرئەوە مومکینە لە شێوەی یاری و بە تایبەت جۆرە بێ ژمارەکانی یاری خاڵی لە بەرپرسیاریەتی بێتە بەرچاو. جۆرەکانی ئەدەب و شتە ئەدەبییەکان بۆ ئێمە زۆر تایبەتمەندی سروشتیان هەیە و زۆر لێمانەوە نزیکن وەک بوونەوەری گشتگیر. ئەدەبیات تەنیا داستان ناگرێتەوە، بەڵام لە بەشێکی زۆریدا، داستان و داهێنان و پەردە و ڕۆڵی یاریکردن و رووکەشسازی و خەیاڵی پوخت و چیرۆک وتنی تێدا هەیە. کاتێک بۆ ماڵەوە دەگەڕێینەوە " ڕۆژەکەمان پێناسە دەکەین" ڕووداوەکان بە شیرینکاری و لە قاڵبی حیکایەتدا دەگێڕینەوە و شێوەی پێ دەبەخشین. هونەرمەندی ئەدەبین و ئەدەبیات بەکاردەهێنین، هەمیشە بۆ جوانترکردن و شێوەبەخشین بە ئەزموونەکان کە ڕەنگە غەمهێنەر، یان سستکەر و سستهێنەر، یان ناهاوسەنگ و ناسازگار بن، خەریکی بەکارهێنانی زمان دەبین. ئەوەی کە ئەم شێوە بەخشینە تا چ ڕادەیەک لە حەقیقەت هەڵە دەکات، بابەتێکە کە هەر هونەرمەندێک دەبێت لەگەڵیدا ڕووبەڕوو ببێتەوە. یەکێک لە ئەنگێزە قووڵەکان بۆ دروستکردن و هێنانەدی ئەدەبیات، یان هەر جۆرە هونەرێک حەزکردنە لە شکستدانی بێ شێوەیی جیهان و دڵشادبوون لە ڕێگەی وێنە جیاوازەکانەوە لە شتێکەوە، ئەگەر نامومکینە ئامارێکی بێ مانا بێت.

فەلسەفە زۆر پێچەوانەی سروشتە، کارێکی زۆر سەرسوڕهێنەر و ناسروشتییە. هەر مامۆستایەکی فەلسەفە بە دڵنیاییەوە وا هەست دەکات کە فەلسەفە خووەکانمان لە زەمینەی وێنە نیوە هونەری، یان نیمچە چێژی ئێمەدا کە هەمیشە و زۆرجار پشتی پێ دەبەستین، تێک دەدات و بەیەکدادان دروست دەکات. "هیوم" دەڵێت: تەنانەت فەیلەسووفیش کاتێ لە کتێبخانەکەی دێتە دەرەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێش گریمانانەی کە خووی پێوە گرتوون. فەلسەفە هەوڵێکە لە جیهانی ئەندێشەدا بۆ دەرک و دەرهێنانی قووڵترین و گشتیترین وێنەکانمان. ناکرێت بە ئاسانی خەڵکی ڕازی بکەین، تەنانەت بە ڕووکەشێک کە فەلسەفە کاری تێدا دەکات.

ئەدەبیات بۆ ئەوەی ئەدەبیات بێت، دەبێت هەستەکانمان بورووژێنێت، لە کاتێکدا فەیلەسووف وەک زانا، کۆششێکی جێگیر بەکاردەهێنێت تا پشت بەستن بە وروژاندن و جووڵانەکان لە کاری خۆیدا زیاد بکات. دەتوانرێت ناوی ئەدەبیات بە هونەرێکی ڕێکخەر بۆ جووڵاندن و وروژاندنی هەڵچوونەکان دابنێین.

لە چیەتی"ماهیت"ی هەستی هونەر بزواندنی سۆز بوونی هەیە، هونەر سەروکاری لەگەڵ شتە بینراو و بیستراوە جەستەییەکاندا هەیە، ئەگەر هیچ شتێکی هەستی نەبێت، هونەریش نابێت. خودی ئەم واقیعیەتە بە تەنیایی لە چالاکییە " تیورییەکان" جیادەکاتەوە. بەشێکی گەورە لە هونەر و – ڕەنگە بەشێکی زۆر و ڕەنگە هەموو هونەریش بێت – بە مانای لەسەروو ئاسایی گشتی و لەگەڵ حەزی سۆز و جەستەدا پێوەندی هەیە، "ئەمەش مومکینە حوکمێکی میتافیزیکی بێت."

هونەر یارییەکی تەسک و ترسناکە لەگەڵ هێزە ناخودئاگایەکاندا. لە هونەر تەنانەت لە هونەری سادەشدا، لەبەر ئەوە چێژ وەردەگرین کە زۆر بە قووڵ و زۆرجار بە شێوەیەکی نەدۆزراوە ئارامییەکان بەیەکدا دەدات، ئەمەش لەو زنجیرە هۆکارانەیە کە هونەر کاتێک چاکە، بۆ ئێمەش چاکە و کاتێک خراپە، بۆ حاڵیشمان خراپە.

*** سەرنووسەری گۆڤاری (چاوی هەژان).**

**سەرچاوە:**

**(١) کتێبی مردان اندیشە – انتشارات طرح نو.**

**(٢) ئینتەرنێت.**

# چرایەکی ڕووناکبیری لە موکریان کوژایەوە

## «بە بۆنەی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی سوارە ئێلخانی زادەوە»

محەمەد بەهرەوەر
(بۆکان)

سوارە. هەوەڵ مانگی زستانی ١٣٥٤ی هەتاوی (١٩٧٥ز) لە تاران وەبەر ماشێنی یەکێک لە هاوکارانی خۆی کەوت و لە ١٣٥٤/١٠/٢٤ لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا ماڵئاوایی لە دنیای ئەدەب کرد و داخێکی گرانی خستە سەر دڵی بە کوڵی کەس و کار و دۆست و هاوەڵانی. ڕوحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێڕەو بێ.

مەبەستی ئەم وتارە، دەوری تاپۆ و بوومەلێڵە لەسەر پەخشانی کوردی کە سوارە بڵاوی کردوونەوە. کەوابوو پێویستە لە سەرەتاوە بزانین تاپۆ و بوومەلێڵ چ بوو. تاپۆ و بوومەلێڵ سەردێڕی زنجیرە بەرنامەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوو کە لە ساڵانی پەنجا و پەنجاویەکدا سوارە دەستی بە نووسین و بڵاوکردنەوەیان کرد و لە بەشی کوردی ڕادیۆی تاران و لە ماوەیەکی کورتدا توانی بەرنامەیەکی گەڵاڵە کراو و بە بایەخ و پڕ نێوەرۆک و بە کەڵک بەڕێوە بەرێ. لایەنگر و گوێگری بەرچاوی بۆ خۆی پەیدا کرد و سەرکەوتووانە ئامانجەکانی خۆی پێکا.

### لە کوێرا و کەی سوارەم ناسی؟

ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣ز) سوارە بۆ سەردانێکی ئیداری لە تارانەوە ناردرابووە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی مەهاباد، بە ڕۆژ کاروباری ئیداری ڕادەپەڕاند و شەوانە میوانی دۆستەکانی دەبوو. منیش لەو ڕێگایەوە ناسیم. هەرچەندە ئەو لێک کۆبوونەوانە کەم بوون. بەڵام زۆر زوو خۆشەویستی سوارە، لە دڵمدا گوورا، بەداخەوە ئەوە یەکەم چاوپێکەوتن و دوا دیداریش بوو.

### تاپۆ و بوومەلێڵ چۆن بەدەست من گەیشت؟

دوای گەڕانەوەی سوارە بۆ تاران، تاپۆ و بوومەلێڵیان بۆ ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد و کرماشان نارد، من «بەهرەوەر» بەناوی ئەدەبیاتی کوردی لە ڕادیۆ دەمخوێندەوە.

ژمارەی «تاپۆ»کان بەرێکوپێکی بەدەستمان نەدەگەیشت. دوای خوێندنەوەی دوو سێ بەرنامە و ڕەنگدانەوەی لەلای هێندێک کەسایەتی سیاسی و ڕووناکبیر، تێگەیشتم کە ئەو نووسراوانە گەنجینەیەکن و دەبێ بپارێزرێن. بە شوێن ئەوەدا دوای خوێندنەوەیان دانەیەکم لەلای خۆم ڕادەگرت. دەتوانم بڵێم من یەکەم کەس بووم کە هەوڵم دا تاپۆ و بوومەلێڵ. هەم کۆبکرێتەوە و هەم لە گۆڤار و ڕۆژنامە و هەفتەنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە و بکەوێتە دەست خوێنەران. ڕێزیشم هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەش کە زۆریان هەوڵ داوە بۆ کۆکردنەوە و چاپ کردنی بەرهەمەکانی سوارە. زۆر ڕاڤە و لێکدانەوە لەسەر نووسراوەکانی سوارە کراوە و بیروبۆچوونی جیاواز هاتوونە گۆڕێ. هەڵبەت زیاتر



**سوارەی ئیلخانی زادە**

لەسەر شیعرەکانی، بەڵام من بەپێی توانای خۆم گۆشەیەکی بچووکم لە پەخشانەکانی سوارە. شی کردۆتەوە و لە کتێبێکدا بەناوی «شیعر و پەخشانی سوارە ئێلخانی زادە، لێکدانەوە و شی کردنەوەی بەرهەمەکانی سوارە» چاپ کردووە. نێوەڕۆکی کتێبەکە بریتییە لە: پێشەکی، لێکدانەوەی بەشێک لە تاپۆ و بوومەلێڵ، کورتەیەک لە ژیانی سوارە، هەروەها کۆکردنەوە و ئامادەکردنی سی و چوار وتار کە لەسەر بەرهەمەکانی ئەو نووسراون.

هەروەک دەزانن. سوارە تەنیا شاعیر نەبوو، بەڵکو لە نووسینی پەخشانیشدا لێوەشاوە و شارەزا بوو بە قەڵەمە سیحراوییەکەی بەشێکی بەرچاوی لەو مەیدانەش بڕ داوە و بایەخداربوونی پەخشانی کوردی کە لەلایەن بەرەی مامۆستایان: هەژار، هێمن، قزڵجی و شوکور مستەفاوە.. بە هێندە دەگیرێ و گەشە دەکا، برەوی زیاتر پێ دەدا و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانێکی نوێ لە پەخشان و ئەدەبیاتی کوردیدا، کەوابوو بەبێ لێکدانەوە و شی کردنەوەی ئاستی تاپۆ و بوومەلێڵ، هەڵسەنگاندنی پەخشانی کوردی، هەڵسەنگاندنێکی ناتەواوە.

تاپۆ و بوومەلێڵ دووەمین شوێنەواری پڕ بایەخ و گرینگی سوارەیە کە کاتی خۆی لە ڕادیۆ بڵاودەبۆوە و کۆی پتر لە شەست بەرنامەیە و لەهەریەک لەم بەرنامانەدا، لایەنێکی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری- بە ناحەز و جوانەوە- شی دەکاتەوە و بەرزی و دەوڵەمەندیی بەخشانی کوردی بەشێوەیەکی ڕەوان و جوان سەرنجڕاکێش دەخاتە ڕوو. گرینگی ئەو کارە لەوەدایە کە لەو کاتەدا کتێب و نووسراوەی کوردی زۆر کەم بوون.

کاتێک سوارە، لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دامەزرا تاقمێک لە ڕووناکبیران پێی هەڵبەزینەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ناوەندە لەژێر چاودێری توندی دەوڵەتدا بوو. بۆ کەسایەتی سیاسی، بە تایبەی یەکێکی وەک سوارە، جێگای گومان و پرسیار بوو! سوارە بەپێی ڕابردووی سیاسی، دژی ئەم چەشنە دامودەزگایانە بوو لە زیندانی قزڵ قەڵادا یەکێک بوو لەو بەندییە بوێرانەی کە وەک «قارەمان» و نەبەز ناوبانگی درکرد و قەڵای خۆڕاگری هاوبەندییەکانی پتەوتر کرد و ورەی زیندانییەکانی بردە سەر.

سوارە یەکێک بوو، لەو کەسایەتییە سیاسییانەی، کەسایەتی بە ئەدەبیات دا و ڕابردووی خۆی لەبیر نەبردەوە. هەلومەرجی قۆستەوە و نووسینی بەرنامەی تاپۆ و بوومەلێڵی بەپێی بەرنامە گەڵاڵە کرد و لە بلیندگۆی دوژمن- واتە ڕژێمی پەهلەوی- ئەوپەڕی کەڵکی وەرگرت و شێوازێکی نوێی لە پەخشانی کوردی وەڕێ خست. بیروبڕوای سیاسی خۆی. هەروەک لە نووسراوەکانیدا بەرچاو دەکەوێ. کردە نێوئاخنی بەرنامەکان.

سوارە بۆ سیاسەت و نیشتمانپەروەری لە بیانوو دەگەڕێ و بە هەر جۆرێک و لە هەر جێگایەک بۆی بلوێ. هەستی نیشتمانپەروەری خۆی دەردەبڕێ و دەیکاتە چێژ و تامی بەرنامەکەی و بیرەوەری ڕووداوەکان لە دڵی کۆمەڵدا زیندوو دەکاتەوە. بۆ وێنە لە بەشێکی تاپۆ و بوومەلێڵدا شیعرێکی نیوەچڵی قەدەغەی شاعیرێکی گەلەکەی دەکاتە دەسپێکی بەرنامەکەی و دەنووسێ:

**ڕۆڵە من بیرم لە تۆ زیاترە**

**دەسرازە و لانک بتبێ چاترە**

دیارە ئەمە لەکاتێکدا دەنووسێ کە لە ئێرانی ئەو سەردەمەدا کەم کەس لەخۆیڕا دەدی خۆ لەم بوارە بدا، کەڵ بە موو بەند بوو، بەڵام سوارە هەل و دەرفەت لە کیس نادا لە درێژەی بەرنامەکەیدا باسی: تفەنگ، سەنگەر، برینی گوللە و سەرۆک و شەهید دەکا و بەنیوەچڵی چەند دێڕە شیعری نیشتیمانی دیکە لە بەرنامەکەیدا دەگونجێنێ. سوارە لەم بەرنامە کورتانەی کە لە ڕادیۆ بڵاو

دەبوونەوە، دەرد و زام و مەینەت و ئێشی هاوبەشی کۆمەڵگای سنووری دەستکردی دوژمنی لاسار و داگیرکەری لەقاو دەدا.

لە تاپۆیەکدا سووتانی گوندێکی کوردستانی عیراق بەدەستی خوێنرێژانی بەعسی داگیرکەر دەکاتە تابلۆیەک و سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. هەستی نەتەوایەتی دەبووژێنێتەوە و دەنووسێ «ئەگەر هەستی برایەتی لە هەرێمێک کوژراوە. لە گۆشەیەکی تردا، لە هەرێمێکا کە ئەمرۆ هەزاران خێوەتی لەسەر سینەی میهرەبانی بۆ هەزاران ڕۆڵەی ئاوارە هەڵداوە، برایەتی لە مێژینە گەشە دەکا، برایەتی مێژوویی دەبووژێتەوە» ل١٨٢.

بەم شێوەیە، هەستی هاوڕەگەزی و برایەتی خەڵکی کورد بۆ هاودەردی و یارمەتیدانی گەلی کوردی ئاوارەی ئەم دیو زیندوو ڕادەگرێ. سوارە عاشقە و جوانی پەرست، بەڵام بەپێی نووسراوەکانی زیاتر لە هەموو شتێک عاشقی زێد و نیشتمانی خۆیەتی، ڕاونان و لە بەندیخانە بوونەکەی بەڵگەی زیندوون بۆ ئەم مەبەستە.

سوارە خوڵقێنەرێکی بالادەست و ڕووناکبیرێکی شارەزای زمان و کولتووری کۆمەڵگای کوردەوارییە. ئەم تابلۆیانەی کە لە تاپۆو بوومەلێڵدا خوڵقاندوونی، ڕەنگە لەنێو پەخشانی کوردیدا کەم وێنە بن و قافڵە سالاری ئەم مەیدانەیە بەیەکەوە سەرنج دەدەینە تابلۆی «ئەوین»:

«وادیارە کاتێ گڵی ئادەمیزادیان خۆش ئەکرد، ئاوی ئەوینیان لێ پژاند یا ئادەمیزادیان بە ئاگری ئەوین هەڵگیرساند، ئەوینی ئینسان، تەنیا برووسکەیەکی یەزدانییە کە مرۆ ئەباتە لای سەرتری بارەگای فریشتەی خوداوە، ئەوین هەوێنی هەست و هەناسە و هەبوونی ئینسانە، ئەوین پەرەدارترە لەوە کە تەنیا لە نیگای حەز لێ کارییا، یا لە شۆر و شۆقی بە یەک گەیشتنی پیاوێک و ئافرەتێکا بگونجێ». ل٢١.

سوارە، بۆ بەکارهێنانی وشە و ڕستەی جوان و ڕەسەنی کوردی، پێم وایە یەکێکە لەو مامۆستا کوردی زانانە کە بەدەگمەن جێگای پڕ دەبێتەوە. زاڵ بوونی سوارە بەسەر زمان و فۆلکلۆری کوردیدا، لە نووسراوەکانیدا زۆر زەق و بەرچاون و ڕەوانی نووسراوەکانی بۆ خوێنەر ئاشنان.

قەڵەمی سوارە، هەروەک چۆن ئەوینی پێ ڕازاوەتەوە، هەر بەم شێوە لە باری خەم و پەژارە و دەرد و ئێشیشدا، دەکەوێتە گەڕ و بە نووسینی کورتترین ڕستە، جوانترین پەخشان دەخوڵقێنێ و ئینسان بە خوێندنەوەی ئەم ڕستە کورت و کوردییانە، هێندەی دیکە زاڵ بوونی سوارەی بەسەر زمانی کوردیدا بۆ دەردەکەوێ و لەکاتی ناڕەحەتی و چەوتیی ڕۆژگاردا. بەوەبیرهێنانەوە و خوێندنەوەی ئەم نووسراوە بە پێز و خۆماڵییانە شان وەبەر کەندوکۆسپی ژیان دەدا و بە شوێن ڕێگا چارەدا دەگەڕێ «بەڵام دەرکی ئادەمیزاد شێوەی کەوڵێکی بچووکی هەیە و هەزار دەریا خەم ئەبا.. ئەگەر ئادەمیزاد جادووی لەبیر چوونەوەی نەبوایە، چۆن دەیتوانی لەژێر باری خەما خۆی ڕابگری؟»ل١١٩.

پێم وایە، سوارە قەڵەمی کردۆتە جادوونووس و ئینسان بە چاو پێکەوتنی ئەم هونەرە بەرزەی هونەرمەند، کە لەم چەند دێڕەدا نواندوویەتی، خەم و پەژارەی ڕابردووی. ئەگەر لەبیریش مابێ، فەرامۆش دەکا و ئافەرین بۆ ئەم قەڵەمە بەهێز و جوانەمەرگە دەنێرێ.

سوارە ڕێز بۆ ئەو ئینسانانە دادەنێ کە لەپێناو سەربەستی گەلەکەیاندا گیانفیدایی دەکەن و دەبنە هۆی شەکاوەیی ئالای نەتەوەکەیان. شانازییان پێوە دەکا و پێی وایە مایەی سەربەرزی گەلن و ناوی پیرۆزی شەهیدیان لەسەر دادەنێ. ئەو کەسەش بە شەهید دەزانێ کە لەپێناو خاک و نیشتیماندا سەریان دانا. شەهید لەناو زۆربەی گەلانی ئەم سەر گردە زەوییە شانازی پێ دەکرێ و هەر کەسە لە ڕوانگەی خۆیرا بۆی دەچێ و پێی هەڵدەڵێ. سوارە، لە دێڕێکدا جوانترین تابلۆ بۆ شەهیدی نەتەوەکەی دەڕازێنێتەوە و دەنووسێ: «لەشی خاوێنی شەهیدێک لە ناو سەنگەرا کەوتبوو و بە خوێنی پاکی بەرگی مەتەرێز نەخشابوو». ڕەنگە تابلۆی وا سەرنجڕاکێش و جوان و پڕنێوەڕۆک بەبیری کەم کەسدا هاتبێ.

سوارە، کوڕە عەشیرەت بوو، بەڵام تێکەڵاویی لەگەڵ خەڵک زۆر بوو، ڕەنگە هەر ئەو نزیکی لەو خەڵکە بووبێتە هۆی ئەوەی کە دەرد و ئێش و ژانی ئەم گەلە چەوساوەیە چاکتر هەست پێ بکا و بە زمانی ئەوان پەخشانی دەوڵەمەندی کۆمەڵگای کوردەواری بڕازێنێتەوە و دەوڵەمەندتری بکا.

سوارە باس لە هەر شتێک دەکا، هەر دەڵێی بەسەر خۆی هاتووە. ڕەنگە ڕەمزی سەرکەوتنی سوارە هەر لەمەدا بێ. لە تاپۆیەکدا خەمی کیژێکی کە دایکی لە پەلامارێکی فڕۆکەی دوژمندا لە خوێنی خۆی گەوزیوە، بەم شێوە دەردەبڕێ: «کە دایکی دوو جار بەرگی سووری کردۆتە بەر، جارێک کە ئەبوو بە بووک و ئەهات بۆ

کۆشکی ڕەنگاوڕەنگی بەخت و ئەوین. ئەو جارەی لە زمان دایکییەوە بیستبووی، بەڵام جاری دووەم خۆی دیبووی کە دایکی جلی سووری کردە بەر و بوو بە بووکی مردن»، ل١٨٠.

تابلۆی لەمە جوانتر بۆ دایک مردن ڕەنگە تاکو ئێستا بە قەڵەمی کەم کەس نەخشابێ و نووسرابێ، بە خوێندنەوەی ئەم نووسراوە بە وەزن سووک و قیمەت گرانە. ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە سوارە، لەلایەک ڕێز دادەنێ بۆ دایک و لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەمان وەبیر دەخاتەوە کە بەرەی ژنیش وەک پیاوان لە مەیدانی شەڕدا و لەسەر خاکی نیشتمان خوێنیان دەڕژێ و دوژمنی پێ سەرشۆڕ دەکەن. هەروەها مەیدانی خەبات بە هاوبەشی کردنی ئافرەتان بەربلاوتر دەکا و هەستی هاوبەشی و شۆڕشگێڕی لەنێو ژناندا گەشە پێدەدا.

سوارە، ڕووناکبیرێکی شارەزایە لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆ و دەرەوە و لە هەمان کاتیشدا لە بارەی ژیانەوە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل دەکا و لە ئەنجامدا دەنووسێ: «تۆ ئەزانی تەنیا یەک جار بەزین، تەنیا یەک جار ترسان، کۆتیک ئەخاتە گەردنت کە هەرگیز لە دەستی ڕزگار نابی. بیر ئەکەیەوە سێ ڕێگا هەیە:

یەکەم سەرکەوتن و پڕ بە هەموو دەشت و دۆڵی چیا سەربەرزەکانت نەڕاندن... ئەی خۆبەختکارانی پێشوو، من سەرکەوتووم، من ڕۆڵەی حەڵاڵی ئێوە بووم، داری خێر و خۆشی بەری هێنا، دادگەری سەرکەوت.

**دووەم:** کوژڵنەدان و مردن، کە خۆی چەشنێکی ترە لە سەرکەوتن.

**سێیەم:** بەزین و سەرشۆڕی، ل٣٤.

سوارە ساڵی ١٩٧٥ (١٣٥٤) واتە ساڵی نسکۆی کوردستانی باشوور، لەلایەک دەرد و مەینەتی کورد بەیان دەکا و لەلایەکی تریشەوە دڕندەیی داگیرکەران دەرحەق بەم گەلە بەش خوراوە لە قاو دەدا و بە پەخشانێکی تەواو سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەرکی نیشتمانپەروەری و ڕووناکبیریی خۆی لە کەشوهەوایەکی نەگونجاودا بە جوانترین شێوە گەڵاڵە دەکا، سنوور بۆ گەلی کورد دانانێ، ئەم لێ قەوماوی و ئاوارە بوونەش. بە زیندوویی گەلی کورد دەزانێ و لە تاپۆیەکدا لەژێر سەردێڕی بژی! بژی! دەنووسێ: خێوەتی سباتی مانگەشەو بەسەر دەشتی بێ دەنگا هەڵدراوە، هەزاران خێوەتی شینکی بچووک لەم پەڕی دەشتەوە تا ئەو پەڕ ئەتگوت مۆڵی وشتری ماندوون و بۆ پشوو دان یخ دراون. لەژێر هەر خێوەتێکا

چەند ئادەمیزاد ئەژین و لە دڵی هەر کامیاندا پەنگاوی بیرەوەرییەک شەپۆل ئەدا. شەپۆلی ڕق، تۆڵە، لێرە هیچ سنوورێک بۆ جیاوازی نەماوەتەوە. تەنانەت گەڕەک و کۆڵان و ماڵ، دەردی هاوبەش هەموویانی کردووە بە یەک گیان، تەنانەت بە یەک لەش، ل١٧٠.

سوارە، ئاوارەبوونی گەلی کورد بە دەسکەوتێکی ژیاری دەزانێ، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە درێژە بە بەخشانەکەی دەدا و دەنووسێ: «خوای گەورە هۆزێکی لەمێژینە و خانەدان، هەموو پیاوی مەردی مەیدان، هەموو ژنی پاکداوێن، سەرچاوەی ئەوین و ژیان، هەموو هەستیار و دەروون جوان، لێبڕاوە، لە ماڵ و زەوی تاراوە، دەکرێ بگوترێ بێچارە، یان ناوی بنێین ئاوارە» ل١٨٢.

شەڕ دیاردەیەکی ناخۆش و ماڵوێرانکەرە، بەڵام ئەوە داگیرکەرە کە شەڕ بەسەر گەلانی چەوساوە بە تایبەت بەسەر گەلی کوردی نەبەزدا دەسەپێنن، چونکە بە بیانووی شەڕ ئەوپەڕی بێ بەزەییان دەرحەق بە ماڵ و منداڵی خۆبەختکارانی ڕێگای ئازادی ئەنجام دەدا و دەستیان لە هیچ چەشنە تاوانێک نەدەگێڕاوە. بۆ ئەوەی ورەی ڕووناکبیران و خەباتکاران کز کەن، بەڵام ورەی پۆڵایینی ڕێڕەوانی ڕێگای ئازادی سەرچاوەی پشتیوانی لەبن نەهاتووی گەلی کورد نەخشە و پیلانی دوژمنی لە هەموو کاتێکدا کردۆتە بڵقی سەر ئاو و باسکی بەهێزی ڕۆڵەکانی بەهێزتر کردووە.

سوارە، ئەنجامی بەرنامەکەی بە دژی شەڕ لە چەند دێڕێکدا لە زمان دایکێکی کورد بەم چەشنە ڕادەگەیەنێ: «دەنگی لایەلایەی دایک دێتە بەر گوێم و ئەڕۆم بۆ گەشتێک لە جیهانی جوانی شیعر و مۆسیقادا، شەپۆلی نەرمی دەنگی بەسۆز ئەمبا و ئەمگەیەنێتە جێگایەک کە ئیتر شەڕ نەبێ! کۆلارەی فڕۆکە گەرووی کەوباڕی چیا و کەڵەشیری بەیانی ئاوایی نەبەستێ» .ل١٨٢.

سوارە، دەوری هونەرمەند لەنێو کۆمەڵ دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، زۆر شارەزایانە بۆچوونی خۆی بەرانبەر بەم چینە دەردەبڕێ و بەپەخشانێکی ڕەوان و جوان شی دەکاتەوە، بە لیزگەی وشە جوانەکانی، پەخشانی کوردی دەڕازێنێتەوە و لەتاپۆیەکدا سەرنجی خوێنەرانی بەرنامەکەی بۆ پەخشانی دەوڵەمەندی کۆمەڵ ڕادەکێشێ: «باسی هونەریش هەر یەک باسە، هەر باسی جوانی و شکۆیە، بەڵام هەر کەس بە چەشنێ بەتانوپۆی هونەردا ئەچێ و لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە ئەڕوانێتە سەر

جیهـانی بژوێن و هەمیشە بەهاری هونەر. ئەڵێی هونەر کـۆشکیکی بەرزە بە هەزار پەنجـەرەوە کـە هەر کـام لەو پەنجەرانە بەرەو جیهانێکی جیاواز ئەکرێتەوە. جیهـانێک بە جـەنگەڵێکی کـاتی پاییـزەوە کـە گـەڵاڕێزان ڕووی تێکردووە و بە لوورەی هەر کزەبایەک گەڵایەک بە سەمای مەرگەوە بەرەو زەوی شۆڕ ئەبێتەوە». ل٨١.

مـەرگ بۆ هەمـوو بوونەوەرێک تەنانەت گـیـاوگـژیش ناخـۆشـە، بەڵام سـوارە، بە کـەڵک وەرگـرتن لە وشـەی «سـەمـا» کـە تایبـەتی کـاتی خۆشحـاڵی و زەمـاوەندە. وەرینی گـەڵای وەرزی پاییزی کە بەرەو نەمـان دەکـەوێتە سـەر زەوی، لەبیـر دەباتەوە و بە وشـەی سـەمـای بەر لە مـردن، مـەرگ لەبیـر ئینسـان دەباتەوە، سـوارە، شـاعـیـر لەگەڵ خەڵکی ئاسایی دەخاتە بەر نیگایەکی تیژبینانە و دەنووسێ: «شاعیر لەگەڵ خەڵکی ئاسایی تەنیا جیاوازی لەوەدا نییە کە جادووگەری بە دەسەڵاتی هەرێمی وتارەوە ئەتوانێ بە تـەڕدەسـتـی و پسـپـۆڕی گـەوهـەری وشـە بهۆنێتەوە، بەڵکو گەورەترین جیاوازی ئەمەیە کە شاعیر بە هەسـتـی تیـژ و چاوی وردبینەوە زووتر هەست بە مەبەستی ژیان ئەکا و ئەزانێ کام کۆسپ و قۆرت و گرێ دێتـە ڕێگا، شـاعـیـر نابێتـە شـاعـیـر تا لەپێش هەمـوو شـتـێکا نەبێتـە کـۆمـەڵناس، نەبێتـە نوێنگەی ئاواتی سبـەینێی کـۆمـەڵ و مـەکـۆی زانیـاری دوێنێی کـۆمـەڵ»، ل٨٣.

سوارە، لەم چەند ڕستە کورتەدا دنیایەک تێبینی بەنرخ و گرینگ، وەک کـۆمـەڵناسـێکی شارەزا و خـاوەن بڕوا دەخاتە ڕوو، ئەرکی شاعیر زۆر بە گرینگ دەزانێ و لای وایە، شـاعـیـر دەبێ خـاوەنی ئەو تایبـەتمەندییـانە بێ کـە ئاماژەی پێکردن، سەرەنجام ئەم ڕستە جوان و بەنرخەش پێـشـکێش بە بـارەگـای هونەر دەکـا: «هونەرمـەنـد ئەندازیاری کۆشکی ئاواتی بەیانی گەلە». ل٨١.

مـەسـەلەی چینایەتی، قـسـەوباسـێکی دووروودرێژی لەسـەرە و ئێـسـتـاش نەبڕاوەتەوە و بنەبڕ نەبـووە و ڕەنگە بەم زووانەش کۆتایی نەیە و تۆوبڕ نەبێ.

سـوارە کـە باسی چینایەتی دەکـا، ئینسـان پێی وایە کـوڕە ڕەعـێـتـە و زوڵم و زۆری دەورانی دەرەبەگـایەتی بە چاوی خـۆی دیوە و بە لەش هەسـتـی پێ کـردووە. بۆ دەربڕینی ئەم هەسـتـە چیـرۆکـێکی کـورتی کـوردی بە کوردییەکی پەتی و خۆماڵییانە. کە دەردە دڵی دایکێکی دێهـاتـیـیـە بۆ کـوڕەکـەی. بە زمـانێکی سـاکـار، بەڵام پڕ نێـوەرۆک و دڵـتـەزێن دەکـاتـە دیاری بۆ گـوێگرانی بەرنامـەکـەی و تەکـینەوەی خـۆی لە خـووخـدەی دەرەبەگایەتی پێشان دەدا. دایکی کوڕە. پوورە پیرۆزە و تاپۆکە ناوی «چاوەڕوانی»یە. بە یەکـەوە سـەرنج دەدەینە بەشێک لە چیرۆکەکە.

«بەڵێ مـیـرزا. ئاغـا کـردیە سـەرمـان کە بچێ بۆ دێی ئەوبەری ئەو کـێـوە و لەوێ هێـلـکە و مـریشک بکڕێ بۆ مـیـوانەکـانی ئاغـا، نەخـۆش بوو. لەشی وەک برێشکەی سـەرسێڵ لە چەقوچۆدا بـوو. ددانی نەدەگـرت، پێش ئەوە گـزیری ئاغـا بێـتـە سـەرمـان بە چەند لێـفـەی گـەرم دامـپۆشـیـبـوو، تەندوورەکـەشم بۆ نیـڵ دابوو. نازانی ئەو ڕۆژە چ تۆف و سەرمایەک بوو، تفت هەڵاویشتبا لە حەوا دەبیـەست، گزیری ئاغـا هات و گـوتی، ئەبێ زوو بڕوا و زوو بگەڕێتـەوە، من گـوتم، نەخـۆشـە و چەق و چۆبەتی، ناتوانێ بچێ. گزیری ئاغا گوتی، چارە نییە، فـەرمانی ئاغایە، میوانی هەیە، من لەبەری پاڕامەوە، داوێنم بادا، بەسەر دەست و پێیدا کەوتم، وەری نەگرت، بەم حاڵەوە هەستـا ڕۆیشت، لالاییم گاتێ، پووزەوانەکانی دڕابوون، کاڵەی شڕی لەپێدا بـوو، کاتێ گەیشتە سـەر ئەم پردەی بەرماڵی خۆمان ئیتر لەبەرچاوم گوم بوو.

کـرێوە بە بـاوە ئەیهـێنا و ئەبوو بە دیوارێکی سـپی و بەرچاوی ڕێیـوارێ ئەگـرت، ئەو ڕۆژە دە زسـتـانی بەسەراهاتووە و من چاوم لەم ئاسۆیەیە کەی ئەگەڕێتەوە. دڵنیـام ئەگـەڕێتەوە، ئەو منی خۆش ئەوێ، دایکی پیر و لێقەوماوی خۆی خۆش ئەوێ، پوورە پیرۆزە بێدەنگ بوو و من گریانم پێ بچووک بوو»ل٩٧.

دوایین دێڕی سـوارە لە بەرانبـەر ئەم دایکە بێ ئەنوا و دڵ بریندارەدا ئەمە بوو: «بڵێی لەم کۆشکانەش، ڕۆژێک خۆرەتاو نەتۆرێ؟»ل٩٧.

بەپێی ئەم نووسـراوەیە، سـوارە سـەرەڕای سـوننەت شکێنی، دژی چینایەتی بووە و دەتوانین بێژین، هاندەر و ڕێنوێنێکی چاک بووە لەم بوارەدا و ئەرکی ڕووناکبیـریی خۆی بە جوانترین شێوە بەیان کردووە.

تەنز دیاردەیەکی شارستانییە و نووسەرانی بەناوبانگی وەک: «چیـخـۆف، ئاناتۆل فـرانس، ئارت بوخـواڵدو و عەزیز نەسین، لەم مەیدانەدا قەڵەمیان کەوتۆتە گەڕ و بە نووسین تەنزی سیاسی و کـۆمـەڵایەتی زوڵم و زۆرداری زاڵمان و ملهوڕانیان لە قاو داوە. زۆر مـەبەست لە دڵی کـۆمـەڵدا هەیە کـە بە ئاشکرا ناگـونجێ دەربـبـڕێ، بەڵام بەداخـەوە تەنز لەنێـو کـۆمـەڵگای کـوردەواریدا چاک نەکەوتۆتە گەڕ و کەم کـەس ئاوڕی وێداوەتەوە، سوارە لە

بەرنامەیەکی تاپۆ و بوومەلێڵدا، بە کورتی ئاماژە بە تەنز و چەشنەکانی دەکا: «تەنزنووسیی بە چەشنە نووسینێک ئەگوترێ کە لەودا مەبەستی کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەکی گاڵتەچییانە دەرئەخرێ، لە ڕاستییا نووسینی جددی و ئاسایی لەگەڵ شێوەی تەنزا هەریەک باری کۆمەڵایەتیان هەیە، بەڵام لە شێوەی تەنزا لە قەشمەری و گەپ و گاڵتە کەڵک وەردەگیرێ بۆ ئەوەی لە تاڵایی دەربڕینی ڕاستەقینە کەم کاتەوە، تەنز چەشن و جۆری زۆرە و دەتوانین تەنزی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوبەرین.»ل١١١.

«تەنزنووس لە هەموو شتێک بۆ نواندنی مەبەستی خۆی کەڵک وەردەگرێ. لە زمانی پەلەوەرەوە، لە زمانی پێرسۆنێل و قارەمانی ئەوتۆوە کە لەنێو ئوستوورە و ئەفسانەکانا هەن قسەئەکا» ل١١٢.

سوارە هەروەک لە زانستەکانی دیکەدا شارەزا و خاوەن بیر و ڕایە، لای وایە تەنزیش زانستێکە و گەشەپێدانی بە کۆمەڵگای کورد پێویستە و تەنزێکی کوردی دەکاتە نێوەرۆکی یەکێک لە تاپۆکانی و دەنووسێ: «لە گورگی برسییەوە پێشکەش بۆ بەرانی دابەستەی بەڕێز».

پێش هەموو شت لە خودای مەزن دەپاڕێمەوە کە ژیانی درێژت بکاتە نسیب، بێ گومان لەم مانگە موبارەکەدا زمانم بەڕۆژووە و لە گوناح ئەوەندە دوورم کە باپیرە گەورەم لە ڕشتنی خوێنی کوڕی یەعقووب دوور بوو..

ببوورە کە سەرەتای نامەکەم باش دەست پێ نەکرد. بەڕاست کاک بەران چۆنی؟ چاکی شوکور؟ پێم بڵێ بزانم خەوت چۆنە؟ دوێ شەو باش خەوتی، یام گۆڵەبۆری خوێن تاڵی ئێسک گران هەر بە دەوری گەلەخانەکەتاندا هەڵسووڕا و حەپەی هات. ئەم خۆ شیرین کردن و کلکەسووتەی سەگیشم بەلاوە زۆر شوورەییە کە بۆ پاروونانێک ئەیکا. جا ئەگەر ئێمە بەیەکەوە باش بواین، ئادەمیزاد چۆن ئەیتوانی ئەم چەرمەسەرییەمان بەسەر بێنێ؟! ل١١٣.

سوارە لە زۆربەی تاپۆکاندا، باسێکی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و دەرد و مەینەتی کۆمەڵگای کوردەواری، ڕاستەوخۆ، یان لەسەر بنەمای ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی دەکاتە بەرنامەیەکی سەربەخۆ و سەرنجڕاکێش. ئەوەندە بەتاموچێژ ڕووداوەکە دەخولقێنێ، ئینسان پێی وایە بەسەرخۆی هاتووە، لە هەمان کاتیشدا چارەسەری گرفتەکان دیاری دەکات.

«ئەسکەندەر شاخی هەیە» چیرۆکێکی سەربەخۆیە و لەودا باسی پیاوێکی تەمەن سی ساڵەی ڕێکوپێک و مات و مەلوول و خەمبار دەکا. لە سەرەتاوە ڕواڵەتی پیاوەکە دەگێڕێتەوە، لە پاشان لە زمان کابراوە کە باسی خەم دەکا، دەنووسێ: کوتم خەم ئەکەی، لات وانییە ئەگەر بیدرکێنی خەمەکەت لەسەر سووک بێ.»

گوتی: «نەزیلەی ئەسکەندەر و شاخێتی.» گوتم: «نەمبیستووە». گوتی: «ئەڵێن ئەسکەندەر شاخی هەبوو، هەر سەرتاشێک سەری ئەتاشێ بەم ڕازەی دەزانێ، بەڵام هەموویان بە دەستووری ئەسکەندەر ئەکوژران تا یەکێک لەو سەرتاشانە کە خزمی سەربڕی ئەسکەندەر بوو بەرەڵڵا کرا. سەرتاش بە نهێنی ئەژیا و نەشیئەتوانی ڕازی ئەسکەندەر بدرکێنێ. تا تووشی نەخۆشی هات. حەکیمان پێیان گوت: ڕازێکت هەیە و لە دڵتا بۆتە گرێ، ئەگەر ڕازەکە دەرخەی، ڕزگار ئەبی. سەرتاش ناچار چۆوە قامیشەڵانێکەوە و لەوێ چەند جار لەژێر لێوەوە گوتی: «ئەسکەندەر شاخی هەیە».

با ئەم دەنگەی کرد بە گەرووی زەل و قامیشەکانا. هەر کات «با» ئەهات یا هەرکات زەلیکی ئەو قامیشەڵانە ئەکرا بە بلوێر و بلوێرژەن فووی پیائەکرد. ئەم دەنگە لە گەرووی قامیشەکان هەڵدەستا: «ئەسکەندەر شاخی هەیە.»ل١١٩.

ئەم نەزیلەیە پڕە لە مەبەست و وشە و ڕستەی جوان. کە هەر کام لەوانە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی تێروتەسەل هەیە، بەڵام زۆر بە کورتی ئاماژە بە مەبەستی نەزیلەکە دەکەم.

لەم نەزیلەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئادەمیزاد ئەگەر نەتوانێ بە ئازادی بیر بکاتەوە تووشی ئەم چەشنە نارەحەتییانە دەبێ و هەزاران گیروگرفت و کەندوکۆسپی تر. هەروەها دواکەوتوویی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، چونکە ئادەمیزاد بە ئازادی لە دایک بووە و دەبێ بە ئازادیش بیر بکاتەوە.

بنەمای هەموو پێشکەوتنێک ئازادییە، ئازادییە هۆی پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی هونەر بە هەموو چەشنەکانییەوە پێکدێنێ.

سوارە، یەکێکە لەو ڕووناکبیرانەی کە بە تەواوی لە شێوەی ژیانی دانیشتووانی ئاوایی ئاگادارە، کۆڕ و کۆبوونەوەکان، گیروگرفتی ڕۆژانە، چۆنیەتی دیوەخانی ئاغا، فەقیری و دەسکورتی و بێ ئەنوایی قەرە. گزیری و زۆر شتی تر بە زمانێکی شیرین و پەتی دەگێڕێتەوە و لە دیوەخانی ئاغاوە دەست پێ دەکا: «شەویان شوورەیی

کردبوو بە قسەی پڕوپووچ، هەندێ کوتبوویان کە بەیانی ڕاوی قەل و مراوی و پۆڕ خۆشە و هەندێک لایەنگری ڕاوی کەروێشک بوون. سەری شەو هەندێ لە ڕەشاییەکان، یان لە سەرمای ماڵەکەیان ڕایانکردبوو، یان لە بۆڵەی خێزانیان لەبەر کڕینی کەلوپەل و لێ نەکردنی زمهەڕی زستان کەوتوویی منداڵەکەیان لە ماڵ تاراندبوونی و ڕوویان کردبووە دیوەخانی ئاغا، یان گزیر دەنگی دابوون بەیانی بەفری سەربانی ئاغا بماڵن و هاتبوون بڵێن وەروەرەیان نییە، یان بپاڕێتەوە کە بەیانی ئەچن بۆ شار و منداڵەکەیان ئەبەن بۆ دەرمانگا»، ل١٥٣.

بە خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە لەلایەک لایەنگری سوارەمان بۆ دەردەکەوێ لە چینی هەژار و لەلایەکیش لە قاودانی زوڵم و زۆری چینی دەرەبەگ کە بە ڕاستی ژیانیان لە کۆمەڵگای کوردەواری کردبووە ژان و کەس نەیدەوێرا لە بەرانبەریاندا بڵێ لەل. بۆ جیاوازی ئەم دوو چینە سەرنج بدەنە دیمەنی زستان و خولقێنەریی سوارە:

«بەڵام پاش ماوەیەک دێ دامرکابوو. دەنگی لوورەی گورگ و وەڕەی سەگ تێکەڵ لوورەی بای ساردی زستان ببوو کە بەفری لەکوڵانەکان ڕائەپێچا و ئەیکرد بە گەردەلوول و چاڵ و قوژبنی تێک ئەکردەوە. سەرما وەک گیانی مردووی سەرگەردان خشکەی ئەکرد بۆکەلێن و قوژبنی نێوماڵەکانی ئاوایی، بەڵام لە دیوەخانی ئاغا کڵپەی سۆبە بە قەڵاشکاری وشک، لەشی پیاوی خاو ئەکردەوە و مزگێنی خەوێکی خۆشی پێوە بوو»، ل١٥٤.

لە شوێنی تردا دەنووسێ: «ئەگەر جووتیار بۆ خۆی بچێنێ و بۆ خۆی بدروێتەوە دەرەبەگ کوا کۆشکی چەند قاتی بەرز ئەبێتەوە؟ ل١٦٠.

سوارە سەنگەر بە ڕەمزی قەڵای هەرمانی گەل دەزانێ و هەر جارەی بەشێوەیەک دەیکاتە نێو ئاخنی تاپۆکانی و جوانترین پەخشانی کوردییان پێ دەڕازێنێتەوە و ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی کوردییان پێ دەوڵەمەندتر دەکا.

هەروەها تۆرەمەی گەلەکەی لە بەرانبەر چەکی ماڵوێرانکەری دوژمندا وەخەبەر دێنێ و بەگژ جەللادەکەیدا دەباتەوە.

مەبەستی لەم کارە، لەلایەک ورە و هێز وەربانە و لەلایەکیش دڕندەیی دوژمنی بۆ شی دەکاتەوە. لە تاپۆیەکدا بەناوی شەرگە دەنووسێ: «سی ڕۆژە لە سووری ئیسرافیلی شەڕ لێ دراوە. ئەمرۆ ئاگر لە هەموو ڕۆژێک بە تینتر بوو. وەک بڵێسەیەک کە بەربێتە پووش و پەڵاش ئەیتەنێتەوە و ئەهاتە پێشەوە. ئەتکوت ماری سوجەی سوورە و گەرمای هاوین ورووژاندوویەتی، لوورەی مەرگ بێ وچان ئەهات. گەرووی تینووی تۆپ و ڕەشاش خوێنی گەشی لاوەکانی قوم قوم ئەخواردەوە، بەڵام سوکنایی نەدەهات. لەو سەنگەرەدا کە منی تێدا بووم و دوو لەشی بێ گیان درێژ ببوون. یەکیان دەستی گرتبوو بە زامی سەر سینەیەوە و بە دەرد و ئێشەوە گیانی دەرچوو بوو. ئەوی تریان کە تازە مووی ڕیش و سمێڵی بۆر کردبوو، بە دەم بزەیەکەوە هەناسەی دوایی هەڵکێشا بوو.» ل١٨٥.

هەموو کەس پێی وایە کە دوو لایەنی شەڕ، زۆر لێک دوورن و هیچ هاوبەشێکیان لەنێواندا نییە، بەڵام سوارە لەم تەشبیهە جوانەدا دژی ئەم بۆچوونە بەشێوەیەکی عالمانە بەیان دەکا: «مردن وەک دەوارێکی زل، سپای ئێمە و ئەوانی داپۆشی. مردن تەنیا شتێک بوو کە لەنێوانمانا جیاوازی نەبوو. هەردوولاشمان لێی ئەترساین و هەردووک لاشمان بۆی ئەچووین. لە پڕ بیرم کردەوە ئەگەر وەک لەسەر مردن پێک هاتووین و براوامان بۆتە یەک، بۆ ژیان وەها بوایەین. ئێستە ئەم لاوە دوژمنە کە لە سەنگەری منا کوژراوە و ئەم هەواڵەی من کە وردەیەک لێرە و بەر گیانی دەرچوو. زیندوو بوون و ئێستە لە جیاتی شەڕ کوشتار، من باسی تۆم بۆ ئەم لاوە ئەکرد کە ئەکرا دۆست بێ و دوژمن نەبی و ئەویش بێ گومان باسێکی هەبوو کە بۆ منی بگێڕێتەوە و سەبارەت بە دایکی چاوەڕوانی، سەبارەت بەنیگای سڵ و ڕەوەکی چاوێکی کارمامزی.» ل١٨٦.

ئا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە سوارە شەڕی پێ کردەوەیەکی ناحەزە. هەرچەندە داگیرکەران. نەتەوەکانی بەش خوراو بە دەسپێشخەری شەڕ دەزانن، بەڵام ئەوە دوژمنی نەتەوەکانی چەوساوەن کە بۆ مانی خۆیان و شاردنەوەی ڕاستییەکان گێرەشوێنی دەکەن و شەڕ ساز دەکەن.

سوارە، بۆ ئاگاداری کۆمەڵ لە هۆکارەکانی شەڕ، لەگەڵ شەڕکەرێکی پیر دەکەوێتە ئاخاوتن و بەم شێوەیە مەبەستەکە دەخاتە بەر توێژینەوە و دەنووسێ: «هەموو کەس خەریکی دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەیە کە بۆ چ شەڕ دەکا؟! بۆچی ئەکوژرێ؟ بەڵام هیچ کەس دەری ناخا».

شەڕکەرێکی پیر لەبەر خۆیەوە ئەڵێت «شەڕ بۆ ئازادی، مردن بە ژیان! «لە ئەنجاما ئەڵێ: «بەڵام لە شەڕ ناخۆشتر

ئەمەیە کە تەسلیم بوون و سەرشۆڕکردنمان پێ ناخۆش نەبێ». ل١٨٧.

بەڕاستی ئەم هەمووە تەشبیهە جوانانە هەریەکە پەڕاوێکن کە دەکرێ سەدان لاپەڕەیان لەسەر بنووسرێ و جوانی هونەری شاراوەیان بخرێتە بەرچاو.

سوارە، بە ڕاگەیاندنی ئەم مەبەستە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پێویستە شەڕکەری نێو سەنگەریش ئەوە تێ بگا کە شەڕ یانی چی و لەبەرچی بەشەڕدێ. پێشکەوتوویی هەموو گەلێک پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاستی تێگەیشتووی جەماوەرەکەی هەیە.

ئەوەش ئەرکی ڕووناکبیرانە، لێرەدایە کە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕووناکبیر ئەرکێکی قورس و گرینگی لەسەر شانە و تێگەیشتنی بەرەی نەخوێندەوار دەباتە سەر و کۆمەڵگای پێ بەختەوەر دەکا. ڕووناکبیری ئەوتۆ دەبێتە هۆی سەرکەوتوویی و ڕزگاربوونی گەلەکەی و ناوی بۆ هەمیشە زیندووە، پێم وایە سوارە لەم بوارەدا ڕچەی شکاندووە و سەبارەت بە ئەرکی خۆی کەمتەرخەمی نەکردووە و لە هەمان کاتدا خەڵکیش بە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی پشتیوانی و ڕووناکبیر دەزانێ و پێی وایە پێوەندی و یەکگرتنی ئەم دوو توێژە دەبێتە هۆی بەختەوەری ژیانی مرۆڤ.

سوارە ڕووناکبیرێکی دڵ فراوانە و هونەرمەندی کورد و غەیرە کوردی لا بەڕێزە. لە تاپۆیەکدا باسی ئەو هونەرمەندانە دەکا و دەڵێ کێ دەتوانێ بڵێ «بیتهۆڤن» و «باخ و «فێردەوسی» و «عەلی بەردەشانی» و «بووعەلی سینا» و «ئیدیسۆن» مردوون؟! لە پاشان دێتە سەر ژیانی هونەرمەندو پەخشانێکی جوان و هونەرمەندانە بۆ «هونەرمەندان» تەرخان دەکا بە ناوی گۆران و سیحری بەیان: «هونەرمەند دوو ژیانی هەیە، ژیانێک لەوکاتەدا کە زیندووە و وەک خەڵکی تر هەناسە ئەکێشێ، ئەبزوێ و لەناو کۆمەڵا دێت و دەچێت. بە کورتی ژیانێکی کە ژیانی لەشە و ژیانی لەش سنووریکی هەیە و پاش ئەو گەیشتە سنوور ئەبڕێتەوە و بە ڕواڵەت مەرگی بەسەرا دێت، بەڵام لێرەدا هونەرمەند و هەموو ئەو کەسانەی کە بە چەشنێ کاریان کردۆتە سەر کۆمەڵ و شوێنەواری باشیان لەپاش بەجێ ماوە. لە خەڵکی ئاسایی و عادەتی جیا دەبنەوە.

مەرگ تەنیا دەستی تاڵانی ئەگاتە لەشیان و گیانیان لە دەستدرێژی مردن بەرزترە. ژیانی پاش مردنی لەش ژیانێکی هەتاهەتایی و هونەرمەند تا کۆمەڵ هەیە و تا شوێنەواری جوان و باش ڕێزی هەیە ئەژی». ل١٩٥.

هەروەک دەزانن سوارە، بە گەنجی واتە لە تەمەنی ٣٨ ساڵدا ماڵاوایی لە هونەر و ئەدەبیات کرد و مەرگ مەودای نەدا زیاتر لەوە گەنجینەی ئەدەبیات گەشە پێ بدا. بەڕاستی خەسارێکی گەورە وە ئەدەبیاتی کوردی کەوت و کەلێنێکی بەرچاوی لە دوای خۆی بەجێ هێشت.

هەرچەندە ناتوانم بڵێم کە هەموو لایەنە بەهێز و پێزەکانی تاپۆ و بوومەلێڵم باس کردووە، چونکە لە وتارێکی وا کورتدا ناگونجێ، بەڵام دەتوانم بڵێم کە سوارە تاپۆ و بوومەلێڵی کردۆتە هەمبانەبۆرینە و هەموو بابەتێکی تێدا جێ کردۆتەوە: ئەدەبیات، شیعر و شاعیری، هونەرمەندایەتی، تەنز، زاراوەکانی زمانی کورد، مەسەلەی چینایەتی، ژیانی نێو کۆمەڵی کوردەواری، سیاسەت، ئەوین و جوانییەکانی، بەیت، شانۆ و نومایشنامە و زۆر شتی تر. هەروەها، تاپۆ و بوومەلێڵ دەکرێ وەک سەرچاوەیەک سەیری بکرێ، چونکە زۆربەی مەسەلەکانی نێو کۆمەڵگای باس کردووە و بیروڕای خۆی لە بارەیانەوە دەربڕیوە.

سوارە، قسەی زۆر پێبوو بۆ نەتەوەکەی، بەڵام بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی نەدا و بە قەولی خۆی کە دەڵێ:

**بە قسەی خۆشە مەترسی مردن**
**تاڵە ئەو هەستی بە مردن کردن**
**مەرگە دێ و دوا بە هەموو شت دێنێ**
**هەموو ئاواتێ لە دڵ دەستێنێ!**

بەداخەوە ئەم گەنجە بە توانا و خاوەن شێوە نوێیە تاوێری مەرگ وەبەر خۆی دا. ماڵاوایی لە گەل و هونەر کرد و شێوازەکەی بۆ نەگەیشتە هەوارگەی ئاوات.

سوارە یەکێکە لەو ڕووناکبیرانەی کە بەیت وەک گەنجینەیەک سەیر دەکا و بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کۆمەڵگای کوردی دەزانێ و پێی وایە «بەیت تەواو بە تانوپۆی خۆماڵی چندراوە» و دوای شی کردنەوەیەکی زانسییانە و ئاماژە کردن بە بیروڕای ژمارەیەک لە کوردناسان، دێتە سەرباسی شێوە وێژەییەکانی شیعری کوردی و ئاوا دەست پێ دەکا: «شێوە وێژەییەکانی شیعری کوردی بریتین لەچوار شێوە: «شێوەی شیعری وتاری»، یان «بەیتی»، «شیعری هیجایی»، «شیعری عەرووزی» و «شیعری نوێ». هەروەها دەنووسێ: «شیعری وتاری»، یان «بەیت» بەلای منەوە گەنجێکی هێژا و سامانێکی گەورەی زەوق و چێشکەی

هۆزەکەمانە. هەر لەبەر ئەمەیە کە «باسیل نیکیتین» و «خاچاتوور ئەبوویان» شاعیری ئەرمەنی دەڵێن: «فۆلکلۆری کوردی ئەوەندە پڕ و بەرز و خێرومەندە کە هۆزەکانی تری هاوسێی کوردیش کەڵکیان لێ وەرگرتووە و کەوتوونەتە ژێر تەئسیرییەوە».

«بەیتی مەم و زین» لەگەڵ ئەوەشدا کە بە چەندان ڕیوایەتی جۆربەجۆر کوتراوە و بەشێکی زۆری لە ئەفسانە و ئوستوورە تێکەڵ کراوە لەلایەک «مەمی ئالانە» و لەلایەکی تر «مەم» کوڕی میرە و تەنانەت ناوی «حەلەب» و «برایم پادشا»ش کە ڕوون نییە چۆن هاتوونەتە ناوبەیتێکی کوردییەوە. لە بەیتەکەدا دابڕاوە، بەڵێ پاش ئەو هەموو گۆڕانە و لەگەڵ ئەم گشت گێڕانەوە لە یەک دووانەش کاتێ «ئەحمەدی خانی» ئەمر بەیتەکەی کردووە بەشێوە عەرووزی، لە شیرەی گیان و زەوقی خۆی زۆر مەبەستی خواناسانە و فەلسەفی هەڵڕشتۆتە ناو بەیتەکەیەوە، بەڵام ئاکامی کارەکەی خانی بەهۆی پێنووسی جادووکار و بیری شاعیرانەی خۆی و ناوەرۆکی تێر و تەیاری بەیتەکەوە بۆتە شاکارێک کە «ویژەناسێکی گەورەی شوورەوی لە بەرزیدا دەیخاتە پاڵ «شانامەی فیردەوسی»یەوە و بە یەکێک لە سێ شوێنەواری گەورەی خۆرهەڵاتی ناو دەبا» .ل٢٣٣-٢٣٤.

### تاپۆیەکی بڵاونەکراوەی سوارە ئیلخانی زادە

تێبینی: سوارە، لە ساڵانی پەنجا و پەنجاویەک ڕیزە وتارێکی بڵاوکردووەتەوە بەناوی «تاپۆ و بوومەلێڵ». ئەم تاپۆیە ساڵی ١٣٥١ بەناوی ئەدەبیاتی کوردی لە ڕادیۆی مەهابادەوە بڵاوبووەتەوە.

سەلام لە گوێگری بە هەست و هونەرپەرەستی بەرنامەی تاپۆ. لە بەرنامەی ڕابوردوودا بەڵێنمان دابوو کە لەسەر باسی ژیانی کوردەواری بڕۆین، بەڵام بۆ حەسانەوەی مێشک و چێشکە وامان بە باش زانی ئەم بەرنامەیە تەرخان بکەین بۆ پەخشانێکی کوردی و هیوادارین بەدڵتان بێ.

لە داوێنی چیاوە تووڵەماری ڕێگا بەرەو دەشت ئەخوشی و سەری ئەگەیشتە ناوی ئاواییەک کە هێشتا دووکەڵ و ئاگری لێ هەڵدەستا و جارجار قرمەی ڕووخانی ماڵێکی لار و کۆم و نیوە سووتاو بەرز ئەبۆوە. شەماڵ بە دوو چاوی پڕ لە ترسی کاڵەوە ئەیڕوانی و دوو دڵۆپ فرمێسکی بێ گیان لە ناو گۆمیلکەی مەندی چاویا ئەگەڕا. گرمەی فڕۆکە لەناو مێشکیدا دەنگی ئەدایەوە. هاتەوە بیری کە ئەو ڕۆژە بەیانی زوو هەستابوو، شەوبۆی خوشکی جانتای مەدرەسەی بۆ هێنابوو. لە بیری بوو کە چووبووە سەر لانکەی ئازاد، دەسرازە و کۆچکەی لەسەر لادابوو. ڕوومەتی کرچ و کاڵی کە بۆنی شیری تازەی لێدەهات پڕ بەدڵ هەڵمژیبوو. ئازاد چاوی نیوەخەواڵووی هەڵبڕیبوو و لێوی کردبووە خونچە، بۆ گریان، یان بۆ پێکەنین. شەماڵ هەموو ئەمانەی بە ڕوونی لەبەرچاو بوو، تەنانەت لەبیری بوو کە لەبەر خۆیەوە ئەو شیعرەی خوێندبۆوە:

**ڕۆڵە من بیرم لە تۆ زیاترە**
**دەسرازە و لانک بتبێ چاترە**

شەماڵ ئەم شیعرەی لە دایکی بیستبوو لە کاتی گریانی کۆرپەکەیدا لەو کاتەدا کە ئازاد هەوڵی ئەدا لە بەندی دەسرازە ڕزگار بێ، بە دەم لایەلایەکی نەرمەوە بۆی ئەخوێندەوە شەماڵ لە بیری مابوو کە لەبەر دەرگای ماڵەکە، یان تووشی سەربەستی هەڤاڵی ببوو و بەیەکەوە بەرەو قوتابخانە ڕایانکردبوو. ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکیان بوو و هەر کەس پێش بکەوتایە، نیوەڕۆ ئەبوو هەردوو جانتاکان لە قوتابخانەوە تا ماڵەوە هەڵگرێ. بیری کە گەیشتە ئێرە ئیتر هەوداکەی ئاڵۆز بوو، وەک خەونێکی تاڵ. لە بیری بوو کە هەموو خەڵکی ناو شەقام و گەڕەک و کۆڵان ڕائەکەن وەک جووجەڵەی پەڕەوازە خۆیان ئەکوتن بۆ حەشارگەیەک، کۆلارەی چووچکە خۆریش بەسەریاندا دێ و ڕائەخوشێ و پاش هەموو لوولبوونێک هێلانەیەک خاپوور ئەبێ و تۆزی بەرەو ئاسمان بەرز ئەبێتەوە.

*　*　*

هێرشی باوکی شەماڵ بەدەستێک تفەنگەکەی بە سینگییەوە ئەگوشی و چاوەڕوان بوو لە سەنگەری دوژمندا کەسێکی بەرچاو کەوێ و ڕەهێڵەی گیان سووتێنی گوللەی بەرداتە سەر و تۆڵەی هەزار گیانی پاکی بێ تاوانی لێ وەرگرێتەوە. بە چاوێک دەشتی بەردەمی چیای ئەپشکنی و بەچاوەکەی تری ئەیڕوانی بۆ ڕواڵەتی تێکشکاوی شەماڵی کوڕی. ئەترسا تووڵەنەمامی بەژن و باری شەماڵ خۆی نەگرێ لەبەر هێرشی تۆفانی کلۆلی و قورسایی دەرد و پەژارە. مینای بێ گەرد و ناسکی ئەندامی ورد بکات، لەژێر لێوەوە گوتی شەماڵ! شەماڵ نە مژۆڵی لێکدا و نە دەمی وەک خونچەی بە وەڵامێک کرایەوە، بەڵام دوو دڵۆپ

فرمێسکی قەتیسی گۆمیلکەی چاوی کاڵی بەرەو شۆڕەکاتی ڕوومەتی شۆڕ بوونەوە. هێرش زۆری شەڕ دیتبوو لە زۆر گیروگرفت کەوتبوو، تامی تاڵی دە ساڵ شۆڕشی ئەم چیا بۆ ئەو چیا، برسییەتی یاوی توندی برینی گوللە، دووری لە خاوخێزان، خەوتن لە ماوەی کورتی هێرشێکی سەرنەکەوتووی دوژمندا تا هێرشیکی تر ئەمانەی هەموو دیبوو، بەڵام ئەم جارە خەم و دەردەکەی شتێکی تر بوو. گەورەتر لە ترس و مردن و قووڵتر لە بێزاری و ڕق هەستان. شەماڵ تەنیا گوڵێک بوو کە پاش بای ژاراوی لە باغچەی زەرد و تینووی ژیانیدا بۆی مابووەوە هێرشی بێدەنگی دۆڵ و چیای کپی بێ چارە ئەکرا. ئەیزانی هەر ئێستا باشووی باڵ ئاسن بەسەر چیادا هەڵئەفڕێ و جەرگ و دڵی دەشت و دۆڵ ڕائەتلەکێنێ، بەڵام بێ دەنگی ئەو کەوەبارەی پێ هەموار نەدەکرا. کە لە ترسی دەنگی داڵ و کۆلارە قاسپەی لێ برابوو. لەبەر ئەمە دیسانەوە گوتی شەماڵ و بە شوێنیدا پرسی لەبیرت ماوە ئەو سروودەی کە بە منداڵی فێری بووی، بڕوانە لە نامەکەشت بۆت نووسیبووم لەناو گیرفانی بەرگەکەیدا کە بە دووکەڵ و باروت ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕابوو، پارچە کاغەزێکی نووشتاوەی هێنایە دەرەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوە: باوکی نەبەزم سڵاو بۆ سەرۆک، بۆ تۆ و هاوەڵەکانت! دڵنیا بە تۆ جێگای شانازی بۆ دایکم و بۆ منداڵەکانت، ڕەنگە پێت خۆش بێ بزانی کە بوونی چیا، کە بوونی سەرکەوتنە. هەموو لایەکی گرتووەتەوە؛ تەنانەت ناو هۆدەی قوتابخانەکانیش. ئەمڕۆ بەیانی من یەکەم کەس بووم چوومە ناو هۆدەکەوە دیتم لەسەر تەختەڕەشەکە بە خەتێکی سوور نووسرابوو: (داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ). من لەژێریدا نووسیم هێرش کوڕی پێرس. ئەزانی بۆچی وام نووسی؟ لە خەڵکی ناو شارم بیستبوو کە تۆ کاتێ ئەیانبردی بۆ دادگای بێداد، سەرۆکی دادگا لێی پرسیبووی ناو و ناوی باوکت. تۆ گوتبووت هێرشی کوڕی چیای پێرس!! ئێمە هەموو باشین، دایکم سڵاوت لێ ئەکا و ئەڵێ: لە دەوری دەست و تفەنگت گەڕێم کە ڕۆژی خەبات لە حاستی هەڵمەتی تیژت چ ناگرێ بەرگە. (من سروودەکەم لەبیر ماوە و هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. هێرش لێرەدا وەستاو سەیری کرد بزانێ شەماڵ چی ئەڵێ. شەماڵ هەروەها کە چاوی بڕیبووە جێگایەکی دوور و نادیار بە دەنگێکی منداڵانە و پڕ خەفەتەوە گوتی من سروودەکەم لەبیر ماوە و هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین**
**نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین**

لەو کاتەدا نرکەی تۆپ و گرمەی فڕۆکە وەک تەزووی کارەبا بە دەماری دەشت و چیادا هەڵگەڕا و قاقای تفەنگ لە لوتکەی چیا بەرز بووەوە لە داوێنی دەشتەکەوە سەدان کیسەڵی گەورەی پۆڵایی بەرەو بەرزایی کەوتنە ڕێ، بڕوا و چەک بەرانبەر وەستان، وەک فریشتە و ئەهریمەن وەک تیشک و تاریکی. لەشی خاوێنی شەهیدێک لەناو سەنگەردا کەوتبوو و بەخوێنی پاکی بەردی مەتەرێز نەخشابوو، لەشی هێرش کوڕی پێرس و پێرس چیای سەربەرز ئەو لەشە نازدارەی توند گرتبووە باوەش، ئیتر نە دەنگ بوو نە جووڵانەوە، دوژمنی سەرشۆڕ بەزی بوو ئیمان بەسەر چەکدا سەرکەوتبوو. ئەتکوت پێرسی بێ دەنگ و مات و ئەڵێ: پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین. شەماڵ هیچی بۆ بەجێ نەمابوو جگە لە کەلەپووری هێژای باوکی تفەنگەکەی و بڕواکەی، پێرس دیسانەوە ببوو بە خاوەنی کوڕێکی تر شەماڵی کوڕی پێرس.

**پەراوێز:**

**١- شیعر و پەخشانی سوارە ئیلخانی زادە، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی محەمەد بەهرەوەر، ساڵی چاپ ٢٠١١، شوێنی چاپ و بڵاوکەرەوە، ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٢٧).**

**٢- سبات (با سکون حرف اول) رنگ زردگونەای است کە اکثرا برای بافتەهای پشمی مثل (جوغەورانک) بکار بردە می شود.**

**سەرچاوە: بایەگانی. محەمەد بەهرەوەر.**

# یادەوەرییەکان..!

مۆپاسان
لە فەرەنسییەوە: حسێن ئەحمەد
(فەرەنسا)

سۆفیای ئازیز:

نا ئەم بەهارە من نایەم بۆ پاریس، وەک ئەوەی تۆ بەردەوام داوای ئەوە دەکەیت کە من بێم بۆ پاریس. من نایەم و لە ماڵە بچکۆلەکەی خۆمدا قەتیس دەبم و دەسەکنێم. خۆم دەخەمە سەر وەچەی کپی ئەو ئاژەڵە نەخۆشانەی کە ئیتر نارۆنە دەرەوە و لە کولانە و جێگا تاریکەکانیان دەرناچن. هەر لەبەر ئەوەی لە ئاستی گشتیدا ماندووبوون وەک غەمگینی و تاریکییەکانی دڵی لێهاتووە. هەنووکەش ئەو تەمەنە لە من گوزەراوە کە تێیدا فزووڵ بووم و خەونم بە بەختەوەریی و چێژی تازەوە دەبینی و لە بەدەست هێنانیاندا سەرگەردان بووم. من ئێستا ئەوەی هەمە بەختەوەری کۆنە، تەنیا دەتوانم بەوە ئاسوودە بم کە دنیام بە کۆنی قبووڵ کردووە و لەناو یادەوەرییەکانیدا دەژیم، ڕێک وەک ئەو خەڵکە گەنجانەی لە ئومێدی بەیانیدا دەژین. بیر لەو دێڕە شیعرەی سانت بۆڤ دەکەمەوە. کە بە یەکەوە چێژمان لێدەبینی و هەنووکەش وەک ژیاوێکی مێژوویی لە یادگەی مندا سوور دەخوات. هەر لەبەر ئەوەی ئەو دێڕە شیعرە شتی زۆر بە من دەڵێت و زۆر جاریش دڵی غەمگینی خۆم لە مندا دەری دەخاتەوە:

**بە تەنیا لەناو یەک خانوودا، لە دایک دەبین و دەژین و دەشمرین.**

من ئیتر توانایی جێهێشتنی ئەم خانووەم نییە کە تێیدا لە دایک بووم و کە تێیدا ژیام و کە لە هەناویدا وا خەریکە دەمرم، ئەگەرچی ئەم ماڵە هەمیشە دڵی من خۆش ناکا و ئاسوودەییم تێدا ڕاناوەستێنێت، وەلێ هەر لەبەر ئەوەی لە یادەوەری یەکتریدا گەشەمان کردووە، بۆ من زۆر نیانە، من تەنیا ئەوکاتانە ئەم ماڵە جێ دیلّم کە بۆ مانگێک، یان دوو مانگ بەرەو لای کچەکەم دەڕۆم.

ئیدی هەموو ئەوکاتانەی تر کە دەمێنێتەوە من لەم



**مۆپاسان**

ماڵەدا بە تەنیام. پێدەچێت ئەمە سەیر بێ لات کە دەتوانم بەم شێوەیە بە تەنیایی بژیم؟ خانمی من ئیتر وایە..! من بە وێنە و عادەتی فامیلی دەوری خۆمم داوە. هەموو ئەو شتە کۆنانەی پەرژینی منیان کردووە و خەتیان بە دەورمدا کێشاوە وەک مرۆڤێکی زیندوو لەگەڵمدا دەجووڵێن و بێ وەستانیش لە بارەی هەموو شتەکانی حەیاتی منەوە قسە دەکەن. لە بارەی کەسوکارمەوە دەدوێن و بۆ هەموو ئەوانەی مردوون و دوورن لێم غەمگینییان هەیە. هەنووکە وەک جاران خوێندنەوەم زۆر نییە. من پیر بووم. بێ کۆتا خەون دەبینم. سەرەڕای ئەمانەش بەشێوازی جاران هیوام نییە و خەیاڵەکانم گۆڕاون. تۆ بیر لە سەردەمی هەرزەکاری بکەرەوە؟ ئەو بەسەرهاتە سەیرانەی تەمەنی بیست ساڵی کە لە سەرماندا خولیان دەخوارد و دەجووڵان و وەک هەتاو دەدرەوشانەوە. وەلێ هیچ یەک لەو خەون و ئومێدانە نەبوون بە واقیع و لە جیاتی بە دنیایی بوونیشیان شتی دیکە شوێنی گرتوونەتەوە. شتگەلێک کە کەمتر دەتوانن شاعیرانە بن و گەرماییان نییە، بەڵام بەدڵی هەموو ئەو کەسانە دەخوات کە تەنیا دەزانن بە کورتی بەشێک لە ژیانیان بژین. من دەمەوێت بزانم تۆ هۆشیاری بەوەی کە لەبەرچی زۆرینەی کاتەکان بەدبەخت و تاریکین؟ ڕەنگە بۆ ئەوە بێت لە بچووکییەوە بۆ ئەوە ئامادەمان دەکەن کە زۆرتر لە ئاسایی باوەڕ بە بەختەوەری بهێنین و هەرگیزیش بەو جۆرە بیری ئەوەیان تێدا نەخولڤاندووین کە دژی غەمگینی و تەنیایی شەڕ بکەین. هەر لەبەر ئەوەیە لە یەکەمین ڕووداوی دڵتەزێن و غەمگیندا دڵمان دەبێتە تەپوتۆز و دەشکێت. واتە دەبینە مرۆڤگەلێکی بێ هێز و تووڕەیی ژیان کار دەکاتە سەر دڵمان. ئەم هۆکارانە وادەکەن چاوەڕێی ڕوحێکی کراوە بکەین و چاوەڕوانی ئەوەش کە ڕووداوە ئاسوودەکان یەک بەدوای یەکتریدا بێن. هەندێک جار ڕێ دەکەوێت کە برێک لە ڕووداوەکان، کەمێک جەخاریان تێدا دەردەکەوێ و کتوپڕ دەمانخەنە حاڵەتێکی قورسی گریانەوە. وەلێ من لەوەدا قودرەتمەندم کە لەم ڕۆژانەدا بەختەوەری ڕاستەقینە بناسمەوە. هەموو ئێمە وەک کۆمەڵێک مرۆڤ، لە یەکەمین خاڵی ژیانەوە لە چاوەڕوانی ڕوحێکی کراوەدا دەژین، کۆمەڵێک بەختەوەری پێچاوپێچ کە وەک ڕووداوی سروشتی بەریان دەکەوین و لێی دەگەڕێینەوە. ئەم جۆرەش لە ئاسوودەیی، هەمیشە نیوەیە و کاتێکیش ئەم نیوەیە وەک جوانییەک بەر ئێمە دەکەوێت و دەڕوات، یەکسەرە دەست بەهاوار دەکەین، من ئێستا خانمەکەم، من ئێستا بەختەوەرییە ڕاستەقینەکان دەناسمەوە. دەزانم بەختەوەری ڕاستەقینە بریتی نییە لەو بەختەوەرییە گەورانەی لەپڕ دەگەن و ئێمە دەمانەوێت کە وەک ئەبەدییەتێک تەماشایان بکەین و لە مانەوەیان بێ خەم بین، چونکە بەختەوەری ڕاستەقینە دەگمەن و کورت وەختە. تەمەنێکی کەم و سەودایەکی فراوانی هەیە کە ئەمەش بۆ مرۆڤ غەمگینییە. بەختەوەری ڕاستەقینە هەر کە دێن و تێدەپەڕن بە ڕۆشتن و دوورکەوتنەوەیان لە مرۆڤ تاریکی گەورە دەخەنەوە. وەک ئەو ڕووناکییانەی لە شەودا دێن و دەکوژێنەوە. لە ڕێگەی ئەم قسانەوە دەمەوێت پێت بڵێم: بەختەوەری بە تەنیا لە چاوەڕوانییەکی ئارامی ئەو کەسانەدایە کە هەرگیز نایانەوێت بگەن. بەختەوەری لە چاوەڕوانییەکی ئارامدایە، لە متمانەدایە، بەختەوەری ئاسۆیەکە لێوانە لە ئومێد. بەختەوەری، یانی خەونی درێژ، یانی خەیاڵی ناکۆتا...!!

بەڵێ خانمی ئازیز، بە تەنیا باشییەک کە لە دنیادا دەتوانێت ڕاستەقینە بێت خەونە و زۆرینەی کاتژمێرەکانی خۆشم بەم خەونانەوە دەبەمەسەر، بەڵام لە جیاتی ئەوەی خەون بە پاشەڕۆژەوە ببینم، بەگێک دادەنێم و خەون بە دواوە دەبینم. واتە پێشەوەم بۆ دوامەوە دەڕوات، واتە وەردەچەرخێم و چاوی خۆم لە ئاییندە دەنووقێنم. بەرانبەر ئاگردانەکەم لەسەر کورسییەکی نەرم کە لەگەڵ ئێسقانە



سانت بۆڤ

پیرەکانمدا دەگونجێت دادەنیشم و بە هێواشی دەگەڕێمەوە بۆ شتەکان، دەگەڕێمەوە بۆ کوێ؟ ئەو ڕووداو و خەڵک و مرۆڤانەی لەسەر جادەکانی عومری خۆم جێم هێشتوون. تێدەگەم چەنێک کەم خایەنە تەمەن، بە تایبەتی ئەو عومرەی لە یەک شوێندا بێ جووڵان بەسەرمان بردووە. بیر دەکەمەوە؛ ئەو دێڕە شیعرەی سانت بۆڤ لەسەرمدا دەژی:

**بە تەنیا لەناو یەک ماڵدا، لە دایک دەبین و دەژین و دەشمرین**

یادەوەرییەکانم لە مندا کۆبوونەتەوە و پێکەوە نووساون. کاتێکیش پیر دەبین، لەو حەقیقەتە تێدەگەین کە ماوەی هەموو ئەو ڕۆژە زۆرانەی ژیاوین کەمتر لە مانگێکە و هەر دە ڕۆژێک لەمەوپێش گەنج بووین. بەڵێ خانم، هەموو شتێک ڕابورد. ڕێک وەک ئەوەی تەنیا ڕۆژێک بێت: بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە، دواجار شەویش بەسەر مندا دەکەوێت. بەدەم تەماشاکردنی ئاگری کورەکەمەوە، بە درێژایی دەیان کاژێر، ڕابردووم لە دایک دەبێتەوە، ڕێک وەک ئەوەی ڕابردوو دوێنێ بێت، یان سەعات و نیوێک بێت پێش ئێستا. لەم کاتانەدا مرۆڤ نازانێت لە چ شوێن و کاتێکدایە، ئەوەی دەمانگێڕێت خەونە و لە ڕێگەی خەونەوە لە هەموو وجوودی خۆمان دەپەڕینەوە بۆ ئەوبەری خۆمان. ئەوبەری من کاتی کچێنیمە و هەست دەکەم هێشتاکە بچکۆلەم، تەنانەت بازنەکانیشم وەک هەنگاوەکانم بچکۆلەیە، دڵم وەک منداڵ لێدەدات و هەموو دەمارەکانم پڕ دەبن لە خوێنی کچێکی شازدە ساڵ. شەفافم وەک هەموو واقیعە تازەکان، دیدگام لە هەمبەر شتە لە یاد کراوەکان زیندوو دەبێتەوە. ئای خانم، چەند عەیارانە لە یادەوەرییمەوە بەخێرایی پەڕیمەوە بۆ پیاسە و گەڕانەکانی سەردەمی کچێنیم. هەنووکە لێرە و لەسەر کورسییەکەمم، لەبەردەم ئاگردانەکەمدا و لە ڕێگەی خەونەوە بەشێوەیەکی سەیر گەڕاومەتەوە بۆ سەردەمی گەنجیم و بۆ ئەو کاتەی ئێوارە بوو خۆر تازە خەریکی خۆدزینەوە بوو لە شار، لەسەر کەناری دەریاکەی بەریتان وەک عاشقێکی بەختەوەر سەمام دەکرد. ئەم حاڵەتەم دەمێک بوو لە یاد کردبوو. بێ گومان کاتێکی درێژ بەسەریدا تێپەڕی کردووە، کەچی ئێستا و لەسەر ئەم کورسییە وەک چەخماخەیەک، بێ هیچ هۆکارێکی تایبەت بە یادەوەریمدا کێشای، یان ڕەنگە لە زاکیرەمدا تروسکەی دنیایەکی سووتاو هەوڵی ئەوەی دابێت لەسەرمدا ڕابردوو خەبەر بکاتەوە. بینینی ئەو ترسۆکە گەورەیە، لەو ئێوارەیەدا هەموو ئاسۆکانمی سووتاند. لەبیرم دێت: لادێییەک بووم، ڕۆبێکی کەم بەهام لەبەربوو، تەنانەت ئەگەر داواش بکەیت لە بچووکترینەوە تا گەورەترین خاڵت بۆ دەخەمە سەر کاغەز و دەیگێڕمەوە، تەنانەت ئەگەر لێم بپرسیت پێت دەڵێم کە لەو ئێوارەیەدا بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بوو برینێکی بەژان بە پەنجەمەوە بوو، کە ئەو برینە بە جۆرێک بوو ئێستاکەش ئازارەکەی لە بنی ددانمایە و تامی سوێری ئازارەکەی دەکەم، تەنانەت بیرم دێت کە زیخی سەر دەریاکە تازە و تەڕبوو کە وەک منداڵێکی بچکۆلە لەسەری دەمناڵاند. بەڵێ خانم.. من نەختێک پێش ئێستا شازدە ساڵ بووم، زۆرجاری تر هەیە چێژی جیاواز بۆخۆم دروست دەکەم. دەزانیت، یان نا سۆفیای ئازیز.. لەو ماڵەی تێیدا دەژیم، تەنانەت بچووکترین شوێنیش نەڕووخاوە. لەو سەردەمەدا، لە بنی سەقفەکەمانەوە هۆتێکی بچکۆلانە هەبوو، ژوورێکی گەورەی زەخیرەش کە ناومان لێنابوو: ژووری ئازووقەکان. هەموو ئەو شتانەی ئێستا خزمەتی گەورە بەم سەردەمە ناکەن، لەم ماڵەدا هەبوو. هەندێک جار دەچم بۆ ئەو ژوورە و بە چواردەوری خۆمدا دەڕوانم. بڕێکی زۆر لەو شتە بێ نرخانە دەبینمەوە کە فڕێ دراون و هەنووکە کاتێک سەیریان دەکەم دنیایەکی سەیر دەخەنە زاکیرەمەوە و بەم دنیایە لەسەر وجوودی کۆنینەی خۆیان دەموەستێنن. ئەو

شتە فرێ دراوانەش سندووق و کورسی و کۆمۆدە هاوڕێکانی سەردەمی مندالّی ئێمەن کە بە یادەوەریمانەوە بەسراونەتەوە و ڕووداوی تازە بۆ ئێستای من دروست دەکەن. ڕووداوێک کە هەم غەمگینە و هەمیش خۆش. ڕووداوێک کە ڕێکەوتی بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەم پێ دەناسێنێتەوە. ئەو بەسەرهاتانەی کە ئێمەیان داگیر کرد بەو کاتژمێر و وەخت و فیزیۆنۆمیانەوە و تووشیان کردین کە بۆ ئێمە مایەی بەرپرسیاری بوون و هاوڕێیەکی بێ دەنگ و ئارامی ئێستای ئێمەن، کە بڕێک جار لە بەختەوەرییەوە دەمانگۆڕن بۆ کەسێکی دلّشکاو و لە دلّشکانیشەوە دەمانخەنەوە سەر ئاسوودەیی کۆن. ئاخر هەر لەو گەڕانەدا، کۆمەلّێک شتومەکی دیکۆری سواو دەبینم، کۆمەلّێک بابەتی ورد و پیر کە لە ماوەی چل سالّی درێژدا لەگەلّ ئێمەدا بە هاوشانیی دەژیان، بەبێ ئەوەی چرکەیەک سەرنجی ئێمە لەوان، وای کردبێت بیریان لێ بکەینەوە و بایەخ و نرخیان پێ ببەخشین، بەلّام هەر ئەوکاتەی دەیانبینینەوە و هەست بە کۆنێتی خۆمان و پیرێتی ئەوانیش دەکەین، فیعلەن لەو حەقیقەتە تێدەگەین کە پێویستە بایەخیان بدەینێ و ماناداریان بکەین کە ئەوان شاهێدی ئێمەن لەسەر زەوی و شاهێدی ئەوەشن کە ڕۆژگارێک هاوڕێی جێماوی ئێمە بوون. ڕەنگە هەموو ئەو شتانەش کە من قسەیان لێدەکەم دواجار گەمژەیی بن، بەلّام ئەم جۆرە لە گەمژەیی دروستکەر و بکەری ژیانی کەسە پیرەکانە. من دەزانم لە پاریس ئێوە هێندە خێرا دەژین کە کاتتان بۆ ژیان نییە، نازانم بەڕاستی تۆ بە باشی لەم قسەیەم تێدەگەیت، یان نا، بەلّام ئێوە لە پاریس بەردەوام بیر لەکاروبارەکانی ڕۆژانەتان دەکەنەوە، بیر لەوە دەکەنەوە کە دەرچن و لە دوای ئیش، پیاسەکردن بۆتە ئاوو نانتان، لە هەمان کاتیشدا زەمەنی دیاریکراوتان بۆ غەمگینی نییە، زەمەنتان نییە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خەونەوە بیر لە دیاردە تاریکەکان بکەنەوە و تێبگەن کاژێرەکان بەردەوام لە تێپەڕیندان و وەستانیش لەسەر ڕووداوەکان بایەخێکی هەیە. ڕێک وەک ئەوەی لە پەنجەرەیەکەوە تەماشای کەوتنەخوارەوەی گەلّایەکی زەردی وەریو بکەین. ئێوە لە پاریس بە ئاستەم زەمەنتان هەیە، بیر لە هەر شتێکی دیاریکراو بەپێی سروشتی خۆی بکەنەوە و کەمێکیش تەماشای ئەو شتانە بکەن کە خەریکە دەسوێن و لە ژیان دەکرێنە دەرێ. بە ئاستەم بیرەوەرییەکتان لە هەمبەر سەعاتە تێپەڕیو و مردووەکانی خۆتان بۆ دەگیرسێت، ئەمەش پێوەندی بەوەوە هەیە کە زۆر خێرا دەژین، تەنانەت ئەم خێراییە وای کردووە بە حالّیش خاوەنی هەلّچوونی سۆزێکی قوولّ نین بۆ شتەکان. ئێوە پێویستتان بە کات هەیە. پێویستە دابین بن بۆ گەڕانەوەتان بۆ دواوە، تەنانەت کە دەشگەڕێنەوە بۆ دواوە پێویستە هیچ لە تێپەڕیوو و کۆن و سواوەکان لەبیر نەکەن، لە بیری نەکەن ئەو کاتانەی دەچوون بۆ کڕینی مانگانەی خواردنەکانتان، دەبێت هۆشیاریش بن کە دەرچوونی مشکێک لە کونەکەی بایەخێکی هەیە. ئێمە لەسەردەمی نوێدا لە عارەبانەی ئەسپەکانمان دابەزیوین بۆ ئەوەی سواری تراموا ببین. کاتێکیش توانایی بەدەست هێنانی چارەکە سەعاتێکمان هەیە، وەک هەلّێک دەیقۆزینەوە و بەشی ئەو چەند دەقیقەیە بە جادەکاندا دەگەڕێین و هەناسەکانمان دەدەینەوە. دواجار لەگەڕانەوەماندا بۆ مالّەوە هەمیشە درەنگ دەکەوین. بۆ ئەوەی پێنج دەقە لەوێ و پێنج دەقە لێرە و پێنج دەقە لە شوێنێکی دیکە زیاتر کاتمان لە دەست داوە. وەک ئەوەش کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەوەداین کە درەنگ بکەوین، زەمەنی ئەوەمان نییە باوەڕ بە خەیالّ بێنین و بیر لە ڕابردوو بکەینەوە. من ئەوەم بیر دێتەوە کە جاران بۆ ماوەیەکی درێژ تەنیا کاتێک کە هەمانبوو ئەم شتانەبوو کە ئێوە وا خەریکن ژیان لەسەریان دروست دەکەن، بەلّام هێشتا هەر هەموو ئەو جوولّان و بزاوتانە دەمترسێنن و کە تۆ وادەکەیت بە منیان بناسێنیتەوە و دەتەوێت من بێم بۆ پاریس. هەرچۆنێک بێت من بڕیارم داوە و ئەم بەهارە بستێک لەم مالّە ناجوولّێم و دەشبینیت کە من وا پیربووم و لەهەموو شتەکان دەترسم. من وەک سانت بۆف دەلّێت هەنووکە دەمەوێت:

**بە تەنیا لەم مالّەدا، لە دایک ببم و بژیم و بشمرم.**
**تکایە نیگەرانی ئەم بڕیارەم مەبە.**

دێلفین.

**سەرچاوە:**

http://www.ku.ac.ip/French/miyaza/publique/litterature/MAUPASSNT Souvenirs.

# زمان

هێمن حەسەن زادە
(بۆکان)

* زمان وەکو دابونەریت و کولتوور و ئایین یەکێک لە کۆڵانەکی بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە و خزمەت کردن و پاراستنی ئەرکی سەرشانی تەواوی توێژ و چینی ناو کۆمەڵگایە و کارێکی بەرز و پیرۆزە کە هەموان دەبێ بێ لەبەرچاوگرتنی کۆسپ و تەگەرە، بەرپرسیارانە و ژیرانە هەوڵ بۆ وەپێش بردن و دەوڵەمەندکردنی بدەین، چونکە زمان سەروەتێکی بایەخدارە و بەشێکی گرینگی ناسنامەی گەلانە. کەوابوو گەلێک تاکو زمانی سەربەخۆی نەبێ، ناتوانێ بچێتە ڕیزی گەلان و باس لە بوونی خۆی وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بکا.

* بۆ ئەوەی کە ئێمە ڕێز لە زمانی خۆمان بگرین و بیپارێزین، دەبێ چەند خاڵێکی گرینگ لەبەرچاو بگرین و بەڕێوەی بەرین:

**یەکەم:** ئەرکی سەرشانی تەواوی خەڵکی ناو کۆمەڵگایە بۆ خزمەت و پەرەپێدانی زمانەکەیان دوای قسەکردن بەو زمانە، دەبێ فێری خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکیان بن.

**دووەم:** ئەرکی سەرشانی ئەدیب و نووسەر و ڕووناکبیرانە لەگەڵ ئەوەی کە جێگە و بایەخی زمان دەسەلمێنن، کاریگەری زمان بۆ گەل و نەتەوەکەیان ڕوون بکەنەوە. بە زمانی نەتەوەکەیان بنووسن و ئەو کارە پیرۆزە بە فەخر و شانازی بزانن.

**سێیەم:** برەودان بە کۆڕ و کۆبوونەوە و زمانەوانییەکان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکانە.

**چوارەم:** بەکارهێنانی وشە و دێڕی ڕەسەنایەتی و ناوچەیی لەلایەن نووسەران و ڕۆژنامەوانان و خەڵکی ئاسایی ناو کۆمەڵگایە.

**پێنجەم:** پێشکەوتنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگایە. دوای

ئەوەی زمانمان لە ڕێگای ئەدەبیات و ڕۆشنبیرییەوە پاراست و خزمەتمان کرد، دەبێ هەوڵ بدەین کە بیروباوەڕێکی سەردەمیانەمان هەبێ و لەبواری تەکنۆلۆژی و سەنعەتدا پێشکەوتنی بەرچاومان هەبێ. چ ئێمە بمانەوێ، چ نەمانەوێ دنیای ئەمڕۆ بەرەو سەنعەت و دیجیتاڵ دەچێ و ڕوون و ئاشکرایە کە سەنعەت و تەکنۆلۆژی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر زمان هەیە. بڕۆینە وڵاتانی ڕۆژهەڵات کە پێشکەوتنیان لە بواری سەنعەت و تەکنۆلۆژیدا بە دەست هێناوە، هیچ نەبێ زمانەکەیان لە بواری پەرەپێدان و جیهانگیری تارادەیەکی یەکجار زۆر جیهانی تەنیوەتەوە، کە هەر ئەو کاردانەوە جیهانییە زمانەکەیانی دەوڵەمەند و بەنرخ کردووە، ئەگەر ئێمەش هەوڵ نەدەین خۆمان بگەیەنینە ئاستی جیهانی، زمان و کولتوورەکەمان دەکەونە مەترسییەوە.

* بۆ ئەوەی ئێمە وەکو نەتەوەی کورد ڕێز لە زمانەکەمان بگرین و لە هەر جۆرە مەترسییەک بیپارێزین، دەبێ ئەو مەرجانەی سەرێ بە باشی بەڕێوە بەرین.

## زمانی کوردی

* زمانی کوردی زمانێکی چ لە بواری بنیادی و ڕێزمانی و چ لە باری بەرفراوانی وشەوە دەوڵەمەند و سەربەخۆیە و ئەو تواناییەی هەیە کە زمانێکی ئەکادیمی- زانستی بێ و لەبوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو ئەندازیاری، فەلسەفە، پزیشکی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و ئەدەبیات و بوارەکانی دیکە پێی بنووسرێ و بخوێنرێتەوە و لە قوتابخانە و زانکۆکان وانەی پێ بگوترێتەوە. لە بواری وەرگێڕانیشەوە زمانی کوردی دەتوانێ دەستێکی باڵای هەبێ. بۆ وێنە هەندێک لە وەرگێڕە ژیرەکانمان سەلماندوویانە: کە بێ ئەوەی گرفتێکی سەرەکی، یان کۆسپ و تەگەرەیەکی بنەڕەتی هەبێ، دەتوانرێ هەر جۆرە دەق و بابەتێک لەگەڵ پاراستنی ناوەرۆکی بابەتەکەی زمانەکانی دیکەوە وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی.

* ئەگەر ئێستەکانێ هەندێ کەس پێیان وایە کە زمانی کوردی ناتوانێ ئەم کاریگەرییانەی هەبێ و ئەم خواستانە بەجێ بێنێ، لە دوو حاڵەت بەدەر نییە: یەکەمییان ئەو کەسانەی کە نە لە زمان و زمانەوانی دەگەن، نە دەزانن کە زمانی کوردی چەندە زمانێکی ئەدەبی و ناوچەییە و ناکرێ بۆ زانست و عیلم کەڵکی لێ وەربگیرێ و زمانێکی جیهانی نییە.

* بەڵام هەرگیز وا نییە، بەڵکو زمانی کوردی هەم دەتوانێ و تا ڕادەیەکیش نیشانی داوە زمانێکی عیلمی و زانستی بێ و هەم مرۆڤ و نەتەوەکانی دیکەش بێن و فێری بن و لەگەڵ کولتوور و ئەدەب و دابونەریتی کوردی ئاشنا بن، ئەگەر بێتو زمانی کوردی لە بواری عیلم و زانست وەکو بواری ئەدەبی بەکاربێنین و پەرەی پێ بدەین و زاناکانمان بەو زمانە شیرینە دەق و نووسراوەکانیان بدەنە دەرێ، هێندەی پێ ناچێ کە بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێ کە زمانی کوردی تا چ ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ زمانی سەردەم و عیلم و زانستیش بێ.

## فێربوونی زمانی کوردی

* ئێمەی گەلی کورد لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانین و دەبێ دەستێکی باڵامان لە ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنە سەردەمییەکاندا هەبێ و بۆ بەرەو پێشچوون لە هەموو بوارەکاندا بەشداری چالاکانەمان هەبێ، دەبێ بۆ پاراستنی زمان و کولتووری کوردی تێکۆشانی هەمەلایانەمان هەبێ، کە لە یەکەم هەنگاودا دەبێ فێری دروست نووسین و دروست خوێندنەوە بە زمانی پاراوی خۆمان بین، لە پاشان هەوڵ بدەین بۆ فێربوون و ئاشنا بوونی زمانە بیانییەکان، ئەگەر بێتو بەو زمانەی کە قسە دەکەین و لەگەڵ یەکتر پێی دەدوێین نەتوانین بنووسین و بخوێنینەوە، کەمتەرخەمییەکی یەکجار زۆرمان دەرهەق بە خۆمان و زمانەکەمان کردووە، چونکە پەیامی زمان وەکو یەکەمین بەشی ناسنامەی خۆمان و گەلەکەمان لەبیر بردۆتەوە.

# دەستەڵاتی فۆرم
# لە پرۆسێسی ئەبستراکتیدا

وەهبی ڕەسووڵ
(سلێمانی)

گەر بەدواداچوونمان ئاراستەی بژوانی سەرەتاکانی بە نوێگەری کارکردن بکەین لە بزاڤی نیگارکێشان لە نێوەندی هونەریی شاری (دهۆک)دا، کە پێشینە و مێژووی کارکردنی هونەریی تێدا خاوەن ڕەگوڕیشەیەکی قووڵ نییە، سەرباری ئەو سەرەتایانەی کە شایستەی هەڵوێست لەسەر کردنن و هونەرمەندێکی وەک (سەعدەدین سەعید باتەیی) ڕێچکەڕێژی بەرایی بۆ کردووە لە میانی کۆتایی ساڵانی هەشتا و سەرەتای ساڵانی نەوەددا، ئەوە لەو ئەزموونە ئیستێتیکییانەی لەپاش ئەم نەخشەڕێژییە سەرەتاییە، ڕامان دەگرن و ئێستمان پێ دەکەن، ئەزموونی هونەرمەندانێکی وەک (عەبدولڕەحمان وەحید کەلحۆ و سلێمان عەلی و کەسانێکی کەمی دیکە) هەیە.

ئەم هونەرمەندانە جێگیرکەری بە مۆدێرن کارکردنی هونەرین لە بزاوتی هونەری ئەم دەڤەرەدا، گەر (عەبدولڕەحمان کەلحۆ)ی هونەرمەند دەرچوویەکی ئەکادیمی هونەر بێت، ئەوە (سلێمان عەلی) هونەرمەند، خۆی وەک هونەرمەندێکی ئارەزوومەند پێگەیاندووە و بینین و کارکردن و زەینی هونەرییانەی خۆی، سەرباری ساردی و خامۆشی نێوەندی هونەریی ئەوێ، (بە تایبەت پێش کردنەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، ساڵی «١٩٩٢» لەوێ) بردووەتە پێش.

دەستپێکەکانی ئەو بە ئەزموونگەلێکی سادە و پڕ کاریگەری ڕێبازە هونەرییەکانی ڕیالیستی و ئیمپرێشنیزمێکی تایبەت و ئێکسپرێشنیزم سەرچاوە دەگرن. لە هەموو ئەم بەدیهێنانە هونەرییانەشدا وێڕای جیایی ستایلی کارکردن، بەڵام دیاردەیەک کە بە ڕاشکاوانە خۆ دەنوێنێت، نزیکی هونەرمەندە لە سروشت، کە هاوشانییەکی دیاری زۆرێک لە کارەکانی دەکات و ئامادەیی خۆی لە هەر قۆناغ و کارکردنێکدا سەرباری دەست بردنی کەمی بۆ هەندێک بابەت و کاری دیکە، لە

دەست نادات.

کـارکـردنی دواتری هونەرمـەند کـە زیاتر لە سـاڵانی کۆتایی نەوەدەوە سـەرچاوە دەگرن، بە ئاست و ڕادەیەکی هەرچی زیاترەوە ئامـادەییـەکـانی خـۆیان لە سـروشـتـدا ئاراستـە دەکەن، لەم مـاوەی کارکردنە بەدواوە، سروشت وەک تاکە ژێدەرێکی بە هەژمـوون پیـادەیی و ئامـادەیی خـۆی بە سـەرجـەمی کـار و کـارکـردنی هونەرمـەندا دەخاتەڕوو، بەڵام بە جیاوازییەکی دیار و دیاریکراوەوە، کە تێیدا چیتر سروشت وەک یەکەیەکی هەمەکی بەدی ناکرێت، بەڵکو بینین و کـارکـردنی هونەرمـەند چووەتە خولی خوێندنەوەیەکی بەشەکییانەی سروشتەوە، لەم خولە کـارکـردنە هونەرییـەشـدا (گـەر بتـوانین وەها ناوزەدی بکەین)، هونەرمەند لەسەر ڕەگەزێک و یەکەیەک، زیاتر گـەمە ئەزمـوونییـە هونەرییـەکانی دەکات، کـە ئەویش یەکەی فۆرمی (گوڵ)ـە.

پێش چوونە نێـو لێدوانمان لە گـەمە تەکنیکییـەکـانی ڕووی کـارکـردنی تابلۆ لە تەک ئەم یەکـە فـۆرمـیـیـەدا، دەبێت ئاماژە بە گـەمە ئەزموون ناوزەدکردنی ئەم دەستە کـارکـردنە بەدیهـاتووە هونەرییـە بدەین. ئەم چەردە کـارە هونەرییـە، لە ڕوانگـەی ئەمـڕۆی کـارکـردنی هونەریی هونەرمەندەوە (کە قۆناغی دواتری کارکردنی هونەرمەند دەگرێتەوە) شتێک نین تەنیا پردێک نەبێت لە بەخشینی توانایی پەیوەسـتکردنەوە و ڕێ خـۆشکردن و بۆ بەدیهێنانی قۆناغی کارکردنی ئەمێستای نەبێت، لێرەدا چەندێک خۆشەویستی کارکردن و بەدیهێنان ئێستمان





پێ دەکـات، هێـندە و بگرە زیاتـریش گـەمـە و ئەزمـوونکردنی هونەرییـانە بە هەوێڵی جیـاجیـای جێبەجێکردنی تەکنیکی هونەریدا، لەسەر دڵەڕاوکێی جێگیری و دوودڵی پراکـتیـزەکردنی بینین و کـارکـردن ڕامان دەگرێت، بۆ نموونە: خودی ناسنامەی فۆرمی گوڵ وەک یەکـەی ئامـاژە پێکراو لە دەقی هونەریدا، لە هەندێک تابلۆدا ڕێزی لێ گیراوە و لە هەندێکی دیکەدا بەرەو لە دەستدانی ناسنامەی وەسفی ئەو فۆرمە دەچێت، کـە لەم مـیـانـەدا ئەو کـارانەی بە ڕەنگی ئاوی کـردوونی زیاتر یارمـەتیـدەری بوون لە وەرگـرتنی ئازادی جێبەجێکردنی تەکنیکی بۆ بەدیهێنانی جۆری ئەم گوتارە هونەرییە، وەک لە کاری ڕەنگە زەیتیییەکانی، ئەمەش بۆ سروشتی توانایی تەکنیکی خودی ڕەنگێکی وەک ئاوی خۆی دەگەڕێتەوە، کە بەدیهێنانی لایەنی تەکنیکییانەی ئەم ڕەنگە ڕێزگرتن لە ئامادەیی فۆرم لە ئەزموونکردنێکی وەهادا ئەو بەهایەی نامـێنێت، لێـرەدا هونەرمـەند کـار لەسـەر بەدیهێنانی ئەو یەکـەیە (گـوڵ) وەک چەمکێکی گشتی دەکات و جۆرێک لە گوڵێکی بینراو بەرجەستە ناکات، میانی ئەم گۆڕاندنە تەکنیکییە، زۆرجار تەنانەت ئاراستەی ڕوانین لە خودی تابلۆش دەگرێتەوە، واتە ئەو سیـسـتـەمـەی یاسای ڕاکـێشـانی زەوی لە دیاریکردنی بنەواچەی کـاری هونەریدا ڕۆڵی تێدا دەگـێـڕێت و لە هەندێک لە کارە هونەرییە بەدیهاتووەکاندا بە ڕاشکاوی و سانا هەستی پێ دەکرێت، لێرەدا و لە تەک هەندێک

کاری دیکەی هەر ئەم ماوەیەیدا هەڵدەوەشێتەوە. چیدی گرنگ نامێنێت، بۆ بینەر بە چ ئاراستەیەکدا (ستوونی، ئاسۆیی، یان بە پێچەوانەوە) سەیری کارە هونەرییەکە بکات، ئەمەش وەک سەرەتایەکە بۆ لە دەستدانی هەستکردنی ڕاستەوخۆییانەی بینەر بە جێگە (شوێن). هاوکات سەرەتایەکە بۆ بە دوو ڕەهەند کردنەوەی کاری هونەری و لە دەستدانی ئامادەیی ڕەگەزی زەمەن لە کاری هونەریدا، دیسان ئەمەش خۆی لە خۆیدا تێکشکانی ئامادەیی ڕێژەیی بوونە لە خزمەت و بەرژەوەندی بژوانی ڕەهایی بوون لە دەقێکی بینەییدا، کە ئەمانەش سەرلەبەر (بە هاوشانی کردنی بەشەکی کردنەوەی بینینێکی هەمەکییانە بۆ سروشت، کە خۆی لە خۆیدا هەڵوەشاندنەوەی تاک سەنتەری یەکەیەکی گشتی و بە سەنتەر کردنەوەی یەکەیەکی پەراوێزی ئەو یەکە گشتییەیە) پێشبینی و بەراییەکە بۆچوونە نێو خواستی جێبەجێکردن و بەدیهێنانێکی ئەبستراکتییەوە، تا ئێرە کە هێشتا فۆرم دەسەڵاتی هەژموونگەرا و لەبن نەهاتووی خۆی جێبەجێ دەکات و تا دوا کارەکانی ئەمێستای هونەرمەندیش، کە فۆرم لە حاڵەتی لەدەستدانی ناسنامەی ڕاستەوخۆی خۆیدایە، هێشتا ئامادەیی چەمکی ئەبستراکت ئامادەیی پرۆسێسی ئەو چەمکەیە، نەک خودی چەمکەکە خۆی. تا ئێستا سروشت/ گوڵ هەژموونی خۆی گەر بە ئامادەییەکی ژێر بەژێری نەشاردراوەش بووە، بۆ بینەر، پراکتیزە و ئاراستە دەکاتەوە. وا دەکات هەر بە زوویی گوتاری واتایی لە قۆناغی پێش دوا کارەکانی دیاریکراو و داخراو بێت لە وتارێک کە هەڵگری ڕەهەندەکانی بەرایی بوونەوە، گەڕانەوە بۆ سەرەتا، یاخی بوون لە ژیانی بنیادنراوی ژیاری مرۆڤ و هەر توانابیەکی تری گوزارشتگەرا، کە لە دەوری ئەم خولگە سەرەکییە هەڵسوڕێت. بە واتایەکی دی هونەرمەند هەر بە زوویی و لە زووەوە، کێشەی خۆی لە تەک پەیامی واتایی دەقەکانی خۆیدا یەکلاکردووەتەوە لە بەرژەوەندی خۆ تەرخان کردن بۆ مامەڵە و چارەسەری کێشەی تەکنیکی و ستایلگەرایی، هەر ئەم خۆ تەرخانکردنەیشە وای کردووە هونەرمەند بکەوێتە گەمەی ئەزموونە تەکنیکییەکانەوە بەبێ ترس لە گەیشتنی پەخشی واتاکانی دەق بە ئاستی چاوەڕوانی بینەر. لەم گەمانەدا گوتاری هێز و ڕێز بەخشین بە توانابییەکانی کەرەستەی کارکردن، تەواو نەبوون و کامڵ نەبوونی یەکەیی دەق لە سنووری چوارچێوەی پانتایی تابلۆدا و دەرچوون خۆ کامڵ کردنی لە دەرەوەی دەقی بینەیی لە



زەینی وەرگردا، وەک خەسڵەتی نوێی کارکردنی ئەم ماوە کارکردنەی خۆ ئاراستە دەکەن. ئەم سیمایانە و سیمای پێشتریش لە نەمان و لە دەستدانی سەنتەر، یان تاک سەنتەری، شێوازی کارکردنی هونەرمەند بەرەو ڕێبازێکی ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم و لەنێو نەخشەی ئەو ڕێبازەشدا بە دیاریکراوی بەرەو سەمتی شێوازی سروشگەرایی ئەو ڕێبازە دەبەن، کە تێیدا دوور و نزیک دەسەڵاتی فۆرم توانابیەکانی خۆی بۆ یەکجارەکی هەر لە دەست نادات.

ئەم دەسەڵاتەی فۆرم و کاڵ نەبوونەوەی لای خاوەن دەق، وەک هونەرمەندێک لە جوگرافیای سروشتێکی سەرنجڕاکێش و ئامادەیی بوونی بەهێزی باکگراوندێکی مینیاتۆرییانەی مێژوویەک لە ڕوانین و بەرجەستەی هونەری، وەک دوو هۆکاری گشتی بەلایەک و هەناسە کورتی و قووڵدانەچوون و کامڵ نەبوونی (گەر بە شێوەیەکی ڕێژەییش بێت) ئەزموونی ئیستێتیکییانەی هونەرمەند (بەو هۆکارە دیارانەی سەرەتا ئاماژەمان پێدا کە ڕەنگە هی نادیاریش هەبن) لە بەدیهاتنی نەچوونە پێشەوە و باڵابوونی هەرچی زیاتری ئەم ئەنجامە هونەرییەدا ڕۆڵی هۆکاری تایبەتیان گێڕاوە، گەیشتن بەم بەرەنجامە، لە گەیشتن بە قۆناغێکی هەستیار، لە هەستکردنێکی جوانی و کارکردن و بەرجەستەکردنی گەیشتن بەم جۆرە هەستکردنە تەکنیکی و ئیستێتیکییەمان بێ ئاگا ناکات، کە (سلێمان عەلی) هونەرمەند وەک وێستگەیەکی خوێندنەوە و ڕوانین و بەدیهێنانی هونەری پێی گەیشتووە، دڵنیاشم لە بەردەوام بوون و هەناسە درێژی کارکردن و بردنە پێشەوەیدا، دنیایەک لە جوانی و داهێنان لە ستایلێکی ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزمی تایبەتدا بەدی دێنێت.

# یەکەم کچ لە کۆیە شان بە شانی پیاو چووەتە سەر تەختی شانۆ

جەواد حەمەد بەگ ساڵح
(کۆیە)

خەیرییە عەبدولڕەحمان ئەحمەد ساڵی (١٩٤٣) لە گەڕەکی قەڵات لە کۆیەی ئەدەب و هونەر لە ناو خێزانێکی ئایینی و کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، باپیرەی خاتوو خەیرییە مەلا ئەحمەد کە بە مەلای ڕەش ناسراو بوو، خاوەن و مامۆستای یەکێک لە سێ سوختەخانە گەورەکەی کۆیە بووە، سەدان کەسی فێری خوێندەواری کردووە و دەیان زانای ئایینی و کەڵەپیاو و سیاسەتمەداری بۆ ژیان پێگەیاند، چ لەپێش کردنەوەی یەکەم قوتابخانە (قوتابخانەی ئوولا) (١٩٢٠)، چی لە دوای کردنەوەیدا. مخابن ئەم زانا گەورەیە ساڵی (١٩٤٤)، لە تەمەنی پەنجاو نۆ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. مەلا عەبدولڕەحمانی باوکیشی ماوەیەکی زۆر لەلای باوکی دەخوێنێت، وەلێ زوو دەچێتە مەیدانی خەبات و کۆڕی تێکۆشانەوە، ساڵی (١٩٣٦) دەبێتە ئەندامی گرووپی دارکەران، پاشانیش حزبی هیوا، لە کاتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، دواتر کوردستان، پێوەندیی پێوە دەکات و دەبێتە ئەندامێکی کارای ئەم حزبە، بۆیە دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت، ئەم گۆتەیەش ببووە وێردی سەر زمان (مەلا ڕەحمان قاچێکی لە ماڵەکەیەتی و ئەویتری لە بەندیخانە) بۆ دابینکردنی ژیانیشی ڕوو لە پیشەی لبادچیەتی دەکات.

تا دوایین چرکەی ژیانی لە ڕیزی ئەم حزبە و ڕێبازی بارزانی نەمر دەمێنێتەوە و لە پێناویدا دووچاری گرتن و ڕاونان و ئاوارەیی و ئازار و برسیەتی دەبێت.

خاتوو خەیرییە لە ناو ئەم بنەماڵەیە و خێزانە چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و گۆش کراوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، پاشانیش خانەی



خەیریە عەبدولڕەحمان ئەحمەد

مامۆستایانی هەولێر. لە ساڵی ١٩٥٦ ئەوکاتەی تەمەنی سێزدە ساڵان بووە، پێوەندیی بە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٥٧ هەوڵی داوە بچێتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بۆ ئەم مەبەستە داواکاریی پێشکەش کردووە، وەڵێ بەهۆی تەمەن بچووکییەوە قبووڵ نەکراوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەستبەرداری نەبوونە و وەڵامیان داوەتەوە: تۆ هەنووکە ئەوەندەت بەسە کە لە ڕیزی قوتابیان و لاوان کار دەکەیت و تێدەکۆشیت، تۆ کچی حزبیت، حزب شانازیت پێوە دەکات. خاتوو خەیرییە کەسێکی دیار و خۆشەویست بوو، هەمیشە جێی متمانەی دەستە خوشکان و قوتابیان و مامۆستایەکانی بووە، لەکاتی مامۆستایەتی و کاری بەڕێوەبەرایەتیشدا هەر بە هەمان شێوە بووە.

وەک دابونەریتی ئەم کاتەی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە، ساڵانە بە بۆنەی کردنەوەی دەرگەی قوتابخانەکان و دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن ئاهەنگ ساز دەدرا، کە بریتی بوو لە نمایشکردنی شانۆ و شایی و هەڵپەرکێ و ئەنجامدانی چەند یارییەکی تەنزئامێز و خوێندنەوەی شیعر و وتار، لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (١٩٥٧/ ١٩٥٨) کاک مەولوود ژاکاوی شاعیر ڕاسپێردرا شانۆگەرییەک ئامادە بکات، ئەم ڕاسپاردەیە هاوکاتبوو لەگەڵ لە سێدارەدانی شۆڕشگێڕێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، کە پێشتر لە بەندیخانە ڕایکردبوو، مخابن لەسەر سنووری عیراق و ئێران دەستگیر دەکرێتەوە، بە دادگاییکردنێکی ڕواڵەتی حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنن و ئەنجام دەدرێت، کاک مەولوود ژاکاوی خوێن گەرم ئەم ڕووداوەی قۆستەوە و شانۆگەرییەکەی لەسەر ئامادەکرد و بەم شێوەیە ڕۆڵەکانی دابەش کرد.

أ- ڕۆڵی معاون پۆلیسی بۆ خۆی هەڵبژارد.

ب- ڕۆڵی ژنە شەهیدی بە جەمال حوسێن سپارد.

ج- ڕۆڵی دوو پۆلیسەکەی بە نادر حەمەد و تاهیری مام سابیر سپارد.

د- ڕۆڵی کوڕە شەهیدی بە حەمە عەلی عومەر ئاسنگەر سپارد.

ئێستا شانۆگەرییەکە پێویستی بە کچێکی بوێر و بلیمەتە تا ڕۆڵی کچە شەهید ببینێت و بتوانێت بگری و بزریکێنێت و قژی برنێتەوە، دەستکەوتنی ئەم کچە کارێکی ئاستەنگ بوو، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەنجام نەدانی شانۆگەرییەکە، چی ئامادەکار و دەرهێنەر لەم ئاستەنگییە دەرباز دەکات؟ نیگەرانە، تووشی دووڕیانێک بووەتەوە، ئەم دەقە، یان یەکێکی دیکە؟!!

هەر لەم کاتە ناسکەدا کچێک بە عەباوپێچەوە خۆی بە هۆڵی شانۆدا دەکات و دەڵێت هاتووم، ڕۆڵی کچی شەهید ببینم، عەباوپێچەکەی فڕێ دەدات و تەنیا لەچکی (سەرپۆش) دەهێڵێتەوە، لەگەڵ ئەکتەرەکان دادەنیشێت و قەڵەم و کاغەز دەردەهێنێت و پشکی خۆی دەنووسێتەوە، دەبێت تا بەیانی خەیرییە و ئەکتەرەکانی دیکە ڕۆڵەکانیان ئەزبەر بکەن، ڕۆژانە ئامادەی پرۆڤە دەبوو، تا (١٩٥٧/٩/١٥) کاتی ئاهەنگ و نمایشکردنی شانۆگەرییەکە، پەردەی یەکەم و دووەم بریتیی بوو لە باس و پەسنی ئەم تێکۆشەرە ئێرانییە کە چۆن ڕێگای خەبات و بەرخودانی هەڵبژاردووە و چۆن چالاکانە تێکۆشاوە و بۆ خەبات و ڕزگاری و بەرخوودان هانی خەڵکانی دیکەی داوە. چۆن گیراوە و چۆن توانیوبەتی دیواری زیندان ببڕێت و هەڵبێت؟ پاشانیش چۆن دەسەڵاتدارانی ئێران لە دە قۆڵەوە بە دوایدا چوونە و توانیویانە دووبارە دەستگیری بکەنەوە، گرنگی

شانۆگەرییەکە لە دوایین پەردەدا دەردەکەوێت، کاتێک پۆلیس لەدوای لە سێدارەدانی تێکۆشەرەکە بانگی خێزانی شەهید دەکەن، لاشەی شەهید لە حەوشەی بنکەی پۆلیس ڕاکشاوە و بە پەشمەکی سپی داپۆشراوە، معاونی پۆلیس ڕوو لە کچی شەهید دەکات و پێی دەڵێت: دەزانی بۆ باوکت لە سێدارە درا؟ کچە گەردوومی دەگیرێت و وەڵامی پێ نادرێتەوە، معاونی پۆلیس خۆی دێتە وەڵام: چونکە دز و جەردە و ڕێگر بوو، ترس و دڵەڕاوکێی لە دڵ و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵدا دەچاند.

خاتوو خەیرییە لە بری گریان و لەخۆدان و قژ ڕنینەوە، بەڕووی معاونی پۆلیسدا هەڵدەگەڕێتەوە و تا دەتوانێت هاوار دەکات: نەخێر، باوکم دز و جەردە و ڕێگر نەبووە، ئێوە دز و جەردەن، کە ماف و ئازادیی ئەم گەلەتان دزیوە، دواتر لە کاتی دیالۆگ و دیمانە لەگەڵ خاتوو خەیرییەدا، وردەکاری و زانیاری زیاترتان بۆ ڕوون دەبێتەوە.. کاتی بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزی (١٩٥٨) بوێرانە لەگەڵ خاتوو فریشتە دێنە سەر شەقام و هانی جەماوەر دەدەن بۆ پشتگیری کردن لە شۆڕشی نوێ، خەیرییە وەک ڕێبوارێکی کاروانی خەبات لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان، پاشانیش لە ڕیزی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لەسەرجەم کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەکاندا بەشداریی دەکرد و چالاکی دەنواند.

لە بەرایی حەفتاکاندا لەگەڵ هونەرمەندی بواری شانۆ و شێوەکار مامۆستا (حەمە عەلی عومەر ئاسنگەر) ژیانی هاوسەریی پێکهێنا، مخابن لە دوای ناوەڕاستی حەفتاکان دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بووە و ماوەیەکی درێژ پێوەی کەنەفت بووە، تا لە ١٩٧٧/٩/١٣ ژیانی دوایی هات و ماڵئاوایی یەکجارەکی لێکردین.

مانگێک بەر لە مردنی سەردانیم کرد، لە دۆخێکی نالەبار و لێوانلێو بوو لە ئازار و ژان، لە ژیانی هیوا بڕاوبوو، ئەسرینی دەڕژاند و هەنیسکی دەدا، هەر کە لەسەر چوارپاکەی بەدیی کردم بە دەم هەنیسک و ناڵە و نرکەوە گوتی: توخوا ئەدیبان، نووسەران، هونەرمەندان.... لەبیرم مەکەن، ئەوەندەی ژیام بۆ کورد و هونەر ژیام... لە کاتە ناخۆشەکانی ژیانم بوو، ئەم پەیڤانەی تاساندمی، بەبێ ئاگر برژاندمی، باکگراوەندی



بۆ ڕۆژانی ڕابوردوو دەبردەوە و گریانەکەی بە گوڕتر دەبوو، ویستم بۆ چەند ساتێک ئازار و هەنیسکی لێ دوور بخەمەوە، تا سەرەنجام ئەم دیالۆگ و دیمانەیەی لێکەوتەوە، هەرچەندە مەبەستم نەبوو و پێشتر بەنیازی نەبووم، قسە هاتە سەر شانۆگەریی گۆڕیین (تێکۆشەرێکی کوردی ئێرانی لە دار دراو):

* چی وای لێکردی بەشداری لەم شانۆگەرییەدا بکەیت و کێ داوای لێکردیت؟

– کەس داوای لێ نەکردم، تەنیا کاتێک بیستم کە پێویستیان بە کچێکە بۆ بینینی ڕۆڵی کچی شەهید، بە دەنگیانەوە چووم و دەستم بە پرۆڤە کرد و دواتر ڕۆڵەکەم بینی.

* دەڵێن پەیڕەوی دەقەکەت نەکردووە و ترازاندووتە، ئەمە تا چەندی ڕاستە و چی وای لێکردیت وا بکەیت؟

– ئەمەیان سەد لە سەد ڕاستە، لە دوایین پەردەدا، کاتێک لاشەی باوکم بینی و معاون هۆی شەهیدبوونی بۆ دزی و جەردەیی گەڕاندەوە، دڵم پڕ بوو کاک عەزیزم (عەزیز سەربەست) کە تاکە برام بوو لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان بوو، سزای بەسەردا سەپێنرابوو، باوکیشم هاتەوە بەرچاو کاتێک پۆلیس هاتنە ماڵمان و باوکمیان گرت و کەلەپچەیان کرد، ئێمە دامانە گریان و لەخۆدان و قژ ڕنینەوە، باوکم قاچەکانی چەقاند و ئاوڕی لێ داینەوە و وتی: شەرم کەن، گریان کاری بێ دەسەڵاتە، دڵی دوژمنان و ڕەقیان خۆش دەکات، منیش هەر وام زانی ئەم کاتەیە و بەناخی واقیعی ژیانمدا شۆڕ بوومەوە.

* ئایا پێش تۆ هیچ کچێکی تر هاتووەتە سەر شانۆ؟

– بیستوومە لە نەورۆزی (١٩٤٨) لە تاتووکانی کۆیە لە ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی خاتوو (لەتیفە) ڕۆڵی

کـارەکـەری بینیـوە، بەڵام لە ڕۆڵەکەی بێ دەنگ بووە و تەنیا سەرقاڵی کاری ناوماڵ بووە.

* بەڵێ ئەمـە زۆر ڕاسـتـە، لە سـاڵی (١٩٣٦)یش کـیـژۆڵەیەکی کـۆیە لە شـانۆگـەری (جـووتیـاری کـورد)دا ڕۆڵی ژنە جـووتیـاری بینیـوە، بەڵام وەک تۆ بوێر نییـە و لەم ڕۆژگارەدا حەز ناکات ناوی بێتە نێو ناوانەوە.

– کـەواتە من یەکـەم کچ بوومـە شـان بە شـانی پیـاو تەختی شانۆم پیرۆز کردووە.

* جگە لەم شانۆگەرییە لە هیچ شانۆگەرییەکی دیکەدا بەشداریت کردووە؟

– بەڵێ، لە یاد و بۆنەکـاندا کـە بە نهـێنی ئەنجـاممان دەدان، ڕۆڵی سـەرەکـیم لە نمایشکردنی شـانۆگـەرییـەکـان دەبینی.

* ئەی لەدوای تۆ، کچی دیکە هاتوونەتە سەر شانۆ؟

– لە بەرایی شـەسـتـەکـان خـاتوو (مـاریا باکـووری) چووەتە سەر تەختی شانۆ و تا بلێی کچێکی بوێر و کارا بووە.

* مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی نوێی کۆیە بۆ بەهاری (١٩٣١) دەگـەڕێـتـەوە، ئەی لەم کـاتـانەدا چۆن ڕۆڵی ئافرەت لەسەر شانۆ بەڕێ دەکرا؟

– پیاو ڕۆڵی ژنی دەبینی..

* وەک:

– ئەوەی من بینیومە، جەمال حوسێن بووە، بە ڕاستی کارامە و لێهاتوو بوو، من کچ بووم نەمدەتوانی وەکو ئەو ڕۆڵی ژن ببـینم، زۆربەی جـار دەبووینە دایک و کچ. عـاریف ڕەئووف و زاهیـر نووری جـانیـشم بیـسـتـووە، زۆریشم لەبیر نەماون.

* تا گلەیی و گـازندەمـان ئاراسـتـە نەکـەن من بۆتی تەواو دەکەم و دەیانهێنمەوە یادت: ئەحمەد موستەفای غەفووری لە ساڵی (١٩٣١) لە شانۆگەریی (پیرۆزخان کچی کوردسـتـان) ڕۆڵی پیرۆزخانی بینیـوە. مامۆسـتا فـەتحـوڵا عـەبدوڵڵا خـەیات لە سـاڵی (١٩٣٥) لەشانۆگەریی (سەلاحەدینی ئەیووبی) ڕۆڵی (جۆلیانە)ی خـوشکی پادشـای بینیـوە. لەساڵی (١٩٣٨) کـاتێک شـانۆگـەریی (جـووتیـاری کـورد) دووبارە نمایش کـرایەوە لەگـەڵ ئەو (زاهیـر نووری جـان)ـەی کـە ئامـاژەت پێـدا دڵشـادی ڕەسـووڵیش بەشـداری کـردووە و ڕۆڵی ژنی بینیـوە، هەر لە هەمـان سـاڵیـشدا لە شانۆگـەریی کـچی دامەن پاکدا کە نۆبەرەی قوتابخانەی ناوەندی کۆیە بووە، زاهیـر نووری جـان ڕۆڵی کـچی دامـەن پاکی نواند و دڵشادی ڕەسوولیش ڕۆڵی کارەکەر.

لە نەورۆزی (١٩٤٨)یش هەروەک پێـشـتـر ئامـاژەت پێدا عـاریف ڕەئووف لە ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی ڕۆڵی (بووکی) بینیوە.

بەڵێ، نرکـە و ناڵەی گـەروو و لێـوانی، زەنگوڵەی ئەسرینی چاوانی، پەیڤە بەپێز و ناسک و جـوانەکـانی، لەناو دڵ و دەروونمدا بوونە شـووشـەیەکی ورد و خـاش تا دوا هەناسەم پێوەی دەناڵێنم و دەتلێمەوە، بەڵێ خوشکی هونەرمـەند و پەروەردکـار و سیـاسـەتمەدارم، جـاویدانی، هەمیشە لە یادی ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندانی، هەر گـــاڤ ناوت لە دووتوێی لاپەڕەکـــانی مـــێـــژوودا دەدرەوشـێـتـەوە و کـاڵ نابێـتـەوە و ناسڕێـتـەوە، هەروەک شاعیری میللیی کورد و سامی عەوداڵ دەڵێت:

**(هەر کەسێ بمرێ لە ڕێگای نیشتمان و میللەتە**
**نامرێ هەرگیز دەمێنێ چونکە خاوەن غیرەتە)**

# کەشتیی مەرگ
# ئەنتۆلۆژیای شیعری نوێی ژاپۆنی

هاشم سەڕاج

**گوڵەکان لە خەونمدا**
**لە بای بەهار پەرتوبڵاو دەبنەوە و**
**دەفڕن، کاتێ وەئاگا دێمەوە**
**دڵم هەر شپرزەیە**
**«سایگیۆ»**

کەشتیی مەرگ، کتێبی ئەنتۆلۆژیای شیعری نوێی ژاپۆنییە و لە نووسینی شاعیر و شارەزا لە بواری ئەدەبی ژاپۆنی «محەمەد عوزێمە»یە و عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی و پێشکییەکیشی لە بارەی سروشت و «زن»ی بودی و ئایینی شنتۆ و چرکەی بێ زەینی ئاوازی مەعنەوی لەژێر ناوی «بۆشایی و بۆشایی بوون»، یان تێڕوانینی ژاپۆنییەکان بۆ ژیان نووسیوە. ئەم کتێبە بە پێشەکییەکەی وەرگێڕی کوردییەوە یازدە بەشی لەخۆ گرتووە، بەشەکان بریتین لە شیعری ژاپۆنی و واقیع و بەرەنگاربوونەوە، گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵێک شاعیر و ژنە شاعیری ژاپۆنی، لە شیعری نوێی ژاپۆنی «چەند نموونەیەکی هەڵبژێردراو» و چەندین دەقی «هایکۆ»ی وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی و دەقی




دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ «محەمەد عوزێمە»ی ئامادەکاری کەشتیی مەرگ، وەرگێڕی کوردی لە پێشەکییەکەیدا، لە تێڕوانین و مامەڵەی مرۆڤی ژاپۆنی دەدوێت کە چۆن بە زمانێکی عاشقانە لەگەڵ لایەنی نەرم و زبری سروشت دەدوێت [وەک ئەوەی لە پرسەکانی بوونی خۆی ڕامێنێ]. ژاپۆنییەکان وەک پەرستراوێک سەیری سروشت دەکەن و بەرانبەر بە جوانی و نهێنییە سەرسوڕهێنەرەکانی سەرسام دەبن.

سەبارەت بە چێژ و بیرکردنەوەی مرۆڤی ژاپۆنی بۆچوونێکی «داریوش شایگان» دێنێتەوە کە دەڵێت «لای مرۆڤی ژاپۆنی چێژ تێکەڵ بە تێڕوانینی وێنەییانە دەبێت.. بەو مانایەش بیرکردنەوەی ژاپۆنی لەگەڵ چێژی هونەری ئاوێتەی یەکترین و ناکرێ ئەو دووانە لە یەکتر جیا بکرێنەوە» دواتر وەرگێڕی کوردی لە ئایینی دێرینی ژاپۆنییەکان دەدوێت کە ئایینی «شنتۆ»یە، واتە ڕێگەی خودایان، بنەمای ئەم ئایینەش «پاکی» و ڕۆچوون و نغرۆبوونە لەگەڵ سروشت، بەڵام [لە تەک

ڕوح و خودایان جگە لە پاکی جەستە، پاکی دڵیش گرنگە... خوداکان واتە «کامی» ].. بەڵام کامی چەشنی ڕوح، یان وەک نەزانراو و نادیارێک سەیر دەکرێت.

هەر لە ڕوانگەی ئەفسانەی «کامی»یەوە ژاپۆنییەکان خۆیان بەخانەدان دەزانن و لە هەمان ڕوانگەوە لە پێشینانیان دەڕوانن، بۆیە لە ژاپۆن «دەوڵەت بریتییە لە کۆبوونەوەی خێزانەکان»... ئایینی شنتۆیی لە سەرەتادا ئایینێکی سروشتی بووە. ڕوحی دیاردەکانی سرووشتیان بە خوداوەند لە قەڵەم داوە، ئایینی شنتۆی نە دامەزرێنەری هەیە و نە بیروباوەڕێک کە پەیڕەو بکرێت، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی کۆمەڵێک دابونەریت و سرووتەوە پەیڕەو دەکرێت، کە لە باوباپیرانەوە ماوەتەوە، بەڵام لە سەدەی هەشتەم لە ئایینی [بودا-ی ئایینی چینییەکان] نزیک دەبێتەوە، لە سەدەی حەڤدە ئاوێتەی یەکتر دەبن و بە ئایینی «ریۆبۆشینۆ» دەناسرێت، بەڵام ئایینی بودایی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی ژاپۆنییەکان هەیە، بە تایبەتی لایەنی «زن» Zn کە پێوەندی بە چێژ بینین و جوانییەوە هەیە، چونکە درککردنی جوانی پابەندی لێبوردبوونەوەیە، وشەی «زن»یش مانای لێوردبوونەوە دەگەیەنێت، وەک وەرگێڕی کوردی دەڵێت [«زن» تیرەیەکی بوزین، ئەوانەی پەیڕەوی ئەو فیکرەیە دەکەن بە دانیشتن ممارسەی لێبوردبوونەوە دەکەن، یان بە مانایەکی دیکە لە بۆشایی شتەکان ورد دەبنەوە]، بەڵام حاڵەتی زن پێویستی بە خاڵی کردنی زەینە لە سەرجەم بیرۆکە کەڵەکە کراوەکان و گەیشتنە بەچرکەی بێ زەینی، درککردن بە بوونی بۆشایی، بۆیە شاکامۆنی دەڵێت: بۆشایی ئەوکاتە دێتە دیتن، کە بە یاسای نەبوونی خود دەگەین].

کەواتە بودایی لە چرکەساتی زندا بەبێ زەینی لە شتگەلەکان ورد دەبێتەوە، هەروەها شاکامۆنی ڕەوشی نا بەردەوامی بە ئازاری نیشتەجێی نێو هەموو شتگەلەکان نێوزەد دەکات و ئەم حاڵەتەیش دەکەوێتە نێوان ڕێکخستنی سروشتی و بەهاییەوە، لە کاتێکدا هاوپێویستییەک بکەوێتە نێوان ئەم دوو ڕێکخستنەوە هەست بە بەختەوەری دەکەین، بە پێچەوانەوەش هەست بە ئازار دەکرێت.

ئەم بیرۆکەی بێ زەینییەش لە «هایکۆ»ی ژاپۆنیدا ڕەنگی داوەتەوە، هایکۆ بە ئیشراقی برووسکە ئاسا لێک دەدرێتەوە، لێرەدا وەرگێڕی کوردی زۆر بە وردی لە چەمکی بۆشایی و بێ زەینی و ئاوازی مەعنەوەی دەدوێت، ئاوازی مەعنەوی ئاوازێکە لە ڕوحی ژاپۆنیاندایە، بەڵام کاتێک بمانەوێت ئەو بۆشاییە ببینرێت، پێویستە بۆشاییەکی تایبەت بە خۆمان دروست بکەین، بوونی بۆشایی و کەشی بەتاڵ و بێ زەینی لە هونەری ژاپۆنی و لە ژیانی ڕۆژانەی تاکی ژاپۆنیدا ڕەنگی داوەتەوە، گەڕان بە دوای بۆشایی، گەڕانە بەدوای حەقیقەتی شتگەلەکان، وەرگێڕی کوردی لەم پێشەکییەدا وای بۆ دەچێت کە ژاپۆنییەکان بڕوایان بە جواننووسی و کورتبڕی و بچووک کردنەوەی شتەکان هەیە، ئەم خەسڵەتەش لە نیگار و میناتۆر و شیعری ژاپۆنیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەگەر ئیشراقی برووسکە ئاسا پێوەندی بەبێ زەینی و سروشتی کەمدوویی و بێ دەنگی و کورتبڕی و کەشی بەتاڵەوە هەبێت، ئەوە ئاوازی مەعنەوی لای ژاپۆنییەکان پێوەندی بە هەستی خۆڕاگری و چەمکی سامۆرایی- سوارچاکییەوە هەیە.

سامۆرایی واتای خۆ ئامادەکردن بۆ مەرگێکی جوامێرانە دەگەیەنێت، یان بەشێوەیەکی تر سامۆرایی بە ڕوحێکی خۆڕاگر پێشوازی لە بۆشایی و بێ زەینی دەکات [سامۆرایی پێشوازی کردنە لە پووچی و بە مەرگی بێ خەفەت ناسراوە، واتە نێرڤانا.. مەرگێک لە زەبوونییەوە نەیەت، بەڵکو میوەی گەیشتووی ژیان بێت].. دواتر شاکامۆنی بیرۆکەی پووچی ژیانی مرۆیی دەوروژێنێت، پێی وایە هەموو کارە مرۆییەکان لە بەختیاری و دڵخۆشی و خەم و چێژ..تاد لەنێوان هۆ و ئەنجامدا بەرەو پەیوەستبوونێکی نامرۆییانەمان دەبەن و بوونەوەریش لە خودی خۆیدا هیچ جەوهەرێکی نییە، هەموو شتێ بۆشە و ژیانی مرۆیی جگە لە خەونێکی بەهاری چیدی نییە!

لە بەشی یەکەمی کەشتی مەرگدا محەمەد عوزێمە مێژووی شیعری تۆمارکراوی ژاپۆنی دەخاتە ڕوو، کە مێژووەکەی زیاتر لە سێزدە سەدەیە، کارە شیعرییەکانی یەکەمین شاعیری ژاپۆنی «کاکی نۆمۆنتۆ هیتۆمارۆ» بۆ سەدەی حەڤدەی زایینی دەگەڕێتەوە، کاری ئەم شاعیرە و شاعیرانی تریش لە کتێبی «مانیۆشۆ» واتە «دیوانی هەزار لاپەڕە»دا تۆمارکراوە، ئەم

کتێبە ٤٥١٦ قەسیدەی هەڵبژاردە لەخۆ دەگرێت و تائێستاش دەخوێندرێتەوە و ڕاڤە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت، هەروەها مێژووی وەرکا «کۆنترین شیعری ژاپۆنی» کە بەفۆرمی بنەڕەتی شیعری دەربار ناسراوە، هەریەک لەم دەقانە بەناوی ئیمپراتۆرێک ناونراوە، ئەم کتێبانە هەتا ئێستاش کاریگەرییان بەسەر ڕۆشنبیری ژاپۆنییەوە هەیە، بەڵام دواتر جۆری شیعری دەربار لە ژاپۆن کۆتایی دێت و کاتێکیش ژاپۆن لە ڕێگای خۆرئاواوە هەنگاوی بە پەلە دەهاوێت، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست «واکا» کە پێی دەڵێن «تانکا» یان قەسیدەی کورت، جۆرێک لە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، خەڵکی ئاسایی بە فۆرمێکی نوێ هەست و بیرۆکەیان دەخەنەڕوو و فۆرمی تانکا نوێ دەکرێتەوە و هەر لەم خاڵەشەوە ڕێنیسانس سەرهەڵدەدات.

لە بەشی عاشقانی بێ دەنگیدا محەمەد عوزێمە، لە پێکهاتە و ڕیتم و پارچەی دەنگی «تانکا» دەدوێت و دواتر شێوەیەکی تری «تانکا» دەخاتە ڕوو، کە بە فۆرمێکی کورتتر دەنووسرێت بەناوی «هایکا» کە ئەمڕۆ بە «هایکۆ» ناودەبرێت و زیاتر بەلای ئاماژەدا دەڕوات، نەک گوزارشت.

لێرەدا دوو پارچە لە شیعری «تانکا و هایکۆ»ی «ماسا ئۆکا-شیکی ١٨٦٧- ١٩٠٢» بە نموونە دێنینەوە، کە لە تازە کردنەوەی شیعری ژاپۆنیدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە و دواتریش بە نەخۆشی «سیل» سەری ناوەتەوە.

**«هایکۆ»**
**دووبارە و بۆ هەمیشە**
**دەپرسم**
**بەفر چەند باریوە**
**--------**
**«تانکا»**

**گوڵی سوسەن**
**دەم دەکاتەوە**
**دواین بەهاری ژیانیشم**
**لە کۆتایی**
**نزیک دەبێتەوە**

قەسیدەی تانکا خەسڵەتێکی لیریکی هەیە و بەهۆی شێوەکەی کە لە شێوەی قەسیدەی هایکۆ بەرفراوانترە بوار بە شاعیر دەدات گوزارە لە هەست، یان وەسفی هەستێک لە هەستەکانی بکات. لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا نووسەر بە دوورودرێژی لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی «شیعری ئازاد»ی ژاپۆنی دەدوێت و لە ئاسەواری هەردوو جەنگی جیهانیش دەکۆڵێتەوە، هەروەها شوێنەواری مەرگەساتی بۆمبی ئەتۆمی بەسەر کۆمەڵگای ژاپۆنی، دواتر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست کە چۆن کۆمەڵێک تیور و میتود و فۆرمگەلێکی خۆرئاوایی ڕوو لە نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ژاپۆنی دەکەن، چونکە شیعری ئازاد لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٦٠دا بە شیعری دوای جەنگ نێوزەد دەکرا، هەروەها دەقی «وێرانەخاک»ی تی.ئێس. ئیلیەت و «زەمەنی نیگەرانی» ل. ئۆدن سەبارەت بە ژاپۆنییەکان چەند ناوونیشانێک بوون گوزارەیان لە بارودۆخی ئەوسای ژاپۆن دەکرد، هەروەها نووسەر بە وردی لە ئاشنابوونی ژاپۆنییەکان دەدوێت بە بزووتنەوە و ڕێبازە ئەدەبییە ئەوروپاییەکانی وەک ڕۆمانسیەت، ڕەمزیەت و دادایی و سوریالی...تاد، بەڵام دواتر «کاتێک شیعری ژاپۆنی لەگەڵ شیعری خۆرئاوایی بەریەک دەکەون، ئیتر ژاپۆن دەچێتە نێو کردەی «بەخۆرئاوابوون»... هاوکات لە ڕەوت و بزاڤی گەشە و پێشکەوتنی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی ژاپۆنی دەدوێت لە دەرفەتێکی تردا هەوڵ دەدەم بەشێک لە دنیابینی و بۆچوونی ئەو شاعیرە ژاپۆنییانە بخەمەڕوو کە لەم کتێبەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، هەروەها ئەو دوو چاوپێکەوتنەی کە لەگەڵ نووسەری ئەم کتێبەدا ئەنجام دراون.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: کەشتیی مەرگ**
**نووسەر: محەمەد عوزێمە**
**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا**
**بابەت: هونەری**
**چاپخانەی: ڕوون**
**چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.**

# (کەری بۆریدان) ئەزموونێکی نوێیە

**مەسعوود پەرێشان**

ڕەنگە هەندێک لەگەڵ ئەو بۆچوونەمدا یەک نەگرنەوە، بەڵام زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم: عەباس عەبدوڵڵا یووسف لەنێو دنیای شیعری دوای بەیاننامەی (ڕوانگە)ی ساڵی ١٩٧٠، تەنانەت لەناو بزاڤی ئەمڕۆی شیعری کوردیشماندا، بە یەکێک لە شاعیرە تازەگەر و یاخییەکان دەژمێردرێ، کە خودان دەنگ و ڕەنگی خۆیەتی، ئەو زیاتر لە چل ساڵە لەگەڵ شیعر خەریکە، بە جۆرێک کە لە هیچ کەس ناچێت و بە جۆرێکی دیکەش دوای خۆی چاولێکەری زۆرن، کە دان بەوەدا نانێن. ئەو شاعیرە مامۆستایانە و هەمیشە وەستایانەتر لە هاوشێوەکانی دەرکەوتووە و ئەوانیش هەردەم وەک شاگردێکی ئاشکرای ڕەوتی شیعریی ئەو دەرکەوتوون، ئەگەر لە هەوڵی ئەوەشدا بووبن، ئەم شاگردایەتییە بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕتووش و پەردەپۆش بکەن، بەڵام ئەوە حەقیقەتێکە و ناشارێتەوە.




## دوا دیوانە شیعری

عەباس شاعیرێکی تەڕدەستە و زیاتر شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەکاتەوە، ناوە ناوەش کۆمەڵە شیعرێکی خۆیان لە شێوەی دیوانە شیعردا پێشکەش دەکات، دوا دیوانە شیعریشی لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا کەوتە بەردەست و دیدەی هەموومان، کە لە ڕامانێکی کورتیلەدا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە لەلای ئێمە دەکەوێتەوە.

– ناوی دیوانە شیعرەکە (کەری بۆریدان)ە.

– کەوتۆتە دووتوێی (١٣٥) لاپەڕەی قەوارە مامناوەندی.

– لە چاپ و وەشاندنی دەزگای چاپەمەنی (ئاراس)ە.

– بریتییە لە پازدە هۆنراوەی درێژ و فەرهەنگۆکێکی بچکۆلەی پێویست.

– لە بەرگێکی جوانکیلە و بە چاپێکی شایستە کەوتۆتە بازاڕەوە کە دەهێنێت خوێندنەوەیەکی خێراو شایستەی بۆ بکەین!

## ناوەڕۆکی دیوانەکە

دوای ئەوەی شەوورۆژێکی تەواو خەریکی خوێندنەوەی ئەم دیوانە

شیعره بووم، گەیشتمە ئەو ڕایەی بە ڕاشکاوی بێژم، ئەمە جوانترین و سەرکەوتووترین ئەزموونی شیعری شاعیره کە لە سەرەتاوە لەسەر ڕەوتێک نەگیرساوەتەوە و وەک شاعیرێکی خودان ئەزموونێکی فرە ڕەهەند، خۆی نوێ کردۆتەوە و بەو جۆرەش هاتۆتەوە مەیدانی تازەگەری و توانایی ئەوەی هەیە لەگەڵ سەرلەبەری ئەزموونە جیهانییەکان دەست و پەنجە نەرم بکات.

ڕاستە زۆربەی هۆنراوەکانی ناو ئەم دیوانە شیعرە، بە یەک جۆرە ڕیتم و گەمەی زمانەوانی نووسراوەتەوە، بەڵام لە هەر یەکێکیاندا جۆرێک لە تایبەتمەندیی ئەزموونی خودیمان بەرچاو دەکەوێ، بەم شێوەیەی خوارەوە کە بۆچوونی خێرا لە بارەی هەموو شیعرەکانییەوە دەردەبڕم.

(١) سێبەر و مێبەر شیعرێکی درێژە، هەست بەوە دەکرێ شاعیر لەژێر کاریگەری هەر پێنج ڕەهەندی جنس و هۆش و سامان و هێز و مێژووەوە، دەچێتە نێو بوون و نەبوون و گەورەیی و بچووکبوونەوەی تاک و کۆمەڵ و بیرکردنەوەی میتافیزیکیانەی مرۆ لە چوونە ناو هۆشمەندیی خۆی و سێبەرەکانی دەوروبەری خۆی، لە خەیاڵ و واقیع و ئەو بوونەوەرانەی لەگەڵیدا دەژین و لە دەوروبەریشی وەکو خەیاڵ و خەون و سێبەر بە چوار دەوریدا دەسووڕێنەوە، کە ئەویش بەسەریەکەوە ڕەهەندێکی فەلسەفیانەی لێ کەوتۆتەوە تا سەرلەنوێ هەموو ئەگەرەکان لنگەوقووچ بکەونەوە و هەر پێنج ڕەهەندەکەش دژی ڕەوتی خۆیان بەدەربکەون.

– لە خورا.

ئەم دەقە بە هەردوو هونەری شیعر و پەخشانە شیعر نووسراوەتەوە و گەمەیەکە لەنێوان هەست و نەست و (هۆش و بنهۆش) و گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و گەڕیدەیی و سۆفیزم و ئەوپەڕی عەبەسیەتیش، کە سەرلەبەری دەقەکەی پێشکەشی فەرهاد پیرباڵ کردووە و لە ناوەرۆکەکەیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ. کە هەردووکیان لە دووتوێی ئەم دەقەدا هاوشێوە کەوتوونەتەوە، شاعیریش بە زمانێکی نزیک لە خەڵک و داڕشتنێکی هونەری ئەوتۆ، شیعرەکەی پێشکەش کردووین، کە لەنێو دەقی شیعری کوردیماندا، هاوشێوەی کەمە.

– دێو لە ٢٠٠٠ بەدواوە.

ئەم شیعرە لە هەموو ڕوویەکەوە لە شیعرەکانی دیکەی جیاوازە و لە لایەکەوە فەلسەفە و ئەفسانەی لەگەڵ یەکتر تێکەڵ کردووە و لەلایەکی دیکەیشەوە بە هەقایەت و دێوە تازەکانمان دەناسێنێ، بۆ یەکەمین جاریش لە سیاسەت نزیک دەکەوێتەوە و جورئەتی ئەوەش دەکات دەست بۆ هەندێک باس و تیمە ببات، کە پێشتر کەمتر لە هزری شاعیر دەرکەوتوون و بە کارێکی نوێ لە شیعرەکانی ئێستایدا ئەژمار دەکرێن، لەلایەنی هونەریشەوە بەسەرکەوتووترین شیعری ئەوی دەبینم و خۆزگە ئەم دیوانە شیعرەیشی هەر بەو ناوەوە ناوبنایە، چونکە لەو باوەڕەدام، لەو شیعرە جوانتری نەنووسیوە و ئەوە بە سەرچۆپێکیشی سەرجەم دیوانەکانی دەزانم.

– فشقیاتی مێرووله.

هەم ناو و هەم ناوەرۆکی شیعرەکەش بۆ شیعری کوردیمان غەوارە و نامۆن، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە شاعیر بە هەموو وردیلە بابەتێک دەوەستێ تا وەستایانە لە شیعردا بەکاریان بەرێ و مەبەستی ڕاستەقینەی خۆیشی بپێکێ و تایبەتمەندی خۆیشمان لەم جۆرە کارە دەگمەنانەدا پێ بناسێنێ، کە کەمتر لە شیعری کوردیماندا بەدەرکەوتوون. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ، کە ئەم جۆرە شیعرانە لەنێو شاعیرانی عارەب و فارس و ئەوروپاییەکاندا، هاوشێوەیان گەلێ زۆرە و بەدەیان نموونەی شاعیرانی دادایی و سوریالیمان لەبەردەستە، کە شاعیر بە یەکێک لە تازەگەرانی ئەو جۆرە ڕەوتە شیعرییانە دەناسرێ:

– مۆمیاتی شیعریکە لە دووتوێی هیچ گەرایی و بوونەوەری خوداوەند و سروشتی ئاگر و خاک و ئادەمی و ڕووناکی و تاریکی و ئاگر و خۆڵەمێش و ئەفسانە و پووچبوونەوەی نێوان ئەو هەموو ڕەهەندە لەگەڵ یەک نەگونجاوە، کە ئەوە بە گەمە کردنی نێوان هەموو لەگەڵ یەک نەگونجاوەکاندا دەژمێردرێ.

– پانتۆمیم.

تێکەڵەیەکی هونەرییانەی شایستەیە لەنێوان هەردوو هونەری شانۆی بێدەنگ و شیعری نووسراوی بێدەنگدا، کە شاعیری هونەرمەند دەتوانێ لەو گەمەیەدا جوانترین

تابلۆی هونەریان پێشکەش بکات، وەک ئەوەی شاعیر کردوویەتی.

- ڕەنگانێ

پەی بردنە بە ماناکانی ڕەش و سپی لە هەر هەموو کایە جیاوازەکانی ژیانی بوون و نەبوون و بوون و مانەوە و هاتنە دنیا و جێهێشتنی ژیار و هەوار و هەموو هەوراز و نشێوێک، کە تێیدا مرۆ خۆشییەکانی ڕەش دەکەونەوە و ناخۆشییەکانیش سپی، بە جۆرێک کە ئومێد دەبێتە نائومێدی و هەر هەموو هیوا و ئاواتەکانیش بە ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆیان بەدەردەکەون، کە هەر هەموومان بە دیدەیان ئاسوودە بین.

لە لای شاعیر، ناوی ڕەنگەکانیش شاعیرانە دارێژراون، بەوەی ڕەش و سپی و کەسک و سۆر و مۆر و شین و قاوەیی، بوونەتە بلبلی و کەروێشکی و بازنەیی و تەماتەیی و ئیسفەنجی و پاسکیلانی و چوکلیتی...تاد کە ئەم جۆرە ڕەنگرێژییە لەنێو شیعری کوردیماندا بەرچاو ناکەون و لە بنەڕەتدا ئەو ڕەنگە نوێیانەی نێو ئەم شیعرەی لە گوندەکانی باشووری کوردستاندا داهێنراون و زۆریش بەکارهاتوون، بە جۆرێک کە هەمیشە لەسەر زاری گەورە و بچووکدا بووینە.

- کەری بۆریدان شیعرێکی دیکەی نێو ئەم دیوانەیە، ناوونیشانی دیوانە شیعرەکەیشە و ناوی (کەر)یش لە زۆرینەی شیعرەکانیدا دووبارە و سێ بارە بۆتەوە، واتە (کەر) بەشێکی گرنگە لە ناوونیشان و ناوەرۆکی دیوانەکەش، هەربۆیە دەبێ لەسەری بوەستین و سەرەتا دەبێ ئەوەتان بۆ ڕوون بکەمەوە کە (بۆریدان) فەیلەسووفێکی فەرەنسییە و لەنێوان ساڵەکانی ١٢٩٥ تا ١٣٥٨ی-ز ژیاوە و گوتوویەتی ئەگەر لە یەک کاتدا ئاوو ئالیک لەبەردەم هەر کەرێکدا دابنێی، کەرەکە دەحەپەسێ و نازانێ کامەیان بۆ خواردن و خواردنەوە هەڵبژێرێ، کە شاعیر لەو شیعرەیدا هاوڕا ناکەوێتەوە، بەوەی ئەو ئەزموونەی ئێمە لەگەڵ (کەر)دا هەمانە، هیچ گەل و نەتەوەیەکی دیکە نییانە، بۆیە زۆر بە ڕاشکاوی دەیڵێم کە بە قەت مرۆڤەکان، (کەرەکان)یش ڕۆڵی شایستەی خۆیان لە خەبات و شۆڕش و بەرخودانەکاندا گێڕاوە، هەر کەر بووە بارە قورسەکانی لەسەر پشتی خۆی هەڵگرتووە و شەهید و بریندارەکانی لە مەیدانی گیانبازیدا گواستۆتەوە هەواری ئارام، هەر کەریش بووە کەسە ماندووەکانی لەسەر پشتی خۆی حەساندۆتەوە و لە دەیان و سەدان مەرگەساتی ڕاستەقینەش بە دووری خستوونەتەوە، بۆیە شاعیر وەکو کەرناسێک توانیویەتی لە (بۆریدان) بباتەوە و بەوپەڕی جورئەتیشەوە، باشترین دیوانە شیعری خۆیشی بگەیەنێتە خوێنەرانی.

- شار لەزار

شیعرێکی درێژە و گەمەیەکی بازاڕە لەنێوان کەسایەتی شارنشین و گوندنشینەکان و زیاتر لەسەر کەسایەتییە لۆکاڵییەکانی نێو شارەکاندا وەستاوەتەوە، کە دوورن لە سادەیی دەربڕین و ڕەفتاری ڕۆژانە ئاسای گوندنشینەکان و هەمیشە وەک خۆیان دەردەکەون و بەوپەڕی سادەییش دەدوێن و ڕەفتار دەکەن و لەبەرانبەریشدا شارستانەکان درۆ و بوختان بەیەکتری دەکەن و ئیرەیی بەیەکدی دەبەن و بەشان و شکۆی درۆزنانەی خۆیاندا هەڵدەدەن و لە مێرگ و هەوارەکانیان نارازین و هەمیشە وەک هەڵۆی بەرزەفڕ، خۆیان لەنێو کۆشک و تەلاری شاهانەدا دەبیننەوە، ئەگەر وایش نەبێ بەو جۆرە پێناسەی خۆیان دەکەن، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا شارستانەکان لەنێو زاری شاعیرەکەدا دەتوێنەوە و ون دەبن و دەبێ ئەوان بەدوای خۆیان بکەون، کە لەنێو زاری ئەو شاعیرەدا پەنهان دراون!

- سپێدەی هەموو نیوە شەوێک، شیعرێکی واقیعی نزیک لە خەیاڵێکی بەرفراوانی شاعیرانەیە بۆ تێکەڵبوونی تاکە جیاوازەکان و کاتە لە یەک تۆراوەکان لەنێوان شەو و ڕۆژ و مانگ و هەفتە و ساڵ و مانگە پێناسە کراوەکانیاندا، بەو جۆرەی هیچ کەسێکی دیکە وەک شاعیرێکی هۆشیار خوردیان نەکاتەوە، بە جۆرێک کە شاعیرەکە لە خەیاڵی خەوزڕانی شەوانەی خۆیدا، سپێدەی پەیدابوونی ڕووناکی نێو شەوە ئەنگوستە چاوەکانی دێنە بەرچاو و لەنێو ئەوپەڕی تاریکیدا، ڕایەڵەی تەزوویەکی ڕووناکی، ڕەشماڵی سپی خۆی بەسەر هەموومانداڕایەڵ دەکات و ئەوپەڕی ئاسوودەییشمان پێ دەبەخشێ! کە ئەوەش بە سپێدەی ڕووناکبوونەوەی تاریکەشەوەکانی

دنیا ئەژمار دەکرێت، کە سپێدەیەکی خەیاڵاوی ئەو شەوانەیە کە خەومان لێ دەبزرکێ و لە چاوەڕوانی هەڵهاتنی خۆری بەرەبەیانداین، بەرەبەیانێکی تازە!

- پرنج

شیعرێکی دیکەی درێژە و لەسەر پەنچەربوون و پەرچ کردنەوە و داپۆشینی کونوکەلەبەرە ئەستەمەکان دەوەستێتەوە و زۆر وەستایانە مامەڵە لەگەڵ ڕابوردوودا دەکات و هۆشمەندانە دێتەوە سەر ڕۆژگاری ئەمڕۆی پڕ لە پینەوپەڕۆماندا، کە هەر هەموومان پێویستیمان بە زانایەک هەیە ببێتە فریادڕەس و خەوشەکانمان بنبڕ بکات.

شاعیر لەو شیعرەیدا جادووگەرانە دەردەکەوێ و پاڵتۆیەکەی گۆگۆلی لەبیرە، بۆ جادووەکانی شار لە گوندەکان و ئەو برووسکانەش کە هەمیشە گوندنشینەکانی لە کاتی بەفروباراندا چاوترسێن کردووە، کە هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەو ساتەوەختە ترسناکانەشدا بووینە، بەوەی ژیانی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانەیان پابەندی هەورە تریشقە و شۆڕینەوەی خاک و باران و برووسکە بووینە و گوێیان بە دزییەکانی هیچ جۆرە مشک و مارێکی چواردەوری کادین و جۆخینەکانیان نەداوە.

شاعیر لەو شیعرەیدا شارستانیەت و مەدەنیەت و میللییەتی لەگەڵ یەکتریدا ئاوێتە کردووە و بە جۆرێکیش قورشێلی کردوون، کە نەک بە هیچ کەسێک لە یەکدی جیاناکرێنەوە، بەڵکو لە ناندینی شیعرییەتی خۆیدا بوونەتە کێکێکی بەچێژی ئەوتۆ، تەنیا چاوەڕوانی چەقۆی دەستی خوێندەوارێکی وەک ئێمە دەکەن، کە لەرێوڕەسمی ئەم جۆرە ڕاساندنەدا. بەمیوانانی ببەخشین.

- تومبێل.. تومبێل

لێرەدا هۆکارەکانی هاتوچۆ بوونەتە قۆزاخەی ڕاستەقینەی مەتوربەبوونی ئەم شیعرە، کە کلاسیک و ڕیالیزم و تازەگەری بە جۆرێک تێیدا تێکئاڵاون، خوێندەڤانی هۆشیار دەتوانێ ڕایەڵەی ڕستەسازییەکان بە ئاسانی بدۆزێتەوە، بەوەی (کەر) و (بەشەر) دوو هاودەمی لە یەکدانەبڕاوی هاتوچۆی ڕابوردوو بووینە و ئەمڕۆ تەکنۆلۆژیای هەرە پێشکەوتوو، شوێنی کەری دوێنێی گرتۆتەوە، بە جۆرێک ئەگەر هەزار بەرابەری ئەو لە ڕاپەڕاندنی هەموو کار و ئەرکەکاندا خێرابێت، توانایی ئەوەی نییە وەک دوێنێ، هاوڕێیەندییەکی ڕوحی هاوشێوەی کەر و بەشەر لەنێو کۆمەڵگاکاندا دروست بکات، بەوەی جاران مرۆڤەکان و کەرەکان، بە دەستەواژە و ئیدیۆمی تایبەت بە هەردوولایان، لەگەڵ یەکدی دەدوان و حورمەتی یەکتریبیان دەگرت و بەگوێی یەکتریشیان دەکرد. لە دنیای پێشکەوتووی تەکنۆلۆژیا و مێژوولۆژیای ئەمڕۆکەماندا، هیچ ڕێچکەو بزنە ڕێگایەکی باریکیشیان لە نێواندا بەدی ناکرێ!

- هەڵەی چاپ

شیعری ناوازەی شاعیرە و لەمڕۆی شیعری کوردیماندا بەدەگمەن و ناوازە دەژمێردرێ، بەوەی لە بنەڕەتدا بۆ نووسینی ئەم شیعرە ئیلهامی لە خەمی ڕاستەقینەی هەڵەی چاپ وەرگرتووە، کە لە بەڵاڤۆکەکانی ئەمڕۆکەماندا، کە دەقێکی ئەدەبیمان بڵاودەکەینەوە و لە ئەنجامی هەڵەی چاپەمەنیدا، مانای ڕاستەقینەی دەیان دێڕە شیعر و چیرۆک و پەخشان و نووسینی دیکەی ئەدەبیمان لنگەوقووچ و پێچەوانەی مەبەستەکانی خۆمان دەکەونەوە و مانا بنەڕەتییەکەی خۆیان لەدەست دەدەن.. ئەوە چەند ئازارمان دەدات، کە ئازارێکی زۆر تایبەتی و کەم وێنەیە، بۆیە لەلای شاعیر بووەتە سەرچاوەی نووسینی ئەم شیعرە دەگمەنە، کە بە ئەنقەست هەڵەی چاپ دەکات و لە ڕاستکردنەوەکەشیدا مانایەکی هاوتەریبی تازەمان پێ دەبەخشێ، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا بە هونەرێکی پانتۆمایی نوێی شیعری کوردی دەناسرێ.

- کاتژمێر- بە سەعات و دەقە و چرکەوە

گەمەکردنێکی نوێیە لەنێو زەمەنە دوورودرێژ و کورتخایەنەکاندا، هێواشترین ئاژەڵ کیسەڵە، بەڵام کە دەگاتە شوێنی مەبەستداری خۆی، هەموو ئاواتەکان وەدی دێن. کارامز و شێر و پڵینگ تیژ ڕەوترین گیانەوەرن، بەڵام کارامز لە ترسان و شێر لە غیرەتان و پڵینگیش لەبەر لۆمەتان، بەڵام هەرسێکیان ڕاوی کاتژمێر و دەقیقە و چرکە دەنێن و لەنێویشیاندا هەر مرۆڤەکان براوەن، بەوەی هۆشیاری ئەوەیان هەیە لە هەر هەموو حاڵەتە ویستراوەکاندا، بەسەر ساتەوەختە نەویستراوەکاندا زاڵ بن.

- فەیلەسووفەکان نیشتەجێ

دەبن.
ئەمە دوا شیعری نێو ئەم دیوانە شیعرییەی شاعیرە، کە زۆر بە وردی و وەستایانە لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی شار و ئایدیا جیاجیاکانی نێو شار و دال و مەدلوولی شاربوون و شارنەبوون و جیاوازەکانی نێوان شارستانیەت و شارنشینی و مەدەنیەتبوون وەستاوەتەوە و لە سەرەتا تا بنەتا، بە پرسیاری مەدەنیانە دێتەگۆ و هەر خۆیشی وەڵامی سەرلەبەری پرسیارەکان دەداتەوە و هۆشمەندانەش پرسیارەکانی داڕشتووەتەوە و لەژێر چەتری ئایدیای خۆیشی وەڵامەکانمان بۆ دەداتە بەر تەوژمی هەردوو هزری لەگەڵ یەکتر ناکۆکی کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەڵی میللی و خێڵەکی، کە ئەمەی دواییان لە کۆمەڵگەی کوردەواری ئێمەدا، باڵادەستە و لەنێو ئەو دێڕ و ڕستە چنراوانەی ئەو شیعرە درێژەشیدا هەمان جۆرە ڕستە و چنینمان بەگیر دەکەوێ.

لەسەر کۆی پرسیارە بێ وەڵامەکانیش دەکارین بێژین شاعیر لە دووتوێی ئەم شیعرەیدا هێندە پرسیاری کردووە، کە بە وەڵامی هەر هەموویان ڕانەگەیشتووە، یان بە ئەنقەست وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانی بۆ خوێنەری زیرەک و هۆشمەند بەجێ هێشتووە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، ئەو بە شاعیرێکی وەستا دەژمێردرێ، چونکە ئەرکی شاعیر نییە لەنێو هیچ دێرە شیعریکیدا ئاسانکاری بۆ خوێنەر بکات، بۆ ئەوەی (شەنوبا)ی شیعرەکانی خۆی بۆ خوێنەرە سادەکانی بکات.

– تایبەتمەندییەکانی شاعیر

دوای ئەوەی ناوەڕۆکی هەر پازدە شیعرەکەی نێو ئەم دیوانە شیعرەی شاعیرم شەنوکەو کرد، بە پێویستی دەزانم لەسەر هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شاعیرە بوەستمەوە:

(١) بەحوکمی ئەوەی شاعیر یەکێکە لە خوێنەرە باشەکانی ئەدەبیات، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەو شاعیرە خوێنەری کتێبە، نەک گۆڤار و ڕۆژنامەکان و هەمیشە لەنێو شیعرەکانیدا ئەو ڕاستییە ڕەنگی داوەتەوە، بەوەی پاڵەوانی نێو ڕۆمان و داستانە جیهانی و خۆماڵییەکانیش، لەگەڵ قارەمانە ئەفسانەییەکان لەنێو شیعرەکانی ئەو شاعیرەدا، هەمیشە سەرەتاتکێیانە و بەبزەو هەنسکەوە لەوەمان دەگەیەنن، کە داستانە ئەفسانەییە جیهانییەکان، بە کوردەواری خۆشمانەوە، فەرهەنگێکی لەیەک دانەبڕاوی تێکەڵەن و لەوەشەوە دەبێ شانازی بە گەلی خۆمان و ڕابوردووی فەرهەنگی ڕۆشنگەرای خۆمانەوە بکەین، کە تێکەڵاوییەکی چاکمان لەگەڵ فەرهەنگە گشتگیرە جیهانییەکەدا هەیە.

(٢) یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی ئەو شاعیرەمان بریتییە لەوەی، دوای نووسینەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی، کە زۆرینەیان شیعرن و کەمینەکەشیان کورتەچیرۆک و کورتیلە چیرۆکن، فەرهەنگێکی شایستەمان بۆ دروست دەکات، بە جۆرێک لە هەر هەموو وشەنەبانەکان و دەستەواژە ئاڵۆز و نوێ و کۆن و ئیدیۆمە نامەفهوومەکانیش بگەین و باکمان لەسەر مانایان نەکەوێ، کە شاعیر لە ماوەی مامۆستایەتی خۆی لە گوندەکانی کوردستاندا ئەو فەرهەنگی بۆ خۆی دروست کردووە و هەمیشە لەنێو دێڕی شیعرەکانیدا وەک حاڵەتێکی تایبەتمەند، دووبارە دەبنەوە و مەبەستی خۆشیان دەپێکن!

(٣) یەکێک لە خەسڵەتە تایبەتەکانی شاعیر بریتییە لە بەکاربردنی دەستەواژە و دەربڕینی زۆر سادەی ناو خەڵکی لە ناو شیعرەکانیدا، کە کەمترین شاعیرانی کورد، بەوە دەوێرن ئەم جۆرە وشە و دەستەواژە و ئیدیۆمانەی ناو بازاڕ بخەنە ناو ڕستە شیعرییەکانی خۆیانەوە، بە نموونەش ئەوەی لەناو ئەم دیوانە شیعرییەیدا بەدیم کرد بریتین لە:شەقاوە، سیکارد، چەمووش، بەشەرەواشەر، فشقیات، شەللاتی، قەشمەر، هیربار، لەوچەو لەغەوە، خورجی پڕ کرۆسک، بەلفەچی و دەیان وشە و دەستەواژەی هاوشێوەی ئەمانەش.

(٤) شاعیر لە دەربڕینە شیعرییەکانیدا، وێنەی زۆر دەگمەن دەخولقێنێ، کە پێشتر هیچ شاعیرێکی دیکە وێنەی هارمۆنی هاوشێوەی ئەوی دانەڕشتووە، کە تێکەڵەیەکی سروشتی و ئایدیایی و تەکنۆلۆژی و مرۆیین، لەوانەش کە دەڵێ:

**– کە لێم نواڕی**
**ئومێدبڕە، فریودەرە،**
**وەکو سەراو،**

**درۆزنە، وەکو خەون... ل٧**

لێرەدا، دوو حاڵەتی نامۆ دەردەکەون و حاشا لە ڕاستیی بوونیشیان ناکرێ، کە یەکەمیان بریتییە لەو سەرابە بە کۆتا نەهاتووەی هەمیشە سەر ڕێگە دوور و درێژەکانمان لێ دەگرێت و چاومان فریو دەدات و بە نەبڕانەوەیشی هیوابڕاومان دەکات، دووەمیشیان بریتییە لەو خەونە درۆزنانەیەی کە هەمیشە بەدی نایەن و درۆزنانە دەکەونەوە و دەیان و سەدان نموونە شیعری دیکەی ناو ئەو دیوانەشمان لەبەردەستە، کە ناکرێ لەم کورتیلە ڕاساندنەدا. بیانکەینە نموونەی درێژدادڕی خوێندنەوەکەمان.

(٥) شاعیر یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە دادائیەت و سریالیەتی هێنایە ناو شیعری کوردیمانەوە و چاولێکەر و شاگردیشی زۆرن، وا ئەمڕۆ خۆیان بە مامۆستای شاعیرەکە دەزانن، کە لە بنەڕەتدا شاگردێکی تەمبەڵ و تەوزەلی ئەو شاعیرە فرە بەرهەم و فرە ڕەهەندەن، لەو دیوانە شیعرییەیشیدا لەپاڵ دیوانە شیعرییەکانی لەوە پێشتری، ئەو ڕاستییە بەهیچ کەسێک فەرامۆش و پەردەپۆش ناکرێ.

(٦) دوای خوێندنەوەی هەر دیوانە شیعرێکی نوێی ئەو شاعیرە، لەوە تێدەگەین کە هەمیشە شاعیر خودان دەیان ئیدیۆمی نوێی داهێنەرانەی خۆیەتی کە پێشتر بوونیان نەبووە و ئەو دروستی کردوون و بەشێوەیەکی زۆر ویستراو و گونجاویش، دواتر هەر هەموومان بەکاریان دەبەین بەبێ ئەوەی هێما بۆ ئەوە بکەین، کە ئەو ئیدیۆمانە لە بنەڕەتدا دروستکراوی دەستی ڕەنگینی (ع،ع، یووسف)ن، لەوانەش کە لەناو ئەم دیوانەدا دەسکەنەم کردوون بریتین لەو ئیدیۆمە زۆر کورت و مانا دارانە، کە تەنیا سێ چوارێکتان بە نموونە بۆ دەهێنمەوە:

– یەک: خۆ دەمەستێنن، ئەوانەی زۆر دەخۆنەوە: ل٨٢.

– دوو: کولیچەساز، ئەوانەی کولیچە دروست دەکەن! ل٩١.

– سێ: وەی وێناند، وەهای پێشاندا! ل١٠٧.

(٧) زۆرجار شاعیر لە کتێبی پەنجە دوور دەکەوێتەوە و لە پەخشان نزیک دەکەوێتەوە و هەندێ جاری دیکەش دەکەوێتە نێو شەپۆلی دەریای پەخشانە شیعر و وەستایانەش دەردەکەوێ، بەڵام لە هەر هەموو حاڵەتە شیعریەکاندا، هەمیشە پابەندی قافیەی هاوشێوەی زۆر ناسکی ئەوتۆیە، کە هەر هەمووومان وەک سۆزێکی سەماکەری میوزیکی بیناسینەوە و وەک بەهایەکی گرنگی شیعرییەتیش پێناسەی بکەین، کە نموونە گەلێ زۆرن، بەڵام من تەنیا دوو سێ نموونەی بەرچاوتان بۆ دەهێنمەوە، کە هیچ جۆرە ڕایەکی دیکە قەبووڵ ناکەن:

**یەک: کە دەڵێ:**
**هاودەنگ و**
**هاوجەنگ و**
**هاوسەنگ و**
**هاوڕەنگ،**
**دەبنە هاوژەنگ– ل٦٢.**

**دوو: کە دەڵێ:**
**تێکچرژاو،**
**تێکژەنگاو،**
**تێکژاکاو،**
**تێکقژ قژاو،**
**لێکژەقناو..!**

(٨) یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شاعیر بریتییە لەوەی ئەو چاولێکەری هیچ شاعیرێکی کوردەواریمان نەبووە و هەمیشە ڕێچکەی تایبەتمەندی دەربڕین و دارشتن و شێوازی خۆ تازەکردنەوەی تایبەت بەخۆی بووە و بە پێچەوانەشەوە، لەنێو دنیای شیعری ئێستاماندا، هاوشێوەی شاعیرمان بەرچاو دەکەون کە ناگەنە توانایی ڕاستەقینەی ئەو شاعیرە، بەڵام ناوبانگیشیان پەیدا کردووە و هەمیشە ناتوانن خۆیان لەژێر سێبەری ئەویشدا دابڕێنن!

* بە هەرحاڵ ئەمە خوێندنەوەیەکی خێرای دیوانە شیعری (کەری بوریدان)ی شاعیر (عەباس عەبدوڵلا یووسف) بوو، کە لەوە زیاتر دەهێنێ لەسەری بوەستینەوە. من هەر هێندەی پێ وەستام و ئومێدەوارم کەسانی دی زیاتر لەسەری بوەستنەوە.

# چل نامە بۆ هاوسەرەکەم

**نادر ئیبراهیمی**
**لە فارسییەوە: سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**

## ئاماژە

ئەو ڕۆژانەی تازە بەژنی قامیشم بەسەر پەنجە ڕێک دەگوشی و فێری نووسینی خەت خۆشی دەبووم؛ دەوروبەری ساڵەکانی ١٩٨٤ - ١٩٨٦، لە کاتی تەنیاییدا کە بۆنی توندی جەوهەر و مرەکەبی ئێرانی ژوورەکەی تەنیبووم، سیرەی نووکی ڕەشی (قەڵەم نەی) هەتوانی دەپژاندە سەر زامی دڵی بەسۆم، ئاخ کە غەوری خەفەت بستۆی دڵی داگرتبووم- زۆرجار دەکەوتمەوە بیری هاوسەرەکەم- خۆ دەزانم ئەویش هەروەکو من، ڕەنگە لە چەشنی منیش نا، بەڵام بەشێوەیەک، جار جارە و زۆرتر لەمەش، دڵی دەکەوتە ژێر سەنگاو بەردی پەژارەوە، هەوڵم دەدا، بە گەڕان بە شوێن ڕەگوڕیشەی سەوزەی سەر بزێوی پەژارەدا، ناسینی ئەم جۆرە ڕووەکە بەبێ ترس لە چی دەمژن، ناسینی ئەم کەشوهەوایە و مانەوەی ئەوان، بۆ ئەوە نا، کە فەوتێنەر بم، بەڵکو لەژێر سەیتەرە و سەیوانمدا بە چۆکدا بێ.

کەوابێ، باشترین ڕێگە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لەوەدا بوو لەسەر ئەمە ڕا بێم، تا ئەو جێیەی بۆم دەلوێ، ئەو دەقانەی مەبەستم بوون تایبەتیان بکەم بە کورتە نامە بۆ هاوسەرەکەم، لەو نامانەدا شۆڕ ببمەوە بە ناخی کێشە و ئاریشەکاندا، کە هەڵگری ئازارەکانی سەر دڵمانن، دەست بنێم بە سنگی ئەو خەم و کۆسپانەوە، کە بە ناحەق چۆکیان لەسەر دڵمان داکوتا و هەرەسیان پێ هێناین.

وردە وردە لەسەر ئەوەی پرۆڤەی خەتی نەستەعیلق لەسەر سەردێڕی مامۆستامەوە وەربگرم.

خەتی تێکچڕژاویش بنووسمەوە، لە ورد و درشت ئاراستەی هاوژینم بێت، ئەوانەی پێوەندی بە ژیانی ژن و مێردێکەوە هەیە، بڕوام وایە هەموو ژیانێکی ساماڵ، لە بارێکەوە، دەکرێ هەبێ.

ئیتر هەر ئەوە بوو کە ئەم نووسراوانە بوون بە کۆیەک لە وتە خنکاوەکان و کۆپلە شەرمنەکانی نێوانمان: ئەمە بوو

بیرم کردەوە، ئەم نامیلکەیە خۆ لەوانەیە هەر تەنیا نامەکانی من نەبێ بۆ هاوسەرەکەم، بەڵکە قسە و باس و ڕەمزورازی زۆربەی هاوسەران و ژن و مێردان بێ لە مەڕ یەکدی؛ هەر بۆیە قۆڵم لێ هەڵماڵی و بارایشم کردن و فکری لەچاپدانیان لەسەریدام.

لە ساڵی ١٩٨٧ لێبڕاوانە هەنگاوم بۆ هەڵگرتن، ئێستاش ئەمە خەرمانی سوورە و باراشی حازر- من و هاوسەرم- بۆ تەواوی ئەو کەسانەی ئەو نامانە ڕەنگە زمانی بەیان و قسەی دڵیان بووبێ، هەرنەبێ، جاروبارە، یان بۆ هەمیشە، گرێ کوێرەی هەودای ژیانی هەر هەمووومان بووبێت، هەربەم چەشنە.

خۆ دوور نییە، لە چاوترووکانێکدا هەوری خەفەت ڕاماڵێ، هەر ئەوەندەی بۆ پشوودانێک، بۆ سانەوە لەژێر خولی ئەم گەردوونەدا.

**نامەی یەکەم**

تا حەوتەم بۆ هاوسەرەکەم...

خۆشەویستم!

دڵنیابە،

من لەوەی هەم تەنیا بەردەمی خۆم نەبێ چ جێیەکم نەبینیوە، خامەکەم دیتووە، وەک ئەوەی بڵێی دەستی ڕاستی منە و کاغەزەکانیش.

من لەوەتەی هەم، تەنیا بەردەمی خۆم نەبێ، چ جێیەکم نەبینیوە.

من لێرە «خۆم» دیتووە- هەر ئەو کەسەی گیرۆدەی زیندانی نووسین بووە، هەمیشەی خودا، ئەو زیندانی هەڵبژاردووە، بڕوای هەبووە، تەنیا بوونی بە بیرداهاتووە، خوویی پێگرتووە و دڵی بە پەنجەرە باڵابەرزەکەی خۆشە...

پەنجەرەکەشی هەر تۆی، خۆشەویستەکەم!

ئەو پەنجەرەیە، درگاکە، تەلبەندەکان و گشت ئەو دەنگانەی کە لە دوورەوە دێن تا چرکەیەک، لە چەشنی پەپوولە بەسەر چڵووکی زەینی منەوە بنیشنەوە، ئەوە تۆی...

ئەوەندە دەزانم کە پەسنێکی شیاو نییە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە تۆ دلۆڤانترین بەندیوانی مێژووی.

تۆ ئەوەندە گیرۆدەی کۆتوبەندی خۆتی و ئەو زیندانە ئەسیری تۆ نییە- ئەی خۆزیا،

لە خزمەت تۆدا، موردیدی تۆ کۆیلەی تۆ...

هێندە بە هیوای نووسین نەبوو.

بەڵام چ دەکرێ؟

تۆ پەرەستاری پیاوێکی کە تەنیا جارێک نەیتوانی خۆی لە خۆی ڕزگاری بێ، ئەمەش بۆ دلۆڤانترین و بەسەبرترین خاتوونی جیهان سانا نییە، دەزانم. ئێستاش ئەم نامانە، ڕەنگە وای لێبێ بە خۆشی تۆوە هەنگاو بنێم، لەبەردەمتا بە چۆکدا بێم و کڕنووشت بۆ ببەم.

دەڵێ بێژم: تۆ هەر کەسێک بی، هەر ئەوەی کە دەبێ هەبی و زیاتر لەوەی تەنیا بۆ من نەبێ، لەو نێوەدا، بەو قەڵەمە و لەهیچەوە بۆ نووسین، بەشێکی فرە کەم بوو، ڕەنگە باشترین پێنووسی دنیا، بەڵام نەک باشترین هاوژین...

**نامەی دووەم**

کەسە گیان!

خۆش بێن و بەرامە بێت هەوای سازگاری ئەمڕۆی ماڵەکەمان.

هەوای ئەم ماڵەمان، هەمیشە لەئاوەها ڕۆژێکدا، کە ڕۆژی لە دایک بوونی پڕ لە خێروبەرەکەتی تۆیە بۆ بنەماڵەی بچووکی ئێمە...

**نامەی سێیەم**

کەیبانووەکەم، ئەی دلۆڤانترین مرۆڤ!

ئەم قنیات کردنەت، بەڕاستی ئازارم دەدا...

باوەکو ڕوحانی تۆ، هەرگیز هیچت لەمن ناوێ،

چما لەگەڵ هەموو شت سازگاری...

بەم چاو و دەست و زمانەوە بۆ هیچ ناخوازی و ئەی ئەوە بۆ لەودیوی پەرژینەکە ناڕوانی؟...

بریا ئەرکێکت دەخستە سەرشانی من.

نەکراو نەبوو، منیش بە خاتری چاوی جوانی تۆ، بەردم دەکێشا بەشانم. خۆزیا داوایەکت لێدەکردم و ئەرکێکت پێ دەسپاردم، بۆ تۆی نازدار هەرچی هەبا منەت بەگیانم با لە قوللەی قافیش بوایە...

ئەی بریا. بمتوانیبا، هەروەک باشترین حەنەک چی ئەم جیهانە بۆ ماوەیەکی زۆر زەردەخەندەم بخستایە سەر پەڕەی لێوی ئاڵت...

خۆزیا دەمتوانی لە چەشنی دلۆڤانترین دایک تکەی شەونمی سەرگۆناتم دەسڕی...

چ دەبوو نامەیەک بایەم هەرچەند، تەنیا جارێکیش بە جوانترین و خۆشترین هەواڵەوە...

خۆزیا بالیفەیەک بایەم نەرم نەرم، تاکو پاڵت پێوەدایەم بۆ ساتێکیش با، وەحەسێی پشوو بدەی، خۆزگە، ئەی خۆزگە ئاماژەیەکت هەبایە ئەمڕۆ دەستوورێکت هەبا، پەیڤێکت هەبوایە و خەون و خەیاڵێکی بێ بڕانەوەت

دەبوو...

ئاخ لەو قنیات کردنەت، ئەو قنیات کردنەت، چەندە دڵم دەڕەنجێنێ...

## نامەی چوارەم

هاوڕێ ماندوونەناسەکەم!

دڵنیابە، قەت ئەو ڕۆژە بە ئاگادارییەوە تۆ برەنجێنم و پوڵووی تووڕەییت بگەشێنمەوە، هەرگیز ئەمە ڕوونادا.

ئەمەی لە ماوەی ڕابردوودا، گرژی پژاندە ڕوخسارت، دڵی شکاندی. لە ناخەوە بوو بە زریان و بە گوڵجاری هەناوم وەربوو! ئیتر دڵنیابە وا دەڕۆم تاکو بزانم- زۆر بە وردی- چین ئەوانەی لە چەشنی شەختەبەند گوڵی ڕووت دەژاکێنن.

تاکو ئیتر لەمەودوا تەنانەت لە تاریکی و لە خەونیشدا نەترەنجێنم. دەشێ ڕوحمان تیف تیفە بدەین و بە پێی زەمان بچینە پێش...

## نامەی پێنجەم

هەناسەکەم!

«یاخوا بەخێر بێی میوانی ئازیز، بە ڕۆژی بەهار بە شەوی پاییز.»

نایاتەوە بیرم سەردەمی لاوی، ئەم وتەیەم لە چ شوێنێکدا خوێندەوە، یان ئەوەی لە تافی لاویدا لە کوێ نووسیبووم.

بەڵام یاران، لەوەتەی لەبیرم دێ ئەم کوپلەیەم بەلاوە پیرۆز و سامالّ بووە. هەر دوێنێ بوو، دەمەوزەردەپەڕ، دیسان خەفەت دەوری تەنی و لە ئامێزی پەژارە دای.

من تا ماوم پێویستی پەژارە، ڕەت ناکەمەوە، خۆم دەزانم هیچ شتێ وەک خەفەت ڕوح پاقژ ناکاتەوە و ئەڵماسی خۆشەویستی تیف تیفە نادات.

ئەی دیلی پەژارە و بەبێ هۆ چوار مێخەکێشراو.

من لە چەشنی تۆ دەزانم لەم جیهانە داماوەدا، بێ خەم ئەو کەسەیە کە دەتوانێ بەڕەی خۆی لە قوڕ دەرکێشێ و بێ خەم و خەیاڵ سەر بنێمە سەر سەرینی ئاسوودەیی کەسێکە مەست و بێ خەم؛ زلحۆرتێکە بێ دەسەڵات، هێڕ و گەمژە، هۆی سەرشۆڕی مرۆڤە، ئەم لە خۆبایی بوونە، پێت وانەبێ بە مانای بەختیارییە، بەڵکە تەنیا نەبوونی هێزی فکر و ئاوەزە و نەزۆکی هەست و هۆشە، سەرەڕای ئەمانەش هەروەک گوتم بۆ گۆڕینی جیهانی سەر بە هەش و شان قوڕاوی و پاقژکردنەوەی دنیایەکی لەخم نیشتوو، دکتۆر، ئیزنی نییە لە ژوور سەری برینداریک ڕۆندک بڕێژێ، چرکەساتێک تاکوتەرا، خۆشی ساڵانی ڕابردووی ژیان دەگرێ.

نەخۆش و زارۆڵەکانیش، چاوەڕوانی دلۆڤانی دایک و تەبیبانت. ئەگەر هاتو لە هەناوی ئەودا جارێک تەنیا بزەیەکی کاڵ ببینن، دەبنە سۆنە و لە زەریای ژیندا تەڕ نابن.

گوێ هەڵخە بۆ پێکەنینی شەکەرچێنی منداڵان کە چۆن قاقا دەزریکێنن. تاکو تۆ بزانی ئەو وتەیە هێندەش هەناو ناکۆڵێ.

دڵدارەکەم.

ئەو نەخۆشە نزم فامەی سووچی ماڵەکەت لەبیر نەکەی!

من ئاتاجی چرکەساتی زەردەخەنەدەم- بزەیەک بێ لە ناخەوە، بە پێچەوانەی هەموو شت.

## نامەی شەشەم

هەناسەی ژین!

لە ژیاندا چرکەساتێک هەن، لە چاوترووکانێکدا پشوو بڕ و تاقەت پڕووکێن دەربازبوون لەم ڕەوتە خاوە بەبێ دابڕان لە حورمەت و پیرۆزی ژیانی هاوبەشی، لەبەرچاوت ئەرکێکە نابەجێ.

ئێمە هەوڵی خۆمان داوە- سوپاس بۆ یەزدان - تاکو لە ڕەشێنەی ئەم ساتەوەختانە زۆرجار تێپەڕین، ئەمەی کە بەمانای ژیانی ئێمەیە و خەونی سەوزمانە، نەیخەینە بەر تاوێری هەڵدێرەوە.

ئێمە بەهۆی تانوپۆی تەنراوی ژیانەوە، هەزارجار ناچار بووین کۆڵانی تەنگ و تاریکی و زەردەپەڕ، تێپەڕێنین- بێ ئەوەی جەستەمان بە دیواری ئەم کۆڵانە هەرەس بێنێ، یان شان بدەین لە شانی.

ئێمە لەم کۆڵانە ئاشنایەدا، تەنانەت چەندین جارە، ناچارکراین بە ڕاکردن، چەندە بە وریاییەوە تێدەپەڕین- هەروەک ڕابردن بەسەر پردی سیراتدا...

**سەرچاوە:**

**کتێبی چل نامە بۆ هاوسەرەکەم، ن: نادر ئیبراهیم.**

**چاپ: ١٣٨٨ هەتاوی، تاران**

**چاپخانە: بهمن**

**چاپی: پازدەیەم.**

**سەرنج:**

**جارێ ئەم شەش نامەیە لە چل نامەکە بلاو دەکەینەوە، دواتر ناوبەناو ئەوانی دیکەش بلاودەکەینەوە.**

**(ڕامان)**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری ڕامان
# هونەری ڕوانینی ڕۆژنامەنووسی و جاڕدانی هزری نوێخوازی

فەرید زامدار

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ساڵی (١٩٩١)دا چەند ڕۆژنامەیەکی ساوا و تازە دامەزران، وەک ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و برایەتی و (الاتحاد) و خەبات کەوتنە سەرپێ و پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانیش، ئەوسا ڕۆژنامەنووسەکانمان بە پەنجەی دەست دەژمێردران، لە پاڵ ئەو ڕۆژنامانەش هەفتەنامەی (هەرێمی کوردستان) زمانحاڵی حکومەتی هەرێم دامەزرا، وەک گۆڤاریش گۆڤاری (سبەی) و گۆڤاری (کاروان) بە چەند ژمارەیەکی کەم بڵاوبوونەوە.

بەڵام لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا گۆڤارێکی شەنگ و جوان ژمارەی (١)ی بەناوی (تیڕامان) هاتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیمان کە تائێستاش بە ناوی گۆڤاری (ڕامان) بەردەوامە لە دەرچوون.

ئەم گۆڤارە هەر لە ژمارەکانی بەراییدا بە گوڕ و تینێکی بەهێز هاتە پێش و توانی سەرنجی خوێنەرانی کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. دیارە من هەر لە سەرەتاوە یەکێک بووم لە خوێنەرەکانی ئەو گۆڤارە و بە سوپاسەوە کاک (ئازاد عەبدولواحید)ی براو (سەرنووسەر)ی گۆڤارەکە ژمارە لە دوای ژمارە بۆی دەناردم کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە خوێندنەوەی دوورنەکەوتوومەتەوە و جگە لە چەند ژمارەیەکی ئەم دواییە، چونکە دوای ئەوەی (١٥) ساڵ لە شاری سلێمانی بووم کاک (ئازاد عەبدولواحید) نەیهێشت لەو گۆڤارە دابڕێم و مانگانە لە هەولێرەوە بە دیاریی بۆی دەناردمە سلێمانی.

من نازانم چۆن و بە چ شێوەیەک بابەتەکانی ئەو گۆڤارە داهێنەر و جوانە هەڵبسەنگێنم؟ لە ڕووی بابەتە هەمەڕەنگەکانی، وەک شیعر و چیرۆک و دیدار و لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی هونەرناسی و بەسەرکردنەوەی ئەدیبان و هونەرمەندانی کورد و نووسەرانی مێژووناس و کولتوور و کەلەپوور پەروەر، کە فەرهەنگی کوردەواریمانی لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەوڵەمەند کردووە، بە تایبەتی نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگرانی کوردستانی ئێران، کە بە لای منەوە ئەوە ڕوویەکی گەشی دیکەی گۆڤاری (ڕامان)ە، کە تا ئەمڕۆکەش لەسەری بەردەوامە. ئێستاش بەدەیان گۆڤار و بەناو گۆڤار لە کوردستانی عیراق دەردەچن، بەڵام ناگەنە قەد و باڵای بەرز و هەڵچووی گۆڤاری (ڕامان)، بە حەق من بە تاکە گۆڤاری ئەدەبی و هونەری و کایەکانی تری نووسینی دەزانم، بە ترۆپکی هەموو گۆڤارەکانی ئەمڕۆی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیمانی دادەنێم و هیوادارم (ڕامان) هەر لە لوتکەدا بمێنێتەوە، هیواداریشم گۆڤارەکانی تر لێم زویر نەبن کە بەلای منەوە وەک مافێکی شەرعی خۆم و وەک تاکێک ئەو ڕایە دەردەبڕم و مومارەسەی ماف و قەناعەتی خۆم دەکەم.

لە کۆتاییشدا سلاو بۆ گۆڤاری (ڕامان)، گۆڤاری داهێنان و پەرەپێدانی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی و هونەریی کوردیمان.

سلاو بۆ کاک (ئازاد عەبدولواحید)ی سەرنووسەر و ستافەکەی و هەزاران هەزار سلاوی وەفاداریش بۆ خاوەن ئیمتیازەکەی شەهیدی نەمر (شەوکەت شێخ یەزدین).

هەر بژین بۆ بەرز ڕاگرتنی زیاتری گۆڤاری (ڕامان) و هیواداریشم لایەنە پێوەندیدارەکان بروانامەی ڕێزلێنانی پێ ببەخشن کە بە حەقی خۆی شایستەی ئەو ڕێزلێنانە و زیاتریشە.




# ئەدەب گرفتە، یان چارەسەر؟

**تەڵعەت تاهیر**
**(سلێمانی)**



گرفتی مێژوویی شاعیرانی کورد بە درێژایی مێژووی ئەدەبیاتی ئێمە ئەوە بووە کە شاعیرانمان پێش ئەوەی بە شوێن جوانیدا گەڕابن، بە شوێن هەقدا گەڕاون، واتا شیعری ئێمە هێندەی دووانەی هەق بووە، دووانەی جوانی نەبووە، گەڕان بەدوای هەق لە ئەنجامدا لایەنگیر و دوژمن بەرهەم دینێت، خودی هەق مەسەلەیەکی ڕێژەییە و ئەوەی لای تۆ هەقە، مەرج نییە لای من هەق بێت و پێچەوانەکەیشی ڕاستە. ئێمە تەنیا مەگەر نالی-مان هەبێت کە بە شوێن جوانییەوە گەڕاوە، بۆیە دەبینین هەمیشە درەوشاوەیە، لەبەر ئەوە خوێنەری دەقی ئێمە لەنێوان لایەنگیری و دوژمنایەتیدا قەتیس کراوە، باشە بۆچی شەکسپیر لەناو هەموو سەردەمەکاندا، لە ناو هەموو کولتوورەکاندا ئامادەیی هەیە؟ بۆچی تاکو ئێستا هیچ ئاراستەیەکی فیکری و ئایدیۆلۆژی نەیتوانیوە لە بەرانبەر دەقەکانیدا بلّێت لەل؟ لەبەر ئەوەی هەموو خوێنەرەکانی شەکسپیر خۆیان تێدا دەدۆزنەوە، ئەگەر شەکسپیر بە شوێن سەلماندنی ڕاستی و ڕەوایی فیکرێک، یان فەلسەفەیەک، یان ئایدیۆلۆژیایەک بوایە، ئەوە خوێنەرەکانیشی لە هەڵگر و هەوادارانی ئەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایەدا قەتیس دەمان. بەڕای من ئەو کاتەش دەتوانین ڕێز لە بەهاکانی خوێنەر بگرین، ئەوکاتەی دەبنە بەشدار و شەریکە بەشی نووسین، ئەوکاتەی نووسەران دەست لە ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن هەڵدەگرن و خۆشیان دەبنەوە بە خوێنەر. بە ڕاشکاوی دەیڵێم کە لای ئێمە فاشییەتی مەعریفە هەیە، چۆن مەلایەک بە زانستی غەیبەوە دەنازێت، چۆن دکتۆرێک بە زانینی ئاییندەی جەستەی مرۆڤێکەوە دەنازێت، چۆن سیاسییەک وا دەنوێنێت کە دوارۆژی مرۆڤایەتی ناسیوە، ئاواش شاعیرانی کورد لە کەشکەلانی فەلەکەوە لە ئاستی خوێنەر و وەرگری دەقەکانیان ڕوانیوە، لێرەوە نووسەران بۆ گێڕانەوەی متمانەی خوێنەرەکانیان، بەر لە هەموو شتێک دەبێت خۆیان بینەوە بە خوێنەر.

نیو سەدە دەبێ و زیاتریش، پێنج دەیەی ڕەبەقە و زیاتریش: شیعری کوردی هێندەی وەڵامەکان دەنووسێتەوە، کەمتر پرسیار و گومان دەنێتەوە، وەک ئەوەی وشەکان و شتەکان بیانەوێ و نەیانەوێ ناچار بن لە سێبەری سپی کاغەزدا و لە پەنای پەیامە پەمەییەکاندا قاچ ڕاکێشن، شیعری کوردی لە پێنج دەیەی ڕابردوودا لەسەر دەستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانەوە شیعری کۆمەڵگە و نەتەوە بووە و کەمتر شیعری ئینسان بووە، هێندەی شیعری ڕیزبوونی خەڵک بووە لە پشت پەیامێکەوە، نیو ئەوەندە پۆرترێت و ڕوخساری ئینسانەکانی نەکێشاوە، ئەم هاوکێشەیەش شیعر و سیاسەتی وەک یەک لێکردووە (لە مانا قووڵەکەیدا) چونکە لای ئێمە سیاسەت هەمیشە و بەردەوام خاوەنی گوتارێکی گشتگیر و دەستەجەمعیانە بووە، بەردەوام هەموو پرۆژەکانی فەردانییەتی لەپێناو ئامانجە دەستەجەمعییەکاندا تواندۆتەوە، سیاسەت نایەتە سەر وردەکارییەکانی ئینسانێک، نایەتە سەر دیتێڵی گرفت و ئومێدەکانی ئینسان، هێندەی کار لەسەر تەئجیل کردنی ئومێدەکان دەکات و گرفتەکان زەق دەکاتەوە، سیاسەت لای ئێمە دیارترین کایەکانی دەسکەوتنی وەڵام بووە، هەر بۆیە شیعریش هەڵگری هەمان پەیامی وەڵام بەخشین بووە، بۆیەشە دەبینین لە ئێستادا یەک سیاسی نادۆزیتەوە شیعری هاوچەرخی کوردی پێ هەزم بکرێت (من یەک بە خۆم نەمزانیوە و نەمدیوە)، چونکە شیعری هاوچەرخی کوردی، شیعری گومان و پرسیارە (هەرچەندە پرسیار و گومانەکان سادە و ناکامڵیش بێنە بەرچاو)، شیعری هاوچەرخی کوردی لە ئێستادا لەژێر تاعەت و فەرمانی سیاسەت نەماوە، وەکو جاران کۆمەڵگە و نەتەوەی بۆ تەیار و ئامادە ناکا تا بکرێنە سووتەمەنی وەهمە دەستەجەمعییەکان و سەرابی ئایدیۆلۆژیاکان، لە ئێستادا شیعری کوردی ئەو کارە ناشیرینەی نەماوە سەرجەم ڕەنگەکانی مرۆژەکان بخاتە ئینجانەیەک و لەسەر سینییەکی زیو لەبەردەم سیاسەت و سیاسییەکانی دابنێت، ئەمەیە ئەو خاڵە ڕۆشنەی هەنووکە وێڕای کەم ئەزموونی، شیعری هاوچەرخی پێ دەناسرێتەوە، بەڵام خاڵی هەرە ڕۆشنی ئەو ئاراستەیە تەنیا ئەوە نییە، بەڵکو بریتییە لەوەی کە شیعر ئیتر ناسنامە لە خۆیەوە وەردەگرێت، هەر ئەمەیشە شیعری زیندوو دێنێتە کایەوە، ئەو ناسنامەیە وا دەکات ئۆکتاڤیۆ پاز مەکسیکییەک و کوردستانییەک و کەمبۆدییەک خۆشیان بوێت، وا دەکات لۆرکا ببێتە موڵکی هەموو مرۆڤەکان (بە جیاوازی نەتەوە و ڕەگەزەکانیانەوە).

سیاسییەکانی ئێمە، بەردەوام وا مامەڵەیان لەگەڵ شیعردا کردووە کە جۆرێکە لە چارەسەر، لە کاتێکدا ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی: جۆرێکە لە گرفت. زمان خۆی هەڵگری پەتایە، لای ئێمە وەک دەرمان سەیر کراوە، بەداخەوە ئەوەی سێرڤانتس لە (دۆن کیخۆتە)دا کردوویەتی تا ئێستا ئێمە پێمان نەکراوە، کە بریتییە لە شکاندنی وێنا و چەمکی پاڵەوان لە کەسی کوردیدا.